# ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# ئیسلام و ناسیۆنالیزم
# لە کوردستاندا

سەرەتایەک لە بارەی کۆمەڵناسیی ئایینەوە

موسڵح ئیروانی



پێشکەشە بە:
مراد حەکیم کە بەخۆبەخشی و لەخۆبردوویی و دڵسۆزییەکەی سەرسامی کردووم

ناوی کتێب: ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا
سەرەتایەک لە بارەی کۆمەڵناسیی ئایینەوە
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٢٦
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب – دلاوەر صادق امین
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگری سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاورەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: هەولێر–٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٩٠)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

# ناوەرۆک


**پێشەکی** ... 10

**دەروازەی یەکەم**: لایەنی تیۆری ... 16

**بەشی یەکەم**: چەمکە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە ... 16

باسی یەکەم: ئایین ... 16

١- چەمکی ئایین؛ مانای زاراوەناسی و تیۆلۆژی ... 16

٢- ئایین لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە ... 20

باسی دووەم: نەتەوە و ناسیۆنالیزم ... 24

١- نەتەوە چییە؟ ... 25

٢- ناسیۆنالیزم چییە؟ ... 28

**بەشی دووەم**: دەروازەیەکی تیۆری - میتۆدۆلۆژی بۆ کۆمەڵناسیی ئایین ... 31

باسی یەکەم: چوارچێوەیەکی تیۆری - میتۆدۆلۆژی ... 31

باسی دووەم: میتۆدۆلۆژیای کۆمەڵناسیی ئایین ... 34

باسی سێیەم: بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیی ئایین ... 36

**بەشی سێیەم**: تیۆر و بیروڕاکان لە بارەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی ... 42

باسی یەکەم: چەند تیۆرێک لەبارەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم ... 42

باسی دووەم: چەند بیروڕایەک لەبارەی ناسیۆنالیزمی کوردی ... 46

١- عەبباس وەلی و قەیرانی ناسیۆنالیزمی کوردی ... 48

٢- عەلی باپیر؛ نەتەوەپەروەری لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامیدا ... 54

**بەشی چوارەم**: گەڕانەوە بۆ ئایین لە جیهان و کۆمەڵگای کوردیدا ... 61

باسی یەکەم: گەڕانەوە بۆ ئایین لە سەردەمی نوێگەریدا ... 61

باسی دووەم: ئوسوڵییەت دیاردەیەکی جیهانییە ... 63

١- ئوسوڵییەتی یەهودی ... 64

٢- ئوسوڵییەتی مەسیحی ... 65

٣- ئوسوڵییەتی ئیسلامی ... 67

باسی سێیەم: سیماکانی پەرەسەندنی دیاردەی ئیسلامی لە کوردستاندا ... 72

باسی چوارەم: میکانیزمی کارلێککردنی بیروباوەڕی ئایینی و ناسیۆنالیزم ... 78

تەوەری دووەم: لایەنی مەیدانی ... 81





**بەشی پێنجەم**: ستراتیژییەتی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکە ... 81

باسی یەکەم: دیاریکردنی نموونەی لێکۆڵینەوە ... 81

باسی دووەم: ڕێوشوێن و کەرەستەی کۆکردنەوەی زانیاری ... 83

١- ڕێبازی تۆژینەوە ... 83

٢- گرفتەکانی ڕاپرسی ... 84

٣- چۆنیەتی کۆکردنەوەی زانیاری و بەتاڵکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی ... 85

باسی سێیەم: پرسیار و گریمانەکانی لێکۆڵینەوە ... 86

**بەشی شەشەم**: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی ... 89

باسی یەکەم: خەسڵەتە گشتییەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە ... 89

باسی دووەم: شیکردنەوەی زانیارییەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە ... 93

**بەشی حەوتەم**: ئەنجامگیری و پێشنیار ... 138

**بیبلۆگرافیا** ... 147

## پێرستی خشتەکان


١- نموونەی لێکۆڵینەوەکە بەپێی ڕەگەز و تەمەن ..... 90
٢- شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی لێکۆڵینەوە ..... 90
٣- ئاستی خوێندنی نموونەی لێکۆڵینەوە ..... 91
٤- پیشەی نموونەی لێکۆڵینەوەکە ..... 92
٥- ئاستی گوزەرانی نموونەی لێکۆڵینەوە ..... 93
٦- باری خێزانداری نموونەی لێکۆڵینەوە ..... 93
٧- پەیوەندی جێبەجێکردنی فەرزە ئایینییەکان بەئاستی خوێندنەوە ..... 94
٨- پێناسەی دینداری و ئاستی گوزەرانی نموونەی لێکۆڵینەوە ..... 95
٩- پێناسەکردنی دینداری و بۆچوونیان لەمەڕ بەشداریکردن لە حیزبی نەتەوەیی ..... 95
١٠- ڕێبازی ئایینی و بۆچوونیان لەمەڕ بوونی حیزبی ئیسلامی ..... 98
١١- دینداری چییە؟ لەگەڵ بروا بەگەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی ..... 99
١٢- پێناسەی دینداری و تێگەیشتن لە سروشتی کێشەی کورد ..... 100
١٣- ئەولەویەتدان بەهەستی ئایینی یان نەتەوەیی و بۆچوونیان
لەمەڕ بەشداریکردن لە حیزبی نەتەوەیی ..... 101
١٤- شێوازی حوکمی هەڵبژێردراو بۆ داهاتووی عێراق و هەبوونی
هەڕەشە لەسەر ئایین یان نەتەوە ..... 102
١٥- ئەولەویەتدان بەهەست و خولیای ئایینی و نەتەوەیی و تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزم ..... 104
١٦- پەیوەندیی تێگەیشتن لە دینداری و ناسیۆنالیزم ..... 105
١٧- پێناسەی دینداری و بۆچوونیان لەمەڕ پەیوەندیی ئایین و نەتەوایەتی ..... 106
١٨- بۆچوونیان لەمەڕ پەیوەندیی ئایین و نەتەوایەتی و شێوازی
حوکمی هەڵبژێردراویان بۆ داهاتووی عێراق ڕوون دەکاتەوە ..... 107
١٩- تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزم و پەیوەندیی نەتەوایەتی و ئایین ..... 108
٢٠- بایەخدان بەپەروەردەی نەتەوەیی و کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی ناوی منداڵ ..... 109
٢١- بایەخدان بەپەروەردەی نەتەوەیی و هۆی بایەخ پێ نەدان ڕوون دەکاتەوە ..... 110
٢٢- سەرچاوەکانی زانیاریی ئایینی خەڵک و بیستن لە بارەی نەتەوە و نەتەوایەتی کورد ..... 111
٢٣- ڕەگەز و تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزم ..... 114
٢٤- بیستن و خوێندنەوە لەبارەی نەتەوە و نەتەوایەتیی کورد و هێنانی ناوی سەرچاوەکان ..... 115
٢٥- ڕێبازی ئایینی و تێگەیشتنیان لە ناسیۆنالیزم ..... 116
٢٦- باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی و بۆچوونی نموونەکە





لەمەڕ بەشداریکردن لە حیزبی نەتەوەیی ..... 117
٢٧- پێناسەی دینداری و بۆچوونیان لەمەڕ یادکردنەوەی نەورۆز ..... 119
٢٨- پێناسەی دینداری و بۆچوونیان لەمەڕ یادکردنەوەی شۆڕشەکانی کورد ..... 120
٢٩- پێناسەی دینداری و بۆچوونیان لەمەڕ یادکردنەوەی کارەساتی ئەنفال ..... 121
٣٠- پێناسەی دینداری و بۆچوونیان لەمەڕ یادکردنەوەی ڕاپەڕینی ١٩٩١ ..... 122
٣١- باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی و بۆچوونیان
لەمەڕ هەبوونی حیزبی ئیسلامی ..... 123
٣٢- باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی و بۆچوونیان
لەمەڕ گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی ..... 124
٣٣- باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی و بۆچوونی نموونەکە
لەمەڕ یادکردنەوەی نەورۆز ..... 125
٣٤- باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی و بۆچوونی نموونەکە
لەمەڕ یادکردنەوەی شۆڕشەکانی کورد ..... 126
٣٥- باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی و بۆچوونی نموونەکە
لەمەڕ یادکرنەوەی کارەساتی ئەنفال ..... 127
٣٦- باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی و بۆچوونی نموونەکە
لەمەڕ ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ..... 128
٣٧- باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی و بایەخدانی
حیزب و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەمەسەلە ئایینی و نەتەوەییەکان ..... 129
٣٨- پێناسەی دینداری و بۆچوونیان لەمەڕ باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی ..... 130
٣٩- پێناسەی دینداری و خواستی نموونەکەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بەبابەتی
وتارەکانی مامۆستایانی ئایینی ..... 132
٤٠- باری کۆمەڵایەتی نموونەکە لەگەڵ ناوی منداڵەکانیان ..... 133
٤١- ناوی ئەو کەناڵانەی ڕاگەیاندن کە لێتۆژراوان سەیری دەکەن
لەگەڵ ژمارەی ناوی شۆڕشەکانی کورد کە ئاماژەیان پێ داوە ..... 134
٤٢- ئەنجامدانی نوێژی هەینی و باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی ..... 135
٤٣- ئەولەویەتدان بەهەست و خولیای ئایینی یان نەتەوەیی و داواکاریی نموونەکە
بۆ حیزبی ئیسلامی کە بایەخ بەکام لایەن بدات ..... 136
٤٤- ئەو کەناڵانەی پێگەیاندن کە کاریگەریان هەبووە لەسەر نموونەی لێکۆڵینەوە ..... 137

## یادداشتی چاپی یەکەم

ئەم کتێبە، لە بنەڕەتدا نامەی ماستەری نووسەرە کە پێشکەش بەزانکۆی سەلاحەدین کراوە. هەرچەند ویستمان کاتێک وەک کتێب ئامادەی چاپ و خوێندنەوە دەکرێت، پێکهاتەی ناوەڕۆک و بەشەکانی بگۆڕین و شتە نەگوتراوەکان زیاد بکەین و پێشەکییەکی تایبەتی وەک کتێب بۆ بنووسین، بەڵام دواتر هەم لەبەر گوشاری سەرقاڵی و هەم پێشنیاری هاوڕێیان، دوامان خست بۆ چاپەکانی دواتر. بەڵام گفتتان پێ دەدەم کە خۆم لەو ئەرکە ناشارمەوە و خوا یار بێت لە چاپەکانی داهاتوودا کاری زیاتری لەسەر دەکەم و ئەو یادداشتانەی کۆم کردوونەتەوە بۆی زیاد دەکەم و شیکردنەوەی زیاتری پێ دەدەم. هەروەها داوای لێبووردن لە خوێنەریش دەکەم کە لەوانەیە لایەنە ئەکادیمییەکەی کەمێک ماندووی بکات و ناچاربێت حەوسەڵەی زیاتر خەرج بکات بۆ بەردەوامبوون لەسەر خوێندنەوەی.

بەئەرکی دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی گشت ئەو کەس و لایەنانە بکەم کە لە پرۆسەی بەئەنجامگەیاندنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا یارمەتیان دام. ئەوپەڕی قەدرزانی و سوپاسی خۆم ئاراستەی مامۆستای ئازیز د. ڕەشاد میران، سەرپەرشتیاری نامەکەم بکەم، ئەگەر سنگ فراوانی و هاندان و پشتیوانیی وی نەبوایە هیچکات پێکهاتەی ئەم نامەیە بەو شێوەیەی ئێستای لێ نەدەهات و سەری نەدەگرت. هاوڕێی بەڕێزم ڕێبوار سیوەیلی کە بەسنگفراوانی و حەوسەڵەوە ئامادەبوو گشت بەشەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بخوێنێتەوە و ڕووبەڕووی پرسیارمان بکاتەوە. هاوڕێم مراد حەکیم، لە لایەک بەهۆی هاوسەفەریی لەگەڵمدا بۆ سلێمانی، هەڵەبجە و دهۆک و ماندووبوونی بەهۆی دواندن و ڕازیکردنی ئەو کەسانەی کە پێویست بوو گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەین بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانمان بدەنەوە، لە لایەکی تریشەوە بەهۆی خوێندنەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە و تێبینییە وردەکانی. بەڕێز عەبدوڵڵا خورشید کە بەخوێندنەوەی ڕەشنووسی دوو بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە هەندێ تێبینی سوودمەندی پێ داین. هەروەها هەردوو مامۆستای بەڕێز عەبدولحەمید بەرزنجی و نوری هەرزانی بەچەند تێبینییەک لەسەر لایەنی مەیدانیی ئەم باسە بەرچاوڕوونیان پێ داین. هاوڕێیان جیهاد عومەر فەتاح و عیسمەت هاشم کە یارمەتییان داین لە بڵاوکردنەوە و کۆکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی. د. ساحب قارەمان کە یارمەتیی داین لە بەکارهێنانی پرۆگرامی (statigraphics) بۆ کۆکردنەوە و پۆلینکردن و شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکان. هەروەها گشت ئەو کەس و لایەنانەی کە ئاسانکارییان بۆ کردین و پێمانەوە ماندووبوون، کە نەمانتوانی ناوی هەموویان بەرین.

موسڵح ئیروانی
زانکۆی سەلاحەدین
١ی شوباتی ٢٠٠٣



## پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە وەک لە ناونیشانە فەرعیەکەیدا دیارە، لە یەک کاتدا، لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و مەیدانییە. تیۆریبوونی لەوەدایە کە تیایدا هەوڵ دەدەین لە چەمکی «ئایین» و «ناسیۆنالیزم» تێبگەین. ئینجا دەچینە سەر ئەو باسەی کە ئایا سۆسیۆلۆژیا چۆن دەڕوانێتە ئایین و بە چ شێوەیەک و لە چ بوارێکی سۆسیۆلۆژیدا دەتوانین لە ئایین بکۆڵینەوە و ئەو چوارچێوە تیۆری و میتۆدۆلۆژییە چییە کە کۆمەڵناسی تیایدا لە ئایین دەکۆڵێتەوە.

بێگومان ئامانجمان لەم لێکۆڵینەوەیە دیارخستنی ڕۆڵ و کاریگەری و پەیوەندیی نێوان ئایینی ئیسلام و ناسیۆنالیزمی کوردییە لە هەرێمی کوردستاندا. هەروەها دەمانەوێ بزانین ئایینی ئیسلام، بەتایبەت لە شێوە سەرتاپاگیر و ئوسوڵییەکەیدا، تا چەند بواری بەپەرەسەندنی بیر و هوشیاریی نەتەوەیی داوە لەلای پەیڕەوکەرانیەوە.

گرنگیی ئەم باسە لە دوو لایەنی تیۆری و کردەییدا دەردەکەوێ. پرژانە سەر تۆژینەوەی ئایین لە کۆمەڵگایەک کە هێشتا ئایین بەپەرژینێکی زۆر پیرۆز دەورە دراوە کارێکی ئاسان نییە و هەر ئاوا ناتوانرێت قاچ بخرێتە ناو حەرەمەکەیەوە. بۆیە پەیڕەویکردن لە میتۆدێکی سۆسیۆلۆژی یارمەتیدەرێکی باشە لەو نێوانەدا.

گرنگیی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی ئایین و ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا، لەوەدا دەردەکەوێ کە دەشێ یارمەتیمان بدات بۆ ناسینی کاریگەریی داکۆکیکردن لە ئوسوڵییەتی ئیسلامی لەسەر ناسیۆنالیزم و بیری نەتەوەیی کوردی. ئەمەش بەرچاوڕوونیمان پێ دەدات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئایین لە سەردەمی نوێدا، چونکە وا دێتە بەرچاو دینداریی دوای ڕاپەڕین کە زێتر لە شێوەی ڕابوونێکی ئیسلامی خۆی دەنوێنێ، کاریگەریی سلبی لەسەر بایەخدان بەبیر و هوشیاریی نەتەوەیی هەیە. ڕاپەڕین وەک وەرچەرخانێک لە بواری بیروباوەڕی ئایینی و ناسیۆنالیزم، زەمینەیەکی ڕەخساندووە بۆ کارلێکی ئەم دوو فیکرە و دەوریان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا گێڕاوە.

بۆ ئەم تۆژینەوەیەش پەیڕەویمان لە فرەمیتۆدی کردووە، واتە هەم پێویستمان بەمیتۆدێکی شیکاریی تیۆری و دیاردەناسانە (فینۆمینۆلۆژیانە) هەبووە و هەمیش لەلایەنی مەیدانیدا پشتمان بەمیتۆدی شیکردنەوەی ئاماری (التحليل الاحصائي) بەستووە. بەپێچەوانەی لێکۆڵینەوە وەسفییەکان کە بەپلەی یەکەم لێکۆڵینەوەی مەیدانین، هەوڵ دەدەین، وێڕای لایەنە مەیدانییەکە، شیکردنەوەیەکی تیۆری (التحليل النظري) بۆ کێشەی ئایین و ناسیۆنالیزم بکەین. بێگومان هەموو ئەمانەش بەپشت بەستن بەو داتایانەی (البيانات) لە ڕێی لێکۆڵینەوەکەوە چنگ دەکەون. لەو ڕووەوە ئەم باسەی ئێمە دەشێ بناغەیەک بێت بۆ پرۆژەی تۆژینەوەیی بەرفراوان و سەرتاپاگیرتر لە پێناوی ناسینی کۆمەڵگای کوردی و لەهەمان کاتدا بۆ دانانی بناغەی سۆسیۆلۆژیای ئایین لە بواری ئەکادیمیای کوردستاندا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدێت لە دەرخستنی هەر دوو گۆڕاوی ئایین (Religion) و ناسیۆنالیزم (Nationalism) لە کوردستاندا، ئەویش لەڕووی دەوری هەریەکەیان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا، و ئینجا لەسەر یەکتر. هەروەها مەبەستمانە بزانین کاریگەریی ئایین لەسەر ئەندامانی کۆمەڵگا چەندە و ئەمەش چۆن لەسەر ناسیۆنالیزم و بیری نەتەوەیی کەوتۆتەوە.

ئەو بوارە زانستییەی ئێمە دەمانەوێ ئیشی تیا بکەین، کۆمەڵناسیی ئایینە. (Sociology of Re-ligion) کۆمەڵناسیی ئایین بایەخ بەجەوهەری بیروباوەڕی ئایینی نادات، بەڵکو لەلایەنە بەرجەستەبوو و واقیعییەکانی ئایین لە کۆمەڵگادا دەکۆڵێتەوە. بایەخی لێکۆڵینەوە لە ئایین لەو ڕووەوە دەردەکەوێت کە توخمێکی هەرە سەرەکیی کولتووری کۆمەڵگاکەمان پێکدێنێت. ئەگەر بمانەوێ لە کۆمەڵگایەکی وەکو کوردستان بکۆڵینەوە و لێی تێبگەین، بەتایبەت لە ئاستە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکەیدا، پێویستە لە ئایینی ئیسلام وەک توخمێکی ئامادە و کاریگەری ناو کولتووری کوردی بکۆڵینەوە. تا لەلایەنە ئایینییەکانی کۆمەڵگا تێنەگەین ناتوانین بانگاشەی ناسینی کۆمەڵگا و کولتوورێکی دیاریکراو بکەین. بەڵام بەداخەوە لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی لەسەر ئایین لە کوردستاندا نەکراوە،(*) جگە لەوەش تا ئێستا هیچ کایەیەکی زانستی بۆ ئەم مەبەستە لە بەشی کۆمەڵناسیی زانکۆی سەلاحەددین و کایە زانستییەکانی دیکەی کوردستان تەرخان نەکراوە. لە لایەکی تریشەوە، ئەو ڕوانگەیەی کە بەهۆیەوە سەیری ئایین دەکرێت زیاتر میتافیزیکییە نەک سۆسیۆلۆژی. ئێمە هەوڵ دەدەین بەمیتۆدێکی سۆسیۆلۆژی تۆژینەوە لەسەر ئایینی ئیسلام بکەین. لە میتۆدی سۆسیۆلۆژیدا بایەخ بەڕاستبوون و هەڵەبوون، ئاسمانی بوون و خاکیبوون، مەنتقی بوون و نامەنتقی بوونی ئایین نادرێ.

لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە بارەی ئایین و ئایینزاکانی کوردستان زۆر ئەنجام دراوە، بەڵام تخوونی دیاردە ئایینییە نوێیەکان، وەک زۆربوونی مزگەوت، قوتابخانە ئایینییەکان، سەرهەڵدانی فەندەمێنتالیزم (الأصولية)، دەرکەوتن و فراوانبوونی بزووتنەوە و گرووپە ئایینییەکان، و هتد... نەکەوتوون. بێگومان ئاستێکی سەرەتایی ئاوەها گرفتی زۆرمان بۆ دروست دەکات لەڕووی کەمیی سەرچاوە و نەبوونی تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستیی پێشووتر وەک ڕێگا خۆشکردنێک لەو بوارەدا. ئەمە لە کاتێکدا کە لە ئەدەبیاتی زانستیی ڕۆژئاوادا بایەخێکی زۆری پێدراوە. ئێمەش بەپێی توانا هەوڵ دەدەین لە کوردستاندا کەمێک ئەو کەلێنە پڕ بکەینەوە.

ئێمە ئایین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکەین، کە کۆمەڵێک ئەرکی کۆمەڵایەتی دەگێڕێت. ئایین ئینتیما و وەلائێکی دیاریکراو و تایبەت بۆ تاکەکەسان دەخوڵقێنێ. هەروەها دەوری هەیە لە هێنانەکایەی ڕەوشێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت. پرسیاری ئێمە لەم باسەدا ئەوەیە ئایا ئەم ئینتیما و وەلائە لەگەڵ ئینتیماکانی دیکەی نەتەوەیی و نیشتیمانی ناکۆک نییە؟ ئایا پەروەردەی نەتەوەیی و ئایینی تا

(*) دەبێ ئەوە بڵێین تێزەکەی د. ڕەشاد میران بەناوی "ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا» لە ڕووی ئێتنۆلۆژی و کۆمەڵناسییەوە بایەخێکی زۆری هەیە.



چەند لەگەڵ یەکتردا دەگونجێن و تەبان، یان تا چەند دەوری بەدیلی یەکتر دەبینن؟ بێگومان پرسیارکردن و گەڕان بەدوای ئەوەی کە ئایین چ وەزیفەیەکی ئینتیمائی و پەروەردەیی دەگێڕێت، خاڵێکە کە لە چوارچێوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا کاری لە سەر دەکرێت.

دەوری ئایین لە دیاریکردنی ناسنامەی تاکەکەس حاشاهەڵنەگرە. ئایین هەم یەکخەرە و هەم پەرتکەر، چونکە پرسیاری: ئێمە کێین و چیین و ئەوان کێن و چین لە سیستمی ئایینیدا وەڵامێکی دیاریکراوی هەیە. جگە لەوەش، لەوانەیە ئینتیمای ئایینی، زۆربەی جار، ببێتە هۆی بەهێزکردن یان پارچە پارچەکردنی ناسنامەی نەتەوەیی.

لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، کوردستانی باشوور ڕووبەڕووی ئەزموونێکی دیکەی ئایینی بۆتەوە؛ دیاردەیەک کە دەشێ بە«گەڕانەوە بۆ ئایین» ناوی بەرین. ئەم ئەزموونە کۆمەڵایەتییە ئایینییە ڕەنگی خۆی بەبزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردیش داوە و کاریگەریی دوورمەودا و نزیک مەودای هەیە لەسەری – بەنێگەتیڤ بێت یان پۆزەتیڤ.

پرسیارێکی دیکە کە پێویستە لێی بکۆڵینەوە ئەوەیە کە ئایا دواجار ئەم کێشەیە کەلێنێک لە نێوان ئایین و ناسیۆنالیزمدا، لەڕووی سیاسی و کولتووری و تەنانەت کۆمەڵایەتیشەوە، دروست ناکات؟ بۆ ئەم بابەتەش پێویستە جەردێکی گشت لایەنەکانی ئایین بکرێ لە کۆمەڵگادا؛ لەوانە بڵاوکراوە ئایینییەکان، وەک کتێب و نامیلکە و کاسێت و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان. هەروەها دەبێ دەزگا و بنکە ئایینییەکانیش (وەک مزگەوت، کۆلیژ و بەشەکانی شەریعەت و خوێندنی ئیسلامی، بزووتنەوە و ڕێکخراوە ئایینییەکان و هتد...) وەک بابەتی لێکۆڵینەوە وەربگرین. بەڵام ئەمانە هەموویان نەک هەر لە توانای ئەم باسەی ئێمەدا نەبووە، بەڵکو بەدەیان تۆژینەوە و کتێبی سەربەخۆی گەرەکە. ئەم دیاردانە، لەلایەک وەک پێوەری پەرەسەندنی دیاردەی ئایینی لە هەرێمی کوردستاندا سەیر دەکرێن و شی دەکرێنەوە و تۆژینەوەیان لەسەر دەکرێت. لەلایەکی دیکەشەوە، هەر لە ڕێی ئەم هۆکارانەوە دەتوانین دەستنیشانی بوونی توخمی ناسیۆنالیستی لەناو ئەدەبیات و بیری ئیسلامی – ئەگەر هەبن – و چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵکردن و بایەخپێدانی، بکەین.

هەوڵمان داوە باسەکەمان تەنیا لایەنی مەیدانی و پراکتیکی تێدا نەبێ و لایەنی تیۆری پشتگوێ بخات – وەک لایەنگرانی ڕێبازی پۆزێتێڤیزم پەیڕەویی لێ دەکەن، چونکە لەو حاڵەتەدا کەلێنێکی گەورە و پڕنەکراوە لە نێوان تیۆر و لێکۆڵینەوەدا دروست دەبێت، کە بەبڕوای "دیرک لایدەر" ئەمە ئاستەنگێکی گەورەیە لە بەردەم گەشەکردنی کۆمەڵناسی وەک سیستەمێکی زانستی، هەروەها لەبەردەم شیانی پەرەسەندنی کەلەپووری کەڵەکەبووی مەعریفەی تیۆریدا[١]. ئێمە لەم باسەدا پەیڕەویمان لە بۆچوونی

(١) ديرك لايدر، قضايا التنظير في البحث الأجتماعي، ت: عدلي السمري، المجلس الأعلى للثقافة، مصر ٢٠٠٠، ص٤٥.

لایدەر کردووە. لایدەر پێی وایە تیۆروانی (التنظیر) پرۆسەیەکی بەردەوامە لە گشت قۆناغەکانی تۆژینەوەدا، واتە تیۆروانی توخمێکی سەربەخۆ نییە کە تا ئەو شوێنە بڕ بکات کە لایەنی مەیدانی تۆژینەوەکە دەست پێ دەکات[٢]. بۆیە ئێمە ویستوومانە خۆمان لەو میتۆدە پۆزێتیڤیستییە ببوێرین و تەنیا پشت بەزانیارییە چەندایەتییەکان لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان نەبەستین؛ وەک لە زۆربەی لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژیەکانی کوردستاندا بەدی دەکرێت. لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵ دەدەین گرنگیدان بەتیۆروانی لە باسەکەماندا زیاتر بێت لەوەی تا ئەمڕۆ لە پرۆسەی تۆژینەوەکانی دیکەی پێشکەشکراو لە بەشی کۆمەڵناسیدا هەیبووە.

ئەو بۆچوونانەی دژی تیۆروانین دەگەڕێنەوە بۆ ئەو تۆژەرە ئەزموونگەرییە تەقلیدییانەی کە بایەخ بەکۆکردنەوەی مادەی مەیدانی دەدەن بەگوێرەی ڕێسا و ڕێوشوێنگەلێکی میتۆدیی توند و سەختگیر، هەروەها تیۆروانی لەلایەن لایەنگرانی پاش بونیەوی و پاش مۆدێرنیتەش هێرشی دەکرێتە سەر[٣]. ئەم دوو ئاراستەیەی دوایی تۆمەتی دوورکەوتنەوە لە ژیانی ڕۆژانە و واقیعی دەدەنە پاڵ تیۆروانی. لە بەرامبەر ئەم دوو ئاراستەیەدا "لایدەر" تیۆری گونجانکاری (النظریة التکیفیة – Adaptive theory) دەخاتەڕوو. تیۆری گونجانکاری هەوڵدانێکە بۆ تێکەڵکێشکردنی بەکارهێنانی تیۆرێک کە لە پێشدا هەیە و ئەو تیۆرەی کە لە ئەنجامی شیکردنەوەی زانیارییە ئەمبیریقییەکان (ئەزموونگەرییەکان) لەدایک دەبێت[٤]. بۆیە تێگەیشتن لە تیۆری گونجانکاری پێویستە بۆ تێگەیشتن لەم تۆژینەوەمان.

***

ئەم نامەیە لە حەوت بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەم چەمکە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە لە ڕوانگەی جیاجیاوە ڕوون کراوەتەوە، کە بریتین لە چەمکی ئایین و ناسیۆنالیزم. لە باسی یەکەمی ئەم بەشەدا چەمکی ئایین هەم لە واتا زاراوەناسی و تیۆلۆژییەکەیدا – سەرچاوە و واتای جەوهەری– و هەم لە ڕوانگە کۆمەڵناسییەکەیدا –وەک واقیعێکی کۆمەڵایەتی– لێکدراوەتەوە. هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە دوو ڕوانگەی سەرەکی بۆ ئایین هەن؛ ڕوانگەی جەوهەری کە میتۆدی تیۆلۆژیایە، دووەمیان ڕوانگەی کۆمەڵایەتی کە جەخت لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتیی ئایین دەکات و زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و کۆمەڵناسی وەک بوارێکی تایبەت لێی دەکۆڵێتەوە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا باسی هەندێ نموونەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسانە و ئەنترۆپۆلۆژیانە لەبارەی ئایینەوە کراوە، وەک لێکۆڵینەوەکانی ڕابرتسۆن سمیس و دورکهایم و ماکس ڤیبەر، کە بەباوکی کۆمەڵناسیی ئایین دادەنرێن و لەو یەکەم کەسانەن کە کۆمەڵناسانە لە دیاردە ئایینییەکانیان کۆڵیوەتەوە. ئەمەش بۆ ئەوەی کە بۆچوونێکی ڕوونترمان لە بارەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لەلا گەڵاڵە بکات.

---

(٢) هـ. س. پ.، ل٤٩.

(٣) هـ. س. پ.، ل٥٥.

(٤) هـ. س. پ.، ل٤٥.



لە باسی دووەمی هەمان بەشدا چەمکی نەتەوە و ناسیۆنالیزم ڕوون کراونەتەوە، ئەویش بەگەڕانەوە بۆ پێناسەی کەسانی وەک ئێرنست ڕێنان، میروسلاڤ هرۆک، ئێریک هابزباوم، ئێرنست گیلنەر و بێندێکت ئەندرسۆن. هەروەها لەرێی ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکانی ئەمانەوە، بەپێناسەی خۆمان بۆ نەتەوە بەئەنجام گەیشتووین. هەروەها لە ناساندنی ناسیۆنالیزمیشدا باسمان لە هەر دوو بۆچوونی سەرەکی (واتە بۆچوونی ئێتنی بۆ نەتەوە و بۆچوونی مۆدێرن بۆ نەتەوە) کردووە و لە ئەنجامدا پێناسەی خۆمان هەڵێنجاوە بەشێوەیەک کە لەگەڵ واقیعی ناسیۆنالیستیی ئەمڕۆی کوردستاندا بگونجێ.

لە بەشی دووەمدا باسمان لە کۆمەڵناسیی ئایین وەک بوارێکی لێکۆڵینەوە و چوارچێوە تیۆرییەکەی کردووە. ئەم بەشەشمان بەسەر سێ باسدا دابەش کردووە. لە باسی یەکەمدا بەدوای سەرەتاکانی مامەڵەکردنی زانستییانە لەگەڵ ئاییندا گەڕاوین کە چۆن لەدوای سەدەکانی ناوەڕاستدا زانستماڵی خۆی لە ئایین کردووە و نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ئایینیشی کردووە بەبابەتێک لە بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی خۆی؛ ئەمە بەتایبەت لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا هاتە ئاراوە. لە باسی دووەمدا میتۆدۆلۆژیای کۆمەڵناسیی ئایینمان شی کردۆتەوە، ئەویش لە ڕێی ئەو پرسیارانەوە کە دەشێ لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسانە لە تۆژینەوەی ئاییندا پشتی پێ ببەستێت. لەم باسەدا ویستوومانە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە زانست جیاوازە لە ئایین، سەرچاوە و میکانیزمەکانیشیان لێک جیان. بۆیە ناکرێ بەسەرچاوە و میکانیزمەکانی ئایین کە بریتین لە ئیمان و پابەندبوون، لێکۆڵینەوەی زانستی ئەنجام بدرێ. لەبەر ئەوەی زانستی نوێ بەرهەمی مۆدێرنیتەیە بۆیە وەک مەسەلەیەکی دونیەوی و تایبەت بەم دونیایە سەیری ئایین دەکات. کۆمەڵناسیش لەم تێڕوانینە دونیەوییە بەدەر نییە. بۆیە دەبینین کۆمەڵناسیی ئایین ڕوانگە و چوارچێوەی تیۆریی خۆی لە تیۆلۆژیا و کەلامناسیی ئایینی جیادەکاتەوە، کە ئەمانەی دوایی باس لە شتە جەوهەرییەکانی ئایین وەک خوا، ڕاستی و جەوهەر و ناوەرۆکی ئایین و هتد... دەکەن.

لە باسی سێیەمدا وەک ڕاگەیاندنێک بۆ دامەزراندنی کۆمەڵناسیی ئایین لە بواری ئەکادیمیی کوردستاندا بە پێویستمان زانیوە باسی هەندێ لەو بوارە کۆمەڵایەتییانە بکەین کە دەشێ کۆمەڵناسیی ئایین لە پرۆژەی لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا بپرژێتە سەریان و بایەخیان پێ بدات.

لە بەشی سێیەمدا چووینەتە سەر باسی تاووتوێکردنی بیروڕای چەند بیرمەند و تیۆروانێک لەبارەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم، هەر ئەوانەی لە پێناسەکردنی چەمکەکاندا ناویان هاتووە بەڵام بەشێوەیەکی بەرفراوانتر. هەروەها لە باسی دووەمی ئەم بەشەدا بیروڕای دوو کەسی کوردمان لەبارەی ناسیۆنالیزمی کوردی هێناوەتەوە:

د. عەباسی وەلی کە خاوەنی تیۆری مەدەنییە لە بارەی بوونی نەتەوە و ناسیۆنالیزم؛ عەلی باپیر، وەک نووسەرێکی ئیسلامی کوردی کە نەتەوایەتی لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامیدا بەرتەسک دەکاتەوە. بێگومان هیچ خاڵێک نییە کە ئەم دووانە بەیەکەوە ببەستێتەوە، جگە لەوەی کە لە دوو هەڵوێست و میتۆدی جیاوازەوە ناسیۆنالیزم دەخوێننەوە وەلی لە روانگەی زانستی و باپیر لە روانگەی

ئیسلامییەوە.

بەشی چوارەمیش تایبەتە بەدیاردەی گەڕانەوە بۆ ئایین لە جیهان و وڵاتانی ئیسلامی و کوردستاندا. ئەمەش لە ڕێی ئاماژەکردن بەدیاردەی ئوسوڵییەت لەناو ئایینی جوولەکە و مەسیحی و ئیسلامدا. دواتر لە ڕێی چەند گۆڕاوێکی وەکو پەیدابوون و پەرەسەندنی حیزبە ئیسلامییەکان، مزگەوت، وتارخوێنە کاریگەرەکان و بڵاوکراوەی ئیسلامی و ڕەفتاری ڕۆژانە باسی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دیاردەی ئیسلامی کراوە لە هەرێمی کوردستاندا. لە باسی سێیەمی بەشی چوارەمدا باسی پەیوەندیی نێوان ئایین و بیری نەتەوەیی کراوە لە واقیعی کوردستاندا.

دەروازەی مەیدانیی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسەر سێ بەش دابەش کراوە. بەشی یەکەم کە دەکاتە بەشی پێنجەمی باسەکە تایبەتە بەستراتیژیەت و ڕێوشوێنەکانی ئەنجامدانی تۆژینەوەی مەیدانی کە تیایدا باسی چۆنیەتی هەڵبژاردنی نموونەی لێکۆڵینەوە (کە لە ۳۳۰ کەس پێکهاتووە) و میتۆدی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان و گیروگرفتەکانی کراوە. دواجار کۆمەڵێک پرسیار و گریمانە خراونەتەڕوو بۆ خستەبەر تاقیکردنەوەیان لە بەشی شەشەمدا.

بەشی شەشەم تایبەتە بەخستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی پراکتیکییەوە بەهۆی فۆرمی ڕاپرسییەوە دەستمان کەوتوون. ئەمەش لە ڕێی خستنەڕووی خەسڵەتە گشتییەکانی نموونەکە، ئاستی دینداریبیان، پەیوەندی و کاریگەریی بۆچوونی ئیسلامی لەسەر بیری نەتەوەییبیان، بۆچوونیان بەرامبەر نەتەوایەتیی کورد و چاوەڕوانیان لەم چەمکە و هتد...

لە بەشی حەوتەمیشدا پوختەی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکە خراونەتەڕوو و شی کراونەتەوە و چەند ڕاسپاردەیەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی پەیوەندیی ئوسوڵییەتی ئایینی و ناسیۆنالیزم پێشنیارکراون، کە دەشێ وەک ستراتیژێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کاریان لەسەر بکرێ.

هیچ هەوڵێکی مرۆڤانە بێ کەموکوڕی نابێ، هیواداریین توانیبێتمان لەم کارە خاکەڕاسییەمان بەردێک بخەینە سەر دیواری تۆژینەوەی زانستی لە کوردستاندا.

موسڵح ئیروانی

هەولێر - ۲۰۰۲/۸/۱



# دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری

## بەشی یەکەم: چەمکە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە

بێگومان، هەر لێکۆڵینەوەیەک بەبێ ڕوونکردنەوەی چەمکەکانی بەناتەواوی دەمێنێتەوە. ڕوونکردنەوە و دەستنیشانکردنی چەمکەکان لە هەر باس و لێکۆڵینەوەیەکدا، هەر نەبێت بۆ ئەوەیە بزانین باسی چی دەکەین و چوارچێوەی تێگەیی (الاطار المفهومي)مان تا کوێیە. بەگوێرەی ئەم بۆچوونە ئەو کاتە دەتوانین لە دیاردەیەک تێبگەین و بیناسین کە بەشێوەیەکی تێروتەسەل لێمان کۆڵیبێتەوە.

زۆر لە تۆژەران و بیرمەندانی کۆمەڵایەتی، پێیان وایە بەر لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بابەتێک، ناتوانین پێناسەی چەمکەکانی بکەین(٥). پاساویش بۆ ئەم تێزە ئەوەیە کە تەنیا لە میانی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە کێشە و دیاردەکان دەتوانین بگەینە واتای هەرە نزیک لە ڕاستیی چەمکەکان و چاکتر دەتوانین لێیان تێبگەین.

وەک لە ناونیشانی باسەکەدا دیارە، تۆژینەوەکەمان لە نێوان دوو چەمکی سەرەکیدا دەخولێتەوە کە یەکەمیان - و سەرەکیترینیان- ئایینە و ئەوەی دیکەیان نەتەوە و ناسیۆنالیزمە. ئەو چەمک و زاراوانەش کە لە هەر یەک لەم دوو زاراوەیەوە نزیکن- وەک بیروباوەڕی ئایینی، ئوسوڵییەت و ڕەفتاری ئایینی و دینداری کە پێوەندییان بەئایینەوە هەیە، یاخود نەتەوە و ناسنامەی نەتەوەیی کە پێوەندییان بەناسیۆنالیزمەوە هەیە- هەریەکەیان لە شوێنی جیاوازی خۆی و لە چوارچێوەی تەوەری سەرەکیی خۆیدا باس دەکرێن.

### باسی یەکەم: ئایین

#### ١- چەمکی ئایین؛ مانای زاراوەناسی و تیۆلۆژی

پێناسەکردنی ئایین کێشەیەکی ئاڵۆزە. سەرچاوە جۆراوجۆرەکان پێناسەی جیاجیایان بۆ ئایین کردووە کە بەزۆری پێک ناکۆکن. تەنانەت لەو لایەنەشدا کۆک نین کە بە چی دەگوترێت ئایین و چیش دەکەوێتە دەرەوەی ئایینەوە و حسێبی ئایینی بۆ ناکرێ. ئەوەی سەبارەت بەشیان و پێویستیی پێناسەکردنی چەمکەکان بەگشتی گوتمان بۆ چەمکی ئایینیش هەر ڕاستە. هەندێ لە پسپۆڕانی سۆسیۆلۆژیای ئایین پێیان وایە کە وا چاکترە سەرەتا هەوڵی پێناسەکردنی بابەتی تۆژینەوەی سۆسیۆلۆژیای ئایین (واتە ئایین) نەدرێ و تۆژەر تەنیا دوای تۆژینەوەی چڕوپڕ دەتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات. ماکس ڤیبەر

(٥) ملکلم همیلتون، جامعه شناسی دین، ت: محسن ثلاثی، انتشارات تبیان، چاپ اول، ۱۳۷۷ (۱۹۹۸م)، ص۲۰-۲۱.

(١٨٦٤-١٩٢٠ - Max Weber) یەکێکە لەو کەسانەی کە پێی وایە پێناسەکردنی ئایین لە پێش لێکۆڵینەوەدا نە پێویستە و نە دەکرێ(*). بەڵام بەڕای فیراس ئەلسەواح زۆربەی ئەو نووسەرانەی کە ئەرکی لێکۆڵینەوە لە دیاردەی ئاییینیان گرتۆتە ئەستۆ هەوڵی پێناسەکردنی ئاییینیان داوە، چونکە بەبێ ئەم کارە سەرەتاییە لەوانەیە تۆژەر دیاردەیەکی دوور لە ئایین وەربگرێت، و بکەوێتە دوای ڕەهەندە لاوەکییەکانی ئایین لەسەر حسێبی ڕەهەندە سەرەکییەکانی(٦). پێناسەکردنی ئایین پێش لێکۆڵینەوە پێویستە بۆ دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی بواری لێکۆڵینەوە، هەرچەند لەوانەیە ئەمە جۆرە حوکمدانێکی پێشینەیی بێت لەسەر دیاردەی ئایین خۆی.

لێرەدا زاراوەی ئایین- یان زۆر جار دین - لەبەرامبەر وشەی «الدین»ی عەرەبی و (Religion)ی(**) ئینگلیزیدا بەکاردێنین. لە **ئێنسکلۆپیدیای سەدەی بیستی** محەمەد فەرید وەجدی دا هاتووە کە «دین» بریتییە لە «گەردنکەچی و شوێنکەوتەیی و فەرمانبەرداری؛ هەروەها ناوێکە بۆ گشت ئەوەی مرۆڤ بەهۆیەوە خوای پێ دەپەرستێت»(٧). هەروەها فەیروزئابادی دەڵێ: «ئایین واتە سزا و پاداشت، ئیسلام، پەرستن، حوکم، ڕێوشوێن دانان، تاکپەرستی (تەوحید)، لێپێچانەوە (الحساب)، زاڵبوون، دەسەڵاتداری (السلطان)، گوێڕایەڵی و ملکەچی(الطاعة)»(٨).

لەلایەکی دیکەوە د. محەمەد کەمال جەعفەر بەمیتۆدە مێژووییە بەراوردکارییەکەی (المنهج التاريخي

(*) ماکس ڤیبەر کە گەورەترین زانای سۆسیۆلۆژیای ئایین و لە ڕاستیدا بەدامەزرێنەری ئەم لقە زانستییە دادەنرێ، لە سەرەتای کارە بەرفراوانەکەی لە بواری سۆسیۆلۆژیای ئاییندا دەڵێ: «لە بەرایییەکی ئاوەهادا ناتوانین پێناسەی ئایین بکەین و بڵێین ئەوە چییە. تەنیا لە کۆتایی لێکۆڵینەوەدا دەکرێ هەوڵی پێناسەکردنی ئایین بدرێ». بڕوانە:
Max weber, The Sociology of Religion,
Online:http://www.ne.jp/asahi/moriyuki/weber/society/socio-relig/socio-relig-cont.html<21/4/2001>.

(٦) فراس السواح، دين الانسان: بحث في ماهية الدين ومنشأ الدافع الديني، منشورات دار العلاءالدين، الطبعة الثالثة، دمشق ١٩٩٨، ص١٩ .

(**) ڕۆژێیە باستید دەڵێ: «وشەی Roligion لەکاری لاتینی religare بەمانای پێوەندی وەرگیراوە، لە کاتێکدا کە ئەم وشەیە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لەکاری religare بەواتای پرستن و بەندایەتیکردن بەترس و ڕێزەوە نزیکە». بڕوانە: روجية باستيد، مبادئ علم الاجتماع الديني، ت: د. محمود قاسم، مكتبة الانجلو المصرية، بدون تاريخ، ص١١-١٢ .

(٧) محمد فريد وجدي، دائرة معارف قرن العشرين، ج٤، دار المعرفة، بيروت، الطبعة الثالثة، ١٩٧١، ص١٠٦.

(٨) الفيروزآبادي (مجدالدين محمد بن يعقوب)، القاموس المحيط، مؤسسة الرسالة، الطبعة السادسة، بيروت ١٩٩٨، ص١٩٨.



المقارن) لە کتێبی **مرۆڤ و ئایینەکان** دا کە زێتر ئایینە یەکتاپەرستی و ئاسمانییەکانی مەبەستە، دەڵێ: «ئایین بریتییە لە بڕوابوونی بەبوونی هەبوویەکی باڵا و ڕەفتارکردن بەگوێرەی ئەم بیروباوەڕە»(٩). هەروەها "د. محەمەد عەبدوڵڵا دەراز" دوای شیکردنەوەیەکی تا ڕادەیەک وردی توخمە سەرەکییەکانی ئایین بەم شێوەیە ماهییەتی ئایین دیار و چڕدەکاتەوە: «بڕوابوون بەزاتێکی خوایی، کە شیاوی پێڕەوی لێکردن و پەرستنە»(١٠). بەشێوەیەکی گشتی، وشەی دین لەلای عەرەبەکان ئاماژە بۆ پەیوەندییەکی دوولایەنە دەکات، کە یەکێکیان ئەوی تر بەگەورە دادەنێت و دەچێتە ژێر باری فەرمانەکانییەوە. لایەنی یەکەم، ئەم پەیوەندییە بەملکەچبوون و چوونە ژێربار وەسف دەکات، بەڵام لایەنی دووەم بەفەرمان و دەسەڵات و حوکم و پابەندبوون وەسفی دەکات(١١). لەو پەیوەندییە دوولایەنەدا مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خواپەرست و دیندار هەیە کە دەبێ هەمیشە لەگەڵ خوای خۆی لە پەیوەندیدا بێت. وەڵێ ئەم پەیوەندییە هەر تەنیا لە عیبادەتدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو کۆمەڵێک ئیلتیزامی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیش دێنێتە ئاراوە کە مرۆڤی دیندار هەمیشە لەبەرچاویان دەگرێ.

هەر یەک لەم پێناسانەی سەرەوە ئاماژە بۆ دوو توخمی بنچینەیی دەکەن کە کۆڵەکەی ئایینە تەوحیدییەکان پێک دەهێنن. یەکەمیان بڕوابوونە بەزاتێکی باڵا، نادیار و بان سروشتی، دووەم ئەم بڕوابوونە دواتر ئەرک و فەرمان و ڕەفتارگەلێکی لێ دەکەوێتەوە، جا چ ئەرک و ڕەفتاری عیبادەت و پەرستن بن یاخود کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی لە بەرامبەر کۆمەڵگا و ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگادا.

ئەم پێناسانە لە چوارچێوەی کەلامناسی و زانستی ئاییینیدا خراونەتەڕوو و هەر لەو چوارچێوەیەشدا باشتر هەرس دەکرێن، بۆیە زێتر ڕوانگەیەکی نێو - ئاییینیانەیان (interreligion) هەیە، واتە بەپلەی یەکەم پشت بەو تەفسیر و لێکدانەوانە دەبەستن کە لە خودی سەرچاوەی ئایینەکەوە هەڵقوڵاون، بەتایبەت لە چوارچێوەی ئیسلامیدا. وەک دیارە دەقاو دەق لەگەڵ ئەو مانایەی کە لە قورئاندا هاتووە یەک دەگرنەوە(*).

هەروەها فەیلەسوفانی ئایین بەپێی ڕوانگە و بۆچوونیان پێناسەی جیاوازیان بۆ ئایین کردووە و هەر

(٩) د. محمد كمال جعفر، الانسان والاديان: دراسة ومقارنة، دار الثقافة، الطبعة الاولى ١٩٨٥، ص١٥.


(١٠) د. محمد عبدالله دراز، الدين: بحوث ممهدة لدراسة تاريخ الاديان، دار القلم، كويت ١٩٧٠، ص٥٢.

(١١) د. محمد عبدالله دراز. هـ. س. پ.، ل٣١.

(*) گرفتی سەرەکیی زۆربەی ئەو پێناسانەی لە کایەی ئیسلامیدا خراونەتە ڕوو ئەوەیە کە تەنیا ئایینە ئاسمانییەکان لەبەرچاو دەگرن و گشت ئەو ئایینانەی سەرچاوەیەکی ئاسمانی و خوایییان نییە بەگوێرەی ڕوانگە ئیسلامییەکە خۆی، واتە (یەهودی و مەسیحی و ئیسلام) پشت گوێ دەخرێن، بۆیە دەبینین زاراوەی باو لەو بوارەدا (الاديان السماوية)یە.
وشەی «دین» بەهەموو سیغەکانییەوە نزیکەی ٧٧ جار لە قورئاندا دووبارە بۆتەوە. ئەمەش بەمانای جیاوازەوە، هەر لە سزا و پاداشتەوە بگرە تا دەگاتە بەرنامە و پەیڕەوی ژیان و ملکەچی. بڕوانە: عەلی باپیر، خواناسیی، ئایین، ئیمان، نووسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٠، ل ١٧٦-١٧٨.

یەکەیان پێی لەسەر لایەنێک و ڕەهەندێکی (فەلسەفی، ئەخلاقی، ڕۆحی و هتد...) ئایین داگرتووە. دواجار ئەم پێناسانە جەوهەر و ئەرکی سەرەکی ئایین لە ڕووی تاک و کۆمەڵەوە دەستنیشان دەکەن.

تێیل (C. P. Tiele) دەڵێ: «ئایین حاڵەتێکی ڕۆحی یان خولیایەکی بێگەرد (خالص) و ڕێزدارانەیە کە بەتەقوا و خواپەرستی (Piety) ناوی دەبەن»[(١٢)]. بەپێی بۆچوونی تێیل، ئایین تەنیا لە خۆپارێزی و خواپەرستیدا کورت دەکرێتەوە کە سیستەمێکە بۆ ڕێکخستنی پێوەندیی مرۆڤ لەلایەک بەخۆی و لەلایەکی دیکەوە بەخوای خۆیەوە. بەڵام برادلی (F. H. Bradly) دەڵێت: «ئایین زێتر لەهەر شتێک هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی حەقیقەتی تەواوی چاکە لەگشت لایەنەکانی بوونماندا بەرجەستە بکەین»[(١٣)]. هەروەها جێمس مارتینۆ دەیگوت: «ئایین بڕوابوونە بەخوایەکی هەمیشە زیندوو، واتە بڕوابوون بەئیرادە و زهنی خوایی کە حاکمە بەسەر جیهاندا و پێوەندیگەلێکی ئەخلاقیی بەئادەمیزادەوە هەیە»[(١٤)]. لەم دوو پێناسەیەشدا لایەنە ئەخلاقییەکانی ئایین و خواپەرستیمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئایین بیروباوەڕێکە بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردنی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر. بەگشتی، فەیلەسوفانی ئایین و تیۆلۆژیستەکان، سێ لایەنی سەرەکی لەبەر چاو دەگرن کە جەوهەری ئایین پێک دەهێنن، ئەم سێ لایەنەش خۆیان لە سێ پێوەندیدا دەبیننەوە:



پەیوەندییە ئایینییەکانی مرۆڤ

مرۆڤ و خوا یان پەرستراو، مرۆڤ و کۆمەڵگە یان دەوروبەر، مرۆڤ و خود. ئایین وەسیلەیەکە بۆ بەستنەوەی مرۆڤ بەخوا، بەهێزێکی نادیاری بەتوانا، کە خاوەن پەیام و ڕێنوێنیکەری مرۆڤە و مرۆڤیش شوێنکەوتەی ئەو و ڕێنوێنییەکانییەتی. ئەو ڕێنوێنییانەش بەحوکمی خواییبوونیان سیفەتێکی پیرۆزیان هەیە و پێڕەوی لێکردنیان حاڵەتێکی تایبەتی هەیە. جگە لەوە ئایین پێوەندیی مرۆڤ بەدەوروبەرییەوە دەستنیشان دەکات، ئەویش بەڕێگەی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانەوە کە بەزۆری حاڵەتێکی ئەخلاقی و تەمەنناکارانەیان هەیە. هەروەها بۆچوونێکی تایبەت دەردەبڕێت لەمەڕ ئەوەی کە مرۆڤ و بوونە جەوهەرییەکەی لەکوێوە هاتووە و دەبێ چۆن بێ و بۆ کوێ دەچێ و هتد... کەواتە ئایین سیستەمێکی

(١٢) مایکل پترسون و دیگران، عقل واعتقاد دینی (در آمدی بر فلسفهء دین)، ت: احمد نراقی وابراهیم سلطانی، طرح نو، چاپ دوم، تهران ١٣٧٧، ص٢٨.

(١٣) مایکل پترسون ودیگران، ه. س. پ.، ل٢٨.

(١٤) همیلتون، ه. س. پ.، ل٢٨.



ئاڵۆزترە لەوەی کە بۆی دەچین. هەر بۆیە زۆر زەحمەتە پێناسەیەکی گشتی هەبێت کە گشت ئایینەکان بگرێتەخۆ[(١٥)].

بۆیە دەتوانین بڵێین چەمکی ئایین بەپێی چوارچێوە تێگەیی و تیۆرییەکان دەگۆڕێت. ئەگەر بڕوابوون بەخوا بکەینە پێوەری ئایین، ئەوا هەندێ ئایین هەن بڕوا بەخوابوونیان تێدا نییە (وەک بوودیزم[(*)] بڕوایان بەبوونی خوایەک نییە و لە هەمان کاتدا یەکێک لە ئایینە جیهانییەکانە). جگە لەمەش ناکرێ تەنیا تاکپەرستی (توحید) بکرێتە پێوەر، چونکە ئایینی ئەوتۆش هەبووە کە لە یەک خوا زیاتریان هەبووە (وەک ئایینی یۆنانی و میسریی کۆن).

ئەو لێکدانەوە و پێناسانەی تا ئێستا هێنانمانەوە، گشتیان تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕوانگەی تیۆلۆژیا (علم الكلام) و فەلسەفەی ئایینەوە خراونەتەڕوو. تیۆلۆژیا و فەلسەفەی ئایینیش زێتر بەقووڵایی و ناوەرۆکی ئاییندا ڕۆدەچن.

## ٢- ئایین لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە

سەرەتای ڕوانگەی کۆمەڵناسی بۆ ئایین دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست و دواتر، بەپلەی یەکەم بۆ دورکهایم. بەڵام لە پێش ئەمیش ڕۆبرتسۆن سمیس لە کتێبی **چەند موحازەرەیەک لەبارەی ئایینە سامییەکان**[(**)]ەوە کارێکی ئایینناسانەی ئەنجام داوە. ئەمە دەشێ یەکەم بەرهەمی ئایینناسی بێت کە بەشێوەیەکی میتۆدۆلۆژی نووسرابێت و تیایدا باسی

(١٥) لەو بارەوە، نادێل دەیگوت هەر پێناسەیەکی ئایین دواجار کایەیەکی تەمومژاوی جێ دەهێڵێ و فەرامۆش دەکات. بڕوانە: همیلتون، ه. س. پ.، ل٢٠-٢١.

(*) بوودیزم لە خاڵی ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی خواوە دەست پێ دەکات. ئەم ئایینە سیستەمێکی ئەخلاقییە بێ ئەوەی داهێنەرێکی بان سروشتیی هەبێت، و ئیمانێکە بەبێ بوونی خوا. کەسی بوودایی گرنگی بەوە نادات کێ ئەم گەردوونەی دروست کردووە و چۆن دروستی کردووە، بەڵکو خەم و بایەخی خۆی لە هەوڵدان بۆ ڕزگاریکردنی ڕۆحی مرۆڤ چڕ دەکاتەوە. لەو هەوڵدانەشیدا پشت بەهیچ بوونەوەرێکی بان سروشتی یان زاتێکی باڵا نابەستێت، بەڵکو تەنیا پشت بەهێزی ناو ناخی مرۆڤ دەبەستێ. سەبارەت بەم باسە، بڕوانە: فراس السواح، المصدر السابق، ص٢٥-٢٦.

هەروەها ئەنتۆنی گیدێنز (کۆمەڵناسی ناوداری ئینگلیز) پێی وایە دین نابێ لەگەڵ یەکتاپەرستیدا یەکسان بکرێ. تەنانەت ناکرێ یەکسان بکرێ بەکاروباری بان سروشتی. بۆ نموونە ئایینی کۆنفۆشیۆسی خوای نییە، بۆیە تەنیا بەدوای هەماهەنگیی سروشتی جیهانا دەگەڕێ، نەک دۆزینەوەی ئەو ڕاستییەی لە پشت ئەوانەوە هەیە. بۆ زیاتر بڕوانە: آنتونی گیدنز، جامعەشناسی، ترجمە منوچهر صبوری، نشرنی، چاپ سوم، تهران ١٣٧٦، ص٤٨٥-٤٨٦ و٥١٤.

(**) ناونیشانی کتێبەکەی سمیس بەم شێوەیەیە:

- W. Robertson Smith, Lectures on the RELIGION OF THE SEMITES, The Fundamental Institutions, London, Adam & Charles Black, 1894.

سروشتی کۆمەڵگای ئایینی، پیرۆزمەندی و پەیوەندیی نێوان خوا (پەرستراو)و شوێنکەوتووانی کرابێت. نموونەی لێکۆڵینەوەکەشی پێکهاتووە لە بیروباوەڕی ئایینی لەلای میللەتانی سامیی کۆندا[١٦].

**ئەمیل دورکهایم** (E. Durkheim / ١٨٥٨-١٩١٧)، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی کۆمەڵناسیی فەرەنسی، گرنگییەکی زۆری بەدیاردەی ئایین داوە لە کۆمەڵگادا. ئەو لە کتێبی «شێوە سەرەتاییەکانی ژیانی ئایینی»دا هەوڵی داوە تیۆرێکی گشتی لەبارەی ئایین دابڕێژێت، ئەویش بەپێی سادەترین و سەرەتاییترین دامەزراوەی ئایینی. بەڕای دورکهایم ئایین لەسەر بنەمای دابەشکردنی جیهان بۆ دوو کۆمەڵە دیاردەی پیرۆز (المقدس) و ناپیرۆز (اللامقدس او العادي) دامەزراوە. ناوبراو لەسەر بناغەی ئەو جیاوازیکردنەی نێوان پیرۆز و ناپیرۆزدا پێناسەی ئایین دەکات بەوەی کە «سیستەمێکی بەیەکەوە گرێدراوی بیروباوەڕ و کرداری پەیوەست بە شتە پیرۆزەکانە، واتە ئەو شتانەی کە جیان لە شتە ئاساییەکانی تر و لە ڕیزی شتە قەدەغەکراوەکان دادەنرێن؛ ئەم بیروباوەڕ و کردارانە گشت ئەو کەسانەی پێڕەویی لێ دەکەن لە کۆمەڵێکی ئەخلاقی بەناوی کلێسادا یەکدەخات»[١٧]. شتە پیرۆزەکان مەرج نییە تەنیا شتە ئەبستراکت و نادیارەکان بن، بەڵکو بابەتە مادییەکانیش دەگرنەوە. زۆر جار ئەو شتانەی بەپیرۆز لە قەڵەم دەدرێن لایەنێکی دونیەوی و مادديیان هەیە. جگە لەوەی دورکهایم لەناو ئایینـدا دووانەی پیرۆز و نا پیرۆز دەخاتە بەرامبەری یەکترەوە، پێشی وایە ئەم دووانەیە لە هەر دوو ئاستی بیر و کرداردا دەردەکەون. ئەوەمان لە بیر بێ کە مەبەستی دورکهایم لێرەدا ئایینی سەرەتاییە. ئەو لە ڕێی لێکۆڵینەوە لە ئایینە سەرەتاییەکان بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ئایین گەردوون و کۆمەڵگا بۆ دوو کایەی پیرۆز و ناپیرۆز، بایەخدار و بێ بایەخ، کەواتە باش و خراپ دابەش دەکات و کایەی پیرۆزیش تەرخان دەکات بۆ خۆی. بەڵام لێرەدا پێویستە ئەوەیش زیاد بکەین کە بەگوێرەی ئاستی نوێبوونەوە و سیکولاریزەبوونی کۆمەڵگا، ڕەهەندی پیرۆزی ئایین بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات و کایەی ئاسایی و ناپیرۆزیش دەگرێتەخۆ. هەروەها ئایین خۆیشی قابیلی ئەوەیە بەدونیەویتر ببێت. ئەمڕۆ ئایین بەلای دیندارانەوە تەنیا کایەی شتە پیرۆزەکان ناگرێتەوە، لابردنی ئاستەنگ لەسەر ڕێی خەڵک و دەستگرتنیان ئەرکێکی ئایینییە با پیرۆزیش نەبێ. بیروباوەڕی ئایینی بەپلەی یەکەم ئەرکگەلێکی کۆمەڵایەتی دەگێڕن و بەو پێیە ئایین تەنیا تایبەت نییە بەتاکەکەس، بەڵکو بەرهەمهێنەری کۆمەڵ و گرووپیشە لە فۆڕمی جیاوازدا. تەنانەت دورکهایم جیاوازیی نێوان ئایین و سیحر لە سیفەتی «زۆر کۆمەڵایەتیبوون»ی ئاییندا بەدی دەکات، کەچی سیحر کۆبوونەوە (تجمع)ی ئایینیی نییە و تایبەتە بەچەند کەسێکی دیاریکراوەوە کە داوای دەکەن و لە ساتەوەختێکدا پێویستییان پێیەتی.

مالکۆڵم همیلتۆن ڕەخنە لە دورکهایم دەگرێت لەسەر ئەو گوتەیەی کە دەڵێ «ئایین مامەڵە لەگەڵ

(١٦) روبرتسن سميث، محاظرات في ديانة الساميين، ت: د. عبدالوهاب علوب، المجلس الاعلى للثقافة، بيروت، ١٩٩٧، ص إ،١، ٢٩، ١٤٩،٨٩.

(17) Online: http://WWW.relst.uiuc.edu/durkhiem/summaries/froms.html#pgfld=6212.<26/10/2001>.



پیرۆزدا دەکات». لەو بارەوە نموونەی لێکۆڵینەوەکانی ج. گوودی (J.Goody) لەسەر میللەتانی ئەفریقای ڕۆژئاوا و ئیڤانس پریچارد لە لێکۆڵینەوە لەسەر خەڵکی ئازاند، دێنێتەوە کە ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەو میللەتانە جیاوازی لەنێوان پیرۆز و ناپیرۆزدا ناکەن[١٨]. بەڵام دیسان ئەم جیاوازیکردنە ڕوانگەی هەرە زۆری دینداران داگیر دەکەن، بەشێوەیەک کە هەرچی پەیوەندییەکی سەرەکی و بەردەوامی بەئایینەوە هەیە بەپیرۆز لە قەڵەم دەدرێت و هەیبەت و ڕێزێکی زێتری هەیە لەچاو ئەوەی کە دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی ئایینەوە- لانی کەم دینداران وا بەباشتر دەزانن کارە ئایینی و پیرۆزەکان ئەنجام بدەن.

**ماکس ڤیبەر** بەدامەزرێنەری ڕاستەقینەی سۆسیۆلۆژیای ئایین لە ئەڵمانیا دادەنرێت، هەروەها یەکەم کەسیشە کە بەشێکی زۆری نووسینەکانی بۆ ئەم بوارە زانستییە تەرخان کردووە. ئیشکردنی ڤیبەر لەسەر ئایین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ویستوویەتی ڕەگوڕیشەکانی سەرمایەداریی نوێی ڕۆژئاوا بدۆزێتەوە و ئەو پرەنسیپانە ئاشکرا بکات کە سەرمایەدارییان پێکهێناوە و لە ڕەوتی پەرەسەندنیدا کاریگەریان هەبووە. لەو بارەوە ڤیبەر لە کتێبی «ئەخلاقی پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری»دا ڕەگوڕیشەیەکی کولتووری و ئەخلاقی بۆ سەرمایەداریی نوێی ڕۆژئاوا دەدۆزێتەوە کە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەیدا پردێک لە نێوان ئایین و ئابووریدا دروست دەکات. ئەو پرەنسیپەش «ئیش وەک فەرمان»ە - (Beruf) بەئەڵمانی-. بەڕای ڤیبەر ئیش وەک فەرمانێکی ئایینی لە سەرەتاکانی مەسیحییەت و تیۆلۆژیای مەزهەبی کاتۆلیکدا نەبووە، بەڵکو دواتر لەلایەن بزاڤی چاکسازیی کلێساوە هاتۆتە ناو مەسیحییەتەوە. بنچینەی ئەم فەرمانەش لەو بڕوایەوە هاتووە کە پێی وایە بەرزترین شێوەی ئیلتیزامی ئەخلاقی ئەنجامدانی ئەرکی دونیەوییە، بەتایبەت ئەنجامدانی کاری ئابووری. ئەمەش پێچەوانەی ژیانی گۆشەگیرانە و سیستەمی ئایینی کاتۆلیکییە کە لە بازنەی داخراوی "گوناهـ، پەشیمانی و لێخۆشبوون"دا دەخولێتەوە. بەبڕوای ڤیبەر، ئەگەرچی بیرۆکەی ئیش وەک فەرمان لە ڕێنماییەکانی مارتین لۆتەردا هەبووە، بەڵام دواتر بەشێوەیەکی جیدی لەلای کۆمەڵە پیوریتانیە (پاکژباوەڕ) جۆربەجۆرەکانی وەک کالڤینیزم، پەیتیزم، میتۆدیزم و باپتیزم دا پەرەی سەندووە. لەڕاستیدا بەشی هەرەزۆری باسەکەی ڤیبەر لەسەر کالڤینیزم چڕکراوەتەوە[١٩].

یەکێکی تر کە سۆسیۆلۆژیانە لە ئایینی کۆڵیوەتەوە کلیفۆرد گیرتز (Clifford Geertz)ە. ئەو لە ڕەهەندی کولتووریی ئایین دەکۆڵێتەوە و وەک بەشێکی سیستەمی کولتووری تەماشای دەکات. گیرتز بەو شێوەیە پێناسەی ئایین دەکات کە بریتییە لە «سیستەمێکی ڕەمزەکان کە ئەرکی سەقامگیرکردنی حاڵەت و پاڵنەرە بەهێز و قانعکەر و جێگیرەکانە لە مرۆڤدا، ئەویش لە ڕێی فۆرمۆلەبەندیی چەمکگەلێکی ڕێکخستنی گشتیی جیهان و داپۆشینی ئەم چەمکانە بەچوارچێوەیەک لە واقیعیبوون (Factuality) کە

(١٨) هميلتون، ه. س. پ.، ل٢٣ .

(١٩) ماكس ڤيبەر، الأخلاق البروتستانية والروح الرأسمالية، ت: محمد علي مقلد، مركز الإنماء القومي، بيروت، بدون تاريخ.

ئەم حاڵەت و پاڵنەرانە زۆر واقیعیانە دێنە بەرچاو»[٢٠].

هەروەها کۆمەڵناسی ناوداری دیاردەناس (Phenomenologist)ی ئەمریکی، "پیتەر بێرگەر" (Peter Berger) لە کتێبەکەیدا بەناوی **واقیعی کۆمەڵایەتیی ئایین** (The Social Reality of Religion) لە پێوەندیی نێوان ئایین و مانا و کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە. ئەو دەڵێ: «ئایین کارێکی مرۆڤانەیە کە جیهانێکی پیرۆز لە ڕێی ئەوەوە جێگیر دەبێت»[٢١]. هەروەها ئایین «هەوڵدانێکی ئازا و زیرەکانەیە بۆ ئەوەی سەرانسەری جیهان بۆ مرۆڤ مانادار بێت». بەڕای بێرگەر چەمکە ئایینییەکان لە ڕێی ڕستێک پرۆسەی تایبەتەوە کە، بەتەعبیری بێرگەر، بونیادی ئاراستەکارانە (البنیة التوجیهیة) دێننە کایەوە، ئیعتیباری خۆیان دەپارێزن و بەهێز دەکەن. ئەمانە هەمان ئەو پرۆسانەن کە بۆچوونە ئایینییەکان لەڕێی ئەوانەوە بەهێز دەبن، برەو دەسێنن و بەرگرییان لێ دەکرێت. ئەگەر ئەم بونیادە ئاراستەکارانەیە لاواز بێت یان لەناو بچێت، باڵادەستیی بیروباوەڕە ئایینییەکان لەسەر هزری مرۆڤ بەئاسانی لەکیس دەچێت. کەواتە ئایین ئەو هێزەیە کە مرۆڤ و کۆمەڵگا بەدونیای پیرۆزەوە گرێ دەدات و بەردەوام لەڕێی بەرهەمهێنانی مانادا ئاراستەی کۆمەڵگا دەکات، هەروەها کاریگەرترین توخمە کە بەدرێژایی مێژوو دژی حاڵەتی ئەنۆمی وەستاوەتەوە[٢٢].

ئەنتۆنی گیدێنز، کۆمەڵناسی ناوداری ئینگلیزی بەو شێوەیە پێناسەی ئایین دەکات: بریتییە لە کۆمەڵێک ڕەمز (symbols)، کە داوای هەستی ڕێزگرتن و ترس دەکەن و پەیوەندییان بەچەندین ڕێتواڵ و ڕێوڕەسمەوە هەیە کە لەلایەن کۆمەڵی دیندارانەوە ئەنجام دەدرێن[٢٣]. ڕیتواڵە ئایینییەکان جۆراوجۆرن: دوعاکردن، سروود خوێندنەوە، گۆرانی وتن، خواردنی جۆرەها خۆراکی دیاریکراو-یان خۆپاراستن لە خواردنی هەندێ خۆراکی دیارکراو-، ڕۆژووگرتن لە ڕۆژانی دیاریکراودا و هتد... لەبەر ئەوەی پیادەکردنی ئەم ڕیتواڵانە بەندن بەرەمزە ئایینییەکانەوە، بۆیە بەزۆری جیاوازن لە دابونەریت و شێوازەکانی ژیانی ڕۆژانە[٢٤].

ریتواڵە ئایینییەکان (الطقوس الدینیة) بەزۆری لەلایەن تاکەکەسانەوە لە خەڵوەتدا ئەنجام دەدرێن، بەڵام گشت ئایینەکان ڕێوڕەسم (الشعائر)یان هەیە کە بەشێوەی گروپە خەڵک لەلایەن ئیماندارانەوە ساز دەدرێن. ڕێوڕەسمەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و لە شوێنی تایبەتدا (کلێسا، مزگەوت و هتد...) ئەنجام دەدرێن[٢٥]. وەک دیارە گیدێنز دوو شێوەی پیادەکردنی کردەی ئایینی لە یەک جیا دەکاتەوە: کردەیەکی تاکەکەسی کە ڕیتواڵی ئایینییە و تاکەکەس بەزۆری لە خەڵوەتدا ئەنجامی دەدات. هەروەها ڕێوڕەسمی

---

(٢٠) همیلتون، ه. س.، ل٢٧٤-٢٧٥.

(٢١) س. پ.، ل٢٨١.

(٢٢) همیلتون، ه.س.پ.، ل٢٨١-٢٨٢.

(٢٣) آنتوني گیدنز، ه. س. پ.، ل٤٨٥-٤٨٦.

(٢٤) س. پ.، ل٤٨٦.

(٢٥) س. پ.، هەمان لاپەڕە.



ئایینی وەکو نوێژ و ڕۆژووگرتن و هتد... کە زۆرجار بەکۆمەڵ ئەنجام دەدرێن.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسە و بۆچوونانەی لەمەڕ ئایین هێنامانەوە، دەتوانین پێناسەی ئایین بکەین بەوەی کە بریتییە لە سیستەمێکی بیروباوەڕ و تێڕوانین کە ڕەفتاری ئەندامانی کۆمەڵگا هەڵدەسووڕێنێ و ئاراستەیان دەکات، هەروەها هەوڵ دەدات پێداویستییە مەعنەوییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا دابین بکات، ئەم سیستەمەش پشت بەهێزێکی بەدەرئاسای نادیار یان زۆرجار تەفسیرنەکراو دەبەستێ. ئەم پێناسەیە بەسەر زۆرێک لە ئایینەکاندا دەچەسپێت. بەڵام ئەوەی بەدیاریکراوتر دەتوانین دەربارەی ئیسلام و چەند ئایینێکی تر بیلێین ئەوەیە کە ئەمانە وەک چەمکێکی کولتووری ناسنامەی ئەندامانی کۆمەڵگا دەستنیشان دەکەن، بەشێوەیەک کە هەستێکی تایبەتییان لە ڕووی پەیوەندییەکان و ڕەفتار و بیرکردنەوەوە پێ دەبەخشن(*).

## باسی دووەم: نەتەوە و ناسیۆنالیزم

پێویستە لێرەدا چەمکی کلیلی دووەمی باسەکەمان لەبەر ڕۆشنایی بۆچوون و تیۆری جیاجیاوە پێناسە بکەین، ئەویش بەهەمان ڕێوشوێنی چەمکی ئایین. دیاردەی ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی ئاڵۆزە، لەوانەیە هەر لەبەر ئەمەش کەم بن ئەوانەی لەم بوارەدا کاری تیۆری و مەیدانییان ئەنجام دابێ. لەو بارەوە فرید هالیدای (Fred Halliday) نووسەری ئێرلەندی لە کتێبی "**نەتەوە و ئایین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**" دەڵێ: «ناسیۆنالیزم بیرمەندی دامەزرێنەری خۆی نییە، بەڵام کۆمەڵێک بیروباوەڕی سەرەکی کە پەیوەندییان بەناسیۆنالیزمەوە هەیە، لە مێژوودا کۆمەڵێک بزاڤی دیموکراتخواز و جەماوەرییان لە ئەورووپا لە کۆتاییەکانی سەدەی (١٨) و سەرەتاکانی سەدەی (١٩) هێناوەتە ئاراوە»[٢٦]. هەروەها وەک مەریوان وریا قانیع دەڵێ ناسیۆنالیزم یەکێکە لەو «ئیزم»انەی کە ڕۆشنبیر یان تیۆروان (منظر)ی خۆی نییە. گشت قوتابخانە فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وەک لیبڕالیزم، سۆسیالیزم، کۆمۆنیزم، فاشیزم فەیلەسوف و تیۆروانی تایبەت و ناسراوی خۆیان هەیە، بەڵام ناسیۆنالیزم تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، وەک دیاردەیەکی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی نەبۆتە بابەتی تێڕامان و لێ وردبوونەوە[٢٧]. بۆ ناساندنی ناسیۆنالیزم پێویستە سەرەتا لە نەتەوەوە، کە سەرچاوەی وشەی ناسیۆنالیزمە، دەست پێ بکەین.

---

(*) ئایینی ئیسلام ئەوە دەسەپێنێت لە موسڵمان بەرامبەر بە هاوئایینەکانی پەیوەندییەکی مەعنەوی و ڕۆحی هەبێ، واتە: دەیانخاتە بەرەی خۆیەوە و وێنەی ئەوانی تریش لەسەر بنەمای غەیرە موسڵمان بوون دادەڕێژێ.

(٢٦) فرید هالیداي، الأمة والدین في الشرق الأوسط، ترجمة: عبدالإله النعیمي، دار الساقي، بیروت، الطبعة الأولي ٢٠٠٠، ص٣٢.

(٢٧) مەریوان وریا قانیع، ناسیۆنالیزمی دوورمەودا؛ کورد لە دەرەوەی کوردستاندا "دۆخی هولەندا"، گۆڤاری ڕەهەند (تیۆر، کەلتوور، ڕاڤەکردن)، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی بڵاوی دەکاتەوە، ژ:٩-١٠، ساڵی ٢٠٠٠، ل٦٨.

### ١- نەتەوە چییە؟

نەتەوە (Nation) لە ڕووی زمانەوانییەوە لە وشەی (nasci)ی لاتینی بەمانای لەدایکبوون و (natio) (بەمانای پەیوەندیی دوولایەنە لەڕووی لەدایکبوون و زێدەوە) وەرگیراوە. هاوچاوگەکانی لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی زێد (natal) و سروشتێ (nature) کە ناڕاستەوخۆ لە گوتاری ناسیۆنالیستیدا بەکاردەهێنرێن. کەواتە (natio) بەمانای سەرەتایی وشەکە ئەو خەڵکانە دەگرێتەوە کە لەیەک شوێن و زێددا لەدایک بوونە(٢٨). تا پێش سەدەی حەڤدە وشەی (Nation) بەو مانایە بەکارنەدەهات کە ئێستا بەشێوەیەکی کلاسیک پەسندکراوە: «دانیشتووانی ولاتێکی دیاریکراو یان گەل»(٢٩) بەم پێیە توخمی لەدایکبوون و زێد (خاک و شوێنی لە دایکبوون) دوو توخمی سەرەتایین لە ناسین و ناساندنی نەتەوەدا، بەڵام هەر بەو سادەییییە نابێ نەتەوە لەم مانا زمانەوانییەیدا کورت بکەینەوە. ئەم پێناسەیەی نەتەوە ناڕاستەوخۆ بەسەر زۆربەی کۆمەڵ و گروپەکانی کۆمەڵگادا دەچەسپێت.

مێژووناسی فەرەنسی، ئێرنست ڕێنان (Ernest Renan – ١٨٩٢-١٨٢٣)، یەکێک بووە لەو کەسانەی لە سەدەی نۆزدەدا قسەی لەسەر نەتەوە و بزاڤی نەتەوەیی کردووە. ئەو لە ساڵی ١٨٨٢ لە وتارە ناودارەکەیدا بەناوی نەتەوە چییە؟ کە لە زانکۆی سۆربۆندا پێشکەشی کرد وتی: نەتەوە ڕۆحە، پرەنسیپێکی ڕۆحی و مەعنەوییە. دوو شتیش کە لەڕاستیدا هەردووکیان یەکن، ئەم پرەنسیپە ڕۆحی و مەعنەوییە پێک دەهێنن. یەکەمیان سامانی یادەوەرییە (الذاكرة) دەوڵەمەندە بۆماوەکانە، ئەوی دیکەیان ڕەزامەندییەکانی ئێستایە؛ ویستی بەیەکەوەژیان و بەرزڕاگرتنی ئەو میراتەیە کە بەشێوەیەکی دابەشنەکراو بۆ مرۆڤ ماوەتەوە... بوونی نەتەوە یەکسانە بەهاوبەندییەکی گەورە. واتە بوونی نەتەوە پێویستی بەجۆرە ڕابردوویەک هەیە، بەڵام هەنووکەش بەهۆی واقیعێکی هەستپێکراوەوە نوێ دەبێتەوە: واقیعی قبوولکردن و پێڕازیبوون کە سیما بەرچاوەکەی، ئاواتی درێژەدانە بەژیانی هاوبەش(٣٠). یادەوەریی هاوبەش (الذاكرة المشتركة) حاڵەتێکی سایکۆلۆژی بەرهەم دێنێت کە ئەندامانی کۆمەڵ هەست دەکەن خاوەن تراژیدیا و پەژارە و شکۆدارییەکی هاوبەشن. بۆیە بەردەوام ئەم تراژیدیا و پەژارە و شکۆدارییە هاوبەشانە لە یادەوەریی تاکەکەسانی نەتەوەدا بیردەخرێنەوە و خۆراک بەبیری نەتەوەیی دەدەن. لە هەمان کاتدا، ئەمە پێویستی بەوەیە تاکەکەسانی نەتەوە کۆمەڵێک شت کە زیان بەبوون و

(٢٨) اندرو وينسنت، ايدئولوژي هاي مدرن سياسي، ت: مرتضى ثاقب فر، انتشارات ققنوس، چاپ اول ١٣٧٣، ص٣٣١.

(٢٩) د. عزمي بشارة، المجتمع المدني: دراسة نقدية (مع إشارة للمجتمع العربي)، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الأولى، بيروت ١٩٩٨، ص٣٥٧.

(٣٠) ئێرنست ڕێنان، نەتەوە چییە؟ وەرگێڕانی: موسڵح ئیروانی، گۆڤاری یەکبوون، ژمارە: ١٨، هەولێر – تەممووزی ٢٠٠١، ل٤١. هەروەها وەرگێڕانێکی دیکەی ئەو وتارە لە دەقە ئینگلیزییەکەوە لە گۆڤاری ڕەهەند (ژمارە ١٢-١٣)ی ساڵی ٢٠٠١، بەوەرگێڕانی حەسەنی قازی، ل١٨٣-١٩٨دا بڵاوکراوەتەوە.



یەکبوونی نەتەوە دەگەیەنن لەبیر خۆیان بەرنەوە. یادەوەریی نەتەوەیی دەبێ بەردەوام زیندوو بکرێتەوە، بەڵام ئەو ڕووداوانەش دەبێ لە یادەوەریدا نەمێنن کە تەعبیر لە پارچە پارچەیی نەتەوە دەکەن. بەبڕوای ڕێنان نەتەوە «ڕاپرسییەکی ڕۆژانەیە (a daily plebiscite)، وەک چۆن بوونی تاکەکەس بریتییە لە داکۆکیی کردنی هەتا هەتایی لەسەر ژیان...»(٣١). واتە تاکەکەس لە هەر ڕۆژێکدا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر نەتەوە دیار دەکات. بەپێی ئەمە، مرۆڤ بەبێ دەروەستەیی خوێنی و ئێتنی دەتوانێت ئینتیمای خۆی دیار بکات یان بگۆڕێت.

لەلایەکی دیکەوە، میرۆسلاڤ هرۆک (Miroslav Hroch) لە وتاری «**لە بزاڤی نەتەوەییەوە تا نەتەوەیەکی تەواو**»دا دەڵێ: نەتەوە «بریتییە لە گروپێکی کۆمەڵایەتیی گەورە کە نەک لە ڕێی پەیوەندییەکی بەرچاوەوە، بەڵکو لە ڕێی تێکەڵێک لە چەندین جۆر پەیوەندیی واقیعی (ئابووری، سیاسی، زمانەوانی، کولتووری، ئایینی، جوگرافیایی، مێژوویی) و ڕەنگدانەوەی خودییانەی ئەم پەیوەندییانە لە هوشیاریی دەستەجەمعیدا، دامەزرابێت»(٣٢). بەڵام دەشێ ئەم پەیوەندییانە شوێنی یەکتر بگرنەوە، لە هەمان کاتیشدا مەرج نییە گشتیان بەهەمان هێزەوە لە گشت واقیعێکی دروستبوونی نەتەوەدا ئامادەبن. لە واقیعێکی دیاریکراودا دەشێ هەندێکیان ڕۆڵێکی کاریگەرتر بگێڕن و ڕۆڵی هەندێکی دیکەشیان لاوەکی بێت. دواجار هرۆک دەڵێت:

> بەشێوەیەکی گشتی سێ هۆکاری گرنگ و پێویست هەن کە مەرجی دروستبوونی نەتەوەن: (١) «یادەوەری»ی ڕابردووی هاوبەش کە وەکو «چارەنووسێک» یان لانی کەم وەک ناوەرۆکێکی پێکهێنەری ئەو گروپە لەقەڵەم دەدرێت؛ (٢) بوونی پەیوەندیی زمانی یان کولتووریی لێک نزیک کە پەیوەندی گەلێکی کۆمەڵایەتیی قووڵتر لەناو گروپدا دێنێتەکایەوە؛ (٣) چەمکی یەکسانیی گشت ئەندامانی گروپ کە بەشێوەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی (civil society) ڕێکخراون(٣٣)Æ

باسکردن لە ئابووریی هاوبەش، سیاسەتی هاوبەش، زمانی هاوبەش، کولتووری هاوبەش، جوگرافیا و مێژووی هاوبەش بۆچوونی ستالین بۆ نەتەوەمان بیر دەخاتەوە. ستالین پێی وایە نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵە کەسێک کە زمانی هاوبەش و ئابووری هاوبەش و خاکی هاوبەش و مێژووی هاوبەش و سایکۆلۆژیای هاوبەش- کە لە کولتووری هاوبەشدا بەرجەستە دەبێت -یان هەیە(٣٤). ئەم

(31) Online: http://WWW.netionalismproject.org/articles.html<26/10/2001>

(٣٢) میرۆسلاو هروک، از جنبش ملی تا یک ملت کامل؛ فرآیند شکل گیری ملت ها در اروپا، برگردان: دکتر سیاوش مریدی، ماهنامه اطلاعات سیاسی – اقتصادی، ش:١٠٩-١١٠، سال یازدهم، مهر وآبان ١٣٧٥، ص٤٥.

(٣٣) میرۆسلاو هروک، هـ. س. هەمان لاپەڕە.

(٣٤) د. عزمي بشارة، المصدر نفسه، ص٢٦١.

پێناسەیە سەر بەو کۆمەڵە پێناسانەیە کە بەپێناسەی بابەتییانە (objective definitions) وەسف دەکرێن و ئێریک هۆبزباوم ڕەخنەی توندیان ئاراستە دەکات. بەبڕوای هۆبزباوم زمان و کولتوور و جوگرافیا بەتەنیا بەس نین بۆ سەرهەڵدانی نەتەوە، بەڵکو هۆکاری تر هەن کە کاریگەرییەکی تەواویان هەیە لە گۆڕینی کۆمەڵە کەسانێک لە خێڵ و ئێتنییەتەوە بۆ هاووڵاتیانی دەوڵەت و دامەزراوە. ئەم هۆکارانەش لە ئابووری و سیاسەت و شەڕەوە دەست پێ دەکەن کە دەشێ ناوی بنێین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نەتەوایەتی. (Nationality) هۆبزباوم زۆر ڕاشکاوانە بانگەشەی ئەوە دەکات کە نەتەوە تەنیا بەندە بەسەردەمێکی دیاریکراو و نوێی مێژووییەوە، کە لە ڕووی سیاسییەوە بەسەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی (state - nation) ناو دەبرێت. ئەم حاڵەتەش تەنیا لە سەردەمی نوێدا بەدی کراوە[٣٥]. لەبەر ئەم بۆچوونەیە کە هۆبزباوم بەلایەنگری قوتابخانەی نوێگەرەکان لە ناسیۆنالیزمدا لە قەڵەم دەدرێت.

ئێرنست گیلنەر (Ernest Gellner) یەکێکە لەو بیرمەندە تازانەی کە لە بواری نەتەوە و ناسیۆنالیزمدا بەلایەنگری تیۆری نوێگەرییانەی نەتەوە لە قەڵەم دەدرێن. ئەو لە کتێبەکەیدا بەناوی **نەتەوە و ناسیۆنالیزم** (Nations and Nationalism، ١٩٨٣) دەڵێ: «نەتەوە بریتییە لە چەند گروپێک کە ویستی (الإرادة) ئەوەیان هەیە وەک یەک گروپ هەبن»[٣٦]، بەمەرجی ئەوەی قەبارەی گروپ گەورە بێت و خاوەن کولتوورێکی هاوبەش بن. گیلنەر پێی وایە دوو فاکتەری بەهێز هەن بۆ بنیاتنانی تیۆری ئینتیمای نەتەوەیی، ئەویش بریتین لە: ویست (ئیرادە) و کولتوور. بەڵام ئەم دوو فاکتەرە گرنگ و کاریگەرە بەتەنیا بەس نین. بەڕای ئێمە، ڕاستە ئینتیما پەیوەندییەکی خۆویستانەیە، بەڵام پێویستە ڕەوش و بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیی گشتی بێتە کایەوە کە کولتوورێکی یەکگرتوو و تایبەت بخولقێنێ کە گشت ئەندامانی کۆمەڵگا بگرێتەوە نەک هەر کەمینەی سەربژاردەکەیان و ئەمەش وا دەکات خەڵک یان گەل بەخواستی خۆیان لە چوارچێوەی یەکەیەکی (unit) سیاسیی دیاریکراودا کۆ ببنەوە. بەبڕوای گیلنەر نەتەوە بەهۆی ئەو دوو فاکتەرەوە، واتە گریمانەی «ویست» و کولتووری هاوبەش، دێتەکایەوە. هەر بۆیە، داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە «ناسیۆنالیزم بەرهەمهێنەری نەتەوەیە، نەک بەپێچەوانەوە»[٣٧]. بەم پێیە ناسیۆنالیزم پێش مەرجی بوونی نەتەوەیە و هەر ئەویش کولتوورێکی یەکگرتوو و بەیەکەوە بەستراو بەرهەم دێنێت و دواجار کۆمەڵە خەڵکێک بەهەستێکی دیاریکراوەوە لە دەوری یەکتر کۆدەکاتەوە.

---

(٣٥) اريك هوبسباوم، الامم والنزعة القومية، المترجم: عدنان حسن، دار المدى للثقافة والنشر، سوريا ١٩٩٩، ص٥٨.

(٣٦) يرنست جيلنر، ماهي الامة، في كتاب القومية مرض العصر ام خلاصة؟، اعداد فالح عبدالجبار، دار الساقي، الطبعة الاولى، ١٩٩٥، ص٣٥.
هەرچەندە گیلنەر پێی وایە ناتوانین پێناسەی نەتەوە بکەین تەنیا بەلەبەرچاوگرتنی چەند مەرجێک و بەزمانی سەردەمی نەتەوەوە نەبێ، نەک بەپێچەوانەوە. – جیلنر، ه. س. پ.، ل٣٧.

(٣٧) جیلنر، ه. س. پ.، ل٣٧.



بێندێکت ئەندرسۆن (Bendect Anderson) لە کتێبە بەنرخەکەی بەناوی **کۆمەڵە خەیاڵکراوەکان** (Imagined Communities) بەوە پێناسەی نەتەوە دەکات کە «کۆمەڵگایەکی سیاسیی خەیاڵکراوە (المجتمع السياسي المتخيل)، هەروەها لەو ڕووەشەوە خەیاڵکراوە کە پرەنسیپەکانی دیاریکراون و خاوەن سەروەرییە»[٣٨]. ئەگەر چی سەرەتای باسکردنی یادەوەری وەک هێزێکی مەعنەوی و کولتووریی نەتەوە بۆ ڕێنان دەگەڕێتەوە، بەڵام وەک دیارە تۆژەران و بیرمەندانی دیکەی وەک ئەندرسۆن و ئەنتۆنی سمیسیش دەستبەرداری ئەم چەمک و لێکدانەوانە نەبووین.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی نەتەوە بکەین کە بریتییە لە کۆمەڵە کەسانێکی قەبارە گەورە و خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی بابەتییانە (کولتوور و زمان و خاک و مێژوو) و خوودییانەن (هەست و هوشیارییەکی هاوبەش بەوەی لەم هۆکارانەدا هاوبەشن)، کە لە خەڵکانی دیکە جیایان دەکاتەوە و ئەمەش سێبەرێکی سیاسیی تایبەت بەخۆیان پێ ڕەوا دەبینێت.

## ٢- ناسیۆنالیزم چییە؟

دەتوانین زاراوەی «ناسیۆنالیزم» لانی کەم بە پێنج مانای جیاواز پێناسە بکەین:

١- جۆرە هەستێکی ئینتیما بۆ نەتەوەیەکی تایبەت (واتە بەشێکی نیشتیمانپەروەری – Patriotism).

٢- لە ڕووی سیاسەتەوە، خواستی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆ بەتەنیا، بەتایبەت لەو کاتانەدا کە ململانێ لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەکانی تر لە ئارادا بێت.

٣- بایەخدان بەشێوەیەکی سەرەکی بەسیفەتە تایبەتییەکانی هەر نەتەوەیەک.

٤- پابەندبوون بەپاراستنی کولتووری نەتەوەیی.

٥- بڕوابوون بەو تیۆرە لە سیاسەت و ئەنترۆپۆلۆژیادا کە مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی خۆڕسک بەسەر چەندین نەتەوە دابەش بووە و هەندێ پێوەری دیاریکراو بۆ دەستنیشانکردنی هەر نەتەوەیەک و تاکەکانی هەن، هەر نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبێت و دەوڵەتەکان تەنیا بەو مەرجە شەرعییەتیان هەیە کە بەگوێرەی ئەم پرەنسیپە دامەزرابن، دواجار جیهان لە ڕووی سیاسییەوە تەنیا بەو مەرجە ڕێکخستنێکی ڕاست و دروستی دەبێت کە هەر نەتەوەیەک دەوڵەتێکی خۆی هەبێت و هەر دەوڵەتێکیش تەنیا لە یەک نەتەوە پێکهاتبێ[٣٩]. ئەمە لەگەڵ بۆچوونی گیلنەردا یەک دەگرێتەوە. ناوبراو بەو شێوەیە پێناسەی ناسیۆنالیزم دەکات و دەڵێت: «ناسیۆنالیزم پرەنسیپێکی سیاسییە کە پێی وایە یەکێتییەکی سیاسی و نەتەوەیی دەبێ بەیەکەوە بگونجێن»[٤٠].

---

(٣٨) بندكت اندرسن، الجماعات المتخيلة، ت: محمد الشرقاوي، المجلس الاعلى للثقافة، سوريا ١٩٩٩، ص١٤.

(٣٩) ستائلی بێن، ناسیۆنالیزم، و: موسلح ئیروانی، لەم ماڵپەڕەی خوارەوە بڵاوکراوەتەوە:
Online: http://www.ruanin.net\nationalism.<20/3/2002>

(40) Ernest Gellner. Nations and Nationalism, Oxfrod: Blakwell, 1983 (pp.1).

واتە یەکێتیی سیاسی لەسەر بنەمای یەکێتییەکی نەتەوەیی دامەزرابێ و ئەوانەی لەناو یەک چوارچێوەی سیاسیدا دەژین دەبێ بوونی نەتەوەیەک کۆیان بکاتەوە.

هەروەها "کۆهن" (Kohn) لە کتێبی **بیرۆکەی ناسیۆنالیزم** (Idea of Nationalism)دا دەڵێ «ناسیۆنالیزم حاڵەتێکی خوودییە لە نێوان زۆرینەی خەڵکدا برەو دەسێنێت و بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە نێوان گشت ئەندامانی کۆمەڵگادا بوونی هەیە؛ [تیایدا] دەوڵەتی نەتەوەیی بەشێوە ڕێکخستنێکی سیاسیی نموونەیی لە قەڵەم دەدرێ و نەتەوایەتی (nationality) بەسەرچاوەی گشت هێز و وزەیەکی کولتووریی داهێنەر و خۆشگوزەرانیی ئابووری دادەنێت»(٤١). لەوانەیە پێناسەکەی سنیدەریش کەمێک ڕۆشنکەرەوە بێت کە دەڵێ «ناسیۆنالیزم... حاڵەتێکی خوودی و هەستیاریی گروپێکە کە لە سنوورێکی جوگرافیی دیاریکراودا دەژین، بەزمانێکی هاوبەش دەدوێن، خاوەن ئەدەبیاتێکن کە تەعبیر لە خواست و ئارەزووەکانی نەتەوە دەکات، پابەندی نەریتێکی هاوبەشن، خاوەن پاڵەوانانی نەریتیی هاوبەش و لە هەندێ حاڵەتدا ئایینی هاوبەشن»(٤٢).

وەک چۆن سەختە بتوانین پێناسەیەکی گشتی و سەرتاپاگیر بۆ ئایین بکەین، ئاواش ناتوانین نموونەیەکی گشتیی ناسیۆنالیزم دەستنیشان بکەین. ئێمە لەبەردەم چەندین فۆرم و پۆلێنکردنی جیاواز و پێکناکۆکی ناسیۆنالیزم داین. ناسیۆنالیزم وەک ئایدیۆلۆژیا لە ڕەفتاری لایەنگرانی ناسیۆنالیزمی ئێتنیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەم جۆرەی ناسیۆنالیزم کەڵک لە هەستی نەتەوەیی و ناسنامەی ئێتنی وەردەگرێت بۆ ئەوەی لە مەیدانی چالاکییە سیاسییەکاندا خۆی بسەلمێنێت. بەڵام، ناسیۆنالیزم وەک پرەنسیپێکی سیاسی دەشێ لەگەڵ ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکانی دیکەدا سنووری هەبێت. ئەوەی ناسیۆنالیزم لە گشت ئایدیۆلۆژییەکانی دی جیادەکاتەوە، ئەو پەیوەندی و نزیککەوتنەوەیە کە لەگەڵ ئایدیۆلۆژییەکانی دیکەدا هەیەتی. لە مێژووی سیاسی و فیکریدا چەندین جۆر ناسیۆنالیزم هەیە؛ ناسیۆنالیزمی لیبرال (بۆ نموونە ئینگلتەرا و فەڕەنسا)، ناسیۆنالیزمی تۆتالیتەر (کە لە ناسیۆنالیزمی فاشیستی و ناسیۆنال سۆسیالیزمەوە نزیکە)، ناسیۆنالیزمی پارێزگارانەی تەقلیدی، تا دەگاتە ناسیۆنالیزمی ئەنارشیستی(٤٣). خاڵی نیمچە هاوبەشی نێوان گشت ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمانە ڕۆمانتیک (سۆزاوی)بوونە، چونکە ناسیۆنالیزم، هەستکردن و ئینتیمایە بۆ کۆمەڵە خەڵکێک کە نەتەوەیان پێدەڵێن و زۆرجار دەشێ ئەم هەستە نەتەوەییە ڕوویەکی ناعەقڵانیی هەبێت. تەنانەت هەندێ جار دەشێ ناسیۆنالیزم و فاشیزم لە هەندێ خاڵدا لێک نزیک و وێک بچن-بێگومان مەبەست نموونەیەکی ناسیۆنالیزمە نەک هەمووی.

بەڵام ئایا، بەگوێرەی پۆلێنەکەی ڤێنسنت، ناسیۆنالیزمی کوردی لە چ جۆرێکیانە؟ بەڕای ئێمە

(٤١) وینسنت، ه. س. پ.، ل٤٣٧.

(٤٢) س.پ.، هەمان لاپەڕە.

(٤٣) س. پ.، ل٣٣٣-٣٣٥.



ناسیۆنالیزمی کوردی ناسیۆنالیزمێکی ڕزگاریخوازانەیە، چونکە داواکاریی نەتەوەیی دوورمەودا و ڕیشەیی ئەم ناسیۆنالیزمە بریتییە لە ڕزگاری و سەربەخۆیی، تەنانەت ئەگەر بەڕەسمیش لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە بەرز نەکرابێتەوە. ئەم قسەیەش لەسەر ئەو بناغەیە ماناداره کە دەبێ بۆ مەسەلەی ناسیۆنالیزم پرسیار لە هەر نەتەوەیەک بکەین، کە چۆن و بە چ بەڵگە و هۆیەک خۆیان لە ئەوانی دی جیادەکەنەوە.

وەک ئەنجامگیرییەکی ئەم بۆچوون و پێناسانە دەتوانین بڵێین ناسیۆنالیزم بریتییە لە هوشیاریی ئەندامانی نەتەوە بەوەی کە خاوەنی تایبەتمەندییەکی بابەتی و خودیی نەتەوەیین و ئەمەش هەستی بەرزڕاگرتنی کولتوور و زمان و مێژووی نەتەوە دروست دەکات. ناسیۆنالیزم هوشیاری و هەڵوێستێکی تایبەتە بەرامبەر بەزمان و کولتوور و ئیرادە و مێژووی نەتەوە، هوشیاری و هەڵوێستێکی شکۆدارانە.

## بەشی دووەم: دەروازەیەکی تیۆری - میتۆدۆلۆژی بۆ سۆسیۆلۆژیای ئایین

سۆسیۆلۆژیای ئایین بوارێکی گرنگی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکانی کوردستاندا ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین کاری لەسەر نەکراوە. بێگومان ئەم لقە زانستییە چەندین میتۆد و تیۆر و بواری لێکۆڵینەوە دەگرێتەخۆ، کە لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین تاووتوێ و شییان بکەینەوە. لە سەرتاپاگیرترین پێناسەدا سۆسیۆلۆژیای ئایین بریتییە لە «ئەو بوارەی کە لە پەیوەندیی دوو لایەنەی نێوان ئایین و کۆمەڵگا و فۆرمەکانی کارلێککردنی نێوانیان دەکۆڵێتەوە»(١). بەدەستەواژەیەکی تر، سۆسیۆلۆژیای ئایین لە توخمە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ئایین دەکۆڵێتەوە. ئەم لقە زانستییە بایەخ بەتۆژینەوەی پەیوەندیی ئایین بە بنەما و بونیاد و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان دەدات.

لەم بەشەدا باسی سەرەتای مامەڵەکردنی زانستییانە بۆ ئایین کراوە و ئەو چوارچێوە تیۆری - میتۆدۆلۆژییە پێشنیازکراوە کە پێویستە لە تۆژینەوەیەکی کۆمەڵناسانەی وەک ئەوەی تۆژەر ئەنجامی داوە، ڕەچاو بکرێت. هەروەها ڕوانگەی کۆمەڵناسانە بۆ ئایین و ئەو بنەما میتۆدۆلۆژیانەی کە لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای ئاییندا بایەخی پێدەدرێ، باس کراوە و جیاوازیی لەگەڵ ڕوانگەی تیۆلۆژی و فەلسەفی ڕوون کراوەتەوە. هەروەها وەک کارێکی سەرەتایی بەپێویستمان زانیوە ئاماژە بەهەندێ بوار و بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای ئایین بکەین.

مرۆڤ توانای بڕواهێنانی بێ سنووری هەیە. هەر ئەو توانا و جۆراوجۆری و تامەزرۆییە سەرسوڕهێنەرەی بیروباوەڕ و کردارەکان لە کۆمەڵگا و مێژووی مرۆڤایەتیدا کە لە ئایینەوە سەرچاوە دەگرن سەرنجی زۆربەی نووسەر و بەتایبەت کۆمەڵناسان بۆ بابەتێکی وەکو ئایین ڕادەکێشن. بەڵام کۆمەڵناس لەجیاتی ئەوەی دووچاری سەرسامی بێت لە بەرامبەر ئەم جۆراوجۆریی بیروباوەڕانەدا پێویستە سەرنجی ئەو واقعە بدات کە ئەم بیروباوەڕ و کردارانە بۆچی بەرهەم دێن.(٢)

### باسی یەکەم: چوارچێوەیەکی تیۆری - میتۆدۆلۆژی

کۆمەڵگا و مێژووی مرۆڤایەتی، چەند سەدەیەکە ژانی لە دایکبوونی قۆناغێکی تاقیکردۆتەوە کە بەچەند سیمایەکی وەکو «مۆدێرنیتە»، «لە ئەفسانە داماڵین»، «دونیەویبوون»، «ڕۆشنگەری» (Enlightenment)، «عەقڵبڕوایی» (Rationalism) و «زانستبڕوایی» (Scientism) دەناسرێت. ئەوانە هەڕەشەیەکی گەورەیان دروست کردبوو بۆ سەر هەریەک لە نەریت، سیستەمی کۆمەڵایەتی

(١) حيدر ابراهيم علي، الأسس الاجتماعية للظاهرة الدينية: ملاحظات في عالم اجتماع الديني، في كتاب «الدين في المجتمع العربي»، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الثانية، بيروت ٢٠٠٠، ص٣٨.
(٢) ملكلم هميلتون، جامعه شناسى دين، ت: محسن ثلاثى، انتشارات تبيان، چاپ اول، ١٣٧٧، ص١.



ئابووریی دەرەبەگایەتی، کولتووری چەسپیو و لەناویشیاندا ئایین، سیستەمی سیاسیی پاشایەتیی ڕەها و... هتد. چەمکەکانی دەستەی یەکەم بەشێوەیەک یەکیان گرتبوو و بەشێوەیەک مانۆڕیان ئەنجام دەدا کە ترسی دەخستە ناو دڵی هەریەک لە گروپە چەمکی دووەمەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی وشەی نوێدا، هەرچی پەیوەندی بە«کۆن»ەوە هەبوو خرایە ژێر پرسیارەوە. چ ڕۆشنگەری و چ عەقڵانییەت هەوڵی سەرەکی و سەرەتاییان دانانی زانست بوو لە جێی «میتافیزیکا»، تەکنەلۆژیا بوو لە جێی «ئایین». کۆمەڵگای نوێ ئەو کۆمەڵگایە بوو کە پێش هەموو شتێک هەوڵی دەدا بەگوێرەی عەقڵ خۆی ڕێک بخات. لەولاشەوە مۆدێرنیتە و عەقڵانیەت دوو چەمکی تەواوکەری یەکتر و لەیەکتر جیانەکراوە بوون، چونکە خەمی سەرەکیی مۆدێرنیزم سەرکەوتنی عەقڵ بوو بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا. وەک ئالان تۆرین دەڵێت: فەلسەفەی ڕۆشنگەری بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە نە کۆمەڵگا و نە مێژوو و نە ژیانی تاکەکەسی لەژێر دەسەڵاتی ویستی بوونەوەرێکی باڵادا نییە کە پێویست بکات ملکەچی بین. تاکەکەس جگە لە یاساکانی سروشت ملکەچی هیچ هێزێکی دیکە نییە(٣).

دڵڕەقیی فەلسەفەی ڕۆشنگەری بەپلەی یەکەم دژی هێزە نێوانگیرە ئایینییەکان بوو کە لە دەزگایەکی ئایینی وەک کڵێسادا بەرجەستە دەبوو. ئەگەر لێرەدا نەشتوانین هەموو کون و کەلەبەرەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری بپشکنین، بەڵام سیمای هەرە سەرەکیی ئەو سەردەمەمان لا دیارە کە ڕەخنەگرتن و گومان کردن بوو لە ئایین. دەتوانین بڵێین خاڵی سەرەتایی ڕووبەڕووبوونەوەی زانستییانەی نوێ لەگەڵ ئایین لەم مامەڵە ڕەخنەییەوە دەست پێ دەکات، بەڵام وەک ئێرنست کاسێرەر دەڵێ: ئەم مامەڵەکردنەی سەردەمی ڕۆشنگەری لەگەڵ ئایین لە هەریەک لە بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیادا فۆرمی جیاوازی بەخۆوە گرتبوو، بەشێوەیەک، ئەوەی لە فەڕەنسادا ڕووی دا، لە بەریتانیا و ئەڵمانیا دووبارە نەبووەوە. ڤۆڵتێر لە نووسین و نامەکانیدا هەرگیز لە بەربەرەکانێکردنی دوژمنی کۆنی خۆی ماندوو نەدەبوو؛ ئەو هەمیشە دووبارەی دەکردەوە کە: با ئەم پەڵە شەرمەزارییە بسڕینەوە. ئەگەرچی ڤۆڵتێر ڕایگەیاند کە شەڕی ئەو لەگەڵ خورافاتە نەک ئیمان، لەگەڵ کلێسایە نەک ئایین، بەڵام نەوەی دوای ئەو کە ڤۆڵتێریان بەڕابەری مەعنەویی خۆیان دەزانی گوێیان بەم قسانەی نەدەدا و جیاوازییەکیان لەو نێوانەدا نەدەکرد(٤).

ناکۆکیی ڕۆشنبینان (بیرمەندانی سەردەمی ڕۆشنگەری) لەگەڵ ئایین لەبەر ئەوە بوو کە ئەزموونێکی تاڵیان لەگەڵیدا چەشتبوو و ئەو تێگەیشتنە کڵێساییەیان بۆ ئایین بەبەربەستی سەر ڕێی پێشکەوتنی عەقڵی مرۆڤ دەزانی. بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نەبوو کە ئیتر ئایین شتێکی وەلانراوی یەکجارەکی بووبێت، بەڵکو فەلسەفەی ئایین و تیۆلۆژیای ئەو سەردەمیش کەوتبوونە بەر شەپۆڵی ڕێنسانس و ڕۆشنگەرییەوە. ڕێنسانس داوای گۆڕانی ئایین یان نوێکردنەوەی ئایینی دەکرد. هەروەها بەدوای ئەو ئایینەدا دەگەڕا کە پشتگیری لەم دنیایە و عەقڵی مرۆڤ بکا و بەها و نرخێکی تایبەتییان پێ

(٣) الان تورين، نقد الحداثة، ت: أنور مغيث، دار الساقي، بيروت ٢٠٠٠، ص٣٢ .
(٤) ارنست كاسيرر، فلسفهء روشنگرى، ت: يدالله موقن، نشر مركز، تهران ١٣٧٠، ص٢١٣.

ببەخشێت[٥]. هەر لەو سەردەمەشدا بوو کە بزاڤی چاکسازیی ئایینی لەسەر دەستی کەسانی وەک مارتین لۆتەر سەری هەڵدا. بەواتایەکی دیکە، ئایینناسیی مرۆڤدۆستانە لەژێر کارتێکردنی بیری ڕۆشنگەری و ڕێنسانس کە بیرێکی مرۆڤدۆستانە بوو جێی بەئایینناسیی میتافیزیکی و سەپێنراو چۆڵ کرد کە میراتی سەدەکانی ناوەڕاست بوو. لەو بارەوە ئێرنست کاسێرەر (Ernst Cassirer) لە کتێبی **فەلسەفەی ڕۆشنگەری** دا زۆر فراوانتر باس لە مامەڵەی بیرمەندانی ڕۆشنگەری و چاکسازیی ئایینی لەگەڵ ئایین و ئیمانی ئایینی، تا دەگاتە فەلسەفەی ئایین و تیۆلۆژیا، دەکات.

فەلسەفەی ڕۆشنگەری بنەمایەکی، نەئایینی و نەسایکۆلۆژی، بەڵکو کۆمەڵایەتیی بەچاکە و خراپە دەبەخشی و کۆمەڵگای بەسەرچاوەی بەهاکان لە قەڵەم دەدا. بەگوێرەی ئەم پرەنسیپە هەر شتێک لەو ڕووەوە بەخراپ دەدرێتە قەڵەم کە سوودی بۆ کۆمەڵگا هەبێت. ئەمەش سەندنەوەی شەرعییەتی ئایینییە لە بەهاکان و بەخشینی شەرعییەتی کۆمەڵایەتییە پێیان. تەنانەت مرۆڤیش لە سەردەمی نوێدا بوونەوەرێکی دیکەیە. مرۆڤ چیتر تەنیا بوونەوەرێکی خواکرد نییە، بەڵکو بکەرێکی کۆمەڵایەتیشە و کۆمەڵە دەورێکی دیاریکراو دەگێڕێت.

ئەوەی تا ئێستا گوتمان، سەرەتایەک بوو بۆ خستنەڕووی پەیوەندی و کارلێکی نێوان مۆدێرنیتە و ئایین لە ڕۆژئاوادا. کۆمەڵناسیش- یان باشتر بڵێین سۆسیۆلۆژیای نوێ- وەک زانستێکی مرۆیی لەناو مۆدێرنیتەدا بوونی ڕاستەقینەی هەیە و لە ڕاستیدا لەدایکبووی ئەم قۆناغەیە. هەروەها سەرەتای مامەڵەکردنی زانستییانە - بەواتا نوێیەکەی - لەگەڵ ئایین هەر لەو سەردەمەدا بوو کە بەسەردەمی مۆدێرنیتە و ڕۆشنگەری دەناسرێت.

ئەم لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژییەی ئێمە تێڕامانێکی پسپۆڕییانە و دابەشکارانەی هەیە. تێڕامانی پسپۆڕییانەی کۆمەڵناسی بەواتای وەرگرتنی لایەنێکی دیاریکراوی دیاردەیەکی گەورە، یان وەرگرتنی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی چەمک و دیاردەیەکی گشتییە. لەم حاڵەتەدا هەوڵ دەدەین چوارچێوەیەکی پسپۆڕییانەی سۆسیۆلۆژی دیاری بکەین و کاری لەسەر بکەین، هەروەها دەمانەوێ سەرنجی بەشێکی ئایین بدەین نەک هەمووی. بۆیە لەو حاڵەتەدا، ناچارین ئایین وەک شتێکی پارچە پارچەبوو لەبەرچاو بگرین. بۆیە، کاتێک وشەی ئایین بەکاردێنین مەبەستمان چەمکە سۆسیۆلۆژییەکەیەتی.

باس و لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیی لەم جۆرە ئەو کاتە تەندروست دەبێت کە لە هەموو هەڵچوونێکی ئایدیۆلۆژی بەدوور بێت، چونکە هەڵچوون هەمیشە بەرژەوەندییەکی لە پشتەوەیە و زیاتر بۆنی ئایدیۆلۆژیای لێدێت؛ کەواتە ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت ئەوا سێبەرێکی ئایدیۆلۆژی بەسەر لێکۆڵینەوەدا دەکشێت و جگە لە بەرگریکردن لە پرەنسیپە ئایینییەکان یان بەرپەرچدانەوەی کوێرانەیان شتێکی دیکەی لێوە بەرهەم نایەت. لەهەر دوو حاڵەتی ناوبراودا، ئەوەی دەبێتە قوربانی خودی زانست و مەعریفەیە، تەنانەت پێش ئەوەی ئایین یاخود ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو ببێتە قوربانی. ئەگەر بمانەوێ کارێکی

(٥) کاسیرر، هـ. س. پ.، ل٢١٤.



زانستی و تیۆری ئەنجام بدەین دەبێ بەشێوەیەکی دیکە سەیری ئایین بکەین. بۆ ئەوەی بتوانین دەستنیشانی بواری کاری لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای ئایین بکەین پێویستە چاوێک بەناو بوار و ڕوانگەکانی لێکۆڵینەوە لەئاییندا بخشێنین. ئێمە وەک توێژەری کۆمەڵایەتی تا نەزانین بواری کارکردنی ئێمە لەناو ئاییندا کوێیە و تا نەزانین کە دەبێ ئایین وەک چ «شتێک» لەبەرچاو بگرین و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، ناتوانین خۆمان لە تەڵە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکان و تەنگژە میتۆدۆلۆژییەکان دەربازبکەین و بەگوتەی خۆمان کارێکی زانستی و مەعریفی ئەنجام بدەین.

ڕاستییەکی گومانهەڵنەگرە کە لەدرێژایی مێژوودا ئایین توخمێکی کاریگەرو جەوهەرێکی سەرەکیی کۆمەڵگاو دەزگاکانی بووە. لەڕووی مێژووییەوە لەوانەیە نەتوانین هیچ کۆمەڵگاو شارستانیەت و کولتوورێک بدۆزینەوە کە سیستەمێک لە سیستەمەکانی ئایین، یاخود شێوەیەک لە شێوەکانی خواپەرستی تێدا نەبێت. بێگومان لێرەدا ئایین لە بەرفراوانترین چەمک و پێناسەیدا وەردەگرین.

بەڵام ئێمە لەم باسەدا ئامانجمان دۆزینەوەی شەرعییەتێکی مێژوویی نییە بۆ ئایین و بوونی ئایین لە کۆمەڵگادا. نەک هەر ئەوە، تەنانەت نامانەوێ ئیش لەسەر میتۆدی مێژوویش (مێژوویی بەراوردکاری) بکەین، کە ئەمڕۆ زۆرێک لە توێژەرانی ئایین ئیشی تیادەکەن و لەڕێی بەراوردکردنی توخمە ئایینییەکانی ناو ئایینەکانی مێژوو، دەیانەوێ بگەنە چەند حوکم و ڕێسا و خاڵێکی هاوبەش، یان ناکۆک، لەنێوان ئەم ئایینە لێکۆڵدراوانەدا. ناشمانەوێ وەک میتۆدێکی فەلسەفیی ڕووتیش شتە کۆگیرە هاوبەشەکانی ناو ئایینەکان بدۆزینەوە و بگەینە ئەنجامێکی گشتی لەسەر گشت ئایینەکان. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کاری ئێمە سەیرکردنی ئایین و سیستەمی ئایینییە لە دەرەوەی ئایین خۆیەوە، قسەکردنی ئێمە لەسەر ئایینە بەڵام لەدەرەوەی ئایینەوە بۆ دەرکەوتەکەی.

## باسی دووەم: میتۆدۆلۆژیای سۆسیۆلۆژیای ئایین

پرەنسیپە میتۆدۆلۆژییەکانی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای ئایین بەگشتی - کە لەم لێکۆڵینەوەی ئێستاشدا پەیڕەویمان لێکردووە- لە چەند خاڵێکدا چڕدەکەینەوە.

١- زانست و ئایین دوو چەمکی لێک جیاوازن. بەڵام ئایین دەشێ لە بوارێکی وەکو کۆمەڵناسیدا ببێتە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانست. وەک پێشتر گوتمان زانست بەشێوەیەکی سەرەکی داکۆکی لە عەقڵ دەکات و پشتی پێدەبەستێت، بابەتی تێڕامانەکانیشی لە واقیعدا هەڵدەبژێرێت، واتە ئەو دیاردانەی کە بەرهەست و بەرچاون. بەڵام ئایین وەک بیروباوەڕ و ئیمان سنووری عەقڵ دەبەزێنێت و لەو دیو ئەوەوە لە دیاردەکان دەڕوانێت. ئایین ئیمانە و ئیمانیش ناتوانێت تەنیا پشت بەعەقڵ ببەستێت، بەڵکو لە سۆز و دەروونی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت و پەناگاشی بەپلەی یەکەم هەر ئەوێیە. ئەوەش بەمانای ئەوە نییە کە زانستپەروەر و کۆمەڵناس نابێ دیندار بێت. مرۆڤ لە ئاستی تاکەکەسیدا دەشێ بەقووڵی ئیماندار و خواناسێکی گەورە بێت، بەڵام لە ئاستی توێژەریدا دەبێ تا پێی دەکرێ

خۆی لەو ئیمانە سۆزدارییە دابماڵێت و بەمیکانیزمێکی دیکە کار بکات. هەروەها مەرجیش نییە ڕووبەڕووبوونەوەی زانستی مانای بێ باوەڕی بەئایین و پرەنسیپەکانی بگەیەنێت و کۆمەڵناسی ئایین کەسێکی دژەئایینی بێت. لە ئاستی زانستیدا بڕواداربوون و بێ بڕوایی لە دەرەوەی سۆسیۆلۆژیای ئایینەوەن. دیسان دەڵێین، ئەمە جیایە لەوەی کە تۆژەر دەکرێ دیندار بێت و بڕوای بەئایینێکی تایبەت هەبێت و پەیڕەوی ڕێوڕەسمەکانی بکات، ئەمە وەک تاکەکەس، بەڵام وەک تۆژەر دەبێ بەمیتۆدێکی زانستییانە مامەڵە لەگەڵ ئەو لایەنانەی ئایین بکات کە مەبەستییەتی لێی بکۆڵێتەوە. زانست دەتوانێت بەپشتبەستن بەعەقڵ خۆی لە قەرەی بابەتە واقعییەکان بدات، بەڵام ئیمان مەسەلەیەکە زیاتر لەوەی عەقڵ بدوێنێ سۆز و ڕۆح دەدوێنێت، بۆیە زانست لەو ئاستەدا دەستەوەستانە. لەبەر ئەوەی زانست و ئیمانیش دوو شتی لێک جیان، کۆمەڵناسی دەتوانێت خۆی لە قەرەی ئیمانیات نەدات. ئەم بێلایەنییە میتۆدۆلۆژییەی سۆسیۆلۆژیای ئایین، لەوانەیە هەستی زۆر کەس بورووژێنێ، بەڵام ئەمە کاری زانستە. هەر چەند ئێمەش بەشێوەیەکی ڕەها و یەقینی دڵنیانین کە دەتوانین بەم میتۆدە بێلایەنە و بابەتییانە بەبنەما و سەرچاوەی ئایین تۆژینەوە لەسەر ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ئایین بکەین. بەڵام دڵنیاین لەوەی کە باشترین میتۆد لەناو سۆسیۆلۆژیای ئاییندا ئەم میتۆدە نازانمگەری (Agnosticism)یە(*) کە دەتوانێ ئەم کارە زانستییە ئەنجام بدات. سۆسیۆلۆژیای ئایین زانستێکی نەدژە ئایینییە و نەئایینییە، بەڵکو زانستێکی نائایینییە. ئەگەر سۆسیۆلۆژیای ئایین دژی ئایین یاخود بۆ ئایین کاربکات، ئیتر کۆمەڵناسییەکی ئایدیۆلۆژییانەیە نەک زانستی.

٢- زانستی نوێ بەحوکمی ئەوەی بەرهەمی مۆدێرنیتەیە، مەسەلەیەکی دونیەوییە (Secularistic)، بۆیە تێڕوانینی کۆمەڵناسیشمان بۆ ئایین دونیەوییانەیە. تۆژەر لەو حاڵەتەدا لە دەرەوەی مەسەلە میتافیزیکییەکانەوە دەڕوانێتە ئایین. بەرگریکردنی کۆمەڵناسی لە ئایین، ئەگەر هەبێ، لەبەر ئەوە نییە کە شتێکی پیرۆزە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئەرک و فەرمانی ئیجابی لە کۆمەڵگادا دەگێڕێت.

٣- ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیای ئایین جیاوازە لە ڕوانگەی تیۆلۆژیا و فەلسەفەی ئایین. فەلسەفەی ئایین خۆی لە قەرەی ئەو پرسیارانە دەدات کە پەیوەندیان بەجەوهەری ئایینەوە هەیە. بۆ نموونە «ئایین چییە؟» یەکێکە لە پرسیارە سەرەکییەکانی فەلسەفەی ئایین. لەو حاڵەتەدا فەلسەفەی ئایین بریتییە لە بیرکردنەوەی فەلسەفییانە لەبارەی ئایین. مەسەلەی حەقیقیبوونی سەرچاوە و مەرجەعی ئایینیش

(*) نازانمگەری (اللادراية – Agnosticism) ئەو ڕێبازەی جەخت لەوە دەکات کە ئێمە ناتوانین بزانین خوایەک بوونی هەیە یان نا، یا خوا قابیلی ناسین نییە. هەروەها ئەو ڕێبازەیە کە دەڵێ مرۆڤ ناتوانێت سنووری ئەو ئەزموونە گریمانکراوە ببەزێنێ و بۆیە ئینکاری ئەزموونکردنی دنیای میتافیزیکا دەکات. بەڵام لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە لە ڕووی میتۆدییەوە لە چوارچێوەی سۆسیۆلۆژیادا ناتوانین خوا بناسین و هەر لە بنەڕەتدا سۆسیۆلۆژیا ناتوانێت لەبارەی خواوە بزانێت. بۆ زیاتر بڕوانە:
The new Encyclopedia, Vol, IX, 15th Edition, p.



مەسەلەیەکی تیۆلۆژی و فەلسەفییە و تەنیا بەمیتۆدەکانی تیۆلۆژیا و فەلسەفە شیکار دەکرێت. سۆسیۆلۆژیای ئایین مەبەستی نەسەلماندنی حەقانییەتی ئایینە و نەهەوڵی پووچەڵکردنەوەی دەدات. بەواتایەکی دیکە، سۆسیۆلۆژیای ئایین پەیوەندی بەڕاستی و درۆیی، ئاسمانیبوون و خاکیبوون، پیرۆزبوون و ناپیرۆزبوونی ئایینەوە نییە، بەڵکو وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی سەیری ئایین دەکات و بەدوای ئەرکگەلە کۆمەڵایەتییە بەرجەستەبوو و شاراوەکانیدا دەگەڕێ. جا لەو حاڵەتەدا سۆسیۆلۆژیای ئایین دەشێ باس لە زیانناسییەکانی (Pathology) ئایین بکات، وەک چۆن دەشێ لایەنە سوودبەخشەکانی ئایین لە کۆمەڵگادا دیاربکات. لەهەمان کاتدا لە ئاست مەسەلە جەوهەری و بنچینەییەکانی ئایین بەمیتۆدێکی نازانمگەرانە کاردەکات و ئەم بێلایەنییە میتۆدۆلۆژییەی سۆسیۆلۆژیای ئایین هەڵوێستێکی سەرکەوتووە بۆ لێکۆڵینەوە.

ئەو میتۆدە کۆمەڵناسییەی کە بۆ تۆژینەوەی ئایین بەکاردەهێنرێت تەنیا بەشیکردنەوەی دەقە ئایینییەکان بەو شێوەیەی کە ئیمانداران لێی تێدەگەن و بایەخی پێدەدەن، واز ناهێنێت. لەو حاڵەتانەدا کە کار لەسەر تێکستە ئایینییەکان دەکەین بایەخ بەمانا تیۆری یان فەلسەفی یان تیۆلۆژییەکەی نادەین، ئەوەی لەم لایەنەوە گرنگ دەبێت بریتییە لە مەودای ڕەنگدانەوە و کاریگەریی ئەم دەقانە لەسەر ڕەفتاری تاکەکەسی و ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە تاکەکەسان تێیدا دەژین. بۆ ناسینی هەر ئایینێک، بۆ نموونە ئایینی ئیسلام، پێویست دەکات تۆژینەوە لەسەر دامودەزگا و مێژوو و ئاراستەکانی بکەین(٦).

## باسی سێیەم: بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای ئایین

وەک دیارە، ڕەوتی پەراوێزکردنی لێدوان و لێکۆڵینەوە لە چەمک و گوتەزا و دیاردە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا تا ڕادەیەک توانیویەتی سەر بکەوێ. ئەم پەراوێزکردنەش بەهەموو ئاراستەکانییەوە مەبەست و بەرژەوەندیی خۆی لەدواوەیە. هەندێ هەوڵ دەدەن و پێیان وایە ئایین ئەوەیە کە لەناو مزگەوتەکاندایە و پێوانەی ئاییندارێ و دیاردەی ئایینی بەژمارەی مزگەوتەکان و قەرەباڵغی و ژمارەی نوێژکەر و ئامادەبووانی ناو مزگەوت دەکەن؛ هەندێ کەسیش ئایین تەنیا بەئەوەی ناو کتێبخانەی مەلا و مامۆستای ئایینی دەبینن و پێیان وایە شوێنی ڕاستەقینەشی هەر ئەوێیە؛ هەندێکی دی ئایین لە حیزبی

(٦) عاطف العقلة غظيبات، الدين والتغير الاجتماعي في المجتمع العربي الاسلامي: دراسة سوسيولوجية، في كتاب الدين في المجتمع العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الثانية، بيروت ٢٠٠٠، ص١٤١، لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا، ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین و دەستمان کەوتبێت، باشترین لێکۆڵینەوە لە بواری تیۆری و میتۆدۆلۆژیی سۆسیۆلۆژیای ئایین ئەم کتێبەی سەرەوەیە، کە لە بناغەدا بریتییە لە سی و یەک لێکۆڵینەوەی تۆژەرە هەرە ناودارەکانی دونیای عەرەب لەبارەی ئایین و بزاف و گروپە ئایینییەکان، کە بنکەی لێکۆڵینەوەی یەکێتی عەرەبی بەسەرپەرشتیی عەبدولباست عەبدولموعتی، سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمەڵناسیی عەرەبی کۆنگرەیەکی لەسەر بەستووە و ئەم باسانەی تێدا پێشکەش کراون. بەتایبەتی بەشی یەکەمی کتێبەکە (حەوت باسی یەکەم) لە ڕووی تیۆرییەوە بەرهەمێکی دەوڵەمەند و بەسوودە.

سیاسی- ئایینی جیاناکەنەوە و تەنیا لەناو حیزبدا بەبوونی ئایین قایلن. هەریەک لەم تێگەیشتن و کورتهەڵێنان و سەرتاپاگیرکردنانەش بەرژەوەندییەک ئاراستەی دەکات و تاکڕەهەندیی ڕوانگە و تێگەیشتنەکە بۆ ئایین دەگەیەنێت. بەڕای ئێمە چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ ئایین زۆر لە مزگەوت و کتێبخانەی مەلا و حیزب و گروپی سیاسی- ئایینی فراوانتر و گەورەترە و هەریەک لەم دیاردە ئایینییانە دیمەنێک و ڕوخسارێکی ئایینمان پیشان دەدەن، نەک هەمووی. ئایین بریتییە لەمانە هەمووی و چەندین بواری دیکەی کۆمەڵایەتی و دەروونی. چ ببینین و چ هەستی پێ نەکەین، ئایین ڕەنگی خۆی بەهەموو شتێک و هەموو «هەیی»یەک و زۆربەی بیروڕاکانی ناو کۆمەڵگا بەخشیوە. نابێ ئەم قسەیەش بەبۆچوونێکی تاکڕەهەند لێکبدرێتەوە. وەک چۆن ئایین کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگا و کولتووری ئێمە هەیە، لە ئاستێکی دیکەدا خۆیشی لەژێر کارتێکردنی کولتووری کوردی بووە. ئەم قسەیە بۆ گشت کولتوور و کۆمەڵگاکان ڕاستە. ئیسلامەتیی کوردی لە ئیسلامەتیی عەرەبی، ئەفغانی، ئێرانی یان مالیزی جیاوازە، تەنانەت ئیسلامەتیی سونیی میسری لە ئیسلامەتیی سونیی عێراقی جیایە. بەپێی جیاوازییە کولتوورییەکان تێگەیشتن و کردارە ئایینییەکان دەگۆڕێن. لێرە مەبەستمان لایەنە سۆسیۆلۆژی و واقیعییەکانی ئایینە دەنا قورئان (وەک دەقی سەرەکیی ئایینی ئیسلام)ی هەموو ئەم شوێنانە هەمان ئەو قورئانەیە کە لەلای ئێمە هەیە.

ئەوەی وەک واقیعێک لە ڕوانگەیەکی سۆسیۆلۆژییەوە بەدیی دەکەین ئەوەیە کە کولتوورەکەمان پڕیەتی لە توخمی ئایینی، کە دواجار ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت لەسەر لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگا.

چەندەی حیزبێکی سیاسی- ئایینی دەوری لە کورتهەڵێنانی ئایین تەنیا لەناو خۆی و بۆخۆی هەبووە، دە ئەوەندەش هێزە بەناو نائایینییەکان دەوریان لە سپاردنی ئایین بەحیزبە سیاسی- ئایینییەکان خۆیان گێڕاوە- بێ ئاگا لەوەی کە خۆشیان نوقمی کەشوهەوایەکی ئایینین. کە دەڵێین کولتوور و کۆمەڵگای کوردی تا سەر ئێسقان ئایینییە، پێویستمان بەنموونەی واقعی هەیە. ئەگەر هەر بەڕواڵەتیانەش سەیری کۆمەڵگای کوردی بکەین ڕاستیی بانگەشەکەی سەرەوەمان بۆ دەردەکەوێ(*). چ مەراسیمێکی منداڵبوون لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا بەبێ ڕێتواڵە ئایینییەکان بەڕێوەدەچێ؟ تەنانەت سوننەتکردنی منداڵیش، ئەگەرچی سوودێکی تەندروستیی هەیە، بەڵام بەپاڵنەر و وەک ئەرکێکی تەنیا ئایینی بەسەر منداڵدا جێبەجێ دەکرێت. هەموو مەراسیمێکی ژنهێنان، ئەگەر سێ ڕۆژیش شایی و ڕەشبەڵەکی بۆ بکرێ بەڵام بەگشت ئەو هەنگاوانەدا تێدەپەڕێ کە ئایین بۆی دەستنیشان کردووە. ئێمە نابێ بەڕوانگەیەکی سەلەفی و نەریتخوازانە سەیری ئەم دیاردانە بکەین و بڵێین پڕیەتی لە بیدعەکاری. بیدعەی ئایینیش خۆی چەمکێکە لە دەرەوەی ئایینیدا هیچ مانایەکی نییە.

(*) بۆیە نموونەی ڕوواڵەتیانە دێنینەوە چونکە بەشێکن لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و دەکرێ لە سادەترین ڕوانینمان بۆ کۆمەڵگا بەدییان بکەین، لەهەمان کاتدا، کۆمەڵناسی دەتوانێت لە ماناکانی پشت ئەم ڕەفتارە ئایینییانەش بکۆڵێتەوە.



مەگەر ڕێزلێکگرتن و یەکتر خۆشویستن و سەردانی یەکترکردن و جەژنانە لەیەکترکردنیش لای ئێمە سەرچاوەیەکی ئایینییان نییە؟ چ بگا بەئەرکی دراوسێیەتی و بەزەیی هاتنەوە بەبچووکان و... هتد.

تا ئێستاش جەژنە هەرە گەورەکانی کۆمەڵگای کوردی دوو جەژنی قوربان و ڕەمەزانن کە هەموومان دەزانین ناوەرۆکێکی پڕاوپڕ ئایینییان هەیە. تەنانەت دیاردەیەکی زۆر دووبارە بووەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا کە سڵاوکردنە ڕەنگ و دەنگێکی ئایینییانەی هەیە، کە هەتا پاڵنەرەکەشی زۆربەی جار ئایینییانەیە. ئەمانە دیمەن و دیاردەگەلێکی زۆر هاوبەش و باون لە نێوان زۆرترین و بگرە هەموو خەڵکی کۆمەڵگاکەماندا و لە ژیانی ڕۆژانەدا دووبارە دەبنەوە. هەروەها لە شەخسیترین پەیوەندییەکانماندا (بۆ نموونە پەیوەندی ژن و مێردایەتی و کرداری سێکسی) ئایین ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە.

جگە لەو نموونە سادە و ئاشکرایانەش، هەبوونی مزگەوتی زۆر و بوونی قوتابخانەی ئایینی هەر لە قوتابخانەکانی ئەوقافەوە بگرە تا پەیمانگای ئیسلامی و خوێندنی شەریعەت و لێکۆڵینەوەی ئیسلامی لە زانکۆکاندا... ئەمانە هەموویان دیاردەی ئایینی و ئیسلامیی ناو کۆمەڵگاکەمانن. خۆ ئەگەر لە هوشیاری و هەستی ئایینیی خەڵک بکۆڵینەوە، ئەوە جگە لەو دیاردە بەرچاوانە پێویستمان بەپشکنینێکی وردتر و قووڵتری کەسایەتیی مرۆڤی کورد هەیە؛ چونکە هەندێ شێوازی ئەزموونی ئایینی و هەستی ئایینی هەن کە بەڕواڵەت دەرناکەون و فریودەرانەن -واتە خۆیان بەنائایینی نمایش دەکەن بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر ئایینین. لەبەر ئەوەی ئایین پانتاییەکی بەرفراوانی کولتووری ئێمە داگیردەکات و کۆمەڵگاکەمان کۆمەڵگایەکی ئایینییە، بۆیە لێرەدا لێک جیاکردنەوەی دیاردە ئایینی و نائایینییەکان کارێکی زۆر ئاسان نییە. ئەم نەزعە ئایینییە نەک هەر لەناو موسڵمانانداا، بەڵکو لەلای دیندارانی دیکەی نا موسڵمانیش (مەسیحی و ئێزیدی و هتد...) دەبینرێت، بۆیە دەکرێ و پێویستە سۆسیۆلۆژییانە لەم ئایینانە بکۆڵینەوە.

ئەو پرسیارە کلاسیکییەی کە لای ئێمە تازە دەبێ بکرێتەوە ئەوەیە کە چۆن کۆمەڵناس دەتوانێت لە دیاردەی ئایین نزیک بکەوێتەوە؟ کام ڕێگە سەرکەوتووترە لە وەرگرتنی ڕەهەندە ئایینییەکانی بوونی مرۆڤ بۆ لێکۆڵینەوە و سەرنجدان و شیکردنەوە؟ ئەمە پرسیارێکی سەرەتاییە لەبارەی میتۆد و ڕوانگەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئایین و دیاردە ئایینییەکان کە کۆمەڵناسانی بەرێ ئیشیان لەسەر دەکرد. بەڵام بۆ ئێمەش کە کەمترین هەنگاومان لەم کایە زانستییەدا نەهاویشتووە، پرسیارێکی بەجێ و پێویستە.

تخوونکەوتنی کۆمەڵناسانە بۆ ئایین لە تخوونکەوتنی فەلسەفییانە بۆ ئایین جیاوازە. فەلسەفەی ئایین دەیەوێ لە جەوهەر و بنج و بنەوانی ئایین تێبگات، بەڵام کۆمەڵناسی بەدوای «ڕواڵەت و دیاردە واقیعییەکانی ئایین»دا دەگەڕێ. ڕاستە ئایین لە کۆمەڵێک بیروباوەڕ پێکهاتووە، بەڵام ئەم بیروباوەڕانە هەم لە واقیعێکی دیاریکراو لەدایک بووینە و هەم دواجار واقیعێکی دیاریکراویشیان لێ کەوتۆتەوە. هەر بۆیە ناتوانین هیچ ئایینێک بەشێوەیەکی دابڕاو لە واقع (ئەبستراکت) لەبەرچاوبگرین- لانی کەم لە تخوونکەوتنە سۆسیۆلۆژییەکەماندا. وەک پێشتر گوتمان ئایینیش ڕەنگ و ڕووی کۆمەڵگاکەی خۆی

وەردەگرێت و لەژێر کاریگەریی دەرناچێت. واقیعە جیاجیاکان چوارچێوەی جیاواز بۆ خوێندنەوەی دەقی ئایینی دێننەکایەوە و گشت خوێندنەوەکان بەرهەمی کاریگەریی کۆمەڵێک هەلومەرجی مەعریفی و کۆمەڵایەتین لەسەر تاکەکەسی خوێنەرەوە.

ئەگەر زانستە ئایینییەکان (زانستی نێو ئایینی) و فەلسەفەی ئایین و هێرمێنۆتیکای ئایین و زماناسیی ئایین و فینۆمینۆلۆژیای ئایین زێتر چاو ببڕنە ناوەڕۆکی ئایین و دەقی ئایینی و نەتوانن بەدەر لەدەقە ڕەسەنەکانی ئایین لە ئایین بکۆڵنەوە، ئەوا کایەیەکی بەرفراوان لە دیمەن و لایەنی ڕوو لەدەری ئایین دەمێنێتەوە کە کایەی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای ئایینە.

سۆسیۆلۆژیای ئایین هەوڵدانێکی زانستییە بۆ تێگەیشتن لە دیاردە ئایینییەکان، هەروەها ئەم لقە زانستییە لە گشت ئەو شتانەی ناو کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە کە پێیان دەگوترێ (ئایینی– Religious)، یاخود سیفەتی ئایینییان هەیە. هەر هەوڵێک لە کۆمەڵگای کوردیدا بۆ ناسینی کۆمەڵگا بدرێت بەبێ سەرنجدان لە ئایین ناکرێ. کە دەڵێین ئایین مەبەستمان ئەوەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکەسانی ناو کۆمەڵگا پیادە دەکرێت. بۆیە کۆمەڵناسی لە گشت ئاستەکانی دیکەی دینداری لەناو کۆمەڵگا– وەک دینداریی ڕەسمی، دینداریی سەربژاردە یان دینداریی تاکەکەسی– زیاتر بایەخ بەدینداری لە ناو عامەی خەڵک و جەماوەردا دەدات.

ئێمە بۆ لێکۆڵینەوە و ناسینی کۆمەڵگا بۆ شتێکی جەوهەری دەگەڕێینەوە کە ئەویش کولتوورە. کولتوور هەوێنی کۆمەڵگا و تەنانەت خوێنی نێو دەمارەکانییتی. کاتێک دەمانەوێ کولتووری کوردی بناسین ناچارین بۆ توخمەکانی کولتوور خۆی بگەڕێینەوە کە ئایین دەورێکی گرنگ و چارەنووسسازی تێدا گێڕاوە و دەگێڕێت.

ئەم جۆرە سادەکردنەوە و دابەزاندنی چەمک و دیاردەکانی ئایین و بەپەراوێزکردنی پەیتاپەیتای سۆسیۆلۆژیای ئایین لەناو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەلایەن فەلسەفە تاکڕەهەند و یەکهێڵەکانی مێژوو هان دەدرا؛ ئەو فەلسەفانەی کە پێیان وابوو سەرهەڵدانی کۆمەڵگای نوێ (مۆدێرن) سەرەنجام بەبەرەوهەڵدێر چوون و دواجار لەناوچوونی ئایین کۆتایی دێت(٧). بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە بایەخنەدان بەلێکۆڵینەوە و تۆژینەوە ئایینییەکان وەکو چاوداخستن وایە لە ئاست کۆمەڵگا و کولتوور. لەبەرئەوەی ئایین توخمێکی هەرەگەورەی ناو کولتووره و گەورەترین پانتایی کۆمەڵگای داگیرکردووە، کەواتە بۆ ئەوەی کۆمەڵگای خۆمان بناسین ئەبێ ئەو کایە بەرفراوانەی کۆمەڵگا بناسین کە ناوی «ئایین»ە.

ڕەهەندە ئایینییەکانی کۆمەڵگا، ئەو کایە و لایەنانەی کۆمەڵگا دەگرێتەوە کە ئایین نەخشاندوویەتی وەک هەندێ ڕەفتاری ئایینی، ئینتیمای ئایینی، ڕیتواڵە ئایینییەکان، دەزگای ئایینی وەک مزگەوت و پەرستگاکان، بۆنە و یادە ئایینییەکان و هتد... بۆیە کۆمەڵناسی لەسەر ئەم کایانە و چەندین کایەی دیکەی لەم جۆرە ئیش دەکات.

(7) Jean-Paul Willaims, Sociologie des religions, presses Universitaires de France, 1995, P.7.



پێش ئەوەی لە سۆسیۆلۆژیای ئایین و بوارەکانی بکۆڵینەوە، پێویستە تیۆرێکی سۆسیۆلۆژیی – مەعریفیمان هەبێت. ئەم تیۆرەش لەم پرسیارەدا خۆی دەنوێنێ کە ئایا بیروباوەڕێکی تایبەت چ جۆرە ڕەفتار و کردارێکی تایبەت بەرهەم دێنێت؟ ئەمە خاڵێکی ئێپستمۆلۆژییە کە پێویستە لە پرۆسەی سۆسیۆلۆژیای ئاییندا لەبەرچاوی بگرین. مەعریفەی ئایینی هەر کۆمەڵگا و سەردەمێک لەژێر کاریگەری یاخود کاریگەریی هەیە لەسەر مەعریفەی گشتیی باوی ناو کۆمەڵگای ناوبراو لەهەمان سەردەمدا. ئەمە لە ئاستێکی مەعریفیدا، بەڵام لە ئاستە سۆسیۆلۆژییەکەیدا پێویستە پێ لەسەر توخم یان فاکتەرێکی دیکەش دابگرین کە ئەویش فاکتەری "واقعی کۆمەڵایەتی"یە. هەر سستەمێکی کۆمەڵایەتی جۆرە تێگەیشتنێکی تایبەت بۆ ئایین دەخوڵقێنێ کە دواجار لە ڕەفتار و کرداری کۆمەڵایەتیی ئەندامانی کۆمەڵگادا ڕەنگ دەداتەوە.

کۆمەڵناس سەرنجی ئەوە دەدات کە بۆچی ئەم بیروباوەڕ و کردارانە هەن. دەتوانین بڵێین لە کۆمەڵناسیی ئاییندا دوو خاڵی جەوهەری هەیە؛ یەکێکیان بریتییە لەوەی کە بۆچی بیروباوەڕ و کردارە ئایینییەکان ڕۆڵێکی ئەوەندە کاریگەریان لە کولتوور و کۆمەڵگادا هەیە و ئەوەی دیکەشیان ئەوەیە کە بۆچی ئەم بیروباوەڕ و کردارانە شێوە و فۆرمی ئاوا جیاواز بەخۆیانەوە دەگرن. سۆسیۆلۆژیای ئایین بایەخ بەمەسەلەی ڕۆڵ و گرنگیی ئایین بەمانایەکی گشتی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و هەروەها گرنگیی بیروباوەڕ و کرداری گروپ و کۆمەڵە تایبەتییەکان دەدات(٨).

وەک پێشتر گوتمان، بەپێی هەندێ تیۆری کۆمەڵناسی، سەرهەڵدانی کۆمەڵگای نوێ دەبێتە هۆی لەقبوونی شوێنگەی ئایین و نەمانی ئەرکەکانی لە کۆمەڵگادا. کاتێک ئێمە دەڵێین کۆمەڵگایەکی نوێمان لە هەرێمی کوردستاندا بنیات ناوە، بەلانی کەم لە شارەکاندا، دەبێ ئەرکی ئایین چی بەسەر هاتبێت؟ بەپێی هەندێ تیۆری سۆسیۆلۆژی، سەرهەڵدانی کۆمەڵگای نوێ پەیتا پەیتا دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئایین. بەڵام کاتێک لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای کوردیدا کە سیمای نوێبوونی پێوە دیارە و سیستەمێکی ئابووریی نیمچە سەرمایەداری و بازرگانی لە ئارادایە و شێوەیەکی زانستخوازیی نوێ – هەر چەند پڕ کەموکوڕیش بێت – چەسپیوە، لەهەمان کاتدا ئایینیش ئامادەیی هەبێت دەبێ چۆن ئەم دیاردەیە لێک بدەینەوە. ئەمە واقعێکی بەرچاو و بابەتییانەی کۆمەڵگای کوردیی ئەمڕۆیە. ئێمە لەهەمان کاتی نیمچە نوێبوونماندا تا ڕادەیەکی زۆریش پەیڕەویی لە ئایین دەکەین. لەو حاڵەتەی کە خەڵکی شارستان و کارگێڕ و پسپۆڕ جۆرە ئاییندارییەکی تازەیان لەناودا ڕوودەدات، ئایا ئەمە جگە لە پووچەڵبوونەوەی تیۆرە کۆمەڵناسییەکەی گۆڕین هیچ مانایەکی دیکەی هەیە؟

ئەمەی ئێستا گوتمان، لەگەڵ زۆر کێشەی دیکەش کە پەیوەندیی بەبەندیواریی ئایین و مۆدێرنیتەوە هەیە، یەکێکە لە بابەتە گەرموگوڕەکانی سۆسیۆلۆژیای ئایین. ئەو پرسیارەی کە پێشووتر کردمان، واتە ئایا بیروباوەڕێکی ئایینیی دیاریکراو چ کردارێکی ئایینی – کۆمەڵایەتی دەخوڵقێنێ؟ یەکێکە لەو خاڵە

(٨) ملکلم همیلتون، ه. س. پ.، ل١–٢.

سەرەکییانەی کە سۆسیۆلۆژیای ئایین پرسیاری لێ دەکات و لێی ورد دەبێتەوە و دەیەوێ شیی بکاتەوە. هەر بۆیە لەم ڕێیەوە دواتر هەوڵ دەدات ڕۆڵ و کاریگەری و بایەخی ئایین و بیروباوەڕی ئایینی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا شرۆڤە بکات و بەئامانجێکی ماقووڵ بگات.

پیتەر بێرگەر لە کتێبی **واقیعی کۆمەڵایەتیی ئایین** (١٩٧١)دا دەڵێت: سۆسیۆلۆژیای ئایین دەتوانێت ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی بیروباوەڕێکی تایبەت دروست بووە و بۆتە جێی پەسندی خەڵک و، دواجار بڕواهێنانی خەڵک (بەبیروباوەڕێک، یان شتێکی تایبەت) لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟[٩] بەواتایەکی دیکە، بۆچی تاکەکەسانی کۆمەڵگایەکی تایبەت سیستەمێکی بیروباوەڕیی تایبەتییان پەسندکردووە و بڕوایان پێی هێناوە؟ ئەم پرسیارەی دوایی لە یەک کاتدا پرسیارێکی سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییە. سۆسیۆلۆژیبوونی ئەم پرسیارە لەوەدا دەردەکەوێ کە ناچارین بەدوای سەرچاوە و حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکاندا بگەڕێین. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕەگوڕیشە دەروونییەکان ئەوە لەناو سایکۆلۆژیای ئاییندا کارمان کردووە. کەواتە لەناو سۆسیۆلۆژیای ئاییندا بەدوای ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە بەئایین ئاودێرکراوە یان خاوەن جەوهەرە ئایینییەدا دەگەڕێین کە لە کۆمەڵگادا کاریگەریی لەسەر ئاراستەکردنی ڕەفتاری تاکەکان هەیە. ئەم ڕەمزە ئایینییانە لە ژیاندا پێویستبوونی خۆیان سەلماندووە، بۆیە دەوری خۆیان لە ژیانی تاک و کۆمەڵدا دەگێڕن.

باسکردن لە مەرجەعی ئایین، وەک خوا، تەوتەم، زانا، مرۆڤ و سیحر لە دەرەوەی کایەی سۆسیۆلۆژیای ئاییندایە، چونکە باسکردن لەم چەمکانە دواتر دەبێتە باسکردنێکی فەلسەفی و سنووری کۆمەڵناسی دەبەزێنێت. ئەم مەسەلانە لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئاییندا چارەسەر دەکرێن. بەڵام کۆمەڵناسی مامەڵە لەگەڵ واقیع (ئەوەی کە هەستی پێدەکەین) دەکات. لێرەدا چەمکی حەقیقەت و واقیع ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. حەقیقەتی ئایین و عەقڵانیبوون یان نا عەقڵانیبوونی بەمیتۆدێکی کۆمەڵناسی چارەسەر ناکرێت، چونکە لەم حاڵەتەدا تەنیا بیر و لۆژیکی ئایینەکە لەبەرچاو دەگیرێت. ئەمە جیایە لەوەی کە ئایا چ چەشنە ئایینێکمان هەیە و چۆن پیادە دەکرێت. دیراسەکردنی ئایین وەک شتێکی موجەڕڕەد کاری فەلسەفەیە، کەچی کۆمەڵناسی دیراسەی «کۆمەڵگای ئایینی» دەکات. چارەسەری ئەم گرفتە (واتە خۆ دوورخستنەوە لە کێشەی حەقانییەتی ئایین) بەوە دەکرێ کە ئێمە ئایین وەک ئەزموون و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی لەبەرچاوبگرین. هەر لەم ڕوانگەوە سۆسیۆلۆژیای ئایین بەپێویست و ئەرکی خۆی دەزانێت وەک دیاردە کۆمەڵایەتی و مرۆیییەکانی دی لێی بکۆڵێتەوە.

کە دەڵێین ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە مەبەستمان واتایەکی میکانیکی نییە کە لە کۆمەڵگادا کارگەیەک هەبێت بەناوی کارگەی دروستکردن و بەرهەمهێنانی ئایین. ئایینەکان گشتیان لە ڕابردوویەکی مێژوویی دوورو درێژدا گۆڕاو و چەسپیون و ئێستاش لەڕێی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و نوێکردنەوەدا بەرهەم دێنەوە و بەردەوامی بەخۆیان دەبەخشن. لە ئاستێکی دیکەشدا دەتوانین بڵێین، بەپێچەوانەی ئەوانەی کە پێیان وایە ئایین و مومارەسەکردنی ئایین کێشەیەکی تاکەکەسی و خودییە و تەنیا بەندە بە بوونی پەیوەندیی نێوان پەرستکار و پەرستراوەوە، ئایین

---

(٩) همیلتون، هـ. س. پ.، ل٤.



وەزیفەگەلێکی گەورەی کۆمەڵایەتی دەگێڕێت، ئەمەش بەپێی سروشتی ئایینەکە و ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا پیادە دەکرێت، دەگۆڕێت.

تێگەیشتنی عامیانە بۆ مەسەلەیەکی وەکو ئایین خاڵێکی سەرەکییە کە سۆسیۆلۆژیای ئایین پشتی پێ دەبەستێ و بایەخی پێ دەدات. چونکە ئەگەر تێگەیشتنی سەربژاردە لەبەرچاو بگرین لەوانەیە لە واقیعی گشتی دوور بکەوینەوە. هەر چەندە دەکرێ «سۆسیۆلۆژیای سەربژاردەی ئایینی»مان هەبێ کە لەڕێی ئەوەوە لەبیری ئایینیی سەربژاردەی کۆمەڵگا، یاخود دەستەیەکی ئایینی – ڕۆشنبیری بکۆڵینەوە. چەندین مەسەلەی دیکەش هەن کە سۆسیۆلۆژیای ئایین دەتوانێت لێی بکۆڵێتەوە، بۆ نموونە؛ نوێژکردنی بەکۆمەڵ لە مزگەوت (هاتوچۆ کردنی بەردەوام بۆ مزگەوت) و کاریگەری لەسەر هاوبەندیی کۆمەڵایەتی لە گەڕەک و ئاواییدا؛ پەروەردەی ئایینی لە ناوخێزاندا؛ پەیوەندیی ئایین و سیستەمی هاوسەرێتی و خێزان؛ ئایین و سیستەمی سیاسی؛ ئایین و بەرزەفتکردن و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و... هتد.

کارکردنی بیری ناسیۆنالیستی لەناو ئاییندا، یان تێگەیشتی دینداران بۆ ناسیۆنالیزم، بابەتێک و مەیدانێکی دیکەیە کە لەم لێکۆڵینەوەماندا هەوڵ دەدەین بەپێی توانا لە خاڵی دووەمیان بکۆڵینەوە. لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، کوردستانی باشوور ڕووبەڕووی ئەزموونێکی دیکەی ئایینی بۆتەوە؛ دیاردەیەک کە زۆرجار بە«گەڕانەوە بۆ ئایین» ناوی دەبەین. ئەم ئەزموونە کۆمەڵایەتییە ئایینییە ڕەنگی خۆی بەبزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردیش داوە – چ بەنێگەتیڤ بێت یان پۆزەتیڤ–. ئەم گەڕانەوە بۆ ئایین کاریگەریی هەبووە بۆ سەر خەمساردی و گوێنەدان بەپرسە نەتەوەیییەکان.

## بەشی سێیەم: تیۆر و بیروڕاکان لەبارەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی

ئەم بەشە لە ڕاستیدا تەواوکەری تەوەری دووەمە لە بەشی یەکەمدا. ئەم بەشە بەسەر دوو تەوەری سەرەکی دابەش دەبێت: لە تەوەری یەکەمدا هەوڵم داوە ئەو پێناسە و بۆچوونانەی لە تەوەری دووەمی فەسڵی یەکەمدا باس کراوە ڕوونتر بکەینەوە و بەشێوەیەکی تێروتەسەلتر تیۆرە سەرەکییە مۆدێرنەکانی بواری نەتەوە و ناسیۆنالیزم شی بکەینەوە. لە تەوەری دووەمیشدا پرژاوینەتە سەر بیروڕاکانی دوو کەس لەبارەی ناسیۆنالیزمی کوردی. سەرەتا «د. عەبباسی وەلی»مان وەک خوێندنەوەیەکی زانستی و تیۆروانی لەو بارەوە وەرگرتووە، کە لایەنگری تیۆری نەتەوەی مەدەنییە.

هەروەها لە ئاستێکی تردا بۆ چاکتر ناسینی بۆچوونی ئیسلامی لەمەڕ ناسیۆنالیزم تاووتوێی بیروڕاکانی عەلی باپیر، ڕۆشنبیر و نووسەر و سیاسەتمەداری بەنفووزی ئیسلامیمان کردووە کە بۆچوونەکانی لەبارەی بیری نەتەوەیی خوێنەرێکی زۆری لە توێژی لاوی ئیسلامی هەبووە و کاریگەریی لەسەر بۆچوونی خەڵکی دیندار و بەتایبەت ئیسلامییەکانی کوردستان لەمەڕ بایەخدان بەنەتەوە و ناسیۆنالیزم داناوە.

### باسی یەکەم: چەند تیۆرێک لەبارەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم

لەم پاژەیەدا، هەوڵ دەدەین ئەو تێز و تیۆرە سەرەکییانە، کە لە سەردەمی هاوچەرخدا لەمەڕ نەتەوە و ناسیۆنالیزم خراونەتەڕوو، بخوێنینەوە و تاووتوێ بکەین. هەروەها لە نێوانیشیاندا بۆچوون و تێبینی و

بیروڕاکانی خۆمان لەو بارەوە دەخەینەڕوو.

لە پێناسەکردنی نەتەوە و ناسیۆنالیزمدا، کۆمەڵێک بیروڕامان لەبارەی ناسیۆنالیزم لەلای کۆمەڵێک تۆژەر و تیۆروان خستەڕوو؛ وەک گوتمان ناسیۆنالیزم لەچاو زۆربەی پرەنسیپ و ڕێبازە فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە. هەندێ پێیان وایە ناسیۆنالیزم هەر لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستدا مۆدی بەسەرچووە و سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست سەردەمی چڵەپۆپەی ناسیۆنالیزم بووە[١٠]. بەڵام ئێمە لە سەردەمی بانگەشەی جیهانگەرایی سیاسی و ئابووری و تا ڕادەیەک کولتووریشدا شاهێدی خۆ دەرخستنێکی دیکەی ناسیۆنالیزمین؛ بۆ نموونە هەر دوای ڕووخانی سۆڤیەت لە دەیەی نۆیەمی سەدەی بیستدا شازدە دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند، هەر ئەمەش وای کردووە ئیمڕۆ زیاتر لە هەموو کاتێکی دی، لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی دونیا بایەخ بەمەسەلەی ناسیۆنالیزم بدرێت.

دەشێ ئایین ببێتە هێزی بزوێنەری ناسیۆنالیزم، بەڵام تاکە مەرجی دروستبوونی نەتەوە نییە. زۆر زەحمەتە بتوانین بزووتنەوەی پۆڵۆنیا و ئێرلەندا و پاکستان و ئێران بەبێ گوتەزا ئایینییەکان بخەینە ڕیزی هاوکێشە نەتەوەییەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە هەمیشە و بۆ نموونەی دیکە وابێت– ئەمە جیایە لەوەی کە زۆرجار ناسیۆنالیزم بەجۆرە ئایینێک لە قەڵەم دەدرێت. فیختە لەباسی سروشتی نەتەوایەتی و ئاکاری نەتەوەیی (National Character) ڕادەگەیەنێت کە گەل بۆیە پێی دەگوترێ گەل چونکە کەسایەتییەکی نەتەوەیی هەیە، ئەمەش واتە ئیمان و بڕوابوون بە بەجێگەیاندنی فەرمانێکی دیاریکراو یان بەجێگەیاندنی پەیامێک کە تەعبیر لە پەیامی خوایی دەکات[١١].

ئێرنست گیلنەر بنەمای ئابووریی (پیشەسازی) دروستبوونی نەتەوە شی دەکاتەوە و پێی وایە ناسیۆنالیزم کولتووری قۆناغی پیشەسازییە. بەڕای ئەو ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کشتوکاڵی، لەگەڵ پرەنسیپی نەتەوەییدا نایەتەوە، چونکە نموونەی ئەم ڕێکخستنە یەکەی سیاسیی زۆر تەسکتر یان فراوانتر لە سنووری کولتووری نەتەوەیی دێننە کایەوە. بەم پێیە، وەک گیلنەر دەڵێ سەردەمی وەرچەرخان بۆ قۆناغی پیشەسازی بەناچاری دەبێتە سەردەمی نەتەوە[١٢]. لەبەر ئەوەی کولتوور ئینتیما بەرهەم دێنێت، لێرەدا دەوری دەوڵەتی نەتەوەیی دەردەکەوێت کە خەیاڵی نەتەوەیی لە یادەوەریی تاکەکەساندا دروست دەکات. ئەمەش تێزە سەرەکییەکەی گیلنەرمان لەو بارەوە بۆ دەردەخات کە دەڵێت «ناسیۆنالیزم بەرهەمهێنەری نەتەوەیە، نەک بەپێچەوانەوە». بەڕای ئەو ناسیۆنالیزم لە سەرەوە ئاراستەی خوارەوە

(١٠) وینسنت، اندرو، ایدئولوژی های مدرن سیاسی، ت: مرتظی ثاقب فر، انتشارات ققنوس، چاپ اول ١٣٧٣، ص٣٧٩.

(١١) د. محمد محمد صالح، تطور الاراء القومية في اوروبا، (مجلة دراسات في التاريخ والآثار، العدد الاول، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٠)، ص٧٩.

(١٢) إيرنست جيلنر، الانتقال الى عصر القومية، ت: د. مجيد الراضي (مجلة النهج، عدد ١٩٩٩،١٩، ص٣٣–٣٤).



دەکرێت و دەوڵەت بەرپرسیاری یەکەمە لەو بارەوە. بەگوێرەی ئەم ڕایە تا بزاڤی نەتەوەیی نەبن کە بەبیروباوەڕی ناسیۆنالیزمەوە هەوڵی خۆسەلماندن بدەن نەتەوە دروست نابێ.

ئەم بۆچوونانەی گیلنەر لەلایەن ئەندرسۆنەوە پەسند کران. بەڵام ئەمەیان سەرچاوەی سەرهەڵدانی نەتەوەی گێڕایەوە بۆ سەرهەڵدانی سەرمایەداریی چاپ (رأسمالية الطباعة). بەڕای ئەندرسۆن فراوانبوونی شێوە تازەکانی پەیوەندیکردن (communication) و چاپکردن و بڵاوبوونەوەی کتێب و ڕۆژنامەکان بەزمانی محەللی (نالاتینی) و لە ئەنجامدا بەتیراژی زۆر، دەوری هەبووە لە دروستکردنی خەیاڵی نەتەوەیی لەلایەن ئەو ئافرەت و پیاوانەی کە زمانی لاتینیان نەدەزانی[١٣]. بەم واتایە بەرەبەیانی ناسیۆنالیزمی ئەوروپی هاوڕێکە لەگەڵ پاشەکشەی زمانی لاتینی (زمانی پیرۆز) و دەزگای ئایینی. هەر لەو خاڵەشەوە بەرەو عەلمانییەتی ناسیۆنالیزم هەنگاو دەنێ. جگە لەوەش باس لە دەوری سەربازی ون دەکات، وەک ڕەمزی کولتووری نەتەوەیی لە یادەوەریی نەتەوەدا[١٤].

ئەنتۆنی سمیس[*] (Anthony D. Smith) بۆچوونێکی جیاوازی لەمەڕ سەرچاوە و سەرەتاکانی نەتەوە هەیە. ئەو بەپێچەوانەی زانایانی ڕابردوو کە پێیان وایە نەتەوە دیاردەیەکی نوێیە و تایبەتە بەسەردەمی نوێوە، لە کتێبی سەرچاوە ئێتنییەکانی نەتەوەدا، دەڵێ نەتەوە قۆناغێکی پێشکەوتووی گروپە ئێتنییەکانی بەر لە مۆدێرنیتەیە. ئەو دەڵێ لەوانەیە کێشەی سەرەکیی تێگەیشتنمان لە ناسیۆنالیزم ڕۆڵی ڕابردوو بێت لە دروستکردنی هەنووکەدا[١٥]. بێگومان ئەم کێشەیە جێی ناکۆکی تیۆروانانی بواری ناسیۆنالیزم بووە. سمیس باس لە چوار بۆچوونی جیاواز لەمەڕ ناسیۆنالیزم دەکات.

ناسیۆنالیستەکان، هەمیشەخوازەکان (الدائمويين – perennialists)، مۆدێرنیست (نوێخوازەکان) و پۆستمۆدێرنیستەکان لێکدانەوە و شیکردنەوەی زۆر جیاوازیان لە بارەی ئەم ڕۆڵ و کاریگەرییەوە پێشکەش کردووە. شێوەی ڕوانینیان بۆ پایەی مێژووی ئێتنیکی، شێوەی تێگەیشتنیان بۆ نەتەوە و ناسیۆنالیزمی ئەمڕۆ دەستنیشان دەکات. بەلای ناسیۆنالیستەکانەوە، ڕۆڵی ڕابردوو ڕوون و بێ ئاریشەیە. نەتەوە هەمیشە هەبووە و بەشێکە لە یاسای سروشتی، تا وەکو چەقیوەتە نێو دڵی ئەندامانی خۆی. ئەرکی ناسیۆنالیستەکان بەشێوەیەکی سادە بەبیرهێنانەوەی هاووڵاتیانی نەتەوەیە لە ڕابردووە شکۆدار و پڕ سەروەرییەکەیان، بۆ ئەوەی بتوانن ئەم شکۆدارییانە دووبارە بژیێننەوە.

هەروەها بەبۆچوونی پێرێنیالیستەکان (الدائمويين) نەتەوە زۆر کۆن و دێرینە. واتە پێکهاتە

(١٣) بندكت اندرسن، الجماعات المتخيلة، ت: محمد الشرقاوي، المجلس الاعلى للثقافة، سوريا ١٩٩٩، ص٤٦–٤٧.

(١٤) المصدر نفسه، ص ١٩.

(*) ئەنتۆنی سیمس یەکێکە لە گەورەترین زانایانی هاوچەرخ کە بایەخ بەناسیۆنالیزم دەدات. ناوبراو سەرنووسەری گۆڤاری نەتەوە و ناسیۆنالیزم (بڵاوکراوەی زانکۆی کامبێرج)، هەروەها نووسەری چەندین کتێبە لەسەر ئەو بابەتە کە کلاسیکەکەیان بەناوی «سەرچاوە ئێتنییەکانی نەتەوە»یە.

(15) Online: http:// www.nationalismproject.org/what/smith.htm<25/10/2001>

نەتەوەییەکان بەشێوەیەکی هەمیشەیی هەبوونە و ڕەگوڕیشەیان بۆ ڕابردوویەکی دوور دەگەڕێتەوە. لەوانەیە فۆرمە نەتەوەییەکان بگۆڕێن و نەتەوەگەلێکی تایبەت بتوێنەوە، بەڵام ناسنامەی نەتەوە ناگۆڕێت، چونکە نەتەوە پەیڕەوی لە یاسایەکی سروشتی ناکات. بۆیە یەکێک دەتوانێت نەتەوەی یەکێکی تر هەڵبژێرێت، نەوەی دواتریش دەتوانن لەسەر بناغە ئێتنییەکانی کۆنی خۆیان شتێکی نوێ بنیات بنێن. لێرەدا بەڕای سمیس ئەرکی ناسیۆنالیزم دووبارە دۆزینەوە و گونجاوکردنی ڕابردوویەکی ڕەگداکوتاوە بۆ باشتر بنیاتنانی نەتەوە.

بەبۆچوونی مۆدێرنیستەکان، بەپێچەوانەوە، ڕابردوو پەیوەندی بەئێستاوە نییە و نەتەوە دیاردەیەکی نوێیە، بەرهەمی ئایدیۆلۆژییە ناسیۆنالیستییەکانە، ئەو ئایدیۆلۆژیانەی دەربڕی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پیشەسازین. ناسیۆنالیست ئازادە لە سوود وەرگرتن لە کەلەپوورە ئێتنییەکان، بەڵام نەتەوە- بنیاتنان (Bulding–Nation) دەشێ بەبێ هاوکاریی ڕابردوو گەشە بکات. کەواتە نەتەوەکان دیاردەی قۆناغێکی تایبەتی مێژوون و تەنیا کەوتوونەتە ناو ڕەوشی مۆدێرنەوە.

بەلای پۆستمۆدێرنیستەکانیشەوە ڕابردوو بەئاریشەترە (problematic). ئەگەرچی نەتەوە مۆدێرن و بەرهەمی هەلومەرجە کولتوورییە مۆدێرنەکانن. ئەو ناسیۆنالیستانەی دەیانەوێ چەمکی نەتەوە برەو پێ بدەن، ئازادانە پەنا دەبەنە بەر هۆکارەکانی ڕابردووی ئێتنیکی، کە پێدەچێ وەڵامدەرەوەی پێویستی و داخوازییە هەنووکەییەکان بن. هەنووکە لە هزری خۆیدا ڕابردوو دروست دەکات. کەواتە ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیستە مۆدێرنەکان لە گەڕانیاندا ئازادانە نەریتەکان هەڵدەبژێرن و تێکەڵ بەیەکتر دەکەن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵی سیاسیی چاوەڕوانکراو(١٦).

لێرەدا سمیس ئەم چوار بۆچوونانە هەڵدەسەنگێنێ و پێی وایە شیاوی پەسندکردن نین. ڕابردوو نە هەموو شتێکە و نەهیچیشە کە بشێ فەرامۆش بکرێت. ناسیۆنالیستەکان ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕن لە بنیاتنانی نەتەوەکاندا، ڕۆڵی ئەمان وەکو ئارکیۆلۆژیستانی سیاسییە کە ڕابردووی کۆمەڵ (community) دەدۆزنەوە و ڕوونی دەکەنەوە وەک کەرەستەیەک بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگا (society) بێگومان ڕۆڵێکی هەڵبژێردراویان هەیە؛ ڕابردوو لەبیر دەکەن لە هەمان کاتیشدا بەبیر دەهێننەوە. بەڵام بۆ ئەوەی لە کارەکانیاندا سەرکەوتووبن پێویستە بگەنە هەندێ پێودانگی تایبەت. پێویستە ڕوونکردنەوەکانیان هاودەنگ بێت نەک لەگەڵ خواست و ئایدیۆلۆژییەکانی ناسیۆنالیزم، بەڵکو هەروەها لەگەڵ بەڵگەی زانستی و هێنانەوەی مێژووی ئێتنیکیی تایبەت. ناسیۆنالیستەکان هەڵقەی سەرەکین لە پەیوەندیی نێوان هەنووکەیەکی نەتەوەیی چالاک و میراتێکی ئێتنیکیی دێریندا(١٧).

(16) Ibid

(17) Smith, Anthony D. Gastronomy or geology? The role of nationalism in the reconstruction of nations. Nations and Nationalism 1,no.n.1 (1994): 3-230. see pages 18-19. http://www.nationalismproject.org/what/smith.htm<25/10/2001>



بەڵام بەگوێرەی لێکدانەوەی مارکسییانە، نەتەوە لەدوای دابەشبوونی وڵاتانی سەر بەسیستەمی دەرەبەگایەتیدا سەری هەڵداوە و پەرەی سەندووە، واتە کاتێک کە سەرمایەداری لەسەر بناغەی پێشکەوتنی ئابووریدا دەردەکەوێت. ئەمەش ژیانێکی ئابووریی هاوبەش دروست دەکات و بەشەکانی نەتەوە لە گشتێکی هەماهەنگدا کۆدەکاتەوە؛ هەر کۆمەڵە خێڵ و ئێتنۆسێک نەتەوەیەک پێک دەهێنن. تەنانەت دەشێ کۆمەڵێک خێڵ و ئێتنۆس و نەتەوەش یەک بگرن و نەتەوەیەکی یەکگرتوو پێک بهێنن(١٨). بەم پێیە، بەلێکدانەوەیەکی مارکسییانە، ئابووری، وەک فاکتەرێکی زاڵی دەستنیشانکەری مێژوو خەسڵەت و مەرجی سەرەکیی بوونی نەتەوەیە، کە لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداری و دەرکەوتنی بازاڕ و بنکەی ئابووریی نەتەوەییدا هاوتەریبە. بێگومان ئەمەش لەپاڵ کۆمەڵێک پەیوەندیی دیکە کە نەتەوە پێوەی دەناسرێتەوە، وەک زمانی هاوبەش، خاک و ماکە نەتەوەییە هاوبەشەکان کە تایبەتمەندییەکانی ژیان و کولتوور گوزارەی لێ دەکەن.

### باسی دووەم: چەند بیروڕایەک لەبارەی ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی

بەڕای ئێمە، کورد تا ئێستا- بەدەستەواژەی هرۆک- بزاڤی نەتەوەیی (National movement) هەبووە نەک ناسیۆنالیزم. خەسڵەتی سەرەکیی گشت بزاڤە نەتەوەییەکانیش ناوچەیی بوونە. عەبباسی وەلی لەو بارەوە پێی وایە جگە لە ماوەیەکی ژیانی (پ.ک.ک.) نەبێت کە بانگەشەی یەکگرتنی بزاڤی نەتەوەیی دەکرد لە یەک بۆتە و پارتدا(١٩)، هیچ هێزێکی کوردی ڕاشکاوانە داواکاریی نەتەوەیی سەرتاسەرییان نییە. بەڵام (پ.ک.ک)ش بەپرەنسیپێکی نەفیکارانە بەرامبەر گشت پارتە سیاسییەکانی تر دەوەستایەوە؛ چونکە بەئەندازەی دژایەتیکردنی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان دژی زۆربەی هەرە زۆری هێزە کوردییەکانیش بوو و دانی بەخەباتیان نەدەنا. لەلایەکی دیکەشەوە زۆربەی پارتە سیاسییەکانی کوردستانی عیراق خۆیان بەئاشکرا دان بەو ناوچەییبوونەی خۆیان دەنێن و چالاکییە

(١٨) ایفان غروشیف، المسألة القومية في الاتحاد السوفياتي: تجارب وحلول، ت: فارس غصوب، دار فارابي، بيروت ١٩٧٣، ص٦-٧.

(١٩) عەبباسی وەلی، کوردەکان و "ئەوانی تر"یان: هەویەت و سیاسەتی پارچە پارچە بوو، وەرگێڕانی: نەزەند بەگیخانی و هاشم ئەحمەدزادە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سوێد ٢٠٠١، ل٦١.

د. وەلی دەڵێت: (پ.ک.ک) تەنیا ڕێکخراوی سیاسی مۆدێرنی بەرچاوی کوردییە کە خەباتی خۆی بەستراتیژییەکی ڕوونی ناسیۆنالیستی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەست پێ کرد. بەڵام لە مارسی ١٩٩٣دا بەدواوە دوای دە ساڵ سیاسەتی چالاکی نەتەوەیی، ئامانجی ستراتیژی خۆی گۆڕی و داوای ئافراندنی سیستمێکی سیاسی فیدراڵی لە تورکیا کرد؛ ئەم داوایە دواتر لە نوڤەمبەری ١٩٩٨، کاتێک ڕێبەرەکەی بەشوێن دۆزینەوەی چارەیەکی سیاسی بۆ شەڕی چەکداری لەگەڵ تورکیادا هاتە ئەوروپا، دابەزاندرا سەر ئاستی خودموختاری. هـ.س.پ.، ل٦٢.

سیاسییەکانیان لەو چوارچێوەیەدا چڕ دەکەنەوە. ئەمانە پاساوی جیاوازیی هەلومەرجی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە دێننەوە بۆ خۆهەڵنەقورتاندن لە کاروباری سیاسیی بەشەکانی دیکەی کوردستان.

ئەوەی لەم باسەدا لەلایەن ئێمە شیاوی گرنگیپێدانە ناسیۆنالیزمی کولتوورییە نەک سیاسی. هەر لە بنەڕەتدا ناسیۆنالیزمی سیاسی ڕەنگدانەوەی ناسیۆنالیزمی کولتوورییە. بەگوێرەی ئەو تێگەیشتنەی کە بۆ ناسیۆنالیزم هەمانە دەتوانین سیاسەتی خۆمان ئاراستە بکەین. ئێمە لایەنگری لە بۆچوونی هەرسێ بیرمەند، گیلنەر و هۆبزباوم و ئەندرسۆن دەکەین کە پێیان وایە نەتەوە پەیوەندی بەسەردەمی تازە و هەلومەرجەکانی نوێگەرییەوە (Modernity) هەیە. نەتەوە لەڕێی کۆمەڵێک فاکتەری پەیوەندیکردنەوە (Communication) دروست دەکرێت نەک خۆی لە ئەزەلدا هەبێت. خەیاڵی نەتەوەیی، ئەو توخمە سەرەکییەی ناو ناسیۆنالیزمە کە نەتەوە دروست دەکات و زامنی مانەوەیەتی. ئەگەر ماوەیەکی زۆر و بەشێوەیەکی بەرفراوان خەیاڵی نەتەوەیی فەرامۆش بکرێت، بوونی نەتەوە دەکەوێتە مەترسییەوە. کورد بەگوشاری سیاسی و کولتووری و ئابووریی وەک تۆقاندن و ئەنفال و تیرۆر و ڕاگواستن و شێواندنی زمان و کولتوور و ئیحتیکار کردن و پشتگوێخستنی ژیانی ئابووری و بەرهەمهێنان، هەست و ئینتیمای نەتەوەیی لێ ون نەبوو، بەپێچەوانەوە، ئەوانە بوون بەخۆراکی خەیاڵی نەتەوەیی و دواجار زامنی مانەوەی نەتەوە. ئەم خەیاڵ و یادەوەرییە نەتەوەییەش بەبێ ئیرادەیەکی سیاسیی هاوبەش (ناسیۆنالیزمی سیاسی) بۆ خۆنواندن لە قاڵبێکی نەتەوەییدا هۆکارێکی ناتەواوە.

ناسیۆنالیزم پەیوەندیی بەپەروەردە و کولتوورەوە هەیە و شتێک نییە بەخۆرسک لە ئەزەلەوە هەبێت، بەڵکو دەبێ بنیات بنرێ. ناسیۆنالیزم پرەنسیپێکی میتافیزیکی نییە، بەڵکو نەزعەیەکی ئیختیارییە (Voluntarism). بەو واتایە ئێمە ناسیۆنالیزم هەڵدەبژێرین و دەبێ دروستی بکەین. تەنانەت دروستبوونی نەتەوە بەندە بەدروستبوونی یادەوەریی نەتەوە و گەڵاڵەبوونی کەسایەتیی نەتەوەیی. ئەم ئەرکەش ناسیۆنالیزم دەیگرێتە ئەستۆی خۆی.

هەر نەتەوەیەک دابونەریت، ڕێوڕەسم، کولتووری عامیانە و ڕەمزگەلێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە کۆڵەکەی هاوبەندیی نەتەوە پێک دەهێنن. ئایینیش وەک توخمێکی ئامادە و چالاکی کولتووری عامیانە دەشێ لەناو ناسیۆنالیزمدا هێزێکی بزوێنەر بێت و بەردەوام لە ڕووی نەتەوەیییەوە چالاکیی پێویستی پێبدرێت. بەڵام ناکۆکیی ئیسلام و ناسیۆنالیزم لەوەدایە کە بەها و نەریتە ئیسلامییەکان، سەروو-نەتەوەیین و تایبەت نین بەچوارچێوەی دەوڵەتێکەوە. ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی دەقاودەق لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێن. ئەگەرچی دەوڵەتی پاکستان لە سەر بنەمایەکی ئایینی دامەزراوە، بەڵام بزاڤی دیوباندی لە «کۆمەڵی زانایان» (جماعة العلماء)ی ئوسوڵیدا دژی دامەزراندنی دەوڵەتی پاکستان بوون. هەروەها لەلای یەهودییەکانیش، تا ئێستا هەندێ لە یەهودییە ئۆرتۆدۆکسەکانی نیشتەجێی قودس و نیویۆرک شەرعیەتی دەوڵەتی ئیسرائیل ڕەت دەکەنەوە. هەر بۆیە کەسێکی وەک فرید هالیدای گومانی هەیە لەوەی ناسیۆنالیزم شێوەی ئایینی وەربگرێت.

شەرعییەتی بەپرەنسیپکردنی ناسیۆنالیزم لە واقعی ئێستای کوردستاندا ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردی



پرسی نەتەوەیی (The national question) هەیە. گرنگیی ئەم باسەی ئێمە و گشت ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەو بارەوە ئەنجام دراون و دەدرێن لەم خاڵەدا دەردەکەوێت. هەندێ کەس دەڵێن سەردەمی ناسیۆنالیزم بەسەرچووە. ئەگەر ئەمە بۆ ئەوروپا ڕاستیش بێت (کە وانییە، چونکە تا ئێستا گرفتی سەرەکیی هەندێ وڵات لە پێشکەتووەکانەوە بگرە تا وڵاتانی ناپێشکەوتوو نەتەوەیییە. بۆ نموونە کێشەی نەتەوەیی ئێرلەندییەکان لەگەڵ ئینگلیز) بۆ کورد ڕووی ڕاستەقینەی نییە، تەنانەت ناسیۆنالیزم بۆ نەتەوەی کورد کێشەیەکی وجوودییە.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە خاڵێک وەک پێش مەرج قبووڵ دەکات، ئەو مەرجەش لە ڕەهەندێکی ناسیۆنالیستیدا خۆی دەردەخات. ئێتنۆسی کوردی بۆ ئەوەی وەک نەتەوە درێژە بەژیانی خۆی بدات و خۆی لە دەرد و کێشە ترسناکەکان ڕزگار بکات، ناچار دەبێ خۆی کۆ بکاتەوە و شێوە نوێیەکانی پیادەکردنی پرەنسیپ و جێبەجێکردنی ئەرکگەلێک، کە پێکهاتەی پێش ناسیۆنالیزم (پێش مۆدێرن) توانای لە ئەستۆگرتن و ڕاپەڕاندنی نییە، فێربێت. پێویستبوون بەمیکانیزمێک بۆ یەکپارچەیی و سەقامگیری شەرعییەت بەناسیۆنالیزم دەدات، چونکە ناسیۆنالیزم دەتوانێت کۆمەڵGemeinschaft بکات بەکۆمەڵگا Gesellschaft. لادێ و کۆمەڵی نەریتییەکان بەشار و دەزگا مەدەنییەکان ببەستێتەوە. گرفتی نەتەوەیی ئێمە وای کردووە کە ناسیۆنالیزم بۆ ئێمە پرۆژەیەکی بەردەوام بێت. کارەسات و یادەوەرییە نەتەوەیییەکان وایان کردووە ناسیۆنالیزم خۆی پێویست بکات. لەو حاڵەتەدا ناسیۆنالیزم لە زەروورەتی بەرگریکردن لە خۆ لە بەرامبەر ئەوی دی (نەتەوەی هێرشبەر و داگیرکەر) و دواتر سەلماندنی خۆ لە ڕێی ڕزگاربوون و سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبردنەوە هاتۆتە دی. مانای ناسیۆنالیزمی دژە داگیرکەر و ڕزگاریخوازانە هەر ئەمەیە.

ئایا مەرجە یەکە بەیەکەی ئەندامانی کۆمەڵگا هەست و یادەوەرییەکی نەتەوەیی هاوبەشیان هەبێ؟ یان حوکم لە سەر زۆرینە دەدرێ، ئەم مەسەلەیە چۆن لێک دەدرێتەوە؟ بەڕای ئێمە ناکرێ گشت تاکێکی کۆمەڵگە بەشی لە کۆی ئەو هەستە نەتەوەیییە هەبێ. ئەگەر بۆ ڕۆژئاوا ڕاستیش بێت(*) کە ڕۆژانە لەڕێی ڕۆژنامەوە گشت تاکەکەسانی کۆمەڵگە یەک شت و یەک پەیام بەزمانێکی هاوبەش دەخوێننەوە، بەڵام ئەم زەمینە ئیعلامی و زمانەوانی و تازەگەرییەی ناسیۆنالیزم لەلای ئێمە بوونی نییە. دواجار، ئەگەرچی نەتەوە لە تاکەکەسان پێک دێت، بەڵام خۆی هەرگیز بریتی نییە تەنیا لە کۆی ئەو تاکەکەسانە، بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە بڵێین شەقڵ و سیماکانی ئەم پێکهاتەیە، واتە نەتەوە، شتێکی جیاوازە لە شەقڵ و سیمای هەر تاکە ئەندامێکی.

### ١- عەبباسی وەلی(**) و قەیرانی ناسیۆنالیزمی کوردی

بیروڕای جیاواز هەیە بۆ دیاریکردنی سەرەتا و خەسڵەتەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی. لەو نێوانەدا

(*) بۆ نموونە هەڵوێستی ئەمریکییەکان لە بەرامبەر ڕووداوی ١١ی سپتەمبەری ٢٠٠١ی نیویۆرک و واشنتۆن لەبەرچاو بگرە.

(**) عەبباسی وەلی لە ساڵی ١٩٥٠ لە شاری مەهاباد لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری <

عەبباس وەلی لە چوارچێوەی تیۆری سیاسیدا بۆچوونی هەڵسەنگێنراو و تایبەتی خۆی هەیە. ئەویش وەکو هەمووان لەسەر ئەوە کۆکە کە قۆناغی نوێی ناسیۆنالیزم وەک کاردانەوەیەک لە دژی ناسنامەی نەتەوە سەردەست و باڵادەستەکانی داگیرکەری کوردستان دەرکەوتووە.

بەڕای عەباس وەلی، خەبات و ئامانجی سەرەکیی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد بەرگریکردن بووە لە ناسنامەی کورد و وەستان دژی ناسنامە نەتەوەیییە سەپێنراوەکان. بەم شێوەیە وەک ئەو دەڵێ: «ئەم دیالێکتەی مقاوەمەت و حاشاکردن فۆرمی سیاسی و خاسیەتی ناسیۆنالیزمی کوردی دیاری دەکات»[٢١]. واتە بەرگریکردن لە خۆ لە بەرامبەر هێرشی نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستان، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزاڤی نەتەوەیییەوە تا ئێستا ڕەنگڕێژی سیاسەت و هەموو بزاڤێکی ناسیۆنالیستیی کوردی کردووە. عەبباس وەلی دەڵێت: «ناسیۆنالیزمی کوردی بریتییە لە سیاسەتی سەلماندنی هەویەتی نەتەوەیی کوردی»[٢٢]. سەرچاوەی ئەو ناسنامە نەتەوەیییەی کوردیش دەگێڕێتەوە بۆ مۆدێرنیتە و دامەزرانی نەتەوە – دەوڵەتی نوێ لە ناوچەکەدا. ئەو دەڵێت:

> "هەویەتی نەتەوەیی کوردی بەرهەمی مۆدێرنیتییە و سەرەتای ئەو فۆرمە تایبەتییەی کە هەیەتی، بەشێوەیەکی تەسک و تایبەت بەدەزگای نەتەوە – دەوڵەتی مۆدێرنەوە بەستراوەتەوە. ڕەگی هەویەتی نەتەوەیی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ناو پرۆسە و پراکتیکی سیاسی و کولتووریی دامەزراندنی نەتەوە – دەوڵەتی مۆدێرن و هەویەتی نەتەوەیی لەناو کۆمەڵگا هەمەڕەگەز و هەمە کولتوورییەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا دا کە لە ماوەی نێوان هەر دوو جەنگی جیهانیدا دروست بوون[٢٣]."

‹ تەورێز تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٧٢ بەکالۆریۆسی لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی میللیی ئێران وەرگرتووە. بۆ درێژەدان بەخوێندنی باڵا چووە بەریتانیا و لە ساڵی ١٩٧٦ لە زانکۆی لەندەن دکتۆرای لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا وەرگرتووە. دکتۆر وەلی دوای وەرگرتنی دکتۆرا بۆ ماوەی سێ ساڵان لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان و کۆمەڵناسی «بێرک بێک کۆلیج» (Birkbeck college) زانکۆی لەندەن خەریکی تۆژینەوەی سەروو (سوپەر) دکتۆرا بوو و دوای وەرگرتنی ئەم پلەیەش، هەر لە ساڵی ١٩٨٦ەوە تا ئێستا لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ویلز لە سوانزی (University of Wales at swansea) پرۆفیسۆری تیۆری سیاسەت و حکومەتە.

بوارە سەرەکییەکانی وانەوتنەوە و تۆژینەوەی وەلی فەلسەفەی سیاسی نوێ و لێکۆڵینەوەی تیۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هاوچەرخ و کۆمەڵناسیی سیاسی و مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و لەم بوارانەدا خودان بەرهەم وتارێکی زۆرە. زەبروزەنگ لە کوردستاندا و مۆدێرنیتە و نەتەوە بێ دەوڵەتەکان...

سەرچاوە: عباس ولی، ایران پیش از سرمایەداری، ترجمە: حسن شمس آوری، نشر مرکز، چاپ اول ١٣٨٠ (٢٠٠١)، ص٧-٨.

(٢١) عەبباسی وەلی، کوردەکان و "ئەوانی تریان": هەویەت و سیاسەتی پارچەپارچە بوو، ه.س.پ.، ل٧-٨.

(٢٢) ه.س.پ.، ل٨.

(٢٣) ه.س.پ.، هەمان لاپەڕە.



ئەگەرچی بزاڤی ناسیۆنالیستیی کوردی وەک کاردانەوەیەک (رد الفعل) وا بووە لە بەرامبەر ئەو هێزانەی هەڕەشەیان لە بوونی کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو هێزانەی کە هەستاون بەدامەزراندنی نەتەوە – دەوڵەت و جڵەوی کاروبارەکانیان بەدەستەوە بووە، لەلایەک بەسەر چوار دەوڵەت دابەش بووین و هەر یەکەیان ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتێکی تایبەتی پیادە کردووە، دەبینین ناسنامەی نەتەوەیی کوردیش مارکی ئەو هەمەجۆرییە سیاسی و کولتوورییەی «ئەوی تر»ی هەڵگرتووە. عەبباس وەلی باس لە قەیرانێک دەکات کە دووچاری پرۆسەی دروستبوونی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی بۆتەوە و پارچە پارچەی کردووە و لە یەکبوونی کردووە. ئەو پارچە پارچە بوونەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی کە ئەو هەمەجۆرییەی «ئەوی تر» تەنیا پارچەپارچەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی دیاری ناکات، بەڵکو خاسیەتێکی تایبەتی بەدەر لە سنووری نەتەوەیی پێ دەبەخشێت. دیالێکتیکی حاشاکردن و موقاوەمەت خاسیەتێکی تایبەتیی نێونەتەوەیی بەناسیۆنالیزمی کوردی دەبەخشێ کە ئەگەر باری ناوچەیی لەبار بێت، لەوانەیە سنووری پارچەبوونە کولتووری و سیاسییەکەی ناسنامەی کوردی ببڕێت. بەڵام ئەمە هەرگیز لە ئیحتیمالێکی تیۆری زیاتر نەبووە. چونکە دیسان تایبەتمەندیی نێونەتەوەیی ناسیۆنالیزمی کوردی بەندە بەهەلومەرجی بنەڕەتیی خۆیەوە کە ئەویش پەیوەستە بەهەلومەرجە ناوخۆیییەکانی کۆمەڵگای کوردی. یەکێک لەو هەلومەرجانە دواکەوتوویی ستروکتووری کۆمەڵایەتیی بۆرژوازیەتە لە شارەکاندا لە تەک دەسەڵاتی هێزی دەرەبەگایەتی و عەشایری لە ناوچەکانی دەرەوەی شاردا، کە بەتوندی تایبەتمەندیی نێونەتەوەیی ناسیۆنالیزمی کوردی دابەزاندووە. هەر ئەم هەلومەرجەش مەیلی بەمەرکەزیبوونی لاواز کردووە. ناسیۆنالیزمی کوردیش وەکو ناسنامە نەتەوەیییەکە بەقووڵی پارچەپارچە بووە. ناسیۆنالیزمی کوردی لەبەر ئەوەی لە یەکگرتوویی بنەڕەتیی کولتووری و سیاسی دابڕاوە، دابەزیوە بۆ ئاستی بزووتنەوەی خۆجێیی و ئۆتۆنۆمیخواز و باربووکراو بە بەرژەوەندیی کاتی و بەرژەوەندییە کلیەنتالیستییەکان (التابعیة– Clientalist)[٢٤].

عەبباسی وەلی، پێی وایە ناسیۆنالیزمی کوردی شتێکی زۆر نوێیە و بەپێچەوانەی لایەنگرانی تیۆری ئێتنی کە جەخت لەسەر قووڵایی و دێرینیی نەتەوە دەکەن، مێژوویەکی شەست حەفتا ساڵەی هەیە. لەو بارەوە دەڵێ:

> "ئەو سیاسەتەی پێی دەڵێن «ناسیۆنالیزمی کورد» سیاسەتێکی زۆر جەوانە، شێست حەفتا ساڵی زیاتر عومر نییە. بەڵام ناسیۆنالیزمێکی سوننەتی بەستراوەتەوە بەوەی کە چەندەی ئینساف هەبێ. هێندێکیان ئەو ناسیۆنالیزمەی دەبەنەوە دەورانی ئادەم و حەوا، هێندێکیان دەیبەنەوە سەر دەوری هەخامەنشییان، هەندێکیان بڕێک ئینسافیان زۆرترە دێنە سەدەی حەوتەم، کاتێ موسڵمانان حەملە دەکەن بەئێرانێ. ئەوانی دیکەش کە زۆرتر دەیانەوێ بیکەنە عیلمی دەیبەنە سەر دەورەی خانی لە سەدەی حەڤدە. ئەوانە

(٢٤) عەبباسی وەلی، ه.س.پ.، ل٩.

> هیقایەتی رۆمانتیکن. ئەوانە بنەمای عیلمییان نییە. ئەوەی ئەورۆ پێی دەڵێن هەویەتی یا ئایدێنتیتی میللی کوردی لەساڵەکانی سەرەتای ئەو قەرنە دەست پێ کراوە. ئێستا لە حاڵی تەحکیمدایە و وەختێکیش موحەقەق دەبێ کە چوارچێوەی حقووقی – قەزاییەکەی خۆی لە میللەتیدا وەدی بێنێ... ئەمن ناڵێم میللەتی کورد نییە، ئەمن دەڵێم میللەتی کورد بەشێوەیەکی تاریخی – فەرهەنگی، بەهەوێتییەکی قەومی هەیە، ئەوە قابیلی ئینکار نییە. ئەوە ئێمە هەمووومان لێرە دانیشتووین ئەمن بەو زمانەی قسان دەکەم کە بەشێک لەو هەوێتییەی ئێمەیە تا ئەو جێگایەی ئەمن دەتوانم بەیانی بکەم، ئێوەش تێدەگەن. کەوابوو بەو مەعنایەی ئەمن ناڵێم بەڵام دەڵێم ئەوە لە نەزەر تیۆری سیاسی – فەلسەفییەوە کافی نییە. میللەتی کورد هەوێتییەکی حقووقی – قەزایی کە پێویست بێ بۆ دروستکردنی میللەت بەعینوانی واحیدێکی حقووقی سیاسی، ئەوەی لازمە، کورد ئەوەی نییە[٢٥]."

عەبباس وەلی لە باسەکەیدا بەناوی **کوردەکان و ئەوانی تریان** باسی ئەو پرۆسەیە دەکات کە تیایدا ناسیۆنالیزمی کوردی رەنگێکی ئایینی گرتووە. بێگومان لێرەدا مەبەست لایەنە ئایینییە نەریتییەکانە نەک ئیسلامی سیاسی –ئەمەی دواییان مێژوویەکی زۆر تازەی هەیە لە کوردستاندا–، کە چۆن هەنگاوە عەلمانییەکانی وڵاتانی سەردار و داگیرکەری کوردستان خەسڵەتی چەکداریی بەبزووتنەوە کوردییەکان بەخشیوە. ئەم پرۆسەیەش بەم شێوەیە شی دەکاتەوە:

> "هەنگاوی توندوتیژیی ئەو دەوڵەتانە (تورکیا، عێراق، ئێران و سوریا) بەرەو عەلمانیەت، کوردی بەرەو ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری برد کە هەر زوو دژی ستراتیژیەتە ئۆتۆریتاریەکانی (دەسەڵاتخوازی Authority) مۆدێرنیزەکردن وەستایەوە. زراندنی مۆدێرنیتێ زۆر بەخراپی ئەو فەزا کۆمەڵایەتی – کولتوورییەی دواخست کە نێوانیی مۆدێرنیزەکردن و بەعەلمانییەتبوون دەکات لە کۆمەڵگادا. ئەم کپبوونەی ستراتیژیەتی مۆدێرنیزەکردن و عەلمانیەتبوون لە مەیدانی سیاسیی «نەتەوەیی» نوێدا «عەقڵی رەسمی» بەرەو شەڕ برد لە دژی ئایین و ترادسیۆن. «عەقڵی رەسمی» کە لەناو دەوڵەتە نوێیەکاندا بەرجەستە کراوە کۆڵەگەی حوکمە ئۆتۆریتاریەکان بوو. ئەم عەقڵە خرابووە کار بۆ بەشەرعیکردنی ستراتیژیەتیان لە مۆدێرنیزەکردن و بەعەلمانیبووندا، بەڵام لە مەیدانەکانی سیاسی «نەتەوەییدا» لەلایەن ئێتنیسیتیی سەردارەوە دیارکرابوو. لە ئەنجامدا ئێتنیسیتە ژێردەست و دامرکاوەکان خرانە پەراوێزەوە و دژایەتیشیان بۆ دەوڵەتە نوێیەکان رەنگێکی زۆری ئایین و ترادسیۆنی گرتبوو[٢٦].

(٢٥) گزینگ، ژمارە١٢، هاوینی ١٩٩٥، ل٢٤–٢٥، بەوەرگرتن لە د. ئەمیر حەسەنپوور، کوردایەتی و کێشەی تیۆری، هاڤیبوون (کوڤارا لێکۆلینێن کوردییە)، هژمار ٩، بەرلین و هەولێر ٢٠٠١، ل٨.

(٢٦) عەبباسی وەلی، ھ.س.پ.، ل٧.



عەبباس وەلی ناسیۆنالیزم لە چوارچێوەی دیمۆکراسیدا وێنا دەکات – دیمۆکراسی وەک پرۆسەیەکی سیاسی کە گشت ئەندامانی نەتەوە تیایدا بەشدار بن. هەروەها کولتووری لیبراڵیش بەمەرجێکی فەراهەمبوونی ئەو کەشە دیمۆکراسی و دواجار ناسیۆنالیستییە لە قەڵەم دەدات. ناوبراو دەڵێ:

> "لە بنچینەکانی ئەساسی بۆ بەوجودهاتنی ئیدەئۆلۆژییەکی سیاسی مونسەجیم هەبوونی: پرۆسەی دیموکراتیبوونی سیاسەت The democratization of political prosse و پرۆسەی لیبرالیزەبوونی کلتوورە the liberalization of cultural prosses، کە ببێتە هۆی ئەوەی خەڵک بتوانن لە سیاسەتدا بەشداری بکەن. مەسەلەن لە کوردستانی ئێرانێ لە هەلومەرجێکدا کە حکوومەتی رەزا شای رووخا، پرۆسەی سیاسی (political prosses) کراوە، خەڵک هاتنە نێو سیاسەتەوە. ئەو دەمی ناسیۆنالیزمی کوردی تەنێ تایبەتی یەک دوو رووناکبیر نەبوو، خەڵک لە نێو ئەو پرۆسەیەدا بوون. بۆیە ئەمن دەڵێم بەچاوی سیاسەتی مۆدێرنەوە، ئەوە دەبێ نوختەی وەرچەرخان بێ. نوختەی دەستپێکردن بێ بۆ ناسیۆنالیزم."

کەواتە کورد وەک نەتەوە نییە بەڵکو لە حاڵەتی دروستبووندایە. بۆچوونی عەبباس وەلی لەگەڵ بۆچوونی گیلنەر تێک دەکاتەوە کە پێی وایە ناسیۆنالیزم بەرهەمهێنەری نەتەوەیە، نەک بەپێچەوانەوە. وەلی دەڵێت:

> "وەختێک تەماشای تاریخی کوردستان دەکەی، تەماشای تاریخی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەی، پاشان تەماشای ئوروپا لە دەورانی کلاسیکی ناسیۆنالیزمدا دەکەی، هەرچی زۆرتر ئەوە تەئیید دەبێتەوە کە ئەوە نەتەوە نییە کە حەرەکی ناسیۆنالیتی دروست دەکا، بەڵکو حەرەکەتی ناسیۆنالیستییە کە هەم هەستی ناسیۆنالیستی بەوجود دێنێ و هەم ساختومان (پێکهاتە) و چوارچێوەی سیاسی و حقووقی چالاکی و ژیانی نەتەوە پێکدێنێ. ئامانجی ئەم سیاسەتە ناسیۆنالیستییەش ئەوەیە کە هەوێتی حقووقی و سیاسی بدا بەمیللەت و ئەو هەوێتی سیاسی و حقووقییە بەشێوەیەکی تەبیعی لە قەومیەتی میللەتەوە (نەتەوە) سەرچاوە ناگرێ، ئەگەر ئەو کەسانەی کە فکر دەکەنەوە ناسیۆنالیزم بەشێوەیەکی تەبیعی لە هەوێتی قەومی و ئێتنیسیتەی خەڵکێک لە تاریخدا بووە و لەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوانە سیاسەتی بەپێچەوانە دەبینن، نەزەرەکەی من ئەوەیە. جا وەختێک ئەو ئیستیدلالەی کە لەسەر حەق دەکرێ یانی ئەو حەقەی پێی دەڵێن «مافی چارەنووسی نەتەوەیی یان میللی»، لە راستیدا ئەوە حەقێکە کە لەسەر بنچینەی سیاسەتێکی تایبەتیی دانراوە و بەوەسیلەی سیاسەتێکی تایبەتی دیاری دەکرێ و لە نێو چوارچێوەیەکی سیاسی حقووقیشدا سەقامگیر دەبێ. جا ئەو دەبێ یان نابێ دەقیقەن پێوەندی بەوە هەیە کە ئەو سیاسەتە چۆن بەرێوە دەچێ و بە چ ئاکامێک دەگا. کە وابوو، ئەو قسە بەو مانایەیە کە نە

میللەت لەگەڵ قەومییەت یەکە، نە هەوێتی قەومی لەگەڵ هەوێتی میللی یەکە. ئەوە یەک نەتیجە. نەتیجەی دووهەمیش ئەوەیە کە میللەت ساختێکی سیاسییە، کۆنسێپتێکی سیاسییە، کۆنسێپتێکی قەومی نییە. ئەو سیاسەت دروست دەکا. هەوێتی میللیش هەوێتییەکی تەبیعی نییە، کەس لەبارەی سیاسییەوە بەکورد لە دایک نابێ. کورد بوون بەمەعنای سیاسی، بەمەعنای هەوێتی میللی پێوەندی بەئێتنیسیتەی کەسێکەوە نییە. ئێمە هەمووومان هەوێتی ئێتنیکیمان هەیە، هەموومان بەکوردی قسان دەکەین، بەڵام ئەوە بەمەعنای هەوێتی میللی نییە. هەوێتی میللی هەوێتییەکی سیاسییە کە لە سیاسەتێکی تایبەتیدا، لە پرۆسەیەکی تایبەتدا و لە دەورەیەکی تایبەتییەوە سەرچاوە دەگرێ. دەنا هەوێتی میللی بەو شێوەیە وجودی نییە کە هەر لەگەڵ هەستی میللی بەوجود هاتبێ. ئەو هەوێتییە بەشێنەیی لە چوارچێوەی سیاسەتێکی نەتەوەییدا بەوجود دێ(٢٧)."

پێکهاتە و ستروکتووری نەتەوە و ئەو چوارچێوە سیاسی و یاساییەی کە نەتەوە خۆی تێدا دەردەخات بەرهەمی ناسیۆنالیزم و بزووتنەوەی نەتەوەیین. بەو مانایە تا ئەو کاتەی ئامانجی ناسیۆنالیزم بەخشینی ناسنامەیەکی یاسایی و سیاسی نەبێت بەنەتەوە، ئەوا ئێمە نموونەیەکی "پێش نەتەوە" یان ئێتنیمان هەیە. ڕاستە دەشێ سەرچاوەی ناسنامەی نەتەوەیی خەڵک ئێتنیسیتە بێت، بەڵام ئەمە تەنیا لە ڕووی مێژووییەوە بایەخی هەیە. بیرۆکەی ناسیۆنالیزم دەبێ لە سیاسەتێکی تایبەتدا ڕەنگ بداتەوە تا بوونی نەتەوە لە چوارچێوەیەکی یاسایی- سیاسیدا بەرجەستە بکات. لەبەر ئەوەی ئێتنیسیتە جیاوازە لە نەتەوە، بۆیە عەبباسی وەلی، پشتبەستن بەئێتنیسیتە لە بزاڤی ناسیۆنالیستیدا بەکارێکی نەگونجاو دادەنێت و پێی وایە دەبێتە بنەمای تەواوی ئەو شتانەی نا دیمۆکراتیک و تەنانەت دژە دیمۆکراتیک و ڕەگەزپەرستانەن. هەروەها لە ڕووی تیۆریشەوە بەهەڵەی دادەنێت(٢٨). بەواتایەکی تر، نەتەوە قۆناغێکی پێشکەوتوو و مەدەنیی ئێتنۆسە.

نەتەوە چەمک و ستروکتوورێکی سیاسییە نەک مێژوویی. ئێمە هەموومان هەست و ئینتیمای ئێتنیمان هەیە، بەڵام وەک نەتەوەیەکی مەدەنی هێشتا نین. هەر چەندە عەبباس وەلی نایەوێ بڵێ ئێتنیسیتە لەناو بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیدا بوونی نییە. بەڵام بەم شێوەیە چارەسەری کێشەکە دەکات:

"ئێتنیسیتە شتێکی سابیت یانی ستاتیک نییە. ئێتنیسیتە وەکو هەر عامیلێکی دیکە لە تاریخدا موتەحەوول دەبێ. ئەو ئێتنیسیتەی پێش حەرەکی ناسیۆنالیستی هەیە لەگەڵ ئەو ئێتنیسیتەی دەبێتە مەبنای حەرەکەتی ناسیۆنالیستی زۆریان فەرقە(٢٩)."

(٢٧) د. ئەمیر حەسەنپوور، هـ.س.پ.، ل١١-١٢.
(٢٨) د. ئەمیر حەسەنپوور، هـ.س.پ.، ل١٢-١٣.
(٢٩) هـ.س.پ.، ل١٤.



واتە ئێتنیسیتە لە قۆناغی ناسیۆنالیزمدا لە چەمکێکی مێژووییەوە دەگۆڕێت بۆ چەمکێکی سیاسی. هەر بۆیە داوا دەکات کە «سیاسەتی ناسیۆنالیستی دەبێ لە مەسەلەی ئێتنیسیتە جوێ بکرێتەوە»(٣٠) بەڵام بەڕای ئێمە، ناسیۆنالیزم هەر چۆنێک بێت، بەشێوەیەکی جیاواز، لە توخمی ئێتنی داماڵراو نابێت. بۆیە چەسپاندنی دەقاودەقی ئەم تیۆرەی وەلی بەسەر واقعی هەرێمی کوردستاندا دووچاری گرفتمان دەکات. چونکە جێگرتنەوەی ئێتنیک بەمەرجی قانوونی -قەزائی بۆ ئێمە لە ئەگەر و خەونێک بەولاوە هیچی تر نییە.

## ٢- عەلی باپیر؛ نەتەوەپەروەری لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامیدا

عەلی باپیر، وەک نووسەر و ڕۆشنبیرێکی ئایینی لە ساتە یەکەمەکانی ڕاپەڕیندا گەورەترین کاریگەریی هەبووە لەسەر گەڵاڵەکردنی هزری گەنجی سەردەمی ڕاپەڕین بەبیر و تێگەیشتنی ئایینی لەمەڕ مەسەلە سیاسی و کوتوورییەکان لە هەرێمی کوردستاندا. تەنانەت لە هەموو ڕۆشنبیران و سەربژاردەی ئایینیی دیکە زێتر پرژاوەتە سەر مەسەلەی نەتەوە و نەتەوایەتی و هەڵوێستی ئیسلامییانەی خۆی بۆ خوێنەر و گوێگران و گۆکراوانی (مخاطب) دەربڕیوە. هەر چەندە بیروبۆچوونەکانی عەلی باپیر ناچنە ڕیزی بۆچوونە زانستییەکان لەمەڕ ناسیۆنالیزم، بەڵام بەڕادەیەکی زۆر سوودمان پێ دەگەیەنن بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی ئیسلامییانە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی. چونکە عەلی باپیر تەنیا لە چوارچێوەی سیستەمە ئایدیۆلۆژییەکەیدا بەنەتەوەپەروەری ڕازییە. ئەمەش لە بایەخی زانستییانەی بیروڕاکانی کەم دەکاتەوە. بیروڕاکانی ناوبراو لە بواری بیری ئایینی و عەقیدەی بزاڤی ئیسلامی، هەروەها و بەتایبەت کتێبی سۆزی نەتەوایەتی، کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر خوێنەری ئیسلامیی کورد، بۆیە پێویستە تاووتوێی بۆچوونەکانی بکەین. هەروەها عەلی باپیر وەک سەرکردەیەکی پارتێکی ئیسلامیش دەوری بینیوە لە پێگەیاندنی قوتابی و جیلێکی تایبەت بەخۆی، کە تەنانەت لە کاتی لێکجیابوونەوەی ئەم دواییانەی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیدا بەرچاو دەکەوت.

عەلی باپیر، لە کتێبی **سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلامدا** (چاپی یەکەم ١٩٩١ و چاپی دووەم ١٩٩٨)(٣١)، لە بنەڕەتدا دوو تێگەیشتن بۆ مەسەلەی ناسیۆنالیزم (بەگوتەی

(٣٠) هـ.س.پ.، ل١٥.
(٣١) تێڕوانینی عەلی باپیر بۆ ناسیۆنالیزم لەو کتێبەیدا، بەشێوەیەکی سەرەکی لەژێر کاریگەریی کتێبی «دکتور علي محمد نقوي، الاسلام والقومية، منظمة الاعلام الإسلامي - قسم العلاقات الدولية، سپهر/ طهران ١٤٠٤هـ (١٩٨٥)» دایە. ئەم کتێبە «ناسیۆنالیزم» بە بەنانگەوازێکی مەترسیدار دەزانێت. ئەمەش دەشێ بەدەر لە مەبەست و پساوە ئایینییەکەی بەرژەوەندی سیاسیشی لە پشتەوە بێت، چونکە نووسەری ئێرانی دەزانێت گشت هەستێکی ناسیۆنالیستی (بەتایبەت بەواتا سیاسی و ئێتنییەکەی) لە بەرژەوەندیی ئێراندا نییە، چونکە ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە چەندین نەتەوە و گرووپی ئێتنیی جیاواز پێک›

خۆی نەتەوایەتی) دەخاتەڕوو: سۆزی نەتەوایەتی وەک غەریزەیەکی سادە و سروشتی[٣٢] و ناسیۆنالیزم وەک بیری نەتەوە و نیشتیمانپەرستی کە ئامرازێکە بۆ بەڕێوەبردنی پیلانی "پەرت کە و زاڵ بە"[٣٣].

سۆزی نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری وەک غەریزەیەکی سادە و سروشتی (بەدەستەواژەی عەلی باپیر) پەیوەندی بەناسیۆنالیزمەوە نییە، بەڵکو هزری پێش ناسیۆنالیزمە. حاڵەتی یەکەم دیاردەگەلێکی مێژوویی دەگرێتەوە کە بەر لە سەردەمی ناسیۆنالیزم ئینتیمای تاکەکەسیان دیارکردووە. سۆز و پەروەرییەکە بۆ ئەو گروپ و کۆمەڵە بچووکانە بووە کە لە ئارادا بوون یان ئەو خاکەی کە تیایدا لەدایک بوون. ئەمە جیاوازە لە ناسیۆنالیزم - کە عەلی باپیر بەنەتەوەپەرستی و نیشتیمانپەرستی[*] ناوی دەبات - کە وەک پرەنسیپێکی کولتووری و سیاسی لە ژیانی تازەی ئەندامانی نەتەوەدا بایەخی خۆی وەردەگرێت. ناکۆکیی عەلی باپیر دەشێ لەبەر وشەی «ناسیۆنالیزم» بێت، کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی ئیسلامی و عەرەبی نییە و تەنانەت وەک بیرۆکەش بەندە بەمێژووی سیاسی و کولتووریی نوێی ڕۆژئاواوە. دانەپاڵی وشەی «پەرستن» بۆ هەر یەک لە نەتەوە و نیشتیمان مەزەندەی عەلی باپیرە لە ناسیۆنالیزم وەک مەترسییەک کە تیایدا نەتەوە و نیشتیمان جێی ئایین و خواپەرستی بگرێتەوە و خەڵک دووچاری شیرک بکات. لەو بارەوە عەلی باپیر دەڵێت:

‹ هاتووە. ئەمەش هەڕەشە لە ئێران وەک نیشتیمانێکی یەکپارچە دەکات. ئەم کتێبە بەچەند وتەیەکی ئیمامی خومەینی (روح الله) دەست پێ دەکات: «ناسیۆنالیزم سەرچاوەی گشت کارەساتەکانی موسڵمانانە»؛ «ئەوانەی دەیانەوێ بیری ناسیۆنالیزم بورووژێنن، دژی ئیسلام دەوەستن» الاسلام والقومية، ص٥.
کاریگەری ئەم کتێبە بەسەر سۆزی نەتەوایەنی... بەتایبەت و ئاشکرا لە بەشی دووەمیدا دەردەکەوێت. تەنانەت بیرۆکە و ناو و ناوەرۆکی تەوەرەکانی ئەم بەشە تەواو ڕستەکانی کتێبی نەقەویان دووبارە کردۆتەوە: « بەدین و خوا لەقەڵەمدانی ناسیۆنالیزمی لە ڕۆژئاوا»، «ناسیۆنالیزم بەرهەمی بۆشایی فیکرییە لە ڕۆژئاوا»، «پەیوەندی= =ناسیۆنالیزم بەئیستیعمار و سەرمایەدارییەوە»، «ناسیۆنالیزم لە سەدەی بیستەمدا»، «جیاکردنەوەی نیشتیمانپەروەری و ناسیۆنالیزم (نەتەوەپەرستی)»، «ناسیۆنالیزم وەسیلەیەکە بۆ تێکدانی یەکێتیی گەلی موسڵمان و پارچە پارچە کردنیان». بۆ ڕاستیی ئەم قسەیەمان بەراوردی لاپەڕە ٧٦-٨٨ی سۆزی نەتەوایەتی... بەلاپەڕە ١٧-٤٩ی کتێبی ئیسلام و ناسیۆنالیزمی عەلی نەقەوی بکە.

(٣٢) عەلی باپیر، سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلامدا، چاپی زاراوەی نەتەوایەتیدا، مەبەستمان پێی ئەو هەست و سۆزە سادەیەیە کە هەڵقوڵاوی سەرچاوەی سروشتی ساغی مرۆڤە. بەواتایەکی دی، مەبەستمان لە نەتەوایەتی نیشتیمان دۆستی و گەڵ خۆشەویستنە و هیچی دی». ل٧٧.

(٣٣) هـ. س. پ.، ل٩.

(*) ڕەنگە پەنابردنە بەر وشەی پەرستنی شتێک، بۆ ڕووبەڕووکردنەی بێت لەگەڵ پەرستنی ئیلاهیدا بۆ ئەوەی هەست و سەرنجی خەڵکی ئاسایی بۆ ڕاکێشێت و وەک مەترسییەک بۆ سەر بیروباوەڕی ئایینی و خواپەرستییان لە قەڵەمی بدات.



«ناسیۆنالیزم یانی نەتەوە و نیشتیمان پەرستی. چونکە وەک پێشتر ڕامان گەیاند، ئیسلام دەگەڵ نەتەوەپەرستی و نیشتیمان کردنە بت و سەنەم، دانووی ناکوڵێن و پێکەوە هەڵناکەن، لەبەر ئەوەی نەتەوەپەرستی یەکسەر لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامیدا تێک دەگیرێن و پێکەوە بەرەنگار دەبن. ئاخر لە بیری نەتەوەپەرستیدا نەتەوە و نیشتیمان دەکرێنە خوا، یان لانی کەم دەبرێنە ڕیزی خوا. بێگومان لە ئەنجامی ئەوەشدا لە حاڵەتی یەکەم کوفر و لە ئی دووەمدا هاوبەشی پەیداکردن بۆ خوا (شرک) ڕوودەدات، هەر دووکیشیاندا گەورەترین تاوانن و هەڵوەشانەوەی شایەتمانن»[٣٤]

ئەگەر سەرنجی لایەنی کەفوکوڵئاسا و خوتبەئامێزی ئەم ڕستانە بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە عەلی باپیر لەژێر کاریگەری پەیوەندی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چەند لایەنێکدا ئەمەی دەربڕیوە. لەلایەک بوونی گوتارێکی ئیسلامیی بان-نەتەوەیی کە زیاتر کتێبێکی وەکو ئیسلام و ناسیۆنالیزمی عەلی نەقەوی نوێنەرایەتیی دەکات، لەلایەکی تریشەوە بوونی چەند کەسێکی کوردی سیکولار و بایەخندەر بەپرەنسیپە ئیسلامییەکان کە لەگەڵ عەلی باپیردا کەوتوونەتە گفتوگۆ و دەمەتەقێ.

لەوانەیە برەوسەندنی بیری ناسیۆنالیستی ببێتە هۆی کاڵبوونەوەی بایەخدانە ئایینییەکان و لە سەرتاپاگیربوونی وەک بەرنامەیەکی ژیان کەم بکاتەوە، بەڵام هەمیشە لە پێگەکانی خۆیدا - لە ناخی مرۆڤ و کۆمەڵگا و تەنانەت سیاسەتیشدا- لە کارکردنەکانی خۆی بەردەوام دەبێت. مرۆڤ دەتوانێت لە چڵەپۆپەی خواپەرستبوونیدا، خاوەن خولیا و بایەخدانێکی نەتەوەییش بێت، وەک لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەماندا دەردەکەوێت.

دەشێ عەلی باپیر لەو سەرکۆنەکردنەی ناسیۆنالیزمدا چەمکە فاشیستییەکەی لەبەر چاو بێت. وەک لە سەرەتای ئەم بەشەدا گوتمان، ناسیۆنالیزم دەشێ شێوازی جیاواز بەخۆوە بگرێت: فاشیستی، ڕەگەزپەرستانە، ئایینی، لیبرال و هتد... ئێمە تاکە نموونەیەکی ناسیۆنالیزممان نییە. ئەوەی لە ئیتاڵیا بەناوی فاشیزم و لە ئەڵمانیا بەناوی نازیزم تاقی کرانەوە ناسیۆنالیزم بوون، بەڵام تاکە نموونەی ناسیۆنالیزم نین. خەباتی کورد لە دژی داگیرکەرە هەمەلایەنەکانی و فەڵەستینییەکان لە دژی ئیسرائیل و ئێرلەندییەکان لە دژی بەریتانیا و چیچینستانیش لە دژی ڕووسیا هەر ناسیۆنالیستین، جا چ ناسیۆنالیزمێکی ئێتنی بن - وەک کورد و چیچینی - یاخود ناسیۆنالیزمێکی ئایینی- وەک پاکستانی و ئێرلەندی و فەڵەستینی.

هەر چۆنێک بێت، عەلی باپیر، تەنیا لە چوارچێوەی تێگەیشتنی ئیسلامییانەی خۆی و بەمەرجی ئیسلامەتی ناسیۆنالیزم و نەتەوەگەری پەسند دەکات. ئەمە وەک ئەوە وایە ئێمە جلی کوردیمان تەنیا لەبەر ئەوە پەسند بێ، چونکە لە ڕووی شەرعییەوە پۆشتەتر و داپۆشەرترە و بۆیە برەوی پێ دەدەین، نەک

(٣٤) عەلی باپیر، سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلام دا، هـ. س.، ل٧٦.

لەبەر ئەوەی لە خودی خۆیدا بەرگێکی نەتەوەیییە.

عەلی باپیر لە ڕوانگەی تیۆری پیلانەوە (نظرية المؤامرة) سەیری ناسیۆنالیزم دەکات. بەتێگەیشتنی عەلی باپیر، ناسیۆنالیزم (وەک ئەوەی ئەو پێی دەڵێ نەتەوەپەرستی) بەرهەمی فێڵ و فرتەکانی ڕۆژئاوایە بۆ ئەوەی میللەتانی دیکەی پێ پارچە پارچە بکات و ساناتر بەئامانجی خۆی بگات کە ملکەچپێکردن و زاڵبوونە بەسەریاندا.

بەڕای ئێمە، بینین و پێناسەکردنی گشت تێگە و چەمکەکان لە ڕووی دژ یان لا بوون لەگەڵ ئیسلام و کۆمەڵگای ئیسلامیدا، تەنیا لە چوارچێوەی تیۆری پیلانگێڕیدا جێگەی دەبێتەوە. لەو حاڵەتەدا دەبێ چاومان لە ئاست مێژووی ناسیۆنالیزم لەناو ئەوروپا و گۆڕانکارییەکانی لە ئاستی ناوخۆیاندا چی ببینێت. شۆڕشی فەڕەنسی وەک سەرەتایەکی بیرۆکەی ناسیۆنالیزم هیچ پەیوەندییەکی بەکۆمەڵگا پەرتکردن و داگیرکردنی وڵاتی موسڵمانان و بەسەردازاڵبوونەوە نییە. گوتاری ناسیۆنالیستییانەی ڕۆشنگەری و تەنانەت بیرمەندێکی وەک ماکیاڤیللی لە ئیتاڵیا بۆ ئەوە بوو ئیتاڵیا لە پێنج پارچەیی ڕزگار ببێت و یەکێتییەک لە ئاستی گشت خاک و نەتەوەی ئیتاڵیا بێتە کایەوە[٣٥].

عەلی باپیر، تەنانەت گشت ئەوانەش کە (بەگوتەی خۆی) دەهۆڵی عەرەبایەتی (لە میسر) و تورکایەتی (لە تورکیا) یان لە جیهانی ئیسلامیدا لێدەدەن، چڵکاوخۆر و کاسەلێسە و کرێگرتەی ڕۆژئاوا بوون. «ئەم میکرۆبە پیسە (واتە ناسیۆنالیزم)، هەموو جیهانی ئیسلامی تەنییەوە»[٣٦]. لێرەدا عەلی باپیر. لەم هێرشبردنە سۆزدارییەی بۆ سەر بیری نەتەوەیی و نەتەوەخوازی بەردەوام دەبێت تا دەگاتە تاوانبارکردنی نەتەوەخوازان و ڕابەرانی نیشتیمانپەروەری لە دژی ئیستیعمار و داگیرکەران بە«ئەڵقە لە گوێ و کاسەلێس و هەلپەرست و خۆفرۆش و وابەستە و دابەستە»[٣٧].

دژایەتیکردنی عەلی باپیر بۆ ناسیۆنالیزم بەپلەی یەکەم لەبەر ئەوەیە کە بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریای ئیسلامیی عوسمانییە. کێشەی ئەو جگە لە ترسی بەبت بوونی ناسیۆنالیزم، ترسێکی سیاسییانەی ڕووتیشە لەوەی برایەتیی خەیاڵپڵاوانە (وەهمی)ی ئیسلامی لە بەین بچێت و کۆمەڵگا ئیسلامییەکان پارچە پارچە بن. ئەو، بەستایشکردنی کیان و برایەتیی ئیسلامی بەرفراوان هەست دەکات ناسیۆنالیزم کەشوهەوای هەناسەدانی لێ بەرتەسک دەکاتەوە و هەناسەی دەبڕێت. ئەو پێی وایە باشترین زەمینە بۆ ڕواندن و پێگەیاندنی دووبەرەکی لە جیهاندا بریتییە لە بیری ژەهراویی نەتەوەپەرستی و خاک و ئاو پەرستی، خۆکورتهەڵێنانی هەر کام لە گەلانی ئیسلامی لە جوغزی تەسکی

(٣٥) بۆ مەسەلەی پارچە پارچەیی خاکی ئیتاڵیا و هۆی بانگەشەی ماکیاڤیللی بۆ ناسیۆنالیزم، بگەڕێوە بۆ: ڕامین جیهانبەگلو، ماکیاڤیللی و بیری ڕێنیسانس، وەرگێڕانی موسڵح ئیروانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠١، ل١٤-١٥.

(٣٦) عەلی باپیر، سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلام دا، هـ. س.، ل٩.

(٣٧) هـ. س.، ل٨٣.



نیشتیمان و ڕەنگ و زمانی تایبەتی خۆیاندا و گوێنەدان بەو جوغز و زەمینە فراوانەی کە دەتوانێ تێکڕای مرۆڤایەتی- نەک هەر گەلانی جیهانی ئیسلامی- کۆبکاتەوە، کە بریتییە لە «برایەتی ئیسلامی»[٣٨]. عەلی باپیر بڕوای وایە موسڵمانان یەک کۆمەڵن و لەسەریشیان فەرزە ملکەچی ئەو قەوارە و فەرمانڕەواییە بن:

> «شتێکی ئاشکرایە کە موسڵمانان بەهەموو گەل و هۆز و خاک و وڵات و ڕەنگ و زمانە زۆر و جۆراوجۆرەکانیانەوە یەک کۆمەڵ (أمة واحدة)ن و لەسەریشیان فەرزە کە هەموویان لە ژێر یەک بەیداخ و لە نێو یەک قەوارەدا و ملکەچی فەرمانی یەک فەرمانڕەوا بن، لەگەڵ ڕێزگرتن لە پێکهێنەر و تایبەتمەندییەکانی هەر گەل و نەتەوەیەک و پاراستنیشیان، دیارە لەو حاڵەتەشدا سەرجەم موسڵمانان بەبێ هیچ جۆرە جیاوازییەک لە نێوانیاندا بەهۆی ڕەنگ و زمان و ڕەگەز و نیشتیمان و هتد...یانەوە وەک یەک بەشدارن لە بەڕێوەبردن و مشوور لێ خواردنی ئەو دەوڵەت و قەوارەیەیان و هەر کەس بەگوێرەی خەسڵەت و مەرجە بەپێویستگیراوە شەرعییەکان و بەئەندازەی لیاقەت و شایستەیی خۆی ئەرک و کار بەئەستۆوە دەگرێ و لە شوێنی شیاوی خۆی دادەنێ»[٣٩]

هەروەها لە کتێبی **ئیسلام و کێشە هەنووکەیییەکانی** (١٩٩٨)دا لە بەشی مەسەلەی نەتەوایەتی و کوردایەتیدا بەم سەرباسە دەست پێدەکات: «ئەسڵ لە بوونی موسڵماناندا یەکبوونە (الوحدة)... ئەوەش کە دەبێ موسڵمانان یەک ئۆممەت بن، لەبەر ئەوەیە کە یەک پەروەردگار و یەک بەرنامە و یەک ڕووگەیان هەیە، وە یەک ئامانجیشیان هەیە لە دونیادا کە بریتییە لەوەی بەموسڵمانانە بژین و بمرن و دین بەرپابکەن[٤٠]. وەک دیارە باپیر بۆ سەرچاوە و شەرعییەتی یەکبوونی نەتەوەی موسڵمانیش دەگەڕێتەوە بۆ پرەنسیپی تەوحید و یەکتاپەرستی. پاساویشی بۆ ئەم قسەیە ئایەتی ٩٢ لە سوورەتی «ئەنبیا»یە: «ئەمە ئایینی ئێوەیە و یەک ئایینە. منیش پەروەرندەی ئێوەم، ئەشێ هەر من بپەرستن»[٤١].

هەرچەندە عەلی باپیر ڕادەگەیەنێت کە موسڵمانێتی بەدیلی کوردایەتی نییە[٤٢] بەڵام پێی وایە حاڵەتی نەتەوایەتی و پارچەبوونی قەوارەکان بەگوێرەی نەتەوە و نەتەوەبوون حاڵەتێکی ڕیزپەڕن[٤٣]. ئەو بەبێ دیاریکردنی چەمک و تێگەیشتنی خۆی بۆ ناسنامەی نەتەوەیی پێی وایە دینداری دژی

(٣٨) عەلی باپیر، سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزمی لە تەرازووی ئیسلام دا. پ. س.، ل٨٤.

(٣٩) هـ. س. پ.، ل١٣.

(٤٠) عەلی باپیر، ئیسلام و کێشە هەنووکەیییەکانی، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٨، ل١٧.

(٤١) قورئانی پیرۆز، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار، ل٣٣٠.

(٤٢) عەلی باپیر، ئیسلام و کێشە هەنووکەیییەکانی، س. پ.، ل١٨.

(٤٣) هـ. س.، ل١٩.

نەتەوایەتی نییە، بەڵکو دینداری و وەفاداری بۆ دین و پیادەکردنی شەریعەت بەدەستی ئەو کەسانە دەکرێ کە خودان خاکێکی ئازاد و خەڵکێکی ڕزگار بن. هەروەها «ئیسلام پەکی لەسەر ئەوە نەکەوتووە و داوا ناکات خەڵک ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لەدەست بدەن و نیشتیمانەکەیان فەرامۆش بکەن ئینجا دینداری بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە...»(٤٤). لێرەدا پرسیاری ئەوە دێتە گۆڕێ کە مەبەستی عەلی باپیر لەو تێکۆشانە بۆ نەتەوە چییە؟ بێگومان دەشێ مەبەست هەمان چالاکی نواندن بێ لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا.

دەبێ لەوەش ئاگادار بین کە لە نەتەوایەتیدا کیانی بچووکتر لە نەتەوە فەرامۆش دەکرێن، بەڵام لە تێگەیشتنی ئیسلامیدا دان بەتیرە و هۆزیشدا دەنرێ و ڕێزیان دەگیرێت(٤٥). لە تێگەیشتنی ئیسلامیدا جیاوازی لە نێوان تیرە و هۆز و نەتەوە و گروپدا ناکرێ، جیاوازەکان لە سەر بناغەی «تەقوا»ن(٤٦). بەڵام، بەڕای ئێمە لە ژیانی سیاسیی دونیەویدا ناکرێ لەسەر بنەمای تەقوا ڕێز لە خەڵک بنرێ، بەڵکو مرۆڤی نوێ و هاووڵاتی (civil) لەسەر بنەمای ماف و ئەرک حسێبی بۆ دەکرێ.

عەلی باپیر لە بڕگەیەکی دیکەی کتێبەکەیدا دەڵێت: «ناسیۆنالیزم یەکێکە لەو ڕێچکە و بیردۆزە پیس و نەگبەتانەی وەک لیبرالیزم، کۆمۆنیزم، داروینیزم، فرۆیدیزم و دیموکراتیەت و سۆسیالیزم. نەک هەر ئەوە لە هەموویان پیستر و کاریگەرترە بۆ پەرتەوازەکردنی موسڵمانان و پارچە پارچەکردنی نیشتیمانی ئیسلامی و سستکردنی پەیوەندیی برایەتی نێوان گەلانی ئیسلامی(٤٧).

عەلی باپیر ئەم قسانەی لە کاتێکدا دەکات کە وڵاتانی ئیسلامی تەواو پارچە پارچەن و تەنیا عەرەبەکان بیست و چوار دەوڵەتیان هەیە- واتە دابەشبوونەکە لە ئاستی نەتەوەییدا نییە، بەڵکو لە ئاستی هەرێمی و ناوچەییدایە- بۆ ئێمە دەشێ ئاڵای کام برایەتیی ئیسلامی بەرز بکەینەوە و ئامادەی خۆتەسککرنەوە لە جوغزی نیشتیمان و زماندا نەبین؟ خەونی خەلافەت بیرۆکەیەکی سەرەکییە لە تێگەیشتنی ئوسوڵییەتی ئیسلامیدا بەشێوەیەکی گشتی. ئەمە بۆچوونی عەلی باپیریش دەگرێتەوە.

سادەیی بیری عەلی باپیر لە سۆزی نەتەوایەتیدا لەوەدا دەردەکەوێت کە پەیدابوونی بیری نەتەوایەتی و پەرەسەندنی لە نێو دونیای ئیسلامیدا دەگێڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ئەفسوناویی (٣) جوولەکەی ئەوروپی کە سەفەریان بۆ ناوچەکە کردووە: «لوملی داڤید» هەستاوە بەسەلماندنی سەربەخۆیی ڕەگەزی تورک و چاکتربوونی لە عارەب و گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵات. «داڤید لیۆن کۆهین» دەورێکی گرنگی گێڕا لە وروژاندنی هەست و بیری نەتەوایەتی لە دەروونی تورکەکان. هەروەها سێیەم کەس کە بەبڕوای ئەو گەورەترین دەوری هەبووە لە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوایەتی لەنێو گەلی عارەب و تورکدا، ڕۆژهەڵاتناسی

(٤٤) هـ.س.پ.، ل١٨.
(٤٥) هـ.س.پ.، ل١٩.
(٤٦) هـ.س.پ.، ل٢٤.
(٤٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤-٨٥، ئەم بڕگەیە لە چاپی دووەمی (١٩٩٨)دا هەندێکی لێ پەڕیوە و لە چاپی (١٩٩١)، ل١٤٩- ١٥٠ بەتەواوی نووسراوە.



ناسراو «ئەرمینۆس فامبری» کوڕی حاخامی جوولەکەی مەجەڕی بوو. ئەم جوولەکەیەش وێڕای نووسینی چەند نووسراوێکی زۆر سەبارەت بەپێویستیی بووژاندنەوەی نەتەوایەتیی تورک، چەندان جۆرە پەیوەندیی پتەویشی لەگەڵ کاربەدەست و سیاسییە دەمڕاستەکانی تورکدا بەرپاکرد(٤٨). بەگوێرەی ئەمە، پەسندکردنی بیری ناسیۆنالیزم، بەدەر لە هەموو مانا کولتووری و سیاسییەکانی ڕازیبوونە بەپلان و بیری ئەو سێ جوولەکەوە. ئەمەش بێ ئاگایی نووسەری ناوبراو دەردەخات لە مێژووی سیاسیی ناوچەکە، لە هەمان کاتدا، ئەمە بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێت بڵێین لە هەندێ تێڕوانینی ئایدیۆلۆژی و ئوسوڵیی ئایینیدا تیۆری پیلانگێڕی ئاسانترین ڕێیە بۆ لێکدانەوەی دیاردەکان.

عەلی باپیر وەک نووسەرێکی بەنفووز لە پرۆسەی ئوسوڵییەتی ئیسلامی، بۆچوونەکانی تەنیا لەو ئاستەدا چڕ ناکرێتەوە، بەڵکو بایەخی بە بواری خواناسی و ڕوکنەکانی ئیسلام و خەسڵەتەکانی موسڵمانی کامڵ و... داوە.

دواجار دەتوانین بڵێین، بیرۆکەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم، بەچەمکە نوێیەکەی لەلای عەلی باپیر نەناسراوە. ناسیۆنالیزم وەک چەمکێکی کولتووری - سیاسی لەگەڵ چەمکی ئۆممەتی (یەکبوونی) ئیسلامیدا ناگونجێت. ئەم چەمکەی دوایی جیاوازە لە چەمکی "کۆمەڵگا ئیسلامییەکان" کە ئەمیان زێتر چەمکێکی شارستانی و ڕۆحییە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم هەڵوێستە لای ئەندامان و لایەنگران و سۆزداران و خوێنەرانی برەو پێ دەدات، کە نەتەوایەتی حاڵەتێکی ڕیزپەڕ و پشتگوێ خراوە. بێگومان لەو حاڵەتەدا نابێ چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی نەتەوەیی لەم بزاڤە ئایینییە بکەین، چونکە ئەم هەڵوێستە لای تاکەکەسان بۆ نەتەوە و ناسیۆنالیزم دروست دەکات و دواتر وەک بیرۆکە بەکوفری دادەنێت و ڕەتی دەکاتەوە؛ زاراوەیەک کە لە نەریت و کولتووری ئیسلامیی کوردیدا شایانی بەرپەرچدانەوەیە.

(٤٨) عەلی باپیر، هـ. س. پ.، ل٨٥-٨٦.

## بەشی چوارەم: گەڕانەوە بۆ ئایین لە جیهان و کۆمەڵگای کوردیدا

### پێشەکییەک:

بەڵگەهێنانەوەی ئێمە لەم بەشەدا بۆ ئەوەیە کە پێمان وایە گەڕانەوە بۆ ئایین یان ئوسوڵییەت تەنیا تایبەت نییە بەکوردستان یان کۆمەڵگا ئیسلامییەکان، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانییە و ئایینەکانی تریش بەئاست و شێوەی جیاواز دوچاری هاتوون. هەروەها هەوڵ دەدەین هەندێ ئاماژە بخەینە ڕوو سەبارەت بەپەرەسەندنی دیاردە ئایینییەکان دوای ڕاپەڕین کە پێشتر ڕوویان لە کزی کردبوو.

بۆچوونی مارکس و دورکهایم و ڤیبەر لەوەدا یەکیان دەگرتەوە کە پێیان وابوو ئایینی باو لە دونیای نوێدا بەرەبەرە دەکەوێتە پەراوێزەوە و دونیەویبوون (secularization) وەک پرۆسەیەکی حاشاهەڵنەگر و حەتمی خۆی دەسەپێنێت. ئەمەش بەندە بەو خەسڵەتەی ڕۆشنگەرییەوە کە عەقلانییەت و گرنگیدان بەم دونیایە خاڵێکی هەرە سەرەکییە تیایدا. لەم سێ کۆمەڵناسانە، لەوانەیە تەنیا ڤیبەر توانیبێتی پێشبینی ئەوە بکات کە سیستەمێکی ئایینیی نەریتیی وەک ئیسلام لەوانەیە سەر لەنوێ ژیانی بێتەوە بەر و ببێتە بناغە بۆ کۆمەڵێک گۆڕانکاریی سیاسیی گرنگ لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەو شتە بوو کە لە کۆتایی دەیەی حەفتا و لە سەرەتای هەشتاکاندا لە ئێران ڕووی دا. ئوسوڵییەتی ئیسلامی لەم ساڵانەی دواییدا کاریگەرییەکی بەرچاوی کردۆتە سەر زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکان و بەتایبەت میسر، سوریا و لوبنان[(١)].

### باسی یەکەم: گەڕانەوە بۆ ئایین لە سەردەمی نوێگەریدا

دونیای نوێ هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و تا ئەم دواییانەش، لەسەر ئاستی سەربژاردەی فیکری و ژیانی ڕۆژانەدا شاهێدی دیاردەیەکی بەربڵاوە، ئەویش دووبارە سەرهەڵدانەوەی خولیای ئایینی و گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوەی ئایین کە وەک دیاردەیەکی گشتگیر خۆی ئاشکرا کردووە. ئەم دیاردەیە لە دونیای مەسیحیدا وەکو بینیمان بۆ سەرەتاکانی چاکسازیی ئایینی دەگەڕێتەوە، کاتێک مارتین لۆتەر داوای وازهێنان لە خوڕافاتی ئایینی و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی ئایین دەکات. بەم پێیە، گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی ئایین لە دونیای مەسیحیەتدا، خۆی پرۆسەیەکە لە بەرامبەر ناعەدالەتییەکانی کلێسا و وەک زەروورەتی چاوخشاندنەوە بەئایین سەری هەڵداوە.

پەرەسەندنی دیاردەی ئایینی بەدەستەواژەی جیاجیا لەلایەن ناوەندە ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و سیاسییەکانەوە گوزارشتی لێ کراوە، هەر ئەو گوزارشت لێ کردنانەش دواتر بوونەتە بناغە بۆ تێڕامان و

(١) آنتونی گیدنز، جامعەشناسی، ترجمە، منوچهر صبوری، نشرنی، چاپ سوم، تهران ١٣٧٦، ص٥٠٥.



هەڵوێست لێوەرگرتن[(*)].

گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی ئایین دیاردەیەکە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە هاتۆتە مەیدان و بۆتە جێی مشتومڕ و لێکۆڵینەوەی زۆرێک لە زانایان و تۆژەران. وەنەبێت ئەم دیاردەیە تایبەت بێت بەدونیایەکی ئایینی دیاریکراو و تەنیا کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی گرتبێتەوە، بەڵکو بەئاست و هێز و تینی جیاوازەوە لە دونیای مەسیحی و یەهودیشدا ئامادەیی هەبووە و هەیە. دوای ئەوەی کۆمەڵگا نوێیەکان ئەزموونێکی ژیانی دونیەویان بڕی و بانگەشەی لە ئەفسانەداماڵینی کۆمەڵگایان دەکرد، دوای ئەوەی کە گریمانی ئەوە دەکرا کە ئیتر زانست و ئابووری جێگەی ئایینیان گرتۆتەوە، ئەمانە ڕووبەڕووی ئەزموونێکی دیکەی نوێی ئایینی بوونەوە. لە ڕۆژئاوای سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحیدا کە ئایین زیاتر لە کلێسادا بەرجەستە دەبوو و ناوەندی دیندارانیش هەر لەوێوە سەرچاوەی دەگرت، لە سایەی بزاڤی چاکسازیخوازیی ئایینییەوە (Reformism) چەندین گروپ و کۆڕ و کۆبوونەوەی ئایینی لە ئەوروپادا سەریان هەڵدا کە لەوەو پێش نموونەیان نەبوو.

کە دەڵێین گەڕانەوە بۆ ئایین مەبەستمان ئەوە نییە تاکەکەسانی کۆمەڵگا بێ ئایین بووبن و لە ساتەوەختێکی دیکەدا هەستیان کردبێت کە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ئایین؛ خەڵک سەرەڕای ئەوەی جۆرە هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی ئایینییانەی دیاریکراو ئەنجام دەدەن، بەڵام ئاستی پێداگیرییان لەسەر ئایین لە ماوە و کاتی جیاوازدا دەگۆڕێت. بێگومان ئەم گەڕانەوە بۆ ئایینە، گەڕانەوە نییە بۆ ئەو ئایینە تەقلیدیەی کە پێشووتر بەشێوەی لاسایی کردنەوە هەبووە و بەرەو لاوازی ڕۆیشتووە، بەڵکو شوێنکەوتن و پابەندبوونێکی هوشیارانەترە بەئایینەوە.

لە ڕێی چەند گۆڕاوێکی دیاریکراوەوە دەتوانین باس لە بوونی دیاردەی ئایینی لە کۆمەڵگادا بکەین. مەسەلەی زۆربوونی ژمارەی مزگەوتەکان و ئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرێژە ئێجگار زۆر تیایاندا بۆ جێبەجێکردنی فەرزە ئایینییەکانیان و شێلگیری و پێداگرتنیان لەسەر مەسەلەی ڕێتواڵ و نەریتە ئایینییەکان، مەسەلەیەکە زۆر جێی لێ وردبوونەوەیە. بەنیسبەت دیندارێک کە خۆی لە ڕیزی ئەم حەشاماتە دیندارانەیە و بۆتە بەشێک لە دیاردەکە، ئەمە حاڵەتێکی زۆر ئاساییە و پاساوی ئایینی و تیۆلۆژیی بۆ دەهێنرێتەوە. بەڵام لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیاوە دەبێ لە پەیوەندیی بەگۆڕاوگەلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و دەروونییەوە لێکی بدەینەوە و دەرەنجامەکانی تاووتوێ بکەین. ئێمە لێرەدا بەپێویست نازانین ئەم کارە بکەین و ئەمە لە چوارچێوەی باسەکەمان بەدەرە. ئەوەندە نەبێ هەوڵ

(*) هەموو ناوهێنان و تەعبیر لێکردنێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەبەستە کە تۆژەر و باسکاری بۆ تۆژینەوە هان داوە. لەو بوارەدا بەنیسبەت ئوسوڵییەتی ئیسلامی چەند زاراوەیەک بەرگوێ دەکەون: ڕابوون (النهضة)، ژیاندنەوەی ئایین، بێداری (الصحوة)، ئیسلامی سیاسی، ئوسوڵییەت و هتد... هەروەها محەمەد ئارکۆن زاراوەی ئیسلامەوی و ڕادیکالیزمی ئیسلامی و بزاڤی ئیسلامی بەکاردێنێ. بڕوانە: محمد اركون، این هو الفكر الاسلامي المعاصر؟، ترجمة وتعليق: هاشم صالح، بيروت، ١٩٩٨، ص١٤٧.

دەدەین چەند ئاستێکی زەقی پەرەسەندنی ئەم دیاردانە بەگشتی و ئوسوڵییەتی ئیسلامی بەتایبەتی دیار بخەین.

### باسی دووەم: ئوسوڵییەت دیاردەیەکی جیهانییە

محەممەد ئارکۆن (M. Arkoun)، بیرمەندی ناوداری فەرەنسیی بەڕەچەڵەک مەغریبی، ئوسوڵییەت بەگشتی و ئوسوڵییەتی ئیسلامی بەتایبەت بەدیاردەیەکی نوێ دادەنێت کە لە سەدەی ١٨و ١٩ لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەیە مەسیحییەکاندا سەری هەڵداوە و لە دونیای عەرەبی و ئیسلامیشدا لەوەتەی پەنجاکانی سەدەی بیستەوە پەرەی سەندووە[٢]. بەڵام ئەوەی محەممەد ئارکۆن لە بیرمەندان و تۆژەرانی دیکە جیا دەکاتەوە جەختکردنەوەیەتی لەسەر لایەنی مێژوویی ئەم دیاردەیە. ئەو پێی وایە، لە ڕووی مێژووییەوە بۆ ناسینی گوتاری ئوسوڵییەتی ئیسلامی پێویستە بگەڕێینەوە دواوە بۆ سەید قوتب و تەنانەت چاکسازیخوازانی سەلەفی لە سەدەی ١٩ (وەکو جەمالەدینی ئەفغانی، محەممەد عەبدە و ڕەشید ڕەزا) و دواتر بۆ وەهابییەکان و ئینجا سەلەفییە گەورەکانی وەک ئیبن تەیمییە (١٣٢٨)، غەزالی (١١١١)، شافعی (٨٢٠)، جەعفەر سادق (٧٦٥) و حەسەنی بەسری (٧٢٨) و هتد...[٣]

ئەوەی لەم گوتارە گشتییە هاوبەشەدا بەردەوام ئامادەیە سوودوەرگرتن و جەختکردنەوەیە لە کۆمەڵێک گریمانە و بۆچوونی بەڵگەنەویست کە محەممەد ئارکۆن لە چەند خاڵێکی فیکری و ئێپستمۆلۆژی و سیاسی و مێژووییدا چڕیان دەکاتەوە[٤].

ئەلیاس یونس وا پێناسەی ئوسوڵییەتی کردووە کە بریتییە لە «هەڵوێست، کۆشش و بزاڤێک کە دەیەوێ یان هەوڵ دەدات خۆی بەبنەماکان ببەستێتەوە»[٥]. ئەگەر چی ئەم زاراوەیە مانایەکی ئابووری و سیاسی و خێزانیشی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت لە چوارچێوەی ئاییندا بەکار دەهێنرێت.

گەڕانەوە بۆ دەقە ئایینییەکان بەمەبەستی دەرهێنانی یاسا و ڕێسای ئاراستەکردنی کۆمەڵگا لە چارەگەی دوایی سەدەی بیستەمدا دیاردەیەکی تازەیە. ئەم دیاردە تازەیە ڕەگوڕیشەی هاوبەشی لەنێوان یەهودی و مەسیحی و موسڵمانەکاندا هەیە کە زۆرێک لە کۆمەڵناسان و سیاسەتناسان و هزرمەندان لێیان کۆڵیوەتەوە. ژیل کێپل (Gilles Kepel)، تۆژەر و پسپۆری فەرەنسی لە بواری ئوسوڵییەتی ئایینی، یەکێکە لەو کەسانەی کە لەم دیاردەیەی کۆڵیوەتەوە. ئەو بەهۆی لێکۆڵینەوە لەسەر وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەوڵی داوە ئەم ڕەگوڕیشە هاوبەشانە بدۆزێتەوە. کێپل هەر

(٢) محمد ارکون، ه. س. پ.، ل١٢٩.
(٣) ه. س.، ل١٦٢.
(٤) بۆ ئەم مەبەستە بگەڕێوە بۆ محەممەد ئارکۆن، ه. س. پ.، ل١٦٣-١٦٤.
(٥) بۆ پێناسەی ئوسوڵییەت سەیری ئەم سەرچاوەیە لە ئینتەرنێت بکە:
Ilyas Ba Yunus, The myth of Islamic Fundamentalism,
Online: http://www.geocities.com/college park/6453/myth.html:<20/6/2002>



لە سەرەتاوە ڕادەگەیەنێت کە دژی بەکارهێنانی زاراوەی ئوسوڵییەت یان فەندەمێنتالیزمە بۆ سەرهەڵدانی ئیسلامیی نوێ. بەڕای ئەو، ئەم چەمکە دیاردەکە سادە و لاڕێ دەکات و وا دەکات بەهەڵە لە دیاردەکە تێ بگەین[٦]. بەڵام پێداگیریی ئەو لەسەر ئەوەی کە ئەم دیاردەیە، واتە بەمەسیحی کردنەوە و بەیەهودی کردنەوە و بەموسڵمان کردنەوە (هەر سێ چەمک لەلایەن کێپلەوە بەکار هێنراون)، لەماوەی ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩٠ چالاک بووە، لەوانەیە دیسان سادەکردنەوە و دابەزاندنەوەی ماوەی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە بێت - بەدەر لە کێشەی ناولێنان- بۆ چوارچێوەیەکی زەمەنیی سنووردار. ئەم بۆچوونەی کێپل لایەنگری ئەوتۆی نین.

بۆ ناسینی ئوسوڵییەتی ئیسلامی، وەک محەممەد ئەرکۆن دەڵێ، دەبێ بەجۆرێک لە جۆرەکان بەراوردی بکەین بەئوسوڵییەتی ناو ئایینەکانی تر. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ پەنا بەرینە بەر میتۆدی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەی ئایینی و ئەو ئەرکانەی لە کۆمەڵگادا دەیگێڕن[٧].

لێرەدا بەپێویست دەزانین پێش ئەوەی باس لە ئوسوڵییەتی ئیسلامی بکەین، ئاماژەیەکی کورت بەئوسوڵییەتی یەهودی و مەسیحی بدەین.

#### ١- ئوسوڵییەتی یەهودی

ئوسوڵییەتی ئایینی لە نێوان یەهودییەکاندا، لە ڕێی دوو ڕەوتی گەورەوە دەردەکەوێت. یەکێکیان لەلایەن ئۆرتۆدۆکسییە زیادەڕۆکان (orthodoxes-The ultra)، ئەوی دیکەیان لەلایەن ناسیۆنالیستە ئایینییەکانەوە. گروپی یەکەم ستایشی یەهودییەتی سەرتاپاگیر (Regine Azria) دەکەن، واتە ژیانێک کە بتوانرێت بەتەواوەتی بەشێوازی یەهودییەت بەسەر ببرێت، ژیانێک کە بەتەواوی ڕێز لە دابونەریت و کردارەکانی نەریتی ئایینی یەهودی بگرێت. لەلای هەندێ لە یەهودییەکان ئەم ئوسوڵییەتە بەمانای ئەوەیە کە تا لە توانادا بێت دەبێ لە کۆمەڵگای دەوروبەری خۆیان دوورەپەرێز بن بۆ ئەوەی تووشی خراپی و گەندەڵییەکانی کۆمەڵگا نەبن. بۆ نموونە گروپی ناتۆری کۆرتا (Netourei Kor-ta) کە لە گەڕەکی ئۆرتۆدۆکسی توندڕەوانەی "میا شیاریم" (Mea Shearim)ی قودسدا نیشتەجێن سەر بەم ڕەوتەن. بەڵام لای هەندێکی دیکەیان، بۆ نموونە گروپی "حەسیدیم لوباڤیچ"، ئامانج چالاکی نواندنە لە پێناوی بەیەهودیکردنەوەی ئیمانداران لە کۆمەڵگای نائایینی (seculer)دا. لە ئیسرائیل ئەم ڕەوتە لە سیاسەتیشدا دەرکەوتووە، بۆیە دەبینین لە ساڵی ١٩٨٨، حیزبی ئایینی وەکو ئاگۆدات ئیسرائیل (Agoudat Israel) هاتنە مەیدانەوە، کە دەیانەویست کارێکی وا بکەن لە دامەزراوەکانی وڵات و ژیانی خەڵکدا، یاسای شەرعی بەپێش یاسای مەدەنی بکەوێتەوە. بەڵام دەستەی دووەم، واتە

(٦) ژيل كپل، اراده‌ء خداوند؛ يهوديان ومسيحيان ومسلمانان در راه تسخير دوباره‌ء جهان، نشر فرهنگ اسلامی، چاپ اول، تهران ١٣٧٠، ص١٣.
(٧) محمد اركون، قضايا في نقد العقل الديني، كيف نفهم الإسلام اليوم؟، ترجمة وتعليق هاشم صالح، دار الطليعة، بيروت، الطبعة الاولى ١٩٩٨، ص٣٢٥-٣٢٦.

ناسیۆنالیستە ئایینییەکان، لایەنگری دەمارگیریی «ئیسرائیلی گەورە»ن و داوای ئەوە دەکەن ئەو ناوچانەی لە میانی شەڕی شەش ڕۆژەی عەرەب - ئیسرائیل لە ١٩٦٧دا وەدەستیان هێنا، بەهەر شێوەیەک بێت بیکەن بەیەهودی. گرووپی «گوش ئیمونیم» و «یەکێتی یان کەرتی ئیمان» نموونەی زەقی ئەم ڕەوتەن[٨].

گوش ئیمونیم (Gush Emunim) واتە کۆمەڵی بڕواداران، بزاڤێکی سیاسی - ئایینی توندڕۆیە لە ئیسرائیل. ئەم بزاڤە لە مانگی مایسی ١٩٦٧ دوای وتاری حاخام کوک، سەرکردەی ڕۆحیی بزاڤەکە، لە (ئەکادیمیای تەلمود) مەرکەزی هاراڤ یەشیڤا (Merkaz Harav Yashiva) لە ئورشەلیم هاتە کایەوە. ئەم بزاڤە ئوسولییە هەمیشە لەگەڵ بەرپرسانی ئیسرائیل لە ململانێ دان و داواکاریی توندڕەوانە بۆ نیشتەجێکردنی ئیسرائیلییەکان لەسەر خاکی فەڵەستین دەکەن. یەکێک لەو بوارانەی کاریان لەسەر دەکرد و هۆی قەیرانەکانی ئیسرائیلیان بۆ دەگێڕایەوە؛ لاوازی بڕوای یەهودییەکان بوو[٩]. بەگوێرەی بڕوای گوش ئیمونیم نیشتەجێکردن لەسەر خاکی فەڵەستینیان بەخواپەرستی و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی تەورات لە قەڵەم دەدرێت.

هێزی سەرەکیی ئەم بزاڤە بریتییە لە لاوانی یەهودی ئەورووپی-ئەمریکی، خەڵکی ناوخۆی ئیسرائیل، منداڵی خوێندەوارانی چینی ناوەڕاست کە لە بزووتنەوەی لاوانی بەنی ئەکیڤا - بەبۆچوونی گوش ئیمونیم- پەروەردەکراون[١٠]. یەشیڤا وشەیەکی ئیسرائیلییە بەواتای "قوتابخانەی ئایینی یەهودی". ئەندامانی گوش ئیمونیم ئەو کەسانەن کە لە یەشیڤاکانی سەرانسەری جیهاندا پەروەردە کراون یان لێیانەوە نزیکن و لە ژێر کاریگەریان دان[١١].

## ٢- ئوسولییەتی مەسیحی

دوای شەڕی دووەمی جیهانی، لە سالانی ١٩٦٠و١٩٧٠ دونیای ڕۆژئاوا جۆرەها گرووپ و دەستە و بزاڤی بەخۆوە بینی کە زۆربەیان جێی باس و مشتومڕ بوون و سەرنجی گەلێک میدیا و کۆڕی ئەکادیمییان بۆ لای خۆ کێش کرد. کلێسای یەکخەر و سەرتاپاگیر، ڕۆڵەکانی خوا، جەماعەتی مەسیح، پەیامی نووری خوایی، کۆمەڵەی نێونەتەوەیی بۆ هوشیاریی کریشنا و پەرستگای خەڵک، لە گرووپە هەرە ناسراوەکانن[١٢].

زۆربەی لێکدانەوەکان، سەرهەڵدانی ئەم بزاڤانە دەگێڕنەوە بۆ قەیرانی بەها و پێوەرەکان لە کۆمەڵگا پیشەسازییە نوێیەکانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا. بەڵام ئەم گرووپە ئایینییانەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا

(8) Jean-Paul Willaims, Sociologie des religions, presses Universitaires de France, 1995, P.67.

(٩) گیدیون آران، بنیادگرایی صهیونیستی یهود: گوره مؤمنان در اسرائیل (گوش امونیم)، ترجمه احمد تدین، انتشارات هرمس، تهران ١٣٧٨، ص٤ و٥٦.

(١٠) هـ. س. پ.، ل٨٢.

(١١) س. پ.، هەمان لاپەڕە.

(١٢) همیلتون، هـ. س. پ.، ل٣٥٩-٣٦٠.



سەر هەڵدەدەن جیاوازن لەوانەی لە ڕۆژهەڵات و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەردەکەون.

ئوسولییەتی مەسیحی ڕەگوڕیشەیەکی دوورتری هەیە. بەگوێرەی بۆچوونی پۆل ویلم، سەرچاوەی چەمکی (Integrisme) کە هاوواتای وشەی (Fundanentalism)ە لە زمانی ئینگلیزیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەیرانەی کە مەزهەبی کاتۆلیک، لە کاتی چاپی یەکەمی نووسراوەکانی ڤاتیکان لە ساڵی ١٨٩١ی زایینی لەبارەی فتوای کۆمەڵایەتی (لەژێر ناوی لەبارەی کێشە هەنووکەییەکانەوە (Rerum Novarum)، ڕووبەڕووی بووەوە. قەیرانێک کە دوو تێڕوانینی جیاواز و ناکۆک بەیەکتری بۆ گێڕانەوەی کۆمەڵگا بۆ باوەشی ئایینی کاتۆلیک لەخۆگرتبوو. یەکێکیان لە ڕێی ژیاندنەوەی کلێسا بەگشت توانا و دەسەڵاتەکانی ڕابردوویەوە. ئەوی دیکەیان لە ڕێگەی گەڕان بەدوای مرۆڤ و ڕێنوێنیکردنیان لەو شوێنانەی کە تیایدا دەژیان- (بەرنامەی کاری کاتۆلیکی ئەوە بوو کە "ئێمە دووبارە برایانی خۆمان دەکەینەوە بە مەسیحی"). ئەمەش ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕیشەیی مەزهەبی کاتۆلیک بوو لە بەرامبەر نوێگەریدا، کە لیبڕالیزمی سیاسی و لیبڕالیزمی ئابووری دوو شێوەی دیار و بەرچاوی ئەم نوێگەرییە بوون؛ ئەمە یەکەم شەپۆلی «ئوسولییەتی مەسیحی» بوو[١٣].

ئوسولییەت لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەو کاتە دەرکەوت کە هەندێ لە پرۆتستانتەکان دەیانویست دژی لیبڕالیزم و (ئینجیلی کۆمەڵایەتی Social Gospel)- کە بەڕای ئەوان شەپۆلێکی مەترسیداربوون بۆ سەر بنەماکانی مەسیحییەت- بوەستن. ئەمانە داکۆکییان لە بیروباوەڕە سەرەکی و بنچینەییەکانی مەسیحییەت دەکرد و زنجیرە کتێبێکیان دەرکرد کە ناوی (The fundamentals)یان بەسەرەوە بوو، هەر لەبەر ئەوەش ناویان لێ نرا «فەندەمێنتالیستەکان». ئەم پرۆتستانتانە دژی چەمکە داروینییەکان بوون و پێیان وابوو ئەم بۆچوونانەی داروین ڕێنماییەکانی ناو ئینجیل لەبارەی دروستبوونی گەردوون بێ بایەخ و لەکەدار دەکەن[١٤].

ئوسولییەتی پرۆتستانتی داکۆکی لەسەر پەیڕەوکردنێکی ورد و درشتی پەیامی کتێبی پیرۆز دەکات. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە ئوسولییە پرۆتستانتەکان کۆمەڵە کەسێکی نەریتخواز نین کە کۆمەڵگای نوێ ڕەت بکەنەوە. ئەمانە جگە لەوەی کە سوود لە تەکنیکە نوێیەکانی پەیوەندیکردن (Communication) وەردەگرن، بڕواشیان بەلیبڕالیزمی سیاسی و ئابووری هەیە؛ هەر چەند دەیانەوێ خەسڵەتێکی ئەخلاقیی پێ بدەن. ئەمانە داوا دەکەن کردارچاکی و داوێنپاکی - بەو شێوەیەی کە خۆیان مەبەستیانە- بۆ کۆمەڵ بگێڕنەوە و لەئەنجامدا کۆمەڵگا لە ڕێی پیادەکردنی مەسیحییەتێکی چالاکەوە، بێئەخلاقی بنبڕ بکەن؛ هەر بۆیە دەبینین خاوەنی کۆمەڵێک دامودەزگای پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی بەهێزن. ئوسولییەتی پرۆتستانتی، زێتر جۆرە سەختگیرییەکی باوەڕی و ئەخلاقییە تا ئەوەی توندڕەوییەکی سیاسی بێت[١٥].

(13) Jean-Paul Willaime, op. cit., p.65.

(14) Ibid, p.66.

(15) Ibid, p. 66-67.

کێپل دیاردەی ئوسولّییەتی مەسیحی لە ئەمریکادا بەئینجیلیەتی ئەمریکا ناو دەبات، کە لە ناوچە باشوورییەکانی ئەمریکادا نیشتەجێن و زۆرجار بەکینایە بەم ناوچانە دەگوترێت «هەڵقەی کتێبی پیرۆز» (Bible Belt)[١٦].

ئینجیلییەکانی ئەمەریکا[*] رووبەڕووی پێنج کێشەی سەرەکیی دەوەستانەوە: منداڵ لەباربردن، هاوجنسبازی (Homosexuality)، خۆدەرخستنی ناشایستە لە نووسین و فیلمە تەلەفزیۆنی و سینەماییەکاندا، بەمەرکەزیبوونی مرۆڤ و تاک، لەناوچوونی خێزان[١٧]. ئەم کێشانە کێشەی تاکەکەسی نەبوون، بەڵکو پەیوەندیان بەگشت مرۆڤێکەوە هەبوو لە ئەمەریکادا، بۆیە بانگەشەی ئینجیلییەکان ڕزگارکردنی ئەمریکا بوو لەم کێشانە نەک تاکەکەس.

کێپل باس لە دەرەنجامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئوسولّییەتی مەسیحی و ئینجیلییەکان دەکات. چونکە ئوسولّییەکان هەمیشە داکۆکیان لەو وتەیەی جری فالول دەکرد کە دەیوت: «بەرپرسیارێتیی ئەمریکاییەکان ئەوەیە سەرکردەیەکی وا هەڵبژێرن کە عادیلانە و لە ڕێی خواوەندەوە حوکم بکات»[١٨]. بۆیە، کێپل سەرکەوتنی ڕۆناڵد ڕیگن لە هەڵبژادنەکانی ١٩٨٠ و دواتر لە ١٩٨٤ دەگێڕێتەوە بۆ ڕۆڵ و کاریگەریی ئوسولّییەتی مەسیحی و ئینجیلییەکان لە دروستکردنی ڕای گشتی و ئاراستەکردنی خەڵکدا[١٩].

## ٣- ئوسولّییەتی ئیسلامی

د. یوسف قەرزاوی، نووسەر و فەقیهی ناوداری ئیسلامی، زاراوەی ڕابوون (الصحوة) بۆ ڕەوتی نوێی ئیسلامی بەکاردێنێت. بەلای ئەوەوە ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بەهەڵسانەوە، هەڵسانەوە لە خەو و سەرخۆشی. کەواتە «ڕابوون واتە گەڕانەوەی هۆش و ئاگاداربوونەوە لە بێهۆشی»[٢٠].

ئەم ڕابوونە لە چەند ئاستێکدا دەردەکەوێ: ڕابوونی عەقڵ و بیر، ڕابوونی دڵ و سۆز، ڕابوونی ویست و توانا، ڕابوونی کارکردن و بانگەوازکردن[٢١].

یەکێک لەو مەسیحیانەی کە لە وڵاتانی ئیسلامیدا گەورە بووە و لێکۆڵینەوەیەکی وردی ئوسولّییەتی ئیسلامی کردووە، ڕیچارد هرایەر دێکمەچیان (R. Hrair Dekmejian)ە. ئەو لە ساڵی

(١٦) ژیل کپل، هـ. س. پ.، ل١٦٩.

(*) ئینجیلییەکان ئەوانە دەگرێتەوە کە بانگاشەی پیادەکردنی مووبەمووی ڕێنماییەکانی ئینجیل دەکەن لە ژیاندا، لە هەمان کاتدا خوێندنەوەیەکی ڕواڵەتییانە و وشە بە وشەیان هەیە بۆ ئینجیل.

(١٧) هـ. س. پ.، ل١٨٦.

(١٨) هـ. س. پ.، ل١٨٨.

(١٩) هـ. س. پ.، ل١٨٨-١٩٤.

(٢٠) الدكتور يوسف القرضاوي، الصحوة الأسلامية وهموم الوطن العربي والاسلامي، بدون مكان وتاريخ الطبع، ص١١.

(٢١) هـ. س. پ.، ل١٣.



١٩٨٥ لە کتێبەکەیدا بەناوی «ئیسلام لە شۆڕشدا؛ ئوسولّییەت لە دونیای عەرەبدا»[*] لە ڕەوتی گۆڕانی ئوسولّییەت و بناغە فیکری - سیاسییەکانی لە میسر، سوریا، عێراق، عەرەبستانی سعودی و وڵاتانی دیکەی کەنداودا دەکۆڵێتەوە. بابەتی کتێبەکە بریتییە لە تۆژینەوە لە سەرچاوە و ڕەگوڕیشە مێژووییەکان و نموونەکانی زیندووکردنەوەی ئیسلام و سیما و دیاردە جۆراوجۆرەکانی لە مەیدانی قەیراناویی کۆمەڵگای ئیسلامیی هاوچەرخدا. بەڕای ئەو بزاڤی ئوسولّییەتی ئیسلامیی هاوچەرخ، چ لە شێوە چالاکەکەی و چ لە شێوە ناچالاکەکەیدا، سێ تایبەتمەندیی گشتیی هەیە:[٢٢]

١- بەربڵاوی (الانتشار). ٢- فرەمەرکەزی (تعدد المراكز). ٣- بەردەوامی و پێداگیری (الإصرار)

بەربڵاویی ئوسولّییەتی ئیسلامی لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە گروپ و بزاڤە ئیسلامییەکان لە هەموو کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕادەی قەڵەمڕەو یان تایبەتمەندیی سیاسی، ئابووری و کولتووریان، سەریان هەڵداوە. بزاڤی بێداربوونەوەی ئیسلامی تایبەت نییە بەچەند چینێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی تایبەتەوە، هەر چەند پارێزەرانی ئەم بزاڤانە بەزۆری لە نێوان چینەکانی خوارەوە و ناوەڕاستەوە هەڵکەوتوون. لەگەڵ ئەوەشدا نیشانەکانی ئەم شێوە ژیانە ئیسلامییە لە نێوان چینەکانی سەرووی ناوەڕاست و چینی دەوڵەمەند و خۆشگوزەرانی سەرووی کۆمەڵگاشدا دەبینرێت.

بزاڤی ئوسولّییەت سەرکردەیەکی شۆڕشگێر یان تاکە ڕێکخراو و حیزبێکی مەرکەزیی نییە، بۆیە دێکمەجیان بەفرەمەرکەز ناوی دەبات. بزاڤی گەڕانەوە بۆ ڕەگوڕیشەی ئیسلامی تا ڕادەیەکی زۆر خەسڵەتی ناوچەییانەی هەیە، چونکە وەڵامێکە بۆ هەلومەرجی قەیراناویی هەر یەک لەو ناوچە جیاوازانەی تیایدا سەری هەڵداوە. بەڵام لەبەر ئەوەی بارودۆخە قەیراناوییەکانی ئەم ناوچانە لە یەکتر دەچن، دواجار بزاڤی ئیسلامیش دەشێ تایبەتمەندییەکی وەرچەرخانیی هەبێت.

بزاڤی ئوسولّییەتی ئیسلامی لە سەردەمانی ڕابردوودا دەری خستووە کە بەردەوامییەکی نائاسایی هەبووە و لە ڕەوتی پەرەسەندنی خۆیدا لە شێوەی بازنەیی (لە بازنەی مێژوویی تایبەتدا) لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی - سیاسیدا خۆی دەرخستووە.

ڕۆژیە گارودی (Roger Garoudy) لە کتێبەکەیدا بەناوی ئوسولّییەتە هاوچەرخەکان (١٩٩٠) لە دیاردەی ئوسولّییەت بەگشتی و ئوسولّییەتی ئیسلامی بەتایبەت دەکۆڵێتەوە. ئەو پێی وایە ئوسولّییەتی ئیسلامی بەرهەمی ئوسولّییە توندڕەوەکانی ڕۆژئاوایە[**]. «سەرچاوەی گشت ئوسولّییەتێک ئەمڕۆ

(*) ISLAM IN REVOLUTION, Fundamentalism in the Arab World (Syracuse University Press, 1985).

(٢٢) ريتشارد هرير دكمجيان، الأصولية في العالم العربي، ترجمة عبدالوارث سعيد، دار الوفاء، مصر الطبعة الثالثة ١٩٩٢، ص٢٠-٢١.

(**) ئەم بۆچوونەی کە گشت ڕووداو و دیاردە سلبییەکانی دونیا دەخاتە ملی ڕۆژئاوا و ئەمریکا لایەنگری زۆری هەن. هەر لەم دواییانە و لە ڕووداوەکەی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ لە ئەمریکادا کەم نین ئەوانەی پێیان وایە «ئەمریکا بەرهەمی کاری دەستی خۆی ڕنییەوە». ئەم ئاراستەیە سەرهەڵدانی ئوسولّییەتی ئیسلامی بەبەرهەم و ئەنجامی سیاسەتە دوو ڕووەکانی ئەمریکا لە قەڵەم دەدات.

بریتییە لە ڕێگەپێنەدان و جیاکرنەوەی ناسنامەکەی کە کولتوور یان ئایینەکەی بەهۆیەوە یەک دەخات»[٢٣].

گارودی لە باسی ئوسولّییەتی جەزائیردا دەڵێت: زیاتر لە سەدەیەک ئیستیعماری فەڕەنسی نەیتوانی بەها ئایینییەکانی ئەم گەلە ئینکار بکات. دوای هەوڵدانێکی زۆر بۆ لەناوبردنی بەهۆی شەڕەوە وازی لە «تواندنەوە»ی ئەوانە نەهێنا کە دەیانویست ناسنامەکەیان بمێنێ. بەشێوەیەکی پلانئامێزانە هانی توخمە دواکەوتوو و ئوسولّییەکانی دەدا و لەهەمان کاتدا، لە «زانا پێشکەوتووخوازەکانی» وەک شێخ بن بادیس و ئیبراهیمی دەدا، کە بانگەوازیان بۆ ئیسلامێکی کراوە و جێبەجێکەری پێداویستییەکانی ئەم سەردەمە دەکرد. ڕزگارکردنی جەزائیر لە ئەوانەی دەست لەسەر سنگ بوون بۆ ئیستیعمار دوو ڕەوتی لەناو سەرکردەکاندا لێ کەوتەوە کە داهاتووی وڵاتیان لە دوو شێوە لەچاوکردنەوەی نموونەی گەشەکردنی ڕۆژئاواییدا بەدیی دەکرد:

یەکەمیان، لە ئاستی بەرهەمهێناندا بەشێوازە سۆڤیەتییەکەی، هەوڵی بەپیشەسازیکردن و کۆچ پێ کردنی لادێنشینانی دەدا.

دووەمیان، بەشێوازە سەرمایەدارییەکەی لە ئاستی بەکاربردندا هانی شارنشینانی دەدا بۆ خۆشگوزەرانبوون لەسەر حسێبی جەماوەر. ئەم نموونەیەی دووەم بووە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لەنێو سەرکردەکاندا.

قەیرانی ئەم چاولێکەرییە دوو لایەنەیە لە بێکاریی زۆری لاواندا ڕەنگی دایەوە کە (٥٠٪)ی دانیشتوانی ژێر تەمەنی (١٦) ساڵیی جەزائیریان پێکدێنا. ئەم لاوانە هیچ بازاڕێکیان بۆ کاری خۆیان شک نەدەبرد و بوون بەجەماوەرێکی نائومێد. ئەم لە کۆمەڵگا بەپەراوێزبووانە بوون بەنێچیری دیاگۆجییەکان. لەوەوە ئوسولّییەت لە جەزائیردا سەری هەڵدا. بەپێی ئەم شیکردنەوەیەی سەرەوە ئوسولّییەتی ئیسلامیی جەزائیر بەرهەمی ئیستیعمار بووە[٢٤].

نەک هەر ئەوە بەڵکو گارودی، ئیسلامخوازیی ئێرانیش بەبەرهەمی ڕۆژئاوا دەزانێت. ئەو پێی وایە ئیسلامخوازیی ئێرانی بزاڤێک بوو دژی وێرانی و هەرەسی ئەخلاقیی ڕۆژئاوا کە ببووە هۆی لەبەریەکترازانی کۆمەڵگا. شۆڕشی ئێرانی وەک خاڵێکی وەرچەرخانی گەورە لە بزاڤی ئیسلامیی ئێرانیدا نموونەی ڕەتکردنەوەی ئەو وێرانییە بەڕۆژئاواییبووەیە. شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، یەکەم شۆڕش بوو کە دژی شارستانییەت [ی ڕۆژئاوا] وەستا.

**شا** ئینکاری ڕابردووی شارستانییەتێکی گەورەی وەکو ئێرانی دەکرد کە بناغەی لەسەر ئایینی ئیسلام دامەزرابوو. هەروەها زۆردارییەکی تیرۆریستیشی بەسەر ئێراندا سەپاندبوو، ئەویش بەیارمەتیی هێزێک (ساواک) کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاڵپشتیی مادی و تەکنیکیی لێ دەکرد.

---

(٢٣) روجيه غارودي الاصوليات المعاصرة: اسبابها ومظاهرها، ت: د. خليل احمد خليل، دار عام الفين، ط١، باريس ٢٠٠٠، ص٥٩.

(٢٤) هـ. س. پ.، ل٥٩-٦٢.



دروستبوونی توێژێکی بازرگانی زەبەلاحی وابەستە بەکۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان و زۆرینەی کرێکار و جوتیار و وردە بازرگان (چینی بازاڕ)ی بەپەراوێزکراو و بێ دەرەتان و دەرفەتی نە کار و نە پێشکەوتن پێ نەدراو، ئەمانە هەمووی بێزاری و ناڕەزایی خەڵکی لێکەوتەوە، نەیاری و ناڕەزاییەکانی خەڵکیش دژی حکومەت تەنیا لە مزگەوتەکاندا دەکرا دەربکەون. ئایەتوڵڵا و حوجەتولئیسلام و مەلا ئاساییەکان گەندەڵییەکانی ڕژێم و وەلائی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وەحشیگەریی کردارە قڕکاری و لەناوبەرییەکانیان بۆ خەڵک ڕوون دەکردنەوە. ئەم دەرخستن و ڕوونکردنەوانەش لە گوتاری ئەخلاقئامێزدا پێشکەش دەکران. مزگەوت و حوسەینییەکان کانگای ئەم وتارخوێنییانە بوون، تا گەیشتە ئەوەی ڕەوتێکی شۆڕشگێڕی لە دژی ڕژێم دروست بوو. ئەوانەی ڕژێم گرتنی و ئەشکەنجەی دان لە گەورەپیاوانی نەیاری خۆی، وەکو عەلی شەریعەتی، یان دووری خستنەوە و دەری کردن، وەکو ئایەتوڵڵا خومەینی، دوای مردن بوون بە«شەهید»ی ئیسلام. وشەی «شەهید» دیاردەیەکی جەماوەری و ئایینیی قووڵی ئێرانە. چونکە نموونەی یەکەمی شەهید (حوسێن)ی نەوەی پێغەمبەرە (د. خ.)، کە دووەم خەلیفەی ئەمەوی کوشتی. بەم شێوەیە لە ئێرانیشدا ئایین و سیاسەت لە قاڵبی جیهاددا، لە دژی زۆرداری و هاوڕێ بیانییەکانی ڕژێمی شادا، توانەوە[٢٥].

بەڵام هۆکاری سێیەم کە دەوری هەبووە لە گەشەکردنی ئوسولّییەتدا، بەتایبەت لە لای لوبنانییە هەرە توندڕەوەکان، سەرەڕای تێکۆشانی ڕێکخراوی ڕزگاریی فەلەستینی میانەڕەو، هەروەها لە دونیای عەرەب بەگشتی، لە سیاسەتی سەرکردە ئیسرائیلییەکاندا بەرجەستە دەبێت. هەر لەم ڕەوتەدا گارودی دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی ئوسولّییەتی ئیسرائیلی و باس لەوە دەکات کە چۆن ئیسرائیلییەکان پاساوی ئایینی بۆ سیاسەتە ئوسولّییەکانیان دێننەوە[٢٦].

گارودی یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەیدابوون و گەشەکردنی ئوسولّییەت دەگێڕێتەوە بۆ باڵادەستی و کاریگەریی ڕۆژئاوا بەسەرۆکایەتیی ئەمریکا کە، بەگوتەی ئەو، بارودۆخێکی وای خوڵقاندووە میللەتانی ئیسلامی هەست بەبوونی پیلانێکی جیهانی بکەن لەدژی خۆیان و ئەمەش دڵەڕاوکێی خستۆتە ناویان. ئەم کەشو هەوا نائارام پیلاناوییەی ئەو وڵاتانەی کە زۆربەیان موسڵمانن، وای کرد گشت هێزە دۆگماکان و ئایینە ئوسولّییەکان (ئیسلام خۆی نزیکەی ئایینێکی ئوسولّییە، یاخود ئاستێکی بەرزی بەئوسولّیبوونی تێدایە) بکەونە خۆ و خۆیان وا دەربخەن کە هێزێکن بەرگری لە کەلەپووری ئیسلامی دەکەن، بەرگرییەکی دڵسۆزانە و توند لەدژی ڕۆژئاوا و پێشەنگی هێرشە تازەکانی ئوسولّییەتی ئیسرائیل[٢٧].

هیشام شەرابی دوو ڕەوتی ئوسولّییەتی ئیسلامی لێک جیا دەکاتەوە. ئەوانەی بەر لە سەدەی بیست لەسەر دەستی جەمالەدینی ئەفغانی و محەممەد عەبدە سەری هەڵدا. ئەو تەنگژە ئەخلاقی و سیاسییەی لە

---

(٢٥) غارودی، هـ. س. پ.، ل٦٥-٦٦.

(٢٦) هـ. س. پ.، ل٧٠-٧١.

(٢٧) غارودی، هـ. س. پ.، ل٧٢.

ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستدا وڵاتانی عەرەبی لە ئەنجامی ئەمەشدا؛ دەسەڵات شەرعیەتی خۆی لەدەست دا و پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان زیاتر و زیاتر بەرەو کۆنترۆڵی و سەرکوتکردن و زۆر لێکردن ئاراستە کران. هەروەها شەڕابی ئوسوڵییەتی ئیسلامی دەبەستێتەوە بە کۆمەڵگای باوکسالاری نوێ کە وەک ڕەوتێکی چالاک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کاری خۆی دەکات و دەبێتە سیستمێکی باڵادەست(*).

ئوسوڵییەت لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەیدا، گەڕانەوەیە بۆ شێوە ژیان و مامەڵەکردنی خەڵکی قۆناغی یەکەمی ئیسلام لەگەڵ ئایین (قورئان و سوننەت). دیندارە ئوسوڵییەکان وا هەست دەکەن و پێیان وایە دەبێ وای دابنێین کە هەر ئێستا وەحی وا دادەبەزێت و هەر بەو چاوە بەردەوامییەوە سەیری دەکەن. بەڵام باوترین پێناسەی ئوسوڵییەت بریتییە لە گەڕان بەدوای ڕەگوڕیشە و بنەماکانی ئیمان و بنچینەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگای ئیسلامی (الامة) و بناغەکانی شەرعییەتی دەسەڵات (الحكم الشرعي)(٢٨). ئەمەش زیاتر جەخت لەسەر ڕەهەندە سیاسییەکەی بزاڤی ئیسلامی دەکات نەک لایەنە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکەی.

هەر واقعێکی کۆمەڵایەتی هەلومەرجی مێژوویی و ئابووری و ڕۆشنبیریی خۆی هەیە. هەر لەبەر ئەم ڕاستییە ناتوانین ئەو شیکردنەوە و لێکدانەوانەی بۆ واقعێکی کۆمەڵایەتی ئایینی دیاریکراوی وەک دونیای عەرەب کراوە بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا پیادە بکەین. بەڵام ئەمەش وامان لێ ناکات کە نەتوانین هەندێ خاڵی هاوبەش لەو نێوانەدا بدۆزینەوە.

بەڕای ئێمە، سەرهەڵدانی دیاردە ئایینییەکان چەندە هەڵقوڵاوی واقیعی کوردیی خۆمانن ئەوەندەش درێژبووەوەی ئەو ڕەوتە ئیسلامییەن کە ئەمڕۆ کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی گرتۆتەوە - ئەمەش لە سروشتی دیاردە ئایینییەکەوە ئاشکرا دەبێت. بۆیە ئەو هۆیانەی لەو بارەوە دەستنیشانیان دەکەین بەرهەمی ئەو لێکۆڵینەوانەیە کە لەسەر کۆمەڵگا عەرەبی - ئیسلامییەکاندا ئەنجام دراون.

ئوسوڵییەتی ئیسلامی، وەک هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دیکە، بەشێوەیەکی کلاسیک، دەکرێ بەچەندین هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحی و ئابووری ببەسترێتەوە. توندی و کاریگەریی ئەم هۆکارانە، یاخود لاوازی و بێ توانایی ئەم هۆکارانە ئاراستە و خەسڵەتی توندی و نەرمیی سەرهەڵدانەوەی ئایین دەستنیشان دەکەن. تەنانەت ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتی و ئەو کەسانەی کە لە ڕەوتی ئوسوڵییەتی ئیسلامیدا کاردەکەن، لەسەر تێڕوانینیان بۆ کۆمەڵگا و ئایین بێ کاریگەر نییە.

(*) هشام شرابی: پدرسالاری جدید: نظریه ای درباره تغییرات تحریف شده در جامعء عرب، ت: سید احمد موثقی، انتشارات کویر، چاپ اول، تهران ١٣٨٠، ص ٢١٥-٢١٦.

(٢٨) دکمجیان، هـ. س. پ.، ل٢١.



**باسی سێیەم: سیماکانی پەرەسەندنی دیاردەی ئیسلامی لە کوردستاندا**

دوای هاتنەکایەوەی کەشوهەوایەکی نوێ و سیماکانی تەکنەلۆژیا و پەیوەندی و کاروبارە نوێ و تا ڕادەیەک ڕەسمییەکان و کاڵبوونەوەی ڕۆڵی ئایین لە ژیانی تاک و کۆمەڵ سەرلەنوێ ئایین وەکو شتێکی سەرسوڕهێنەر ئامادەیییەکی لە جاران زێتری دەبێت. وەک لە بەشی دووەمدا گوتمان، دەشێ چەند هۆکارێک یان گۆڕاوێک وەک پێوەری پەرەسەندنی دیاردەی ئایینی لە کوردستاندا وەرگرین. لەوانە، زۆربوونی ژمارەی مزگەوتەکان و جمەهاتنیان لە خەڵک؛ بوونی حیزبە ئیسلامییەکان و فراوانبوونی ژمارەی لایەنگر و ئەندامانیان؛ بڵاوبوونەوە و زۆریی بڵاوکراوە ئیسلامییەکان لە کتێب و نامیلکە و کاسێت؛ قوتابخانە و خوێندنە ئیسلامییەکان لە ئاستی جیاوازدا؛ حیجاب و باڵاپۆشیی ئافرەتان؛ ڕیش بەردانەوەی گەنجەکان و هتد... ئەمانە کۆمەڵێک دیاردەی ئایینی بەرچاون کە پێویستە بەقووڵتر و فراوانتر لێیان بکۆڵدرێتەوە. ئێمە لێرەدا باس لە هەندێکیان دەکەین.

**مزگەوت و حوجرەکان:** لەوەتەی ئیسلام لە کوردستاندا بڵاوبۆتەوە و بووە بەناسنامەی ئایینیی خەڵک، لە هەر ئاوایی و گوند و شارێکدا مزگەوت هەبووە. مزگەوت لە یەک کاتدا هەم شوێنی خواپەرستیی کۆمەڵییانەی خەڵک بووە و هەم زۆربەی جار حوجرەشی هەبووە بۆ فێرکردن و پێگەیاندنی خوێندەوار، لە کۆمەڵگایەکی ئیسلامیی وەکو کوردستاندا، فەقێ(*) و مەلای دیکە وەک بەرهەمهێنانەوە و بەردەوامیدان بەڕێبازی ئایینی و پەرەپێدانی. هەم شوێنی کۆبوونەوە و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان بووە، هەم قوتابخانەیەک بۆ فێرکردنی منداڵ و لاوی کورد بەخوێندەواری و زانیاری ئایینی (لە ئەلف و بێ و فیقە و ڕێزمانی عەرەبی و ڕاڤەکردنی قورئان و فەرموودەکانەوە تا دەگاتە فەلسەفە و بیرکاری)(٢٩). جگە لەوەش هێزێک بووە بۆ یەکخستنەوەی کۆمەڵایەتی و هتد...

بەم جۆرە مزگەوت وەک کایەی کۆبوونەوەی خەڵکی دیندار و شوێنی خواپەرستی هەمیشە مەڵبەندێک بووە بۆ پەرەسەندنی ئایین لە کوردستاندا. ئەگەرچی لە ٧٠-٨٠کانی سەدەی بیستدا بەحوکمی تۆختربوونەوەی مۆدێرنیتە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی کوردستاندا ئامادەیی خەڵک لە مزگەوتەکاندا ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو کەمبوونەوە دەڕۆیشت(**). بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە شەپۆلێکی دیندارتربوونەوەی خەڵک دەبینین کە تا ئەو ڕادەیە دەڕۆیشت مزگەوتەکان توانای لە خۆگرتنی ئەو هەموو

(*) بۆ لێکۆڵینەوەیەکی وەسفیانەی ژیانی فەقێیەتی و پرۆسەی پێگەیاندنی مەلا لە کوردستاندا سەیری باسێکی محەممەد عەلی قەرەداغی بکە بەناوی فەقێتیی لە کوردستاندا لە کتێبی محەممەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ومیض) بەغدا ١٩٩٨، ل٩-٨٧.

(٢٩) محەممەد عەلی قەرەداغی، هـ. س. پ.، ل٦٧.

(**) بۆ پەیوەندیی ئایین و مۆدێرنیتە لە کوردستاندا سەیری مەریوان وریا قانیع، لە نێوان مۆدێرنە و ئیسلامی سیاسیدا، بکە لە گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە ١١/ ٢٠٠٠، ل١٤-١٦.

حەشاماتەیان نەبوو، بەتایبەت لە ڕۆژانی هەینیدا. ئەمە بەتایبەت لە ڕۆژانی هەینیدا باشتر دەردەکەوت. هەر گوندێکیش کە دوای ڕاپەڕین ئاوەدان دەکرایەوە پێش هەموو شتێک بیر لە دروستکردنی مزگەوت دەکرایەوە تیایدا، ئەمەش لە ڕێی یەکێک لە ڕێکخراوە خێرخوازییە ئیسلامییەکان (بۆ نموونە ڕابیتەی ئیسلامیی کورد و دەزگای فریاکەوتنی ئیسلامی لەو بارەوە زۆر چالاک بوون) یاخود لەلایەن خەڵکی ئاوایی و دەوڵەمەندانی ناوچەکەوە پارەی بۆ تەرخان دەکرا. لە گوندەکاندا مزگەوت جگە لە لەلایەنە ئایینییەکەی، شەرعیەتیش بەگوند و کەسێتی گوند دەدات و هێزێکە دەسەڵات بەگوند دەبەخشێ.

قەرەباڵغیی مزگەوتی شارەکان بەند بوو بەشێوازی وتارخوێنی و ئاستی کاریگەری لەسەر جەماوەری موسڵمان و بەتایبەت گەنجەکان، کە وای دەکرد تامەزرۆی گوێگرتن بن لە وتارە درێژ و حەماسییەکانی وتاربێژی مزگەوتەکان.

لێرەدا پێویستە هەندێ زانیاریی چەندایەتی لەبارەی ژمارەی مزگەوتەکان و بۆ نموونە لە شاری هەولێردا بەرچاو بخەین:

لە پارێزگای هەولێردا (١٥٠٣) مزگەوت هەیە کە (١٣٢٧)یان وتاری هەینیی لێ دەخوێندرێتەوە. لەو ژمارەیەدا (٢٧٨) مزگەوت لەناو شاری هەولێرە کە (١٣٧)یان وتاری هەینیی تێدا دەخوێندرێ. ئەوەی دەمێنێتەوە بەسەر دەوروبەر و شارۆچکە و گوندەکانی سنووری پارێزگای هەولێردا دابەش دەبن[٣٠].

هەروەها لە ساڵی ١٩٩٢ەوە تا ساڵی ٢٠٠٠ نزیکەی (٣٢) مزگەوت لە ڕووبەری (٧٩١٥١) مەتری چوارگۆشە لە ناو شاری هەولێردا دروست کراون[٣١]. ئەمە جگە لە نۆژەنکردنەوە و گەورەکردنی زۆربەی مزگەوتەکانی دیکە کە ئێمە ڕۆژانە بەچاوی خۆمان دەیانبینین.

دروستکردنی مزگەوتی نوێ و نۆژەنکردنەوە و گەورەکردنی کۆنەکان بەلایەک، ئەو قەرەباڵغییەی کە ڕۆژانە و بەتایبەتی لە نوێژی هەینی لە مزگەوتەکاندا دەبینرێت خۆی نیشانەی ئامادەیی و کاریگەریی ئایینە لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵدا. بەر لە ڕاپەڕین، ئێمە هەستمان پێ دەکرد کە زێتر بەساڵاچووان سەردانی مزگەوتیان دەکرد و ڕێژەی ئامادەیی لاوان لەو مزگەوتانەدا کەمتر بوو. لە دوای ڕاپەڕینەوە لاو و تازەپێگەیشتووی وا دەبینین کە ئەگەر بەزۆرلێکردنی باوک و دایکیشیان بووایە ئامادە نەبوون سەردانی مزگەوت بکەن بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکە ئایینییەکانیان، بەڵام ئەمڕۆ نەک هەر لە ڕۆژی هەینی بەڵکو زۆربەی نوێژەکانی تریش بەکۆمەڵ لە مزگەوتەکان دەکەن. ڕەونەق و ئاوەدانیی مزگەوتەکان لە بەرچاوی هەموومانەوە دیارە. مزگەوتێکی گەورەی وەک "مزگەوتی سەواف" لە ناو شاری هەولێردا ڕۆژانی هەینی

(٣٠) چالاکییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی (ساڵی ٢٠٠١) چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ل٣١.

(٣١) عومەر شێخ لەتیف بەرزنجی، گەشتێک بۆ ناو مزگەوت و تەکیەکان لە ناو شاری هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، ژمارە (١)، هەولێر، ٢٠٠١، ل٤١٠-٤١١.



نزیکەی ٢٥٠٠-٣٠٠٠(*) کەس لێیی ئامادە دەبن.

بەشێوەیەکی گشتی، هەمیشە قەرەباڵغیی ئەو مزگەوتانە زێتر بووە کە وتارخوێنەکەیان حەماسیتر خوتبەی داوە، کە زۆربەیان سەر بەحیزبە ئیسلامییەکانن. لە ناو شاری هەولێر خەڵکێکی زۆر لە وتارەکانی مەلا عەبدولقادری برایەتی، مەلا عەبدولغەنی و مەلا سەید ئەحمەد و مەلا بەشیر و مەلا شێرزاد و مەلا جەمیل و مەلا موسا و مەلا عوزێر ئامادە دەبوون. هەروەها لە دەرەوەش وتارەکانیان لە ڕێی کاسێتی تۆمارەوە بڵاودەکرانەوە و خەڵک گوێبیستی دەبوون. «پێشتریش، لەساڵانی حەفتا و هەشتاکاندا بەهێزترین و دیارترین وتارخوێن بریتی بوون لە مەلا محەممەدی شارەزووری، مەلا شێخ محەممەد بەرزنجی، مەلا عەبدولڕەحمانی برایەتی و مەلا ئەحمەدی خانەقا»[٣٢].

قەرەباڵغیی ئەم مزگەوتانە هەمیشە لە مانگی ڕەمەزاندا زۆرتر دەبێت.

**حیزبە ئیسلامییەکان:** دەشێ ڕەوتی گەڕانەوە بۆ ئایین لە شێوە چالاکەکەی لە کوردستاندا، لە ڕووی مێتۆدییەوە، بەسەر چەند قۆناغێک دابەش بکەین:

١- قۆناغی بانگکردنی تاکەکەسی و کەسبکردنی چەند ڕەمزێکی بنەماڵەدار و چەند بنەماڵەیەکی ئایینی لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک و دامەزراندنی چەند خێزان (الأسرة) و کەرت (شعبە)ێک. بەنموونە، گرتنی بنەماڵەی مامۆستا عەبدولعەزیز (مامۆستا مەلا عوسمان، مەلا عەلی، مەلا سدیق، مەلا عومەر). هەروەها کەسبکردنی بنەماڵەی مامۆستا مەلا بەهاء (باپیرەی سەلاحەدینی ئەمینداری ئێستای یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) لە سلێمانی، کەسبکردنی چەند بنەماڵەیەک لە هەولێر وەک بنەماڵەی مامۆستا خەلیل و مامۆستا فوئاد چەلەبی. ئەم قۆناغە ساڵانی ٦٠ و ٧٠ی سەدەی بیست دەگرێتەوە.

٢- قۆناغی ڕێکخستن و پێکهێنانی گروپ و کۆمەڵی جۆراوجۆر کە جۆرێک لە مەنهەجیەت و مەرکەزیەت لە کاری هەر یەک لەو گروپ و کۆمەڵانەدا هەبوو، ئەمەش بەدرێژایی هەشتاکان بەردەوام دەبێت، تا لە ١٩٨٧ بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی لێ دەکەوێتەوە.

٣- قۆناغی دوای دامەزرانی بزووتنەوە کە لە دوای ڕاپەڕینەوە دەست پێ دەکات و چەندین حیزبی سیاسیی ئیسلامی دێنە مەیدانەوە[٣٣].

مێژووی کۆڕوکۆمەڵ و کەسایەتیی ئیسلامی لە کوردستاندا درێژترە لە مێژووی حیزبە ئیسلامییەکان.

(*) ئەم حیسابەمان بەگوێرەی ژمارەی کەسەکان لە هەر پۆلێک و ژمارەی پۆلەکان مەزندە کردووە.

(٣٢) ئەم ڕوونکردنەوانە بەرهەمی گفتوگۆیەکی تۆژەرە لە ٢٥/٧/٢٠٠٠ لەگەڵ بەڕێز عەبدولکەریم فەتاح، نووسەر و تۆژەر لە بواری ڕابوون و فکری ئیسلامی لە کوردستاندا. ناوبراو خۆی ئەزموونی نزیکەی ١٨ ساڵی لەگەڵ کۆمەڵی ئیخوان و یەکگرتووی ئیسلامدا هەبووە

(٣٣) هەمان گفتوگۆی پێشوو.

بەڵام یەکەم حیزبی ئیسلامی بەبنکەیەکی فراوانەوە بەناوی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان بەسەرکردایەتی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز لەساڵی ١٩٨٧ دامەزرا. ئەم بزووتنەوە ئیسلامییە یەکێک بوو لە بەرهەمەکانی ئەو ڕابوونە ئیسلامییەی لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانەوە سەری هەڵدابوو. مزگەوتەکان بەتایبەت لە قەزا و ناحیەکاندا بوون بەزەمینەیەک بۆ ڕێخۆشکردن و مەڵبەندی چالاکیی جۆراوجۆر لە خوێندنی قورئان و هەڵقەی وانە وتنەوە لە کۆتایی هەشتاکاندا. لە ئەنجامی فشار و زۆریی ڕژێم لەسەر کوردستان، ئەندامگەلێکی ئەم ڕابوونە ئیسلامییە ڕوویان لە ئێران کرد. بزووتنەوەی ئیسلامی لەسەر دەستی کۆمەڵێک مامۆستای ئایینی و گەنجی خوێنگەرم لە ئێراندا دامەزرا. ئەم ڕاگەیاندنە وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە خەباتی ئیسلامییە کوردەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا(٣٤).

هەر لەگەڵ ڕاپەڕیندا بزووتنەوەی ئیسلامی بەکۆمەڵێک وتارخوێن و نووسەر و مامۆستای ئایینییەوە هاتە مەیدان کە ئەمانە لە یەک کاتدا کۆمەڵێک بابەتی گرنگ و گەورەیان دەورووژاند(*):

زۆرداریی ڕژێمی بەعس لە کۆمەڵگای کوردی کە تازە لە چنگی ڕزگارببوو، ڕەتکردنەوەی گشت ئایدیۆلۆژیاکان بەیەکەوە، بەعسیزم، سۆسیالیزم، شیوعیەت، ناسیۆنالیزم و لیبرالیزم، و داواکردنی وازهێنان لەم ڕێبازانەوە و گەڕانەوە بۆ باوەشی ئیسلامی بەرایی، ڕەخنەی توند لە بەرپرسانی حیزبەکانی دیکەی کوردستان بەتۆمەتی گەندەڵی و پشتگوێخستنی ئیسلام و هەوڵنەدان بۆ چەسپاندنی. لەو خاڵەشەوە دەچوونە سەر مەسەلەی گێڕانەوەی حاکمیەتی خوا و خەلافەتی ئیسلامی، ئەمانە هەمووی دەبەسترانەوە بەچەمکی یەکتاپەرستیی ئیسلامییەوە. ئەمە قۆناغێکی تازە بوو خەڵکی دینداری ڕاچڵەکاند و هوشیارکردەوە کە ئایین تەنیا بریتی نییە لە نوێژ و ڕۆژوو و مەسەلە خواپەرستییەکان و ئەوەی تا ئێستا بەناوی ئایینەوە ئەنجام دراوە و دەدرێت پڕ لە کەموکورییە. لێرەوە مەسەلەی یەکتاپەرستی لە ڕێی گێڕانەوەی حوکم و دەسەڵاتی زەوتکراوی خوا لەسەر زەوی لەلایەن جێنشینانیەوە بووە باسێکی جەوهەریتر و بەهۆیەوە هەرچی هێز و هەوڵدانە لە دەرەوەی ئەو بەرنامە ئیسلامییەوە بەکوفر و لاڕێبوو و شیاوی بەرەنگاریبوونەوە وەسف دەکران.

ساڵی ١٩٩٤ و لە گەرمەی تەنگژە و شەڕی نێوان یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستاندا حیزبێکی ئیسلامیی دیکە ڕاگەیەنرا بەناوی (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان)ەوە کە ئەمینداری گشتیان سەڵاحەدین محەمەد بەهائەدینە. یەکگرتووی ئیسلامی درێژەپێدەری خەباتی نهێنیی ئیخوانولموسلیمین بوو لە کوردستان(٣٥).

---

(٣٤) عەبدولکەریم فەتاح، نامەیەک لە دوو توێی باسێکدا، گۆڤاری ژیار، ژمارە ١٠،١١ زستان و بەهاری ٢٠٠٢، ل٩.

(*) ئەم ڕوونکردنەوانە ئەنجامی چاودێریی ڕاستەوخۆی تۆژەرن، هەر چەند بۆ ئەوەی باشتر و وردتر لەم بابەتە بڕوانین پێویستمان بەشیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەرهەم و بڵاوکراوانە هەبوو کە لەلایەن ئەم حیزبەوە بڵاودەکرانەوە، ئەمەش لە توانای ئەم تۆژینەوەیە بەدەرە.

(٣٥) عەبدولکەریم فەتاح، نامەیەک لە دوو تووێی باسێکدا، هـ. س. پ. ل٩.



هەر بۆیە ئەم حیزبە ساڵی ١٩٩٤ بەساڵی ئیعلانکردنی حیزب ناودەبات نەک دامەزراندن، دەنا وەک کەسایەتی و کۆمەڵی بچووک سەر بەڕێبازی ئیخوان بەنهێنی کۆڕ و کۆمەڵیان هەر هەبووە و مێژوویەکی دێرینیان هەیە.

ئەم حیزبە دوای لاوازبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی دەرفەتی گەشەکردنی باشی بۆ ڕەخسان بەتایبەت لە نێوان گەنجانی زانکۆیی، تا ئەو ڕادەیەی کە یەکگرتووی قوتابیان لە ساڵانی ١٩٩٧و١٩٩٨ لە هەندێ شوێن کێبڕکێی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دەکرد. بەڵام ساڵی ١٩٩٨ وەک چۆن لووتکەی گەشەسەندنی یەکگرتوو بوو هەر ئەو ساڵەش بووە خاڵی پاشەکشە و بەرەو کزی ڕۆیشتنی ئەم حیزبە، تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێ ئەمڕۆ بەقۆناغی چوونەوە ناوخۆی ئەم حیزبە وەسف بکەین.

جگە لەوە باڵێکی دیکەی ناو ئیخوان هەر لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا حیزبێکیان بەناوی بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی بەسەرکردایەتی مەلا سدیق عەبدولعەزیز دامەزراند کە دواتر لە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی بزووتنەوەدا لەگەڵ ئەم حیزبەدا یەکیان گرت و بەهەردووکیان حیزبێکی دیکەیان بەناوی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی دامەزراند. لە ساڵی ٢٠٠١دا بەهۆی کۆمەڵێک ناکۆکی لە ئاستی سەرکردایەتیدا بزووتنەوەی یەکبوون هەڵوەشایەوە و باڵی بەهێز و گەورەتریان "کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان"ی بەڕابەرایەتیی شێخ محەممەد بەرزنجی و ئەمیرایەتیی عەلی باپیر دامەزراند.

هەر ساڵی ٢٠٠١ لە ئەنجامی هەڵوەشانەوەی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی، باڵی هەرە توند و جیهادییەکەی ناو ئەم حیزبە گروپێکی چەکداری تری بەناوی جند الاسلام لە ناوچەی بیارە کۆکردەوە. ئەمانەش دواتر ساڵی ٢٠٠٢ لەگەڵ کەسایەتییەکی دیکەی ناو بزووتنەوەی جاران (مەلا کرێکار) و کۆمەڵە کەسێکی شوێنکەوتەی یەکیان گرت و پشتیوانانی ئیسلام «پاک»یان بەسەرۆکایەتی ناوبراو پێکهێنا.

ئەمە کورتەیەکی پوختکراوەی سەرهەڵدانی حیزبە ئیسلامییەکان بوو لە هەرێمی کوردستان. ئەم حیزبە ئیسلامییانە کارێکی تەوەری و سەرەکیان دانانی چەمکی کەسایەتیی ئیسلامییە لە بەرامبەر هاوڵاتیدا. زاراوەی موسڵمان لە ناو ئەم حیزبانەدا بەو کەسانە دەگوترێت کە ئەندام یان لایەنگری حیزبەکەی خۆیانن، هەڵبەتە بەلەبەرچاوگرتنی بەدگومانی و ناکۆکییەک کە لە نێوان حیزبەکان خۆشیاندا هەیە بەرامبەر بەئاستی ئیمان و دڵسۆزی بۆ ئایین. بەڕای ئێمە ناکرێ ڕابوونی ئیسلامی لە کوردستان لە یەک نموونەدا کۆبکەینەوە- ناکۆکییەکە هەر لەسەر بڕوابوون بەچەک و بێچەک بوون، خەباتی عەسکەری و خەباتی مەدەنیدا نییە، بەڵکو جیاوازییەکە لە شێوەی کارکردنیشیان دایە. بەڵام ئەم ناکۆکییانە ناگەنە ئاستی ئامانجەکان، هەر دوو ئاراستەی چەکدار و بێ چەک لەسەر چەسپاندنی شەریعەت و گێڕانەوەی حوکمی خوا و دامەزراندنی کۆمەڵگا و دەوڵەتی ئیسلامی لێکچوو و هاوبەشن. ئەمە جگە لەوەی زۆربەی ناکۆکییەکانی خۆیان هەڵگری ئەو خەسڵەتانەن کە چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی هەیانن.

ئیسلامییەکانی کوردستان لە ڕووی موسڵمانبوون و تەقواوە کۆمەڵ پۆلین دەکەن، بۆیە دەبینین لە

ڕوانگەیەکی سەرووی نەتەوەییەوە سەیری نەتەوایەتی دەکەن، و لەو دیو کێشەکانیەوە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن. کاتێک دەڵێن ئایینی ئیسلام دانی ناوە بەگەلان و زمان و لەهجە و هۆزەکان – کە هەمان گەڕانەوەیە بۆ ئەو تێگەیشتنەی لە قورئانەوە وەرگیراوە– ئەوا سەرنجی سەروو سروشتی و سەروو مێژووییانە دەدەنە نەتەوە. هەرچی هەبێت ئیسلامییەکانی کوردستان نەتەوە و نەتەوایەتیی کوردی ڕەت ناکەنەوە، بەڵکو لە قاڵبی دەدەن. هەروەها بەگشتی ئەم جیاوازییە نەتەوەییانە بەنیشانەی پەروەردگاریێتی و بەڵگەی باڵادەستیی خوای گەورەی دادەنێن(٣٦) نەک چەمکێک بۆ خۆناسین و خۆ پێ ناساندن(مەسەلەی ناسنامە).

**ئەدەبیاتی نووسراوی ئیسلامی:** مێژووی ئەدەبیاتی نووسراوی ئیسلامی بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، کاتێک شێخ عەبدولعەزیز پارەزانی کتێبی ژیانی پێغەمبەری مەزن و پێنج پایەکانی ئیسلامی نووسی. هەروەها مەلا محەممەدی شارەزووریش لە ساڵانی دواتردا، واتە لە نیوەی دووەمی حەفتاکان تا نیوەی یەکەمی هەشتاکان، لە ڕێی کۆمەڵێک کتێب کە زیاتر خوێنەری گەنج تامەزرۆی بوو، ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕا لە وەرچەرخانی ڕووی لاوان بەرەو ئایین. نموونەی کتێبەکانیشی ئەمانەن: سروشت لە تەرازووی ژیریدا، داروین لە تەرازووی ژیریدا، فرۆید لە تەرازووی ژیریدا و هی تریش(٣٧).

هەروەها لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتاکانیشدا کەسانی وەک عەلی باپیر و حەبیب محەممەد سەعید و حەسەن پێنجوێنی کاریگەرییەکی سەرەکیان هەبوو لەسەر دروستبوونی ڕەوتی ئیسلامی لە ساڵانی دواتردا.

ئا لەو سەروبەندەدا وەرگێڕدراوەی کتێبی (معالم في الطريق)ی سەید قوتب لەلایەن مەلا کرێکار و سۆزی نەتەوایەتیی عەلی باپیر لە پاڵ کاسێتی وتارخوێنانی پڕ جۆش و خرۆش و هەڵچوونی وەک مەلا کرێکار و عەبدولقادری برایەتی و مەلا غەنی و مەلا جەمیل و هتد... بڵاودەکرانەوە و دەستاو دەست دەکران کە پڕ بوون لە کەفوکوڵ و هەستی بەرزی بەرەنگاربوونەوە و هێرش بۆ سەر هەر چییەک کە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیدا نەدەگونجا بەناوی یەکتاپەرستی و هەوڵدان تەنیا لە پێناوی ڕێبازی خوادا.

هەروەها هەر لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا چەندین کتێبفرۆشیی تایبەتمەند بەبەرهەم و بڵاوکراوەی ئایینی دامەزران کە بەرهەمیان سەرەتا زێتر بەزمانی عەرەبی و دواتر لە شێوەی کتێب و نامیلکەدا بەزمانی کوردی و عەرەبی بڵاودەکردنەوە. ئەم بەرهەمانە ئاراستەی جیاجیا ڕەنگ پێدەدەنەوە کە زۆربەیان لە نووسەرانی ناوداری دونیای بیری ئیسلامیی نوێن.

(٣٦) تیشکێک لەسەر پرۆگرامی یەکگرتووی ئیسلامی، لە بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، چاپی یەکەم ١٩٩٨، ل٣١.
(٣٧) گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولکەریم فەتاح.



## باسی چوارەم: میکانیزمی کارلێککردنی بیروباوەڕی ئایینی و ناسیۆنالیزم

بیری ئیسلامی لە شێوە هاوچەرخەکەیدا، واتە ئوسوڵییەتی ئیسلام، لە کۆمەڵگای کوردیدا دیاردەیەکی نوێیە و لە چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەم بەولاوەتر ناڕوات. ئەگەرچی لە سەرەتاکانی ساڵانی حەفتاکاندا ڕەوتی ئایینی لە شێوە کلاسیکییەکەی پەرەی سەند، بەڵام دواجار لە ناو یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی ئەوسادا خۆی بینییەوە و زێتر سیمایەکی نەتەوەیی وەرگرت. بەڵام پەرەسەندنی ئوسوڵییەتی ئیسلامی لە دوای ڕاپەڕین و کاریگەریی لەسەر دیارکردنی ئاراستە و بۆچوونی خەڵک بێ وێنەیە. لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا ئوسوڵییەتی ئیسلامی لە شێوە سیاسییەکەیدا پەرەسەندنێکی بەرچاو بەخۆوە دەبینێت، بەشێوەیەک کە تەنگ بەئاراستەی کۆمۆنیستی و عەلمانیە نەتەوەییەکان هەڵدەچنێت. هەر چەندە نابێ دیاردەی ئوسوڵییەتی ئیسلامی لە نەوەدەکانی سەدەی بیستدا وەک دیاردەیەکی ئەو قۆناغە لەبەر چاو بگرین، بەڵکو مێژوویەکی لە پشتەوەیە. بزووتنەوەی ئیخوانولموسلمین، بەتایبەت لە ناوچەی شارەزوور و سلێمانی کەسایەتی و نفووزی خۆی هەبووە و بەرەبەرە بڵاوبۆتەوە. ئەمەش لە ڕێی ئەو هەڵقە خێزانی و برادەریانەی کە دەبەستران بۆ ئامادەسازیی ئەندامانیان. ئەم ئاراستەیە لە بنەڕەتدا لە خاڵی تیۆلۆژی و فەرمانە خواپەرستیەکانەوە ئامۆژگاریەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە. میراتگری سەرەکیی ئەم ڕێبازە بزووتنەوەی ئیسلامی (بە هەموو بەشەکانی ئێستایەوە) و یەکگرتووی ئیسلامین.

سەبارەت بەئاراستەی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆچوونەکانی عەلی باپیر و بڵاوکردنەوەی کتێبی سۆزی نەتەوایەتی هێڵی نێوان بیری ئایینی و ناسیۆنالیزمان بۆ دیاری دەکات. وەک لە بەشی سێیەمدا ئاماژەمان بۆ کرد، عەلی باپیر بۆچوونێکی میتافیزیکیی بۆ نەتەوە هەیە بۆیە ناسیۆنالیزم بەپڕنسیپێکی ترسناک دادەنێت کە ڕۆژئاوا دای هێناوە بۆ چەسپاندنی سیاسەتی (پەرت کە و زاڵ بە)ی خۆی. هەروەها ئینتیما و هوشیاریی نەتەوەیی بەهەڕەشەیەک دادەنێت بۆ سەر برایەتی ئیسلامی. بۆیە لە مەترسی بەخوابوونی نەتەوە ئاگادارمان دەکاتەوە.

یەکگرتووی ئیسلامی لە گوتاری بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنی کوردییدا نەتەوەییتر لە بزووتنەوە دەردەکەوێ. بەڵام ئەمەش وامان لێ ناکات کە گوتاری ئیسلامیی عەرەبیی بەرنامە عەرەبی و تورکمانییەکانیان لەبەرچاو نەگرین. بۆ نموونە لە پەخشی هەواڵ بەزمانی عەرەبی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی یەکگرتوودا زێتر لە کەناڵە عەرەبییەکان مامەڵەی ئایدیۆلۆژی و سۆزدارانە لەگەڵ ڕووداوەکانی فەلەستین و چیچینستان و هتد... دەکرێ.

بەشێوەیەکی گشتی لە کوردستاندا دەتوانین نموونەی سەرهەڵدانی دیاردەی ئایینی لەسەر حیسابی دیاردە نەتەوەییەکانیش ببینین. هەر بۆ نموونە ئەگەر ناوی تاکەکەس و شوێنان وەربگرین دەتوانین بەئەنجامێکی چاوەڕوانکراو بگەین. لە چاوپێکەوتنێکمان لە شاری دهۆک لەگەڵ کەسێک کە شارەزاییی ئایینی هەیە و بایەخی پێدەدات بەراوردێکی خۆ و کوڕەکەی بۆ کردین. ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٣ ناوی لە

کوڕی خۆی ناوە ڕزگار، بەڵام کوڕی گەورەتری لە ساڵی ١٩٩٨دا ناوی کوڕی خۆی کردووە بەمستەفا کە سیفەتێکی پێغەمبەرە (د. خ.). خۆ ئەگەر ڕۆژانە سەرنج بدەینە ناوی منداڵانی لەدایکبووی دوای ڕاپەرین دەبینین ڕێژەی ناوی ئایینی زۆرە(*). ئەم واقعەش شتێکی چاوەڕوانکراوە، چونکە تا ڕادەیەکی زۆر «ئایینی ئیسلام، وەکو هەموو ئایینێکی جیهانی، هەموو سەنگ و قورساییەک دەخاتە سەر بەهێزکردنی هوشیاریی ئایینی و، هوشیاریی نەتەوەیی لاواز و کز دەکات»(٣٨). ئەمە لە ئاستی جەماوەریدا، بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە لە ئاستی سەرکردە و سەربژاردەی کورد لەو سەدەیەی دواییدا، واتە لەو سەردەمەی کە فیکر و هوشیاریی نەتەوەیی سەری هەڵداوە، دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین کە نزیکەی هەموو ڕابەر و سەرکردەی ڕاپەڕینەکانی کورد پیاوی ئایینی بوون؛ شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٨٠)، شێخ مەحمود بەرزنجی (١٩٢٠)، شێخ سەعیدی پیران (١٩٣٠)، قازی محەممەد (١٩٤٦)، شێخ عەبدولسەلام و مستەفا بارزانی. ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی بڵێین ئایین لە کومەڵگای کوردیدا کاریگەرە و دەتوانێ دەوری سیاسی ببینێ و جەماوەری خەڵک بجووڵێنێت(٣٩).

بەڕای ئێمە، پێش ئەوەش هۆی ئەم دیاردەیە بۆ ئەوە بگێڕینەوە کە هەمیشە بنەماڵەی شێخ و ئایینییەکان خوێندەوارتر و ئینجا خودان ڕۆڵ بوون. ئەمە لە کاتێکدا کە هێشتا چینی ناوەڕاست لە لاوازترین ئاستیشیدا دەرنەکەوتبوو تا ڕۆڵی سیاسی خۆی ببینێت.

لەهەمان کاتدا، ناتوانین بەو ئەنجامانە بگەین کە گشت بایەخدانێک بەئایین و دینداری، خەمساردی بەرامبەر بەنەتەوە و نەتەوایەتی لێ بەرهەم دێ. ئاریشە لەوەدایە ئێمە چ خوێندنەوەیەکمان بۆ ئایین هەیە و لەو خوێندنەوەیەدا چ گوتارێکی نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری ئامادەیە. وەک چۆن ئایین سیمای ئەو کولتوورە وەردەگرێت کە تیایدا بڕوای پێ کراوە و پەیڕەوی دەکرێت، ئایینیش بەنۆرەی خۆی دەوری هەیە لە بایەخدان بەنەتەوە و نەتەوایەتی. ئەوەندی ئێمە ئاگاداربین لەلایەن هێزە ئیسلامییەکان و دامودەزگای ئایینی ناو کوردستاندا خوێندنەوەیەکی تایبەتی ناسیۆنالیستی نییە، ئەگەرچی هەوڵدراوە وەک نەتەوەیەک دانی پێدا بنرێ و بڕوا بەوە بکرێت کە دەشێ لە چوارچێوەیدا کاری ئیسلامی بکرێ.

سەربژاردەی ئایینی لە کوردستاندا زۆر پێ دادەگرن لەوەی کە ناسیۆنالیزم و نەتەوەپەروەری بەبێ ئایین نابێ. ئەگەر تیۆریانەتر ئەم دەستەواژەیە لێک بدەینەوە ئەو واتایە دەگەیەنێ کە لە تیۆری ناسیۆنالیزمی

(*) هەر چەندە دەکرا ناوی منداڵان لە فەرمانگەی تۆمارکردنی لەدایکبووان وەرگرین و ناوی ئایینی بدۆزینەوە کە گوزارشت لە هوشیاریی تازەی خەڵک بکات بەرامبەر بەمەسەلە ئایینییەکان، بەڵام ئەمە بۆ ئێمە هەم دەردەسەری و ماندووبوونێکی کەم بەرهەمی دەبوو و هەمیش ناوخۆی گۆڕاوێکی لاوازە بۆ هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی هەستی نەتەوەیی.

(٣٨) ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپکراوەکانی سەنتەری برایەتی، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٥٢.

(٣٩) س. پ.، ل٥٤.



کوردیدا توخمی ئایین پڕ کاریگەرە، بەڵام بەڕای من ئەم قسەیە لە ڕووی تیۆری و کردەییەوە نەگونجاوە، چونکە وەک پێشتریش گوتمان گوتاری ئایینی گوتارێکی سەرتاپاگیر و جیهانیترە و سنووری نەتەوەیی دەبەزێنێ. ئەمەش لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا ناگونجێ کە نەتەوە کۆڵەکە و پێکهێنەری سەرەکییەتی. لەهەمان کاتیشدا، لەبەرئەوەی کورد لە کوردستانی باشووردا جیاوازییەکی ئایینییان لەگەڵ نەتەوەی دەسەڵات بەدەستی زەوتکەری مافی کورددا نییە ناتوانرێت لە خەباتی نەتەوەییدا ئایین وەک خاڵێکی خۆناساندن و دیارکەری سنوور و خۆجیاکردنەوە بەکاربهێنرێت. بنەمایەکی ناسیۆنالیزم دۆزینەوەی خاڵی جیاوازیی نەتەوەیەکە لە نەتەوەیەکی تر. بەڵام کاتێک کورد لە ئایین و تەنانەت مەزهەبیشدا لەگەڵ دەسەڵاتی بەغدا هاوبەشن جگە لە توخمی کولتووری و نەتەوەیی ویستی سیاسی ناتوانن پشت بەهیچ شێکی تر ببەستن. ئەمەش هیچ لە ڕێژەی ئایینیبوونی کولتوور و کۆمەڵگای ئێمە کەم ناکاتەوە و ئایین هەمان کاریگەریی کۆمەڵایەتییانەی خۆی هەیە.

# دەروازەی دووەم: لایەنی مەیدانی

## بەشی پێنجەم: ستراتیژیەتی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکە

### باسی یەکەم: دیاریکردنی نموونەی لێکۆڵینەوە

نموونەی لێکۆڵینەوە، بەڕێژەیی، گوزارشت لە کۆی ئەو کۆمەڵە دەکات کە تۆژەر دەیەوێ لێیان بکۆڵێتەوە. هەر لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری خۆی دەسەپێنێ. ئێمە لێرەدا بەپلەی یەکەم هەڵساوین بەوەرگرتنی نموونەیەک بۆ ڕوونکردنەوە و گەیشتن بەئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەمان. هەڵبژاردن و دیاریکردنی نموونە بۆ ئەنجامـدانی ڕاپرسی و کـۆکـردنەوەی تێبـینی لە بارەی بابەتی لێکۆڵینەوە توخمێکی سەرەکییە لە هەر پرۆژەیەکی تۆژینەوەدا. بۆ ئەم مەبەستەش، وەک «دیرک لایدەر» پێشنیاز دەکات، هەوڵمـان داوە هەڵبژاردنی نموونەی لێکۆڵینەوەکە لەبەر ڕۆشنایی تیۆر یان لەسەر بنەمای تیۆر بێت(٤٠). ئەمە هەمان شێوازی ڕاکێشانی نموونەیە کە دواتر «جلاسر و شتراوس» (١٩٦٧) پەیڕەوییان لێ کردووە.

بنەمای ڕاکێشانی نموونە لەبەر ڕۆشنایی تیۆر بریتییە لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی ڕووداو و کۆمەڵێک خەڵک و ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراو کە پەیوەندیی بەسروشتی تیۆر و تۆژینەوەی نوێوە هەیە(٤١) هەروەها پێویستە دواتر شیکردنەوەی زانیارییەکانیش هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو تیۆروانییە (التنظیر) بێت کە لە کۆتایی ئەم بەشەدا لە چەند گریمانەیەکدا خستوومانەتە ڕوو.

بۆ زانینی ڕاوبۆچوون و هەڵوێستی خەڵکی دیندار لەبارەی نەتەوە و نەتەوایەتیی کوردەوە لە هەموو توێژ و ڕەگەزەکانی کۆمەڵگا، هەوڵمان داوە، بەپێی توانا، نموونەیەکی وا بۆ لێکۆڵینەوەکەمان هەڵبژێرین کە نوێنەرایەتیی کۆی خەڵکی خاوەن خولیا (النزعة)ی ئایینی لە هەرێمی کوردستان بکات. بۆ ئەم مەبەستەش، بێگومان لاوان هەم ئەمڕۆ ڕۆڵیان وەک بکەرێکی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگادا هەیە هەم سبەی، بۆیە نموونەکەمان زێتر خەڵکی توێژی لاوی هەڵبژاردووە، ئەوەش لەبەر چەند هۆیەک:

یەکەم لەبەر ئەوەی ئەم توێژە بەتایبەت زانکۆییەکانیش تا ڕادەیەک ئاشنایەتییان لەگەڵ ڕاپرسی و پرسیارنامەی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکاندا هەیە و چاکتر وەڵامی خۆیان دەدەنەوە.

دووەم سەرهەڵدانەوە و گەڕانەوە بۆ ئایین و چەکەرەکردنی خولیای ئایینی بەگوڕ و تینی جیاوازەوە زێتر ئەم توێژەی گرتۆتەوە.

(٤٠) دیرك لایدر، قضایا التنظیر في البحث الأجتماعي، ت: عدلي السمري، المجلس الأعلی للثقافة، مصر ٢٠٠٠، ص١١٠.
(٤١) هـ. س. پ.، هەمان لاپەڕە.



سێیەم دواجار ئەم توێژە تەنیا لە کاتی لاوێتیدا بکەری کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو تا لە ژیان بەردەوام بێت ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و خاوەنی ڕاوبۆچوون و هەڵوێستی خۆیەتی و ڕەنگە ئەم هەڵوێستە بۆ ئەوانی تر بگوازرێتەوە. بەمانایەکی تر، ویستوومانە خەڵکی دینداری خودان هەستێکی ئایینیی بەهێز هەڵبژێرین، نەخاسمە توێژی لاوان چونکە لە تەمەنی لاویدا زێتر بیروڕا گەڵاڵە دەبن.

بۆ پڕکردنەوەی ڕاپرسییەکان زێتر ڕوومان لە قوتابیانی زانکۆ ناوە لە هەر سێ زانکۆی سەلاحەدین، سلێمانی و دهۆک، بەتایبەت بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی وەک خوێندنی ئیسلامی، کۆمەڵناسی (لە زانکۆی سەلاحەدین و سلێمانی)، مێژوو (لە هەر سێ زانکۆیەکە). ئەمە جگە لە هەندێ نموونەی بەشە زانستییەکان. ئەم نموونانەش تەنیا قوتابی نەگرتۆتەوە، بەڵکو کارمەند و مامۆستای زانکۆ و کاسب و دووکانداریش بەشێکی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان پێک دێنن-وەک لە خشتەی ژمارە (٤) لە لاپەڕە ١١٣دا دیارە-. هەروەها لە بازاڕ و گەڕەکەکانیشدا، جا چ بەخۆمان یان هاوڕێ و هاوکارە یارمەتیدەرەکانمان بن، فۆرمی ڕاپرسییەکەمان بەسەر دەستە و توێژی پیشەیی و ڕەگەزی جیاوازدا دابەش کردووە هەر لە دووکاندار و بەرگدرووەوە بگرە تا دەگاتە ئەندازیار و پزیشک و پارێزەر و کارمەندی دائیرە حکومییەکان. وەرگرتنی دەستە خەڵکی جیاواز بۆ ئەوە بووە نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان بەڕێژەیەکی زێتر نوێنەرایەتیی کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە بکات و بزانین ناسیۆنالیزم لە لای خەڵکی خولیاداری ئایینی چۆنە و لە پاڵ بابەتە ئایینییەکاندا لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیاندا تا چەند بایەخ بەمەسەلە نەتەوەییەکانیش دەدەن.

دوای ئەوەی فۆرمێکی سەرەتاییمان ئامادەکرد و پیشانی کۆمەڵێک پسپۆری کۆمەڵناسیمان(*)دا ئەوانیش تێبینی خۆیان لەسەر نووسی، فۆرمەکەمان پوخت کردەوە و وەک تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی (test–pre) ٣٣ فۆرممان بەسەر نموونەیەکدا دابەش کرد. دوای کۆکرنەوە و بینینی وەڵامەکان هەندێ شتمان بۆ ڕوون بووەوە و ڕادەی ئامادەیی وەڵامدانەوەی خەڵک و کەموکوڕییەکانی فۆرمەکەمان بۆ دەرکەوت، ئینجا فۆرمەکەمان لە (٣٣) پرسیاردا بەشێوەیەکی پوختتر دارشتەوە و شێوەی کۆتایی وەرگرت - سەیری پاشکۆی ژمارە (١) بکە لە لاپەڕە ١١٦ .

بواری لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەمان هەرێمی کوردستان دەگرێتە خۆ. بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان لە هەر سێ پارێزگا سەرەکییەکەی هەرێم (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) وەرگرتووە و چالاکییەکانیشمان بەپلەی یەکەم لە ناوەندی پارێزگاکاندا چڕ کردۆتەوە؛ جگە لە شاری هەڵەبجە کە لەبەر گرنگیی شارەکە، بەپێویستمان زانی سەردانی بکەین و ڕاستەوخۆ ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی شارەکە ببینین و بەشێک لە ڕاپرسییەکانمان لەوێ پڕ بکەینەوە. قەبارەی نموونەکەش لە ٣٣٠ کەس

(*) ئەم بەڕێزانە فۆرمی ڕاپرسییەکەیان بینیوە و بەتێبینییەکانیان یەک لەدوای یەک بەزنجیرە، دەوڵەمەندیان کردووە: بەڕێزان مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسی عەبدولحەمید بەرزنجی، عەبدوڵڵا خورشید، نوری هەرزانی و تاهیر حەسۆ زێباری.

پێکهاتووە کە بەڕێژەی جیاواز بەسەر هەر سێ پارێزگای هەولێر (نزیکەی ١٢٠ دانە)، سلێمانی (نزیکەی ١٢٠ دانە) و دهۆک (نزیکەی ٩٠ دانە) دابەش کراوە. لەبەر ئەوەی ئامار و سەرژمێری ناتوانن یارمەتیمان بدەن بۆ زانینی ڕێژەی ئەو کەسانەی کە ئێمە مەبەستمان بووە نموونەیان لێ وەرگرین بۆ لێکۆڵینەوە، بۆیە ناشتوانین پشت بەهیچ پێوەرێکی چەندایەتی ببەستین بۆ هەڵبژاردنی نموونەکە.

نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان نموونەیەکی ڕەمەکی- مەبەستدارە (العينة عشوائية – قيدية). بۆچی؟ چونکە سروشتی باسەکەمان وا دەخوازێت کەسانێک هەڵبژێرین خودان هەست و خولیایەکی ئایینی نیمچە بەرز بن. نەدەکرا هەر دینداریيەکی ئاسایی بکرێتە پێوەر.

نموونەی مەبەستدار «ئەو کاتە بەکاردەهێنرێت کە هیچ ئامرازێکی نەبێت بۆ پێوانەکردنی هەبوونی ئەگەری دەرفەتی گونجاو لە بەرامبەر گشت تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ ئەوەی وەک نموونەی تۆژینەوە وەربگیرێن»(٤٢). خەسڵەتی بەهێز و لۆجیکیی نموونەی مەبەستدار لە هەڵبژاردنی حاڵەتی دەوڵەمەند بەزانیاری دایە کە تۆژینەوە قووڵەکان پشتی پێ دەبەستن. خەسڵەتێکی تری ئەم نموونەیە ئەوەیە کە هیچ مەرجێکی پێشینە نییە کە بەهۆیەوە بتوانرێت قەبارەی نموونەکەی پێ دیاربکرێت، بەڵکو مرونەتێک لەم جۆرە نموونەیەدا بەدی دەکرێت(٤٣). کەواتە بەشێوەیەکی مەبەستدار بەسەر کەسانێکدا دابەش کراوە کە وەبەر بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان دەکەون. لەبەر ئەوەی ویستوومانە ڕای خەڵکی دیندار و خولیادارانی ئایین لەبارەی ناسیۆنالیزم بزانین، بۆیە هەستاوین ڕاپرسییەکەمان لەسەر ئەم جۆرە خەڵکانە دابەش کردووە کە خولیایەکی ئایینییان هەیە یاخود هەستی ئایینییان تاڕادەیەک بەهێزە. لەلایەکی تریشەوە، ڕەمەکیبوونی نموونەکە لەوەدایە کە بێ ئەوەی مەبەستمان کەسێکی دیاریکراو بێت بەسەر خەڵکانی سەر بەتوێژ و دەستە و تاقمی جیاواز و ئاستی خوێندن و پیشەی لێک جیا دابەش کردووە.

## باسی دووەم: ڕێوشوێن و کەرەستەی کۆکردنەوەی زانیاری

### ١- ڕێبازی لێکۆڵینەوە

هەر لێکۆڵینەوەیەک دەشێ زیاتر لە ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی تێدا بخرێتە کار. ئاوێتەکردنی ڕێبازەکان، بەکارهێنانی زێتر لە یەک ڕێبازە لە لێکۆڵینەوەدا ئەویش بۆ کاملترکردن و بەسەردا شکان. ڕێبازەکانی تۆژینەوە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. لەو ڕووەوە ئاساییيە لە یەک لێکۆڵینەوەدا چەندین ڕێباز بەکاربهێنرێن(٤٤).

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە سێ بەشی یەکەمی لایەنی تیۆری تۆژینەوەکەمان دەبینین میتۆدێکی

(٤٢) هـ. س.، ل١٠٩.

(٤٣) هـ. س.، ل١١٠.

(٤٤) انتونی گیدنز، جامعەشناسی، ترجمهء منوچهر صبوری نشرنی، چاپ سوم، تهران ١٣٧٦، ص٧٣٤.



شیکارییانەی ئەوتۆی هەیە کە زێتر لە کۆمەڵناسیدا پەیڕەوی لێ دەکرێ. کەچی لە بەشی چوارەمدا ڕێبازەکەی لایەنێکی دیاردەناسانە وەردەگرێت، ئەویش بەحوکمی دیاردە و ڕواڵەتە ئایینییەکان کە باس کراون وەک بەڵگەیەک بۆ بوونی پەرەسەندنی دیاردەی ئوسوڵییەتی ئیسلامی لە کوردستاندا. بەڵام لەلایەنی مەیدانیدا ڕێبازی مەسحی کۆمەڵایەتی بەکارهێنراوە بۆ دۆزینەوەی ڕۆڵ و کاریگەریی ئایین لەسەر خەڵک و پەیوەندیی بەبیری نەتەوەییيەوە. ئەمەش لە ڕێی هەڵبژاردنی نموونە بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی و وەدەستهێنانی زانیاریی مەیدانی لەو بارەوە، هەروەها ڕێبازێکی شیکردنەوەی وەسفیی تیا بەکارهاتووە بەپشتبەستن بەئامار، ئەمەش بۆ شیکردنەوەی ئەو زانیارییانەی لە ڕێی فۆرمی ڕاپرسییەوە گیرمان کەوتووە. جگە لەمەش، پێویستمان بەمیتۆدێکی "إستنباطي" هەبووە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان بیری ئایینی و نەتەوەیی و هەڵوێستی خەڵکی دیندار بەرامبەر ناسیۆنالیزم.

### ٢- گرفتەکانی ڕاپرسی

هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩٧ەوە، بەتایبەت بۆ هێز و لایەنە ئیسلامییەکان، بەقۆناغێکی هەستیار گەیشت. ئەو هێرشە ڕاگەیاندنییەی لە ئاستی جیهانیدا دەکرێتە سەر هێزە ئیسلامییەکان و ناوبردنیان بەتیرۆریست و تا ڕادەیەک ڕاوەدونانیان، جۆرە هەستێکی خۆپارێزی لەلای لایەنگرانی ئەم ڕێبازە لە کوردستان دروست کردووە. ئەم هەستە خۆپارێزی و دوورەپەرێزییە تا ئەو ڕادەیە دەکرێ بەوە وەسفی بکەین کە ڕێبازی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمڕۆ، لە قۆناغی خۆچڕکردنەوە و چوونەوە ناوخۆ دایە. ئەمە تەنیا حیزبە ئیسلامییە ڕەسمییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو گشت گروپ و دەستە و تاقمە ئیسلامییەکان دەگرێتەوە. بۆیە سەیر نییە کاتێک دەبینین بەدەیان کەس ئامادەنین وەڵامی ئەم ڕاپرسییەی ئێمە بدەنەوە و بەدەیانی دیکەش دوای سەیرکردنی پرسیارەکان، بەسەرماندا بدەنەوە. ئەم کارەی ئێمە بەئاسانی ئەنجام نەدەدرا ئەگەر هەوڵێکی جیدیمان، بەیارمەتیی هاوڕێیانمان، نەدایە بۆ ئەوەی وا لە لێتۆژراوانمان بکەین متمانە بەخۆمان و تۆژینەوەکە بکەن. تەنانەت ئەم واقیعەی هەرێم کە باسمان کرد وای لێ کردوون هەندێکیان گومانی کاری هەواڵگری لەم تۆژینەوە زانستییە بکەن. بۆیە هەوڵدان بۆ ڕەواندنەوەی ترس لە دەربڕینی ڕای خۆیان و متمانە دروستکردن بەکارەکە وزە و توانایەکی زۆری دەویست(*). جگە لەوەش بەشێکی دیکە هەر ئامادە نەبوون وەڵامی پرسیارەکانی ناو فۆرمی ڕاپرسییەکە بدەنەوە، تەنیا دوای ئەوە نەبێ کە پرسی مامۆستا و ڕێنوێنیکەری خۆیان کردووە. ئەم پرسپێکردنە تەنانەت گشت ڕەفتار و کردارەکانی ژیانی ڕۆژانەش دەگرێتەوە. ڕەنگە جگە لە خۆپارێزیی و خۆدزینەوەی سیاسی، هەندێکیان بەتاوانێکی ئایینییان زانیوە لەم تۆژینەوەیەدا بەشدار بن. چونکە پرسیارێک هەبوو زۆرجار لە کاتی تۆژینەوەکەدا ڕووبەڕوومان دەکرایەوە و بەتامەزرۆوە چاوەڕێی وەڵام

(*) لە مزگەوتی مەلا عەلی سەلەفی لە دهۆک لە ڕێی هاوڕێیەکەوە توانیمان بچینە ناو مزگەوت و قسە لەگەڵ فەقێیەکانی مەلا عەلی بکەین و (١٣) فۆرمیان پێ بدەین، بەڵام هەر ئەو شەوە فۆرمەکانیان بەبەتاڵی دابووەوە دەست هاوڕێیەکەمان و ترسی خۆیان لەو فۆرمانە دەربڕیبوو.

دەكرا: ئایا ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەیەكی عەلمانییەوەیە یان ئیسلامی؟ چونكە دەشێ بەلایانەوە ڕەوا نەبووبێت لە پرۆژەیەكی عەلمانی و نائیسلامیدا بەشداری بكەن(*).

باسكردن لەبارەی ئایین لە دەرەوەی بازنە ئیسلامییەكە و بەدەر لە دەمی مامۆستای ئایینی هەمیشە چاوەڕێی كاردانەوەیەكی لەو شێوەی لێ دەكرێ، نەخاسمە لە ئاستە سیاسییەكەیدا خۆپاریزی لێ دەكرێ. چونكە دانانی وشەی ئایین لە بەرامبەر وشەی ناسیۆنالیزم وەك چەمكێكی سیاسی و كولتووری گومانی كارێكی سیاسییان لەمەڕ باسەكە لەلای لێتوێژراوان دروست كردبوو. بۆیە دەبێ ئاگاداری هەستیاریی بابەتێكی لەم جۆرە بین و چاوەڕێی ئەوە بكەین كە وەك پێویست بەدەنگ ئەم باسەوە نێن.

گرفتەكە تا ئەو شوێنە بوو كە متمانەیان بەئێمە دەكرد. هەر كە دڵنیا بوونایە ئەمە كارێكی زانستییە، ئیتر خاڵی ئیجابی و دەستكەوتی ڕاپرسییەكە ئاشكرا دەبوو. چونكە ئەو توێژەی ئێمە ڕوومان لێ دەنان بۆ لێكۆڵینەوە، جیدی و وەڵامدەرەوە بوون. ئەمە زێتر لەو كاتەدا دەردەكەوت كە دوای پڕكردنەوەی فۆرمی ڕاپرسییەكە بەسەرزارەكی و گفتوگۆی ڕاستەوخۆش بوایە قسەیان لەبارەی بابەتەكەوە دەكرد. تەنانەت زۆریان تێبینی دوور و درێژیان لە دیوی پشتەوەی ڕاپرسییەكە نووسیبوو.

## ٣- چۆنیەتی كۆكردنەوەی زانیاری و بەتاڵكردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی

هەر كەسێك كە چاومان پێی دەكەوت، لێكۆڵینەوە و فۆرمی ڕاپرسییەكەمان پێ دەناساند و هەندێ لەو پرسیارانەی كە دەمانزانی پێویستییان بەڕوونكردنەوە هەیە بۆ لێتوێژراوانمان ڕوون دەكردەوە و بوارمان پێ دەدان هەر لەوێ یان لە ماڵەوە وەڵامی پرسیارەكان بدەنەوە. هەروەها ئەوەشمان بەگوێدا دەچرپاندن كە دەكرێ لە بەرامبەر هەر پرسیار و وەڵامەكانیاندا، ئەگەر بەپێویست بزانن، تێبینیی خۆیان بنووسن كە دواجار لە كۆی فۆرمەكاندا سوودی پێ گەیاندین بۆ دەركەوتنی هەندێ ڕاستی لە بارەی بابەتەكەوە.

ئەمڕۆ كۆمپیوتەر لە پرۆسەی توێژینەوەدا دەورێكی باڵا دەگێڕێت. ئەگەرچی بەهۆی سەرەتاییبوونمان لە بەكارهێنانی بەرنامەكانی كۆمپیوتەر بۆ كۆكردنەوە و پۆلینكردن و شیكردنەوەی زانیاری و داتاوە چەندایەتییەكان (البیانات الكمیة) كارێكی ئاسان نەبوو، بەڵام هەوڵمان داوە وەك یەكێك لە كارە یەكەمەكانی توێژینەوە كۆمەڵایەتییە ئەكادیمییەكان بەرنامەیەكی كۆمپیوتەر بۆ پۆلینكردن و شیكردنەوەی زانیارییەكانمان بەكاربێنین بەناوی ( Statgraphics plus ٤,٠ ) "ستاتیگرافیكس پلەس" چوار. ئەگەرچی گرفتی ناشارەزاییشمان تووش دەبوون بەڵام دواجار توانیمان بەوردترین و بەشێوەیەكی بێ هەڵە زانیارییەكان كۆ بكەینەوە و پۆلێن بكەین. بەرنامەی ناوبراو ئەگەرچی زێتر بۆ كاری ئامار و ژمێریاری بەكەڵك دێ، بەڵام دەشێ لە كاری زانستە كۆمەڵایەتییەكانی وەك كۆمەڵناسی و دەروونناسیشدا بۆ كاری بەتاڵكرنەوەی فۆرمی ڕاپرسی و پولینكردنی زانیارییەكان و شیكردنەوەیان لە جۆرەها خشتەدا

(*) دوای ئەوەی دوو فۆرمی ڕاپرسی لە ڕێی كتێبخانەی بەشی كۆمەڵناسییەوە دران بەدوو قوتابیی كچی بەشی كۆمەڵناسی، دوای هەفتەیەك بەبێ وەڵامدانەوە لەڕێی كەسێكی ترەوە بەسەریاندا داینەوە و ئامادە نەبوون وەڵامی بدەنەوە. ئەمە تەنیا نموونەیەكە لە چەندین حاڵەتی تر كە ڕووبەڕوومان بۆتەوە لە كاتی ئەنجامدانی كاری مەیدانیدا.



بەكاربهێنرێت. بەڵام بەمەرجێك زانیارییەكان وەك ژمارە بدرێنە بەرنامەی ناوبراو و لە بری نووسین سوود لە سیستەمی كۆد وەربگیرێت.

خەسڵەتی هەرە باشی ئەم بەرنامەیە ئەوەیە كە لە دوای بەتاڵكردنەوە و كۆكردنەوەی زانیارییەكان بەماوەیەكی زۆر كورت خشتەی شیكاریی جۆراوجۆرمان بۆ ئامادە دەكات كە دەتوانین دواتر شیكردنەوەی خۆمانی لەسەر ئەنجام بدەین. هەروەها لە ئەنجامدانی هەر هاوكێشە و دروستكرنی هەر خشتەیەكدا، لەگەڵ ژمارەكاندا ڕێژەی سەدیشیان بۆ دەردەكات. ڕێژەی سەدیی هەر ژمارەیەك لە كۆی گشتیی نموونەكە وەرگیراوە نەك لە كۆی گۆڕاوەكە؛ ئەمە پەیوەندیی بەكاركردنی بەرنامەی (Statgraphics)ەوە هەیە. ئەوەندەی لە توێژینەوە كۆمەڵایەتییەكان، بەتایبەت نامەكانی ماستەری ئەم دواییانە، بەرچاو دەكەوێت زێتر سوود لە خشتەی سادە وەرگیراوە(٤٥). بەڵام لەو خشتە لێكدراوانەی كە لە ڕێی بەرنامەی ناوبراوەوە دروست دەكرێن ڕێژەی سەدی لە كۆی ژمارەی نموونەكە وەردەگیرێت، نەك لە كۆی هەر گۆڕاوێك.

## باسی سێیەم: پرسیار و گریمانەكانی لێكۆڵینەوە

لێكۆڵینەوە هەمیشە لە كۆمەڵێك پرسیارەوە دەست پێ دەكات؛ دواجار ئەم كۆمەڵە پرسیارە، دەشێ لە قاڵبی چەند گریمانێكدا بخرێنە ڕوو. وەك دەگوترێت كۆمەڵناسان هەوڵ دەدەن وەڵامی پرسیار و كێشە كۆمەڵایەتییەكان بدەنەوە(٤٦). خاڵی دەستپێكردنی ئەو لێكۆڵینەوەمان لەو پرسیارە گشتییەوەیە كە ئایینی ئیسلام بەتایبەت لە شێوە بووژاوەیی و بەهێزەكەیدا چ هەڵوێستێك بەرامبەر بەنەتەوە و هەستی نەتەوەیی كوردی دروست دەكات؟ ئەم پرسیارە خاڵێكی زۆر گشتییە و دەكرێ دەیان گریمانە و بۆچوونی لێوە هەڵێنجین.

ڕاپەڕینی ساڵی١٩٩١ی هەرێمی كوردستانی عێراق نەك هەر هێزە كوردییەكانی ڕووبەڕووی ڕژێمی مەركەزی عێراق كردەوە، بەڵكو لەناو خۆشیدا جگە لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی كە ڕەگوریشەیەكی سەد ساڵەی هەیە، بزووتنەوەیەكی ئیسلامی سیاسیشی هێنایە ئاراوە. ئەم بزووتنەوە ئیسلامییە سیاسییە لە ماوەیەكی زۆر كورتدا موعجیزەئاسا پەرەی سەند و بەهەموو لایەكی كوردستاندا بڵاو بووەوە. ئایدیۆلۆژیای سەرەكی ئەم بزووتنەوە ئیسلامییە (بەهەموو باڵەكانیەوە) خستنە ژێر پرسیارەوەی گشت هێزە نەتەوەیی و عەلمانییەكانی دیكە و گومانكردن لە شەرعییەتیان بوو. ئەم بەناشەرعی لە

(٤٥) سەیری بەشی حەوتەم تا دەیەمی نامەی ماستەری آرام أبراهیم حسین، الخصائص الأجتماعیة للقوی العاملة واثرها في اتجاهات التصنیع، كلیة الآداب - جامعة صلاح الدین، اربیل ٢٠٠٠، ص٩٥-١٥٤ بكە. هەرچەندە هەندێ خشتەی لێكدراویشی دروست كردووە بۆ نموونە لە لاپەڕەی ١٢٢ و١٢٦.
هەروەها توێژینەوەكەی یوسف دزەیی بەناوی ئەنفال: كارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەكانی، (دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی، چاپی یەكەم، هەولێر ٢٠٠١) جگە لە خشتەی (١و٣و٥و٩و١١و١٤و٢٠) كە سەرەكی نین لە باسەكەدا، گشت خشتەكانی تری سادەن. سەیری هەمان سەرچاوە بكە، ل١٨٥-٢٤٠.
(٤٦) آنتوني گیدنز، هـ. س.، ص٧٠٩.

قەڵەمدانەی بزووتنەوە نەتەوەییەکان و بانگەشەکردن بۆ پیادەکردنی وشە بەوشەی ئایینی ئیسلام و بەسەرتاپاگیر لە قەڵەمدانی ئایین و نەهێشتنەوەی هیچ کایەیەک بۆ چالاکی لە دەرەوەی بازنەی ئەم بۆچوونە ئایینییەدا، کاردانەوەی خۆی لەسەر بیری نەتەوەییش هەبووە؛ ئەمە بەدەر لەو شەڕە ناوخۆییە گەورەیەی کە ساڵی (١٩٩٤) هەڵگیرسا و هەر دوو حیزبە سیاسییە گەورەکەی هەرێمی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ڕووبەڕووی پرسیاری خەڵک کردەوە و وای لە هێزە ئایینییەکان کرد کە پتر خۆیان بسەلمێنن و لە ڕێی ئەو حیزبە سیاسییە نەتەوەییانەوە نیشانەی پرسیار لەسەر ناسیۆنالیزم دابنێن و وای دەربخەن کە ناسیۆنالیزم جگە لەو بەرهەمە خوێناوییەوە، واتە شەڕی ناوخۆ، شتێکی دیکەی لێوە بەرهەم نایەت و بیرۆکەی بەدیلی ئیسلامی خرایەڕوو. نەک هەر کارکردن لەناو ئەو دوو حیزبە گەورەیەی کوردستان، بەڵکو کارکردن لەناو هەر حیزبێکی عەلمانی و دیموکراتیخوازی نەتەوەیی لەڕووی ئایینەوە بەناشەرعی لە قەڵەم دەدرا(*).

لە بەرامبەر ئەم تێگەیشتنەشدا بەردەوام داکۆکی لەسەر زەرووڕەتی چوونە ناو کۆمەڵی ئیسلامی دەکرایەوە و وەک کارێکی ئایینی لە قەڵەم دەدرا. ئەرکی سەرەکی کۆمەڵە ئیسلامییەکان دروستکردنی وەحدەیەکی ئیسلامی خەیاڵاوی و خەلافەتی ئیسلامی لەدەستچوو بوو کە گوایە دواتر گشت نەتەوە موسڵمانەکان بەجیاوازی ڕەگەز و نەتەوەوە دەتوانن لە سایەیدا وەحەسێن.

ئەم گروپە هەمیشە دووپاتیان دەکردەوە کە نەتەوەی کورد بەپلەی یەکەم ئایینەکەی هەڕەشەلێکراوە و بۆیە دەبێ هەوڵی سەرەکی بۆ ئایینەکە و زیندووکردنەوەی بدرێت و تەنیا ئایینیان بەشیاوی ئەوە دەزانی کە کاری تیابکرێت. ئایینی ئیسلام وەک هۆی سەرەتا (العلة الأولى) سەیر دەکرا و گوایە چارەسەرکرنی گرفتی یەکەم، خۆبەخۆ چارەسەرکردنی گشت گرفتەکانی دیکەی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام ئەوەی ئەم بزووتنەوە ئیسلامییە سیاسیانەی لە بزووتنەوە نەتەوەییەکان نزیک دەکردەوە بڕوابوونیان بوو بەوەی

(*) حیزب لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیموکراسیدا بوونیان هەیە، کە تیایدا خوێندنەوەیەکی فرە لایەن و دونیەوییان بۆ سیاسەت و بەشداریکردنی سیاسی دەبێت. ئەمەش لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای سەرتاپاگیر و تاکە خوێندنەوەی ئوسوڵی بۆ ئایین ناگونجێ، چونکە دیموکراسی پێویستی بەزەمینەیەکی دونیەوی (عەلمانی)یانە هەیە؛ شتێک کە لەلایەن ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسیدا لە ناکۆکی دایە. بۆیە دەبینین لە کوردستاندا عەلی باپیر دەڵێ: «هەر کەسێک بڕوای بەدیموکراسی- یان هەر بیردۆزەیەکی دیکەی زادەی مرۆڤ- بێنێ مانای وایە فڕی بەسەر ئیسلامەوە نامێنێ و شایەتمانەکەی هەڵوەشاوەتەوە». سەرچاوە: عەلی باپیر، چارەسەری کێشەی کورد لە نێوان ئیمان و پەرلەماندا، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٢، ل٤٠.
هەروەها لە شوێنێکی تری هەمان کتێبدا دەربارەی دژایەتی بیری ئیسلامی لەگەڵ دیموکراسی و سیستەمی پەرلەمانیدا دەڵێ: «ئێمە دژی دیموکراسین، چونکە ئایین و بەرنامەکەمان ڕێگامان نادات جگە لە بەرنامەی خوا دوای هیچ شتێکی دیکە بکەوین، وە دژی پەرلەمانین کە لەو دیموکراسییەوە پەیدا دەبێ کە هیچ حیسابێک بۆ خوا و پێغەمبەر و بەرنامەکەی ناکات». هـ. س.، ل٦٨.
سەرەڕای ئەوەش "بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق" کە نوێنەرایەتیی بیری عەلی باپیری دەکرد، بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ١٩٩٢ی هەرێمی کوردستاندا کرد، بەڵام نەیتوانی بگاتە وەرگرتنی کورسییەکان.



نەتەوایەتی لەگەڵ بۆچوونی ئیسلامییانە یەک دەگرێتەوە. دەشێ خەبات بۆ نەتەوایەتی بکرێت، بەڵام بەمەرجێک لە چوارچێوەی ئیسلامی دەرنەچێت؛ ئیسلامیش لە تێگەیشتنە سەرتاپاگیرەکەیدا. هەروەها خاڵی سەرەکیی جیاوازیشیان لە چەمکی ناسیۆنالیزمدا بوو. هێزە ئیسلامییە سیاسییەکان هەمیشە بەگومانەوە سەیری ناسیۆنالیزمیان کردووە و بەدروستکراوی دەستی ڕۆژئاوایان داناوە بۆ پارچە پارچەکردنی جەستەی خەلافەتی ئیسلامی و پیادەکردنی سیاسەتی پەرت کە و زاڵ بە و دواتر دۆشینی میللەتانی پارچە پارچەکراو(*).

خولیادارانی ئایینی چۆن دەڕواننە ناسیۆنالیزم؟ ئایا پێیان وایە نەتەوە چەمکێکی ئیجابییە و پێویستە خۆشمان بووێت و هەوڵ بدەین لە پێناویدا یاخود بیرێکی تەسک و ناڕەوایە و لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا ناگونجێت کە ئەوان بەتوندی بڕوایان پێیەتی؟ ڕای خولیادارانی ئایینی لە بارەی یاد و بۆنە و کارەساتە نەتەوەییەکانی وەک نەورۆز و شۆڕشەکانی کورد و کارەساتی ئەنفال و ڕاپەڕین چییە؟ دەزگای ئایینی و وتارخوێنانی مزگەوت چ دەورێکیان هەیە لە گەیاندنی بیری نەتەوەیی و جۆشدانی خەڵک لە وتارەکانیاندا بەهەستی نەتەوەیی؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە لەم لێکۆڵینەوە مەیدانییەدا هەوڵدراوە لێیان بکۆڵرێتەوە.

دەتوانین گریمانەکانی لێکۆڵینەوەکەمان بەم شێوەیەی خوارەوە لە چەند خاڵێکدا کۆ بکەینەوە:

١- گەڕانەوە بۆ ئایین لەسەر حسێبی بایەخدان بەنەتەوە بووە.
٢- بڕوابوون بەوەی کارکردن تەنیا لە ناو ڕێچکە و حیزبێکی ئیسلامیدا ڕەوایە و لە ڕووی ئایینییەوە مرۆڤ بۆی نییە وەدوای هیچ حیزب و ئاراستەیەکی دیکە بکەوێ، کاریگەری هەبووە لەسەر لاوازکردنی هەست و خولیای نەتەوەیی.
٣- ئوسوڵییەتی ئیسلامی کاریگەریی هەبووە لە بێبایەخکردن و تەنانەت ناوزڕاندنی ناسیۆنالیزم لە هزری خەڵکی دینداری کوردستان.
٤- دەزگای ئایینی و وتارخوێنی مزگەوتەکان دەورێکی سلبی دەگێڕن لە گەیاندنی بیری نەتەوەیی بەخەڵک و لەو بارەوە خەمساردن.
٥- ئەوانەی هەستێکی ئایینی بەرزیان هەیە، دیندارییەکەیان دەوری هەبووە لە وازهێنان لە ناوی نەتەوەیی و گەڕانەوە بۆ ناوی عەرەبی و ئیسلامی لە ناونانی منداڵ و شوێنی کار.
٦- خەڵکی دیندار بوونی حیزبە ئیسلامییەکان بەپێویستتر دەزانن و پێیان باشترە ڕاگەیاندن و حیزبە کوردییەکان زیاتر بایەخ بەلایەنی ئایینی بدەن نەک نەتەوەیی.
٧- خولیادارانی ئایینی کەمتر هەست بەکێشەی نەتەوەیی دەکەن.
٨- ڕەگەزی مێ کەمتر بایەخ بەمەسەلە نەتەوەییەکان دەدەن، ئەمەش بەشێکە لەو قێزەیان کە بەزۆری بەرامبەر بەسیاسەت دەری دەبڕن.

(*) لەو بارەوە لە بەشی سێیەمی لەو پاژەیەی کە تایبەتە بەبۆچوونی عەلی باپیر لە بارەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم، ڕوانگە ئیسلامییانە بۆ ناسیۆنالیزمان تاووتوێ کردووە.

## بەشی شەشەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی

### باسی یەکەم: خەسڵەتە گشتییەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە

سیما گشتییەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە لە چەند ئاستێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووریدا دەردەکەون. گرنگیی ئەم زانیارییانە بۆ ئەوەیە بزانین نموونەکەمان لە ڕووی ڕەگەز، تەمەن، خوێندن، شوێنی نیشتەجێبوون، گوزەران، پیشە و باری کۆمەڵایەتییان بە چ شێوەیەک دابەش بووین. زانینی ئەم بارودۆخە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابوورییانەش بەرچاوڕوونیمان پێ دەدەن بۆ چاکتر ناسینی سروشتی دیاردەی ئایینی و گەڕانەوە بۆ ئیسلام لە هەرێمی کوردستاندا. لە لایەکی تریشەوە، ئەم زانیارییانە پێویستە لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکاندا جەختیان لەسەر بکرێت بۆ دۆزینەوەی جیاوازییەکان. لە هەمان کاتدا دەردەکەوێت کە تا چەند نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان گوزارشت لە کۆمەڵی دینداری کوردستان دەکات.

#### ١- ڕەگەز و تەمەن

لە خشتەی ژمارە -١-دا دیارە، بەپێی سروشتی نموونەی لێکۆڵینەوەکە، ڕێژەی ڕەگەزی مێ کەمترە لە ڕەگەزی نێر. نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان بەڕێژەی (٧٣,٠٣ ٪) لە ڕەگەزی نێر پێکهاتووە، بەڵام ڕێژەی مێ تەنیا (٢٦,٩٧ ٪)یە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو گفتوگۆ و هەڵوێستە فیکریانەی ڕەگەزی نێر گرنگییان پێ دەدات، ڕەگەزی مێ لێیانەوە دوورە، بەتایبەت ئەگەر گفتوگۆ و هەڵوێستێکی سیاسی بێت. ئەم خاڵە لە پەیوەندی بەگۆڕاوە سەرەکییەکانی دیکەوە (بۆ نموونە هەڵوێست لەبارەی ناسیۆنالیزم) دەردەکەوێت.

لە ڕووی تەمەنیشەوە (٧٥,١٥ ٪)ی کۆی نموونەی لێکۆڵینەوەکە تەمەنیان لە نێوان ١٨-٢٧ ساڵی دایە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کۆمەڵی لێتوێژراومان زێتر توێژی لاوانی گرتۆتەوە. هەروەها تەمەنی (٢٨-٣٧) ساڵیش ڕێژەی (٢٠,٩١ ٪)ی نموونەکەیان بەردەکەوێت. بۆ زانیاری، نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان هەر لە (١٨) ساڵییەوە تا (٥٤) ساڵی دەگرێتەخۆ. هەروەها ئەوانەشی کە لە سەروو (٣٨) ساڵییەوەن تەنیا ڕێژەی (٣,٩٣ ٪) (پێکدەهێنن. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە نێو لاواندا نموونەی خولیادارانی ئایینی بەڕێژەیەکی زۆرتر بەرچاو دەکەون و هەن. تەنانەت وەک هەڵێنجانێک دەتوانین بڵێین گەڕانەوە بۆ ئیسلام (یان تەنانەت ئوسوڵییەت) دیاردەیەکە زێتر پەیوەندی بەلاوانەوە هەیە و پیر و بەتەمەنەکان بەهۆی کامڵبوون و لەقاڵبدرانی فیکریان کەمتر واز لە تێگەیشتنی باوی ئایینی خۆیان دێنن. چونکە دیاردەی گەڕانەوە بۆ ئیسلام لە کوردستاندا گەڕانەوەیە بۆ تێگەیشتنێکی ئایینی کە جیاوازە لەوەی تا ئێستا و پێشتر بڕوا و پەیڕەوی لێ کراوە. ئەم ڕەوشە زۆرجار ناکۆکی و دەمەتەقێی لەنێوان پیر و گەنجە دیندارەکاندا دروست کردووە.



خشتەی (١) نموونەی لێکۆڵینەوەکە بەپێی ڕەگەز و تەمەن

| ڕەگەز / تەمەن | نێر | مێ | کۆ |
|---|---|---|---|
| ١٨-٢٧ ساڵ | ١٧٣<br>٥٢,٤٢ ٪ | ٧٥<br>٢٢,٧٢ ٪ | ٢٤٨<br>٧٥,١٥ ٪ |
| ٢٨-٣٧ ساڵ | ٥٦<br>١٦,٩٦ ٪ | ١٣<br>٣,٩٣ ٪ | ٦٩<br>٢٠,٩١ ٪ |
| ٣٨-٤٧ ساڵ | ٨<br>٢,٤٢ ٪ | ١<br>٠,٣٠ ٪ | ٩<br>٢,٧٢ ٪ |
| ٤٨-٥٧ ساڵ | ٤<br>١,٢١ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ٤<br>١,٢١ ٪ |
| سەرجەم | ٢٤١<br>٧٣,٠٣ ٪ | ٨٩<br>٢٦,٩٧ ٪ | ٣٣٠<br>١٠٠,٠٠ ٪ |

#### ٢- شوێنی نیشتەجێبوون

زۆرترین ڕێژەی لێکۆڵینەوەکەمان کە دەگاتە (٦١,٢١ ٪) دانیشتووی ناوەندی پارێزگاکانن. ئەم ڕێژەیەش بەسەر هەر سێ شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک دابەش دەبێت. هەروەها (١٩,٠٩ ٪)شیان نیشتەجێی قەزاکانن. کەمترین ڕێژەش بەر لادێ دەکەوێ کە تەنیا (٤,٥٥ ٪)ی کۆی نموونەی لێکۆڵینەوەکە پێکدێنن- سەیری خشتەی ژمارە -٢- بکە.

خشتەی (٢) شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی لێکۆڵینەوە

| شوێنی نیشتەجێبوون | ناوەندی شار | قەزا | ناحیە | کۆمەڵگا (المجمع) | گوند | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرجەم | ٢٠٢<br>٦١,٢١ ٪ | ٦٣<br>١٩,٠٩ ٪ | ٢٤<br>٧,٢٧ ٪ | ٢٦<br>٧,٨٨ ٪ | ١٥<br>٤,٥٥ ٪ | ٣٣٠<br>١٠٠,٠٠ ٪ |

چڕبوونەوەی زێتری نموونەکە لە ناوەندی شاردا پەیوەندی هەیە بەئاستی خوێندەواری و شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو کەسانەی ڕاپرسیمان لەگەڵ کردوون کە ڕێژەیەکی زۆریان زانکۆیین، ئەمەش شتێکی ئاسایی و بەڵگەنەویستە کە زانکۆییەکان زۆربەیان خەڵکی ناوشارن و دواجار نموونەکەشمان لە ڕووی تایبەتمەندیی ئایینییەوە لەو کەسانە هەڵکەوتوون.

## ٣- ئاستی خوێندن

خشتەی (٣) ئاستی خوێندنی نموونەی لێکۆڵینەوە

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| خوێندن و نووسین دەزانێ | ٧ | ٢,٢١ ٪ |
| سەرەتایی | ٣ | ٠,٩١ ٪ |
| ناوەندی | ١٠ | ٣,٠٣ ٪ |
| ئامادەیی | ٢٣ | ٦,٩٧ ٪ |
| پەیمانگە | ٤٠ | ١٢,١٢ ٪ |
| کۆلێژ | ٢٢٨ | ٦٩,٠٩ ٪ |
| خوێندنی باڵا | ١٩ | ٥,٧٦ ٪ |
| کۆی گشتی | ٣٣٠ | ١٠٠,٠٠ ٪ |

وەک لە خشتەی ژمارە (٣)دا دەردەکەوێ، زۆرترین ڕێژەی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان کە دەکاتە (٦٩,٠٩ ٪)یان لە ئاستی کۆلێژ دان، جا یان قوتابیی کۆلێژن یان خودان بڕوانامەی بەکالۆریۆسن. لێرەدا گۆڕاوی «کۆلێژ» هەم ئەوانە دەگرێتەوە کە قوتابین و لە قۆناغەکانی خوێندن دان، هەم ئەوانەش کە تەواویان کردووە، جا چ دامەزراو و خاوەن کار بن یان بێ ئیش. (٤٠) کەسی تریش بەڕێژەی (١٢,١٢ ٪) لە ئاستی پەیمانگادان یان تەواویان کردووە.

هەروەها (١٩) کەس بەڕێژەی (٥,٧٦ ٪) لە قۆناغی خوێندنی باڵان. تەنیا ڕێژەی (٠,٩١ ٪) لە قۆناغی سەرەتایی ڕەتیان نەداوە و (٢,٢١ ٪)ی دیکەشیان تەنیا توانای خوێندن و نووسینیان هەبووە. بەڵام هیچ نموونەیەکی ئەوتۆمان نییە کە نەخوێندەوار بن. بەگوێرەی ئەم نموونەیەی وەرمان گرتووە دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەوانەی هوشیارییەکی ئایینی بەرزیان هەیە حەزیان بەخوێندن و خوێندەواری هەیە، تەنانەت تا ڕادەیەک لە ئاستێکی بەرزی خوێندندان.

## ٤- پیشە

وەک لە بەشی پێنجەمدا گوتمان، بەهۆی سروشتی بابەت و ئاستی وەڵامدانەوەی لێتوێژراوان (المبحوثین)، نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان زێتر قوتابیانی وەرگرتووە ئەویش بەڕێژەی (٥٢,١٢ ٪). ئەمانە لە ئاستی جیاجیای خوێندندا بوون، بەڵام زۆربەشیان قوتابیی زانکۆن. بەپلەی دووەم کارمەندی دەزگا حکومییەکان دێت ئەوانیش (٤٧) کەسن بەڕێژەی (١٤,٢٤ ٪)، هەروەها مامۆستای سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی (١٠,٣٠ ٪) و کاسبیش (١٠ ٪)ی نموونەکەیان پێکهێناوە. کەمترین ڕێژە ژنی ماڵەوەیە ئەویش بەڕێژەی (١,٢١ ٪). سەیری خشتەی ژمارە -٤- بکە.



خشتەی (٤) پیشەی نموونەی لێکۆڵینەوەکە

| پیشە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| قوتابی | ١٧٢ | ٥٢,١٢ ٪ |
| کارمەند | ٤٧ | ١٤,٢٤ ٪ |
| مامۆستا | ٣٤ | ١٠,٣٠ ٪ |
| کاسب و پیشەی کاتیی | ٣٣ | ١٠,٠٠ ٪ |
| مامۆستای زانکۆ | ١٥ | ٤,٥٥ ٪ |
| دوکاندار و پیشەوەر | ٩ | ٢,٧٣ ٪ |
| پزیشک و ئەندازیار | ٦ | ١,٨٢ ٪ |
| وتارخوێن و مامۆستای ئایینی | ٥ | ١,٥٢ ٪ |
| نووسەر و ڕۆژنامەنووس | ٥ | ١,٥٢ ٪ |
| ژنی ماڵەوە | ٤ | ١,٢١ ٪ |
| کۆی گشتی | ٣٣٠ | ١٠٠,٠٠ ٪ |

جگە لەمانە، هەوڵمان دا لە توێژە جیاجیاکانی دیکەی کۆمەڵیش وەرگرین، بۆ نموونە پزیشک، ئەندازیار، نووسەر، ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ. ئەمانەی دواییش بەڕێژەیەکی کەم وەرگیراون.

## ٥- ئاستی گوزەران

لێرەدا، ئێمە پێوەرێکی چەندایەتیمان وەرنەگرتووە بۆ پێوانەکردنی ئاستی ئابووریی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان، چونکە هیچکات وەک سەرۆکی خێزانێک، یان کەسێکی خودان ژیانی سەربەخۆ و مووچەی دیاریکراو وەرمان نەگرتوون و پێشبینیی ئەوەشمان نەدەکرد ڕێژەی خێزاندار تیایاندا ئەوەندە بەرز دەبێت. بۆ ئێمە ئەوەندە ڕاچڵەکێنەر بووە کاتێک بینیومانە تەنیا (٥,٤٥ ٪)ی نموونەی لێکۆڵینەوەکە ڕەوشی ئابووریی خۆیان بەخراپ لەقەڵەم داوە. ئەمەش ڕەنگە پەیوەندی هەبێت بەو ڕەوشە ئابوورییە نیمچە بووژاوەیەی کە دوای ١٩٩٦و بەردەوامبوونی جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦ی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی عێراقەوە، کە بەبڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک ناسراوە، هاتۆتە ئاراوە. لە لایەکی تریشەوە، لە ڕووی زانستییەوە، لە کوردستاندا بەئاسانی ناتوانین ئاستێک (بۆ نموونە هێڵی هەژاری) دیار بکەین و بزانین کێ بەهەژار لە قەڵەم دەدرێت. هەروەها ڕێژەی (٧٠,٦١ ٪) ئاستی ئابوورییان مامناوەندییە. بەڵام (٢٣,٩٤ ٪) ئاماژەیان بەوە داوە کە ئاستی گوزەرانیان باشە. سەیری خشتەی ژمارە -٥- بکە.

خشتەی (٥) ئاستی گوزەرانی نموونەی لێکۆڵینەوە

| ئاستی گوزەران | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| باش | ٧٩ | ٢٣,٩٤٪ |
| مامناوەندی | ٢٣٣ | ٧٠,٦١٪ |
| خراپ | ١٨ | ٥,٤٥٪ |
| کۆی گشتی | ٣٣٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

### ٦- باری کۆمەڵایەتی

سەرەڕای ئەوەی (٥٢,١٢٪)ی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان قوتابین و ڕێژەی (٧٥,١٥٪)شیان تەمەنیان لەژێر ٢٨ ساڵییەوەیە، بەڵام (٣٤,٥٤٪) یان خێزاندارن (واتە ژنیان هێناوە یان شوویان کردووە). ئەم ڕێژەیەش کەمە، لەبەر ئەوەیە دیندارەکان هەر زوو هەوڵ دەدەن ببنە خاوەن ماڵ و خێزان. ئەمەش چونکە ژنهێنان و پێکهێنانی خێزان بنەمایەکی سەرەکیی ئایینی ئیسلامە و دینداران لە تەمەنێکی زووەوە، هەوڵ دەدەن، ئەمە جێبەجێ بکەن. بەڵام دیارە بارودۆخە ئابووری و کۆمەلایەتییەکە ڕەوشێکی تری سەپاندووە. هەروەها بەگشتی (٦٥,٤٥٪) سەڵتن -سەیری خشتەی ژمارە -٦- بکە.

خشتەی (٦) باری کۆمەڵایەتی نموونەی لێکۆڵینەوە

| باری کۆمەڵایەتی | کۆ | ڕێژەی |
|---|---|---|
| سەڵت | ٢١٦ | ٦٥,٤٥٪ |
| خێزاندار | ١١٤ | ٣٤,٥٤٪ |
| کۆی گشتی | ٣٣٠ | ١٠٠,٠٠٪ |

## باسی دووەم: شیکردنەوەی زانیارییە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە

بۆ زانینی ئاستی دینداری و پابەندیی نموونەی لێکۆڵینەوە بەئایینی ئیسلام لەو پرسیارەوە دەستمان پێ کردووە کە ئایا فەرزە ئایینییەکان جێبەجێ دەکەی یا نا؟ خشتەی ژمارە (٧) دەری دەخات کە (٩٨,٧٩٪)ی نموونەکە فەرزەکانی ئیسلام وەک نوێژ و ڕۆژوو جێبەجێ دەکەن. ڕەنگە بەلای موسڵمانی کوردی ئاساییەوە ئایینی ئیسلام تەنیا لەو ڕوکنانەدا وێنا بکرێت. پرسیارکردن لەوەی ئایا فەرزە ئایینییەکان جێبەجێ دەکەی بۆ ئەوە بووە بزانین نموونەی لێکۆڵینەوەکە دیندار و پابەندن بەڕوکنەکانی ئیسلامەوە و مەبەستیشمان ئەوە بووە هەر لە نێو ئەم چەشنە دیندارانەدا هەڵیانبژێرین. بۆیە ئەوانەی وەڵامی نەخێریان ئاماژە پێداوە ئێمە فۆرمەکەیان بەلاوە ناوە و بەکارمان نەهێناوە. وەک دەردەکەوێت لە



گشت ئاستەکانی خوێندندا نموونەکەمان هەر فەرزەکانی ئایین جێبەجێ دەکەن. تەنیا (١,٢١٪)ی نەبێت کە بەبەردەوامی فەرزە ئایینیەکانیان جێبەجێ ناکەن، بەڵکو لە مانگی ڕەمەزاندا یان لە هەندێ کاتی دیاریکراودا ئەم کارە دەکەن. مەرج نییە ئەمەش وای لێ کردبن ئیمانیان بەم ڕوکنە ئایینییانە نەبێت، بەڵکو ڕەنگە لە خەمساردیانەوە بێت.

خشتەی (٧) پەیوەندی جێبەجێکردنی فەرزە ئایینییەکان بەئاستی خوێندنەوە

| جێبەجێکردنی فەرزی ئاین / ئاستی خوێندن | بەڵێ | هەندێ جار | کۆ |
|---|---|---|---|
| خوێندن و نووسین دەزانێ | ٧<br>٢,١٢٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٧<br>٢,١٢٪ |
| سەرەتایی | ٣<br>٠,٩١٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٣<br>٠,٩١٪ |
| ناوەندی | ٩<br>٢,٧٣٪ | ١<br>٠,٣٠٪ | ١٠<br>٣,٠٣٪ |
| ئامادەیی | ٢٣<br>٦,٩٧٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٢٣<br>٦,٩٧٪ |
| پەیمانگا | ٤٠<br>١٢,١٢٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٤٠<br>١٢,١٢٪ |
| کۆلێژ | ٢٢٥<br>٦٨,١٨٪ | ٣<br>٠,٩١٪ | ٢٢٨<br>٦٩,٠٩٪ |
| خوێندنی باڵا | ١٩<br>٥,٧٦٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ١٩<br>٥,٧٦٪ |
| کۆی گشتی | ٣٢٦<br>٩٨,٧٩٪ | ٤<br>١,٢١٪ | ٣٣٠<br>١٠٠,٠٠٪ |

ڕێژەی (٦٨,١٨٪)ی کۆی نموونەی لێکۆڵینەوە کە لە ئاستی کۆلێژدان فەرزە ئایینییەکان جێبەجێ دەکەن. هەروەها ئەوانەی لە خوێندنی باڵا، پەیمانگا، ئامادەیی، سەرەتایی، و ئەوانەی خوێندن و نووسین دەزانن و دەکەونە چوارچێوەی نموونەی لێکۆڵینەوەکەوە فەرزە ئایینییەکانیان جێبەجێ دەکەن.

خشتەی (٨) پێناسەی دینداری و ئاستی گوزەرانی نموونەی لێکۆڵینەوە

| ئاستی گوزەران / پێناسەی دینداری | باش | مامناوەندی | خراپ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام | ٤٧<br>٪١٤,٢٤ | ١٠٧<br>٪٣٢,٤٢ | ١٢<br>٪٣,٦٤ | ١٦٦<br>٪٥٠,٣٠ |
| چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ٥<br>٪١,٥٢ | ١٨<br>٪٥,٤٥ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٢٣<br>٪٦,٩٧ |
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام و چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ١٤<br>٪٤,٢٤ | ٣٦<br>٪١١,٢١ | ٣<br>٪٠,٩١ | ٥٤<br>٪١٦,٣٦ |
| بۆچوونی سەرتاپاگیر و ئوسوڵی و داخراو | ١٢<br>٪٣,٦٤ | ٥٤<br>٪١٦,٣٦ | ١<br>٪٠,٣٠ | ٦٧<br>٪٢٠,٣٠ |
| بۆچوونی کراوە | ١<br>٪٠,٣٠ | ١٧<br>٪٥,١٥ | ٢<br>٪٠,٦١ | ٢٠<br>٪٦,٠٦ |
| کۆی گشتی | ٧٩<br>٪٢٣,٩٤ | ٢٣٣<br>٪٧٠,٦١ | ١٨<br>٪٥,٤٥ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

خشتەی ژمارە -٨- پەیوەندیی نێوان ئاستی گوزەران و بۆچوونی نموونەکە بۆ دینداری دەخاتەڕوو. ڕێژەی هەرە زۆری نموونەکە (٣٢,٤٢ ٪ ) لەوانەی پێیان وایە دینداری جێبەجێکردنی نوێژ و ڕۆژووە ئاستی گوزەرانیان مامناوەندییە. هەروەها ڕێژەی هەرە زۆری ئەوانەی بۆچوونێکی گشتگیر و ئوسوڵیان بۆ ئایین هەیە (کە ٢٠,٣٠ ٪ی کۆی نموونەکەن)، ڕێژەی (١٦,٣٦ ٪ )یان باری گوزەرانیان مامناوەندییە. ئەمانە بەزۆری خەڵکی دانیشتووی شار و شارۆچکەکانن کە زێتر مەیلیان بۆ خوێندن و تەواوکردنی زانکۆ هەیە.

لە کۆی (١٨) کەس بەڕێژەی (٥,٤٥ ٪ ) کە ئاستی گوزەرانیان خراپە (١٢)یان بەڕێژەی (٣,٦٤ ٪ ) پێیان وایە دینداری بریتییە لە جێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام، بەڵام هیچیان بەتەنیا بۆچوونی سیاسییان نییە بۆ ئیسلام. هەر لەوانەی ئاستی گوزەرانیان خراپە (٣) کەسیان بڕوایان بەوەیە ئایین هەم جێبەجێکردنی نوێژ و ڕۆژوو و هەم چالاکیی سیاسییە بەیەکەوە.

ئەگەرچی ئایینی ئیسلام وەک خاڵی لێوەسەرهەڵدانی یەک سەرچاوەی هەیە، ئەویش قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرن (د. خ.) بەڵام چۆنیەتی بەکردەیی بوونی لە واقیعدا بەگوێرەی کولتوور و هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەگۆڕێت. تەنانەت دەشێ هەندێ لە ڕەگەزەکانی کولتوور خۆیان بخزێننە ناو ئایینەوە و ببن بەڕەگەزێکی ئایینەکە خۆی. ئەمەش لە بۆچوونی خەڵکی دینداردا ڕەنگ دەداتەوە کە چۆن لە دینداری تێ دەگەن و چۆنیش دینداریییەکەیان پیادە دەکەن. لە خشتەی ژمارە -٩-دا دوو گۆڕاومان وەرگرتووە. یەکیان چۆنیەتی تێگەیشتن لە دینداری ، دووەمیان ڕاوبۆچوون لەسەر بەشداریکردن لە حیزبێکی نەتەوەییدا، بۆ ئەوەی بزانین ئەوانەی تێگەیشتنێکی دیاریکراویان بۆ ئایین هەیە چۆن دەڕواننە حیزبی نەتەوەیی و بەشداریکردن تیایدا. بەواتایەکی تر، بەگوێرەی تێگەیشتنی ئەوان بۆ ئایین و دینداری ئەم کارە گوناهە یان ڕەوایە.



خشتەی (٩) پێناسەکردنی دینداری و بۆچوونیان لەمەڕ بەشداریکردن لە حیزبی نەتەوەیی

| بەشداریکردن لە حیزبی نەتەوەیی / دینداری چییە؟ | گوناهە | گوناه نییە | کۆ |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام | ٥٢<br>٪١٥,٧٦ | ١١٤<br>٪٣٤,٥٥ | ١٦٦<br>٪٥٠,٣٠ |
| چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ١٥<br>٪٤,٥٥ | ٨<br>٪٢,٤٢ | ٢٣<br>٪٦,٩٧ |
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام و چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ٣٢<br>٪٩,٧٠ | ٢٢<br>٪٦,٦٦ | ٥٤<br>٪١٦,٣٦ |
| بۆچوونی سەرتاپاگیر و ئوسوڵی و داخراو | ٤٠<br>٪١٢,١٢ | ٢٧<br>٪٨,١٨ | ٦٧<br>٪٢٠,٣٠ |
| بۆچوونی کراوە | ٢<br>٪٠,٦١ | ١٨<br>٪٥,٤٥ | ٢٠<br>٪٦,٠٦ |
| کۆی گشتی | ١٣٤<br>٪٤٠,٦١ | ١٩٦<br>٪٥٩,٣٩ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

ڕێژەی (٥٠,٣٠ ٪ )ی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان پێیان وایە دینداری بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە جێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام وەک نوێژ و ڕۆژوو و زەکاتدان و هتد... بێگومان زۆربەی ئەوانەی ئەم گۆڕاوەیان هەڵبژاردووە ئاماژەیان بەوەش داوە کە موسڵمان جگە لەو ئەرکە خواپەرستییانە کۆمەڵێک ئەرکی دیکەشی لەسەر شان دەکەوێت، وەک ئەوەی کە دەبێت توخمێکی بەسوود و باش بێت لە کۆمەڵگادا. بەڵام ئەوانەشی کە پێیان وایە دینداریکردن بریتییە لە کارکردن و چالاکی نواندن لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا تەنیا (٦,٩٧ ٪ )ی نموونەکەیان پێکهێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی ئاماژەیان بەهەردوو گۆڕاوی پێشوو (واتە جێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام و چالاکی سیاسی) داوە، (٥٤) کەسن بەڕێژەی (١٦,٣٦ ٪ ).

هەروەها (٦٧) کەس بەڕێژەی (٢٠,٣٠ ٪ )ی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان ڕای خۆیان وا دەربڕیوە کە دینداری شتێکی سەرتاپاگیرە و گشت لایەنەکانی ژیانی تاکەکەس و کۆمەڵ دەگرێتەوە، هەر لە ملکەچ بوون بۆ فەرمانە خواپەرستییە ئایینییەکان تا گشت لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ لە ئابووری و سیاسەت و کۆمەڵایەتی و وردە ڕەفتارە تاکەکەسییەکان، هەم کارکردن لە ناو ڕێکخراو و حیزبە ئیسلامییەکان و هەم فەرمانکردن بەچاکە و نەهیکردن لە خراپە. بەکورتی لەو بۆچوونەدا ئایین وەک پرۆگرامێکی سەرتاپای ژیانی تاک و کۆمەڵ دانراوە. ڕێژەی (٦,٠٦ ٪ ) بۆچوونێکی کراوەیان هەبووە بۆ ئایین و داکۆکیان لەسەر لایەنە ڕۆحی و ئەخلاقییەکان کردووە، وەک ئەنجامدانی ڕەفتاری چاکە، خەڵک ئازار نەدان و توخمێکی ئیجابی بوون لە کۆمەڵگادا. هیچ یەک لەو مانایەی ئایین لێکدابڕاو نین، جیاوازییەکان لە ڕادەی داکۆکی کردنن لەسەر لایەنە جیاجیاکانی ئایین. کاتێک تێگەیشتنێکی دیاریکراومان دەبێت بۆ دینداری و پێمان وایە بریتییە لە جێبەجێکردنی ڕیتواڵ و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە

جگە لەوە هیچ شتێک بەئایین و ئاییندارى لەقەڵەم نادەین. لەو بارەوە لەوانەبوو زۆربەى ئەوانەى گۆڕاوى یەکەمیان هەڵبژاردووە ڕوانگەى سەرتاپاگیر و ئوسوڵییان بۆ ئایین پیشان بدایە؛ وەک چۆن لە تێبینی و نووسینی لێتۆژراوان لەسەر فۆرمی ڕاپرسییەکەدا دەردەکەوت. هەندێ پێیان وایە دیندارى بریتییە لە جێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام، لە هەمان کاتدا نابێ دین و سیاسەت بکرێن بەدوو بەشەوە، چونکە لە بناغەدا بەیەکەوە بەستراونەتەوە. ئەمانە وا گوزارشت لە ئایین دەکەن کە هەم عیبادەت و شەریعەتە و هەم دەوڵەت و سیاسەت. لەم تێگەیشتنەدا لەگەڵ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوا و دوورکەوتنەوە لەوەى قەدەغەى کردووە، داکۆکی لەوە دەکرێت کە نابێ موسڵمان وەدواى هیچ بیرۆکەیەکی ڕۆژهەڵاتی یان ڕۆژئاوایی بکەوێ. ئەوانەى دەشڵێن دیندارى کارکردنە لەناو حیزبە ئیسلامییەکان، مەبەستیان نییە لایەنی عیبادی و بیروباوەڕیی ئایین پشتگوێ بخەن. نموونەیەکی ترى تێگەیشتن لە دیندارى مەرجدارکردنی خواپەرستییە بەوەى کە دەبێ لە ژێر حوکم و قانوونێکی ئیسلامیدا ئەنجام بدرێ.

ئەم بۆچوونانە بۆ ئایین دواتر لە هەڵوێستیان بۆ بەشداریکردن لە حیزبێکی نەتەوەییدا ڕەنگ دەداتەوە. بەشێوەیەکی گشتی (٤٠,٦١ ٪)ى نموونەى لێکۆڵینەوەکە پێیان وایە بەشداریکردن لە حیزبێکی نەتەوەیی لە ڕووى ئاینییەوە گوناهە و دەبێ خۆى لێ بەدوور بگیرێت. بەڵام (٥٩,٣٩ ٪)کەى تریان پێیان گوناه نییە. بێگومان ئەم بۆچوونەى دوایی تەنیا ئەوانە ناگرێتەوە کە سەر بەهیچ گروپێکی ئیسلامی نین. هەروەها، ڕێژەیەکی تر وەک چۆن لەگەڵ ئەوەدا نین حیزبی نەتەوەیی هەبێ لەگەڵ ئەوەدا نین حیزبی ئاینیش هەبێ. بۆ ئەم مەبەستە سەیرى خشتەى ژمارە -١٠- بکە. ئەمانە بۆچوونێکی دینپاکژانە (ئۆرتودۆکسی)یان بۆ ئیسلام هەیە و زۆر بەوشکی بەڕواڵەتی ڕەفتار و ڕێتواڵە ئاینییەکانەوە گرتوویانە.

لە خشتەى ژمارە -٩-دا دەردەکەوێ لە کۆى (٦,٩٧ ٪) کە بڕوایان بەوەیە دیندارى چالاکی نواندنە لە حیزبێکی ئیسلامیدا، (٤,٥٥ ٪)یان بەشداریکردن لە حیزبێکی نەتەوەیی بەگوناه دادەنێن، بەڵام (٢,٤٢ ٪)شیان ئەم کارە بەگوناهێکی ئاینی دانانێن. هەروەها لە کۆى (٢٠) کەس کە بۆچوونی کراوەیان هەیە، (١٨) کەس بەڕێژەى (٥,٤٥ ٪) ئەم کارەیان پێ گوناه نییە، بەڵام (٢) کەسەکەى تر پێیان گوناهە. کەواتە دەتوانین بڵێین، بۆچوونی کراوە بۆ ئایین زۆر کەم بڕواى بەوە هەیە کە بەشداریکردن لە حیزبی نەتەوەیی گوناه بێت.

بەشێوەیەکی گشتی لە کۆى نموونەى لێکۆڵینەوەدا (٤٠,٦١ ٪) کە پێیان وایە گوناهێکی ئاینییە مرۆڤ لە حیزبێکی نەتەوەیی بەشدار بێت و ئیسلام ڕێگەیان پێ نادات، ڕێژەیەکی بەرچاوە و هەڵوێستی سلبیی نموونەکەى لێکۆڵینەوەمان بۆ دەردەخات بەرامبەر بەنەتەوایەتی.

دواجار دەتوانین بڵێین ئەوانەى لە دینداریدا زۆر جەخت لەسەر لایەنی فیقهی و شەریعەت (ڕوکنەکانی ئیسلام) دەکەنەوە و تێگەیشتنێکی ئوسوڵی و سەرتاپاگیریان بۆ ئایین هەبێ، زۆر پابەندی ئایینن. ئەم پابەندیەیان بەئایینەوە کاریگەریی هەبووە لەسەریان کە بڕوایان بەکارى سیاسیی نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەرى لاواز بێت یان هەر نەبێت. چەندەى لە دینداریدا سەختگیرتر بن لە ڕووى



نەتەوەیییەوە خەمساردتر دەبن.

ئەوانەى بۆچوونێکی کراوەتریان بۆ ئایین هەیە و تەنانەت ئەوانەش کە دیندارى بەجێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام تێ دەگەن، ڕێژەى ئەوانەیان کە بەشداریکردن لە حیزبی نەتەوەیی بەگوناه نازانن زێترە لەوانەى بەگوناهی دەزانن. ئەم قسەیە بۆ ئەوانەى تێگەیشتنێکی ئوسوڵییان بۆ ئایین هەیە یاخود دیندارى بەلایانەوە چالاکی نواندنە لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا پێچەوانە دەبێتەوە، واتە ڕێژەکەى کەمتر دەبێتەوە–سەیرى خشتەى ژمارە (٩) بکە.

خشتەى (١٠) ڕێبازى ئاینی و بۆچوونیان لەمەڕ بوونی حیزبی ئیسلامی

| ڕات لەسەر حیزبی ئاینی / ڕێبازى ئاینی | لەگەڵیدام | لەگەڵی دام نیم | کۆ |
|---|---|---|---|
| شافیعی | ٢٢٣<br>٪ ٦٧,٥٨ | ٦١<br>٪ ١٨,٤٨ | ٢٨٤<br>٪ ٨٦,٠٦ |
| حەنەفی | ١<br>٪ ٠,٣٠ | ٢<br>٪ ٠,٦١ | ٣<br>٪ ٠,٩١ |
| حەنبەلی | ٤<br>٪ ١,٢١ | ٠<br>٪ ٠,٠٠ | ٤<br>٪ ١,٢١ |
| نازانم | ١٠<br>٪ ٣,٠٣ | ٢<br>٪ ,٠٦١ | ١٢<br>٪ ٣,٦٤ |
| سەلەفی | ٤<br>٪ ١,٢١ | ٢٣<br>٪ ٦,٩٧ | ٢٧<br>٪ ٨,١٨ |
| کۆى گشتی | ٢٤٢<br>٪ ٧٣,٣٣ | ٨٨<br>٪ ٢٦,٦٧ | ٣٣٠<br>٪ ١٠٠,٠٠ |

سەلەفی ئەوانەن تەنیا ڕێز بۆ ئەم ئیمامانە دادەنێن دەنا خۆیان بەشوێنکەوتەیەکی مووبەمووى قورئان و سوننەتی پێغەمبەر لەقەڵەم دەدەن. ئەمانە لە کوردستاندا بە«سەلەفی» ناو دەبرێن. سەلەفی بەماناى شوێنکەوتووى پێغەمبەر و زانایانی بەرێ دێ، کە زۆرجار بەئەهلی حەدیسیش ناسراون. ئەم ناوەى دواییيان لەبەر ئەوە بەسەردا بڕاوە چونکە داکۆکییەکی لە ڕادەبەدەر دەکەنە سەر فەرموودەکانی پێغەمبەر (د. خ.). ئەم دەستەیە تەقلیدکردن لە گشت ئیمامەکان ڕەت دەکەنەوە و پێیان وایە گشت کێشە ئاینییەکان لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (د. خ.)دا ڕوون کراونەتەوە. ئەوەى لەم خشتەیەدا جێی سەرنجە بۆچوونی سلبیی پەیڕەوانی ئەم ڕێبازەیە بەرامبەر ناسیۆنالیزم. لە کۆى (٢٧) کەس بەڕێژەى (٨,١٨ ٪) کە سەلەفین (٢٣)یان بەڕێژەى (٦,٩٧ ٪) لەگەڵ ئەوەدا نین حیزبی ئیسلامی هەبن. واتە خەسڵەتێکی ئەم ئاراستە ئاینییە ئەوەیە کە بڕواى بەکارکردنی حیزبییانە بەناوى ئایینەوە نییە؛ خاڵێک کە واى کردووە ئەمانە لەلایەن هەندێ کەسایەتی سیاسی عەلمانییەوە ستایش بکرێن.

خشتەی (١١) دینداری چییە؟ لەگەڵ بڕوابوون بەگەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی

| لەگەڵ گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامیی دای؟ / دینداری چییە؟ | لەگەڵیدام | لەگەڵی دا نیم | کۆ |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام | ٨١<br>٪٢٤,٥٥ | ٨٥<br>٪٢٥,٧٦ | ١٦٦<br>٪٥٠,٣٠ |
| چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ١٥<br>٪٤,٥٥ | ٨<br>٪٢,٤٢ | ٢٣<br>٪٦,٩٧ |
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام و چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ٤١<br>٪١٢,٤٢ | ١٣<br>٪٣,٩٤ | ٥٤<br>٪١٦,٣٦ |
| بۆچوونی سەرتاپاگیر و ئوسوڵی و داخراو | ٥٣<br>٪١٦,٠٦ | ١٤<br>٪٤,٢٤ | ٦٧<br>٪٢٠,٣٠ |
| بۆچوونی کراوە | ٩<br>٪٢,٧٣ | ١١<br>٪٣,٣٣ | ٢٠<br>٪٦,٠٦ |
| کۆی گشتی | ١٩٩<br>٪٦٠,٣٠ | ١٣١<br>٪٣٩,٧٠ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

خەلافەتی ئیسلامی چەمکێکە لە بیری ئیسلامیدا بایەخێکی تایبەتی پێ دراوە. بەڵام دوای ئەو ئەزموونەی لە مێژووی ئیسلامیدا تاقی کراوەتەوە و ئەو واقیعە نوێیەی تیایدا دەوڵەتەکان لەسەر بنەمایەکی سیاسی- یاسایی دادەمەزرێن، چوارچێوەی نەتەوەیی دەوری سەرەکیی تیا دەگێڕێت، خەڵکی دیندار هەمدیس بیر لە چەمکی خەلافەت دەکەنەوە.

لە خشتەی ژمارە ١١-دا، بەشێوەیەکی سەرەکی، ڕێژەی هەرەزۆری نموونەکە، کە (٪٦٠,٣٠)یە بڕوایان بەگەڕانەوەی خەلافەت و یەکبوونی ئیسلامی هەیە کە گشت نەتەوە موسڵمانەکان لە ناو یەک دەوڵەت و یەکەی سیاسیدا کۆ بکاتەوە و تیایدا نەتەوەیەکی دیکە (جا چ عەرەب بێت یان تورک یاخود فارس و هتد...) دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا بێت. بێگومان بەمەرجی دووەمیشەوە (واتە باڵادەست بوونی نەتەوەیەکی دیکەی غەیرە کورد) ئەوانە بڕوایان بەخەلافەت هەیە و بەکیانی پەسندکراوی داهاتووی دادەنێن. خۆ ئەگەر ئەم مەرجەی تیا نەبووایە، ئەوا ڕێژەیەکی زۆر لەوە زێتر ئاماژەیان پێدەکرد. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە هەندێک لەو (٪٣٩,٧٠)ی نموونەکە کە لەگەڵ ئەم جۆرە خەلافەتە ئیسلامییەدا نین ئاماژەیان بەوە داوە کە لەگەڵیدا دەبن ئەگەر کورد تیایدا لە دەسەڵات بەشدار بێت. واتە لەگەڵدانەبوونەکە زێتر لەبەر ئەوەیە کە مەرجی بەشدارنەبوونی کورد لە دەسەڵات لە پرسیارەکەدا هاتووە. ئەگینا ڕێژەیەکی زێتر لەوە پێی ڕازی دەبوون. ئەوانەی لەگەڵیشیدان زۆربەی جار پاساوی ئەوە دێننەوە کە لە خەلافەتی ئیسلامیدا جیاوازی لە نێوان نەتەوەکاندا ناکرێ و هیچ نەتەوەیەک ناچەوسێنرێتەوە و عەدالەت تیایدا بەرقەرارە.

وەک لە خشتەی ژمارە -١١-دا دیارە، تێگەیشتن لە دینداری کاریگەریی کردۆتە سەر بڕوابوونیان بەگەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی. ئەوانەی جێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام بەدینداری لەقەڵەم دەدەن



(٨١) کەس بەڕێژەی (٪٢٤,٥٥) لەگەڵ گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامیدان و ڕێژەی (٪٢٥,٧٦) لەگەڵیدا نین. ئەوانەی پێیان وایە دینداری چالاکی نواندنە لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا، زیاتر لەگەڵ گەڕانەوەی خەلافەت دان، بەڕێژەی (٪٤,٥٥) بەرامبەر (٪٢,٤٢) کە لەگەڵیدانین. ئەمە بەسەر ئەوانەشدا دەچەسپێ کە هەر دوو گۆڕاوی جێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام و چالاکی نواندن لەناو حیزبێکی ئیسلامیان بەیەکەوە هەڵبژاردووە (٪١٢,٤٢) لەگەڵیدان و ٣,٩٤٪ لەگەڵیدانین). هەروەها لە بۆچوونی سەرتاپاگیر و ئوسوڵیشدا، دیسان ئەوانەی لەگەڵ گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامیدان (بەڕێژەی ٪١٦,٠٦) زێترە لەوانەی لەگەڵیدا نین (کە ڕێژەکەیان ٤,٢٤٪یە). بەڵام لە بۆچوونی کراوەدا ڕێژەکە پێچەوانە بۆتەوە و ئەوانەی لەگەڵیدان (٪٢,٧٣) کەمترن لەوانەی لەگەڵیدا نین(٪٣,٣٣).

خشتەی (١٢) پێناسەی دینداری و تێگەیشتن لە سروشتی کێشەی کورد

| کێشەی کورد / پێناسەی دینداری | ئایینی | نەتەوەیی | تێکەڵ لەئایینی و نەتەوەیی | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام | ٤<br>٪١,٢١ | ٨١<br>٪١٤,٥٥ | ٨١<br>٪١٤,٥٥ | ١٦٦<br>٪٥٠,٣٠ |
| چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٨<br>٪٢,٤٢ | ١٥<br>٪٤,٥٥ | ٢٣<br>٪٦,٩٧ |
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام و چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ٢<br>٪٠,٦١ | ١١<br>٪٣,٣٣ | ٤١<br>٪١٢,٤٢ | ٥٤<br>٪١٦,٣٦ |
| بۆچوونی سەرتاپاگیر و ئوسوڵی و داخراو | ١<br>٪٠,٣٠ | ٢٢<br>٪٦,٦٧ | ٤٤<br>٪١٣,٣٣ | ٦٧<br>٪٢٠,٣٠ |
| بۆچوونی کراوە | ٠<br>٪٠,٠٠ | ١١<br>٪٣,٣٣ | ٩<br>٪٢,٧٣ | ٢٠<br>٪٦,٠٦ |
| کۆی گشتی | ٧<br>٪٢,١٢ | ١٣٣<br>٪٤٠,٣٠ | ١٩٠<br>٪٥٧,٥٨ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

خشتەی ژمارە -١٢- دەری دەخات، بەشێوەیەکی گشتی (٪٤٠,٣٠)ی نموونەی لێکۆڵینەکە ئاماژەیان بەوە داوە کە کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەییە. بەڵام زۆربەیان واتە (٪٥٧,٥٨) پێیان وایە کێشەی کورد کێشەیەکی ئایینی و نەتەوەیی تێکەڵە. هەروەها تەنیا (٪٢,١٢) لەو بڕوایە دان کێشەی کورد سروشتێکی ئایینییانەی هەیە. لێرەدا دەتوانین بپرسین ئایینیبوونی کێشەی کورد لە کوێ دایە؟ ئەو کاتە دەتوانین ئەم بۆچوونە (واتە دانانی کێشەی کورد بەکێشەیەکی ئایینی یان ئایینی و نەتەوەیی بەیەکەوە) پشتڕاست بکەین کە ناکۆکی لەنێوان ئایینی دەسەڵاتدار لە عێراق و نەتەوەی کورددا هەبێت و کورد لەسەر ئایینەکەی بچەوسێنێتەوە. لەوانەیە تاکە خاڵی هاوبەش و لێکچووی نێوان نەتەوەی کورد و عەرەبی سوننی دەسەڵاتدار لە عێراق هۆکاری ئایینی بێت.

ئەم بۆچوونەی سەرەوە، واتە لەقەڵەمدانی کێشەی کورد بەکێشەیەکی ئایینی، بەندە بەو جیهانبینییە سەرتاپاگیرە ئایینییەی کە گشت مەسەلەکان دەبەستێتەوە بەئایین و هەر لەو چوارچێوەیەدا چارەسەریان دەکات. ڕەنگە مەبەستی ئەم لێتوژراوانە لێرەدا ئەوە بێت کە تەنیا بەچەکی ئایین بکرێ ڕووبەڕووی

دەسەڵاتی مەرکەزیخوازی عێراق ببینەوە، یاخود ئەوەتا کێشەکە لەوەدا نابینێتەوە کە کورد نەتەوەیەکی جیاوازە لە عێراقدا و مافی تایبەت و سەربەخۆی هەیە، بەڵکو گرنگ بەلایەوە کیانێکی عەقیدەیی و ئیسلامی بێت کە بەگوتەی ئەوان کێشەکان تیایدا بە ئاسایی یەکلا کراونەتەوە. ڕێژەی (١٤,٥٥ ٪)ی نموونەکە لەوانەی دینداری بەجێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام پێناسە دەکەن، کێشەی کورد بەکێشەیەکی نەتەوەیی دادەنێن. بەهەمان ڕێژەش بەکێشەیەکی تێکەڵاو لە ئایین و نەتەوەیی لەقەڵەم دەدەن. هەروەها (٨) کەس بەڕێژەی (٢,٤٢ ٪) لەوانەی دینداری بەچالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامی وەسف دەکەن کێشەی کورد بەکێشەیەکی نەتەوەیی لەقەڵەم دەدەن. لێرەدا ئەگەرچی هیچیان لەوانەی ئەم بۆچوونەیان بۆ ئایین هەیە کێشەی کورد بەکێشەیەکی ئایینی دانانێن، کەچی ڕێژەی ئەوانەی کێشەی کورد بەکێشەیەکی نەتەوەیی ڕووت دادەنێن کەمترە لەوانەی کە بەکێشەیەکی ئایینی و نەتەوەیی دادەنێن. لەم خشتەیەدا بەڕوونی دەور و کاریگەری هۆکاری ئایینی دەردەکەوێت کە تا چەند زاڵە بەسەر، تەنانەت، هوشیاریی نەتەوەییشەوە.

خشتەی (١٣) ئەولەویەت دان بەهەستی ئایینی یان نەتەوەیی و بۆچوونیان لەمەڕ بەشداریکردن لە حیزبی نەتەوەیی

| بەشداریکردن لەحیزبێکی نەتەوەیی ئەوەلەویەتدان / بەهەستی ئایینی یان نەتەوەیی | گوناهە | گوناه نییە | کۆ |
|---|---|---|---|
| هەست و هوشیاری ئایینی | ١٢٤<br>٪٣٧,٥٨ | ١٣٨<br>٪٤١,٨٢ | ٢٦٢<br>٪٧٩,٣٩ |
| هەست و هوشیاری نەتەوەیی | ٣<br>٪٠,٩١ | ٢٦<br>٪٧,٨٨ | ٢٩<br>٪٨,٧٩ |
| ئایینی و نەتەوەیی بەیەکەوە | ٧<br>٪٢,١٢ | ٣٢<br>٪٩,٣٩ | ٣٩<br>٪١١,٨٢ |
| کۆ | ١٣٤<br>٪٤٠,٦١ | ١٩٦<br>٪٥٩,٣٩ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

بەگوێرەی خشتەی ژمارە (١٣)، ڕێژەی هەرە زۆری نموونەی لێکۆڵینەوەکە (٧٩,٣٩٪) لە نێوان هەست و خولیای ئایینی و نەتەوەییدا ئەولەویەت دەدەن بەهەست و خولیای ئایینی. بێگومان دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە ئەمە مەرج نییە بەواتای فەرامۆشکردنی تەواوی نەتەوە و نەتەوایەتی بێت. ئەم بەلەپێشتردانانە بەگوێرەی نموونەی وەرگیراو بۆ لێکۆڵینەوە شتێکی ئاسایی و چاوەڕوانکراوە؛ چونکە ئەوانەی هەستێکی ئایینی بەهێزیان هەبێت، گومانی تێدا نییە کە پتر بایەخ بەهەست و خولیا ئایینییەکانیان دەدەن. ڕەنگە ئەم خاڵە ڕێگەمان بدات بڵێین نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان بەڕێژەیەکی بەرز نوێنەرایەتی کۆمەڵی تۆژینەوە دەکات.

هەروەها (٨,٧٩ ٪) ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەولەویەت بەهەست و خولیای نەتەوەیی دەدەن؛ لە هەمان



کاتدا هەستی ئایینییان بەهێزە و ڕەنگە پشتگوێی نەخەن. ڕێژەی (١١,٨٢ ٪) نیشانەیان لە هەردوو گۆڕاوەکە داوە، واتە ئەم دوو هەست و خولیایەیان بەیەکتر دەبەستنەوە و ئامادە نین هیچیان پێش ئەوی دیکەیان بخەن. لەو نێوانەدا (١٢٤) کەس بەڕێژەی (٣٧,٥٨ ٪) لە کۆی (١٣٤) کەس لەوانەی ئەولەویەت بەهەستی ئایینییان دەدەن ئاماژەیان بەوە داوە کە بەشداریکردن لە حیزبێکی نەتەوەیی لە ڕووی ئایینییەوە گوناهە، بەڵام (٤١,٨٢ ٪) دیسان لەوانەی ئەولەویەت بەئایین دەدەن لە ژیان و بیرکردنەوەیاندا پێیان وا نییە بەشداریکردن لە حیزبی نەتەوەیی لە ڕووی ئایینییەوە گوناه بێت.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە (٠,٩١ ٪)ی نموونەکە لەوانەی ئاماژەیان بەوە داوە کە پتر بایەخ بەهەست و خولیای نەتەوەییان دەدەن، پێیان وایە بەشداریکردن لە حیزبێکی نەتەوەیی لە ڕووی ئایینییەوە گوناهە. ئەمە دوو ئەگەری هەیە؛ یان ئەوەتا ئەمانەی هەستی نەتەوەییان لا بەهێزە، وای بۆ دەچن کە هەڵوێستی ئایین بەرامبەر بەبەشداریکردن لە حیزبی نەتەوەیی سلبییە، یاخود لە بنەڕەتدا بۆچوونێکی سلبییان بەرامبەر بەحیزبە عەلمانییە نەتەوەییەکانی کوردستان هەیە و ئەم بۆچوونەشیان بەسەر چالاکی نواندن لە ناو حیزبی نەتەوەیی بەگشتیدا دەسەپێنن.

هەروەها ڕێژەی (٩,٣٩ ٪) لەوانەی کە ئاماژەیان بەهەردوو گۆڕاو (هەستی ئایینی و نەتەوەیی) داوە، پێیان وایە بەشداریکردن لە حیزبی نەتەوەیی لە ڕووی ئایینییەوە گوناهە. لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەوانەی هەستی ئایینییان بەهێزە و بەپێش گشت هەست و خولیاکانی دیکەیان دەخەن، بەچاوێکی سلبی لە کارکردن لەناو حیزبی نەتەوەیی دەڕوانن.

خشتەی (١٤) شێوازی حوکمی هەڵبژێردراو بۆ داهاتووی عێراق و هەبوونی هەڕەشە لەسەر ئایین یان نەتەوە

| هەڕەشە لەسەر ئایینت هەیە یان نەتەوەت / شێوازی حوکم | ئایین | نەتەوە | هەر دووکیان | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| حکومەتی ئیسلامی لە عێراقێکی یەکپارچەدا | ٨<br>٪٢,٤٢ | ١٤<br>٪٤,٢٤ | ٩٤<br>٪٢٨,٤٨ | ١١٦<br>٪٣٥,١٥ |
| دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی سەربەخۆ | ١<br>٪٠,٣٠ | ٤٣<br>٪١٣,٠٣ | ٤٨<br>٪١٤,٥٥ | ٩٢<br>٪٢٧,٨٨ |
| دەوڵەتێکی فرە نەتەوەیی فیدرالی | ٠<br>٪٠,٠٠ | ١٥<br>٪٤,٥٥ | ٥٥<br>٪١٦,٦٧ | ٧٠<br>٪٢١,٢١ |
| دەوڵەتێکی کوردی ئیسلامی | ١<br>٪٠,٣٠ | ٥<br>٪١,٥٢ | ٣٩<br>٪١١,٨٢ | ٤٥<br>٪١٣,٦٤ |
| هی تر | ٠<br>٪٠,٠٠ | ١<br>٪٠,٣٠ | ٦<br>٪١,٨٢ | ٧<br>٪١,١٢ |
| کۆی گشتی | ١٠<br>٪٣,٠٣ | ٧٨<br>٪٢٣,٦٤ | ٢٤٢<br>٪٧٣,٣٤ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

لێرەدا پرسیار کراوە کە داخۆ لەگەڵ کام شێوازی حوکم دان بۆ داهاتووی عێراق. ڕێژەی هەرە زۆر واتە (٣٥,١٥ ٪) حکومەتێکی ئیسلامییان هەڵبژاردووە لە عێراقێکدا کە یەکپارچە بێت، واتە حکومەتێکی ئیسلامی لەو چوارچێوە جوگرافییەی کە هەیە و لەگەڵ پارچەپارچەبوونی عێراقدا نین. (٢٧,٨٨ ٪)ی دیکەیان ئاماژەیان بەدەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی داوە. دیارە ئەمە وەک خواست لە هزری خەڵکدا؛ بەڵام ئاخۆ ئەم دەوڵەتە کوردییە چۆن چۆنییە و تەنانەت لە واقیعی ئەمڕۆدا شیاوە یان نە ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە. هەر چۆنێک بێت، لە ڕووی نەتەوەیییەوە ئەمە خاڵێکی ئیجابییە و نیشانەی ئەوەیە ئەمانە مەسەلەی نەتەوەییشیان لا مەبەستە و بەمافی خۆیان (وەک کورد) دەزانن وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی سەر ئەم زەوییە دەوڵەتی خۆیان هەبێت. هەروەها ڕێژەی (٢١,٢١ ٪)شیان دەوڵەتێکی فرە نەتەوەیی فیدرالی بەباشترین قەوارە دەزانن بۆ عێراق.

سەبارەت بەوەی داخۆ لەلایەن دەسەڵاتی عێراقەوە ئایینمان هەڕەشەلێکراوە یان نەتەوە، (٧٣,٣٤ ٪) کە ڕێژەی هەرە زۆری نموونەکەیە ئاماژەی بەوە داوە کە هەم ئایین و هەم نەتەوەیان لەلایەن عێراقەوە بەیەکەوە هەڕەشەیان لەسەرە و هەڕەشەیان لێ دەکرێت. بەڵام ڕێژەی (٢٣,٦٤ ٪)ی پێیان وایە نەتەوەیان لە ژێر هەڕەشەدایە. بێگومان ئەم پرسیارە لەو حاڵەتەدا ماناداره کە ئێمە دان بەوەدا بنێین کە کورد لە کێشەدایە، ئەمە لەوانەیە ئەو خاڵە بێت کە ئێمە و نزیکەی هەموو لێتوێژراوان لەسەری کۆکین.

هەروەها (٣,٠٣ ٪)، کە کەمترین ڕێژەیە لەو بڕوایە دان حکومەتی مەرکەزیی عێراق تەنیا گەف لە ئایینیان دەکات. لێرەدا بەو ئەنجامە دەگەین؛ ئەوانەی پێیان وایە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە تەنیا ئایینیان هەڕەشە لێکراوە، گۆڕانی حکومەت و دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی بەچارەسەری کێشەی خۆیان دەزانن. هەروەها ئەوانەی هەست ناکەن کێشەیەکی نەتەوەیییان هەیە هەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی سەربەخۆ بەپێویست نازانن، تەنانەت ئەوانەش کە دان بەوەدا دەنێن کێشەکەیان کێشەیەکی نەتەوەیییە و بەپلەی یەکەم نەتەوەیان هەڕەشەلێکراوە بەڕێژەی (٤,٢٤ ٪) دیسان حکومەتێکی ئیسلامی بۆ عێراق پێشنیار دەکەن و چارەسەری کێشەی کورد لەوێدا دەبیننەوە. دەبێ لەوەش ئاگادار بین (١١,٨٢ ٪) کە پێیان وایە لە ڕووی نەتەوەیییەوە هەڕەشەیان لەسەرە دەوڵەتێکی کوردیی ئیسلامی بۆ کوردستانی عێراق بەچاکتر دەزانن. لێرەدا ناتوانین گومانی چۆنیەتی ئەو حکومەتە ئیسلامییە کوردییە بکەین، هەر چۆنێک بێت حکومەتێکە تیایدا کورد باڵادەستە و لەلایەن گروپە ئیسلامییەکان و بەپێی پرەنسیپەکانی ئیسلام (بەو شێوەیەی خۆیان لێی تێدەگەن) بەڕێوەدەچێت. دواجار دەتوانین بڵێین ڕێژەی (٢٧,٨٨ ٪)ی کۆی نموونەی لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی دان، لە چاو کۆی بۆچوونەکانی تر، ڕێژەیەکی کەمە و نیشانەی لاوازیی خواستی کیانی نەتەوەیی و خەریکبوونی هزریانە بەکیانی ئیسلامییانەی سەروو-نەتەوەیی. بۆیە دەتوانین بڵێین ئوسوڵییەتی ئیسلامی لە کوردستاندا دەوری هەبووە لە کاڵکردنەوەی سنووری نەتەوەیییەکان لە هزری دینداراندا و لە جیاتی ئەوە چەمکی برایەتی ئیسلامی لەسەر بنەمای یەکبوونی ئایینییان برەو پێ بدات.



خشتەی (١٥) ئەولەویەت دان بەهەست و خولیای ئایینی و نەتەوەیی و تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزم

| لەنێوان هەستی ئایینی و نەتەوەیی / ناسیۆنالیزم چییە؟ | ئایینی | نەتەوەیی | تێکەڵاو لە هەر دووکیان | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| خۆشەویستی نەتەوە و نیشتیمان و هەوڵدان لەپێناویدا | ١٣٤<br>٪٤٠,٦١ | ١٨<br>٪٥,٤٥ | ٢١<br>٪٦,٣٦ | ١٧٣<br>٪٥٢,٤٢ |
| بایەخدان بەزمان و مێژووی نەتەوە | ٢٣<br>٪٦,٩٧ | ١<br>٪٠,٣٠ | ١<br>٪٠,٣٠ | ٢٥<br>٪٧,٥٨ |
| هەردوو خاڵی سەرەوە | ١٢<br>٪٣,٦٤ | ٨<br>٪٢,٤٢ | ٥<br>٪١,٥٢ | ٢٥<br>٪٧,٥٨ |
| ناسیۆنالیزم بیرێکی نارەوایە و لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێ | ٦٦<br>٪٢٠,٠٠ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٤<br>٪١,٢١ | ٧٠<br>٪٢١,٢١ |
| چەمکێکی ئیجابییە ئەگەر لە ئیسلام دەرنەچێت | ٥<br>٪١,٥٢ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ١<br>٪٠,٣٠ | ٦<br>٪١,٨٢ |
| هی تر | ٢٢<br>٪٦,٦٧ | ٢<br>٪٠,٦١ | ٧<br>٪١,١٢ | ٣١<br>٪٩,٣٩ |
| کۆی گشتی | ٢٦٢<br>٪٧٩,٣٩ | ٢٩<br>٪٨,٧٩ | ٣٩<br>٪١١,٨٢ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٥) تێگەیشتنی نموونەی لێکۆڵینەوە بۆ ناسیۆنالیزم پیشان دەدات. وەک دیارە (٥٢,٤٢ ٪) کە ڕێژەی هەرە زۆرە، پێیان وایە ناسیۆنالیزم بریتییە لە خۆشەویستی نەتەوە و نیشتیمان و هەوڵدان لەپێناویدا. هەروەها ئەوانەی پێیان وایە ناسیۆنالیزم بایەخدانە بەزمان و مێژووی نەتەوە (٧,٥٨ ٪)ی نموونەکە پێکدێنن. هەمان ڕێژەش ئاماژەیان بەهەردوو پێناسەی سەرەوە داوە بۆ چەمکی ناسیۆنالیزم؛ هەر چەند ناتوانین پابەندیی نموونەی لێکۆڵینەوەکە بەم پێناسانەوە دەستنیشان بکەین.

بەڵام ئەوانەی پێیان وایە ناسیۆنالیزم بیرێکی تەسک و نارەوایە و لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام ناگونجێ (٢١,٢١ ٪)ی نموونەکە پێکدێنن. ئەمانە لەژێر کاریگەریی ئەو بۆچوونە دان کە لە بەشی سێیەمی ئەم نامەیەدا گفتوگۆمان لەسەر کردووە. بۆچوونی ئیسلامییانەی ئوسوڵی وای بۆ دەچێت ناسیۆنالیزم شتێکی داهێنراوە و مەیلی ئەوەی هەیە جێی خوا بگرێتەوە و تیایدا نەتەوە بکرێ بەخوا و بپەرسترێ. لە لایەکی تریشەوە نموونەکەمان پێیان وایە ئایینی ئیسلام جیاوازی لە نێوان هۆز و نەتەوەکاندا ناکات و موسڵمان دەبێ جگە لە ئایینی خوا خۆی بەهزری دیکەوە خەریک نەکات، بەتایبەت هزری نەتەوەیی کە ناکۆکی دەخاتە نێوان ئۆمەتی ئیسلامی. هەروەها بۆچوونی ئیسلامییانەی ئوسوڵی، لە دەرەوەی خولیای ئایینی، گشت خولیا و هوشیارییەکانی تر ڕەت دەکاتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئوسوڵییەتی ئیسلامی دەوری هەبووە لە دروستکردنی بۆچوونی پشتگوێخەر و کەمتەرخەم و دژ بەناسیۆنالیزم.

دەرەنجام دەتوانین بڵێین تێگەیشتنی سلبی بۆ ناسیۆنالیزم بەزۆری لای ئەو کەسانە بەدی دەکرێت کە هیچ بایەخێک بەهەست و خولیای نەتەوەیی نادەن. یان بەپێچەوانەوە، ئەوانەی بایەخ بەهەست و خولیای نەتەوەیی نادەن تێگەیشتنێکی سلبییان بۆ نەتەوایەتی و ناسیۆنالیزم هەیە. بۆیە هەر لەو خشتەی ژمارە -١٥-دا دەردەکەوێ ئەوانەی هیچ بایەخ بەم خولیایە نادەن ئەوانەن کە ناسیۆنالیزم بەبیرێکی تەسک و ناڕەوا و دژ بەبنەماکانی ئیسلام دەزانن یانیش پێیان وایە ناسیۆنالیزم دەبێ لە چوارچێوەی ئیسلام دەرنەچێ.

خشتەی (١٦) پەیوەندیی تێگەیشتن لە دینداری و ناسیۆنالیزم

| دینداری چییە؟ / ناسیۆنالیزم چییە؟ | جێبەجێکردنی روکنەکان | چالاکیی سیاسی | هەردووکی پێشوو | بۆچوونی سەرتاپاگیر | بۆچوونی کراوە | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خۆشەویستی نەتەوە و نیشتیمان و هەوڵدان لەپێناویدا | ١٠٩<br>٪٣٣,٠٣ | ١١<br>٪٣,٣٣ | ٢٣<br>٪٦,٩٧ | ٢٠<br>٪٦,٠٦ | ١٠<br>٪٣,٠٣ | ١٧٣<br>٪٥٢,٤٢ |
| بایەخدان بەزمان و مێژووی نەتەوە | ١٣<br>٪٣,٩٤ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٧<br>٪٢,١٢ | ٤<br>٪١,٢١ | ١<br>٪٠,٣٠ | ٢٥<br>٪٧,٥٨ |
| هەردووخاڵی سەرەوە | ٩<br>٪٢,٧٣ | ١<br>٪٠,٣٠ | ٤<br>٪١,٢١ | ٧<br>٪٢,١٢ | ٤<br>٪١,٢١ | ٢٥<br>٪٧,٥٨ |
| ناسیۆنالیزم بیرێکی ناڕەوایە و لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێ | ٢٩<br>٪٨,٧٩ | ٨<br>٪٢,٤٢ | ١٢<br>٪٣,٦٤ | ١٩<br>٪٥,٧٦ | ٢<br>٪٠,٦١ | ٧٠<br>٪٢١,٢١ |
| چەمکێکی ئیجابییە ئەگەر لە ئیسلام دەرنەچێت | ٥<br>٪١,٥٢ | ١<br>٪٠,٣٠ | ٧<br>٪٢,١٢ | ١٦<br>٪٤,٨٥ | ٢<br>٪٠,٦١ | ٣١<br>٪٩,٣٩ |
| هی تر | ١<br>٪٠,٣٠ | ٢<br>٪٠,٦١ | ١<br>٪٠,٣٠ | ١<br>٪٠,٣٠ | ١<br>٪٠,٣٠ | ٦<br>٪١,٨٢ |
| کۆی گشتی | ١٦٦<br>٪٥٠,٣٠ | ٢٣<br>٪٦,٩٧ | ٥٤<br>٪١٦,٣٦ | ٦٧<br>٪٢٠,٣٠ | ٢٠<br>٪٦,٠٦ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٦) پەیوەندیی تێگەیشتن لە دینداری و ناسیۆنالیزم ڕوون دەکاتەوە. وەک دیارە (٢٩) کەس بەڕێژەی (٨,٧٩٪) پێیان وایە دینداری بریتییە لە جێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام وەک نوێژ و ڕۆژوو و هتد... و ناسیۆنالیزم بیرێکی تەسک و ناڕەوایە و لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەیان بۆ ئیسلام ناگونجێ. ئەوانەی هەمان تێگەیشتنیان بۆ دینداری هەیە بەڵام ناسیۆنالیزم بەخۆشەویستی نەتەوە و نیشتیمان و هەوڵدان لەپێناویدا وەسف دەکەن ڕێژەی (٣٣,٠٣٪)ی نموونەکە پێکدێنن. هەروەها ئەوانەی پێیان وایە دینداری بریتییە لە چالاکی نواندن لە چوارچێوەی حیزبی ئیسلامیدا، بەڕێژەی (٣,٣٣٪)ی کۆی نموونەی لێکۆڵینەوەکە پێیان وایە ناسیۆنالیزم خۆشەویستی نەتەوە و نیشتیمان و هەوڵدانە لە پێناویدا. دیسان ئەوانەی تێگەیشتنێکی سیاسییان بۆ ئیسلام هەیە و ناسیۆنالیزم بەبیرێکی تەسک و ناڕەوا و دژ بەئیسلام لە قەڵەم دەدەن (٢,٤٢٪)ی نموونەکە پێکدێنن.



هەروەها ئەوانەی پێیان وایە ناسیۆنالیزم بیرێکی تەسک و ناڕەوایە و لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا ناگونجێ و لەهەمان کاتدا بۆچوونێکی سەرتاپاگیر و ئوسوڵییان بۆ ئیسلام و دینداری هەیە (٥,٧٦٪)ن.

خشتەی (١٧) پێناسەی دینداری و بۆچوونیان لەمەڕ پەیوەندیی ئایین و نەتەوایەتی

| هەوڵدان بۆ ئایین و نەتەوایەتی / دینداری چییە؟ | نەتەوایەتی دژی ئایینە | لەگەڵ ئایین دەگونجێ | دوو شتی جیاوازن | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام | ١٦<br>٪٤,٨٥ | ١٥٠<br>٪٤٥,٤٥ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ١٦٦<br>٪٥٠,٣٠ |
| چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ٢<br>٪٠,٦١ | ٢١<br>٪٦,٣٦ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٢٣<br>٪٦,٩٧ |
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام و چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ٦<br>٪١,٨٢ | ٤٧<br>٪١٤,٢٥ | ١<br>٪٠,٣٠ | ٥٤<br>٪١٦,٣٦ |
| بۆچوونی سەرتاپاگیر و ئوسوڵی و داخراو | ٧<br>٪٢,١٢ | ٥٩<br>٪١٧,٨٨ | ١<br>٪٠,٣٠ | ٦٧<br>٪٢٠,٣٠ |
| بۆچوونی کراوە | ١<br>٪٠,٣٠ | ١٧<br>٪٥,١٥ | ٢<br>٪٠,٦١ | ٢٠<br>٪٦,٠٦ |
| کۆی گشتی | ٣٢<br>٪٩,٧٠ | ٢٩٤<br>٪٨٩,٠٩ | ٤<br>٪١,٢١ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٧) بۆمان ئاشکرا دەکات کە ڕێژەی (٨٩,٠٩٪)ی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان لەگەڵ ئەوە دان کە هەوڵدان بۆ ئایین لەگەڵ هەوڵدان بۆ نەتەوایەتی تێک دەکاتەوە و بەیەکەوە دەگونجێن. واتە مرۆڤ لە هەمان کات کە بۆ ئایینەکەی هەوڵ دەدات دەشێ بۆ نەتەوەکەشی هەوڵ بدات، بەڵام ئایا وەک ناسیۆنالیستێک بەو شێوەیەی کە لە بەشی یەکەمدا پێناسەمان کرد یان چۆن؟ ئێمە ناتوانین لێرەدا لە مەبەستی لێتۆژراوان تێبگەین. بێگومان لێتۆژراوان تێبینی خۆیان لەمەڕ ئەم پەیوەندی و کارلێکە هەیە. لە نێو ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە (٤٥,٤٥٪)ی کۆی نموونەکە ئەوانەن کە دینداری بەجێبەجێکرنی ڕوکنەکانی ئیسلام دەزانن، لەهەمان کات (١٦) کەس -لە کۆی ٣٢ کەس- بەڕێژەی (٤,٨٥٪) لەوانەی دینداری بەجێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام دەزانن، پێیان وایە هەوڵدان بۆ نەتەوایەتی دژی هەوڵدان بۆ ئایینە.

ئوسوڵییەکان هەمیشە خەباتکردن لە پێناوی نەتەوە دەبەستنەوە بەخەباتکردن لە پێناوی ئایین و لەژێر کارتێکردنی تێگەیشتنێکی ئوسوڵییانە بۆ ئایین کە دەڵێ ناسیۆنالیزم چەمکێکی نائیسلامی و تەنانەت بەگوێرەی بۆچوونێکی وەکو هی عەلی باپیر؛ ناسیۆنالیزم دژی ئایین و ئیسلامیشە، کەمتر دڵیان بەقەوارە و خەباتی ناسیۆنالیستی خۆش دەکەن. لە لایەکی تریشەوە هزری ئیسلامیی کوردی لەڕێی ڕێبازی ئوسوڵییەوە هەمیشە بەبیری سنووربڕ و سەروونەتەوەیی گۆش دەکرێت.

هەروەها ڕێژەی (٩,٧٠ ٪)ی نموونەکە لەو بڕوایە دان کە هەوڵدان بۆ نەتەوە و نەتەوایەتی دژی ئایینە و ڕەنگە پاساوی ئەم بۆچوونە ئەوە بێت کە نەتەوایەتی پێچەوانەی یەکبوونی ئیسلامییە و هەوڵدان بۆ نەتەوە هەوڵدانە بۆ پارچە پارچەکردنی ئەو کیانە یەکگرتووە ئیسلامییە. هەروەها لەو ڕوانگە ئوسولییەدا هەمیشە وا پیشان دەدرێ کە ناسیۆنالیزم بیرێکی ڕەگەزپەرستانەیە، بەڵام ئیسلام سەرتاپاگیرە و کێشەی نەتەوەیی تیا سەر هەڵنادات.

خشتەی (١٨) بۆچوونیان لەمەڕ پەیوەندیی ئایین و نەتەوایەتی و شێوازی حوکمی هەڵبژێردراویان بۆ داهاتووی عێراق ڕوون دەکاتەوە

| شێوازی حوکم / پەیوەندی ئایین و نەتەوایەتی | حکومەتی ئیسلامی لەعێراقدا | دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی | دەوڵەتێکی فرەنەتەوەیی فیدرالی | دەوڵەتێکی کوردی ئیسلامی | هی تر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نەتەوایەتی دژی ئایینە | ٢٣<br>٪٦,٩٧ | ١<br>٪٠,٣٠ | ٥<br>٪١,٥٢ | ٢<br>٪٠,٦١ | ١<br>٪٠,٣٠ | ٣٢<br>٪٩,٧٠ |
| نەتەوایەتی لەگەڵ ئایین تێک دەکاتەوە | ٨٩<br>٪٢٦,٩٧ | ٨٩<br>٪٢٦,٩٧ | ٦٥<br>٪١٩,٧٠ | ٤٣<br>٪١٣,٠٣ | ٦<br>٪١,٨٢ | ٢٩٤<br>٪٨٩,٠٩ |
| دوو شتی جیاوازن | ٢<br>٪٠,٦١ | ٢<br>٪٠,٦١ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٤<br>٪١,٢١ |
| کۆی گشتی | ١١٦<br>٪٣٥,١٥ | ٩٢<br>٪٢٧,٨٨ | ٧٠<br>٪٢١,٢١ | ٤٥<br>٪١٣,٦٤ | ٧<br>٪٢,١٢ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

ئەوانەی پێیان وایە نەتەوایەتی دژی ئایینە زۆربەی هەرە زۆریان، واتە (٢٣) کەس بەڕێژەی (٦,٩٧ ٪) لە کۆی (٣٢) کەس بەڕێژەی (٩,٧٠ ٪) حکومەتی ئیسلامی لە عێراقێکی یەکپارچەدا بەشیاوترین شێوازی حوکم بۆ داهاتووی عێراق دادەنێن. ئەمەش ڕۆڵ و کاریگەریی تێگەیشتن لە پەیوەندیی ئایین و ناسیۆنالیزم دەردەخات. بۆیە دەبینین ئەوانەی پێیان وایە نەتەوایەتی لەگەڵ ئاییندا دەگونجێ کە ڕێژەیان (٢٦,٩٧ ٪)یە دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی سەربەخۆ پێشنیاز دەکەن. ئەوانەی خودان هەمان بۆچوونن سەبارەت بەپەیوەندی ئایین و نەتەوایەتی و حکومەتێکی ئیسلامی بۆ عێراق پێشنیاز دەکەن دیسان (٨٩) کەسن بەڕێژەی (٢٦,٩٧ ٪). هەروەها (٢,١٢ ٪) پشتگیری لە دەوڵەتێکی کوردی ئیسلامی دەکەن. وەک لە خشتەی ژمارە (١٨)دا دەردەکەوێ، بەشێوەیەکی گشتی بۆچوونی خەڵکی دیندار سەبارەت بەپەیوەندی سلبی یان ئیجابیی ئایین و ناسیۆنالیزم ڕەنگدانەوە و کاریگەریی هەیە لەسەر بایەخدان بەکیانی نەتەوەیی، بەجۆرێک چەندەی بەلای دینداریی سەختگیردا بڕۆین ئەوەندە لە بایەخدان بەکیانی نەتەوەیی دوور دەکەوینەوە.



خشتەی (١٩) تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزم و پەیوەندیی نەتەوایەتی و ئایین

| هەوڵدان بۆ نەتەوایەتی و ئایین / ناسیۆنالیزم چییە؟ | نەتەوایەتی دژی ئایینە | لەگەڵ ئایین دەگونجێ | دوو شتی جیاوازن | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| خۆشەویستی نەتەوە و نیشتیمان و هەوڵدان لەپێناویدا | ٦<br>٪١,٨٢ | ١٦٧<br>٪٥٠,٦١ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ١٧٣<br>٪٥٢,٤٢ |
| بایەخدان بەزمان و مێژووی نەتەوە | ٢<br>٪٠,٦١ | ٢٣<br>٪٦,٩٧ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٢٥<br>٪٧,٥٨ |
| هەردووخاڵی سەرەوە | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٢٢<br>٪٦,٦٧ | ٣<br>٪٠,٩١ | ٢٥<br>٪٧,٥٨ |
| ناسیۆنالیزم بیرێکی نارەوایە و لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێ | ٢٣<br>٪٦,٩٧ | ٤٧<br>٪١٤,٢٤ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٧٠<br>٪٢١,٢١ |
| چەمکێکی ئیجابییە ئەگەر لە ئیسلام دەرنەچێت | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٣٠<br>٪٩,٩٠ | ١<br>٪٠,٣٠ | ٣١<br>٪٩,٣٩ |
| هی تر | ١<br>٪٠,٣٠ | ٥<br>٪١,٥٢ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٦<br>٪١,٨٢ |
| کۆی گشتی | ٣٢<br>٪٩,٧٠ | ٢٩٤<br>٪٨٩,٠٩ | ٤<br>٪١,٢١ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

بەگوێرەی خشتەی ژمارە -١٩- زۆربەی ئەوانەی کە پێیان وایە نەتەوایەتی دژی ئایینە لەو بڕوایەدان کە ناسیۆنالیزم بیرێکی تەسک و نارەوایە و لەگەڵ ئایینی ئیسلام و بنەماکانیدا ناگونجێت- واتە (٢٣) کەس بەڕێژەی (٦,٩٧ ٪) لە کۆی (٣٢) کەس بەڕێژەی (٩,٧٠ ٪). لە کاتێکدا ڕێژەی (٥٠,٦١ ٪)ی کۆی نموونەی لێکۆڵینەوەکە لەو بڕوایەدان کە ناسیۆنالیزم بریتییە لە خۆشەویستی نەتەوە و نیشتیمان و هەوڵدان لە پێناویدا و هەروەها لەگەڵ ئایین دژ نییە.

ئەوی لێرەدا وەک دژایەتییەکی زەق دەردەکەوێ ئەو ڕێژەیە کە پێیان وایە هەوڵدان بۆ نەتەوایەتی لەگەڵ هەوڵدان بۆ ئایین دەگونجێ، لە هەمان کاتیشدا ناسیۆنالیزم بەبیرێکی تەسک و نارەوا و دژ بەئیسلام لەقەڵەم دەدەن. ڕەنگە ئەو (٤٧) کەسە بەڕێژەی (١٤,٢٤ ٪) کە ئەم بۆچوونەیان هەیە، لە ژێر کاریگەریی ئەو تێگەیشتنە دابن کە لەبەر ئەوەی ئیسلام چارەسەری گشت کێشەکانی لایە، پەنابردنە بەر بیر و هزری دیکە جۆرە دوورکەوتنەوەیەکە لە ئایین. بۆیە لە تێگەیشتنی سەرتاپاگیر (totalitarian)دا گشت توخمەکانی کۆمەڵگا وەک یەکەیەکی بەیەکەوە بەستراو سەیر دەکرێن کە ئایین ڕێنماییيان دەکات. سەرتاپاگیریی ئایینی گشت دیاردەکان دەخاتە چوارچێوەی ئایینەوە بەجۆرێک کە لە دەرەوەی ئایینەوە دان بەهیچ کایەیەک نانێت. هەر بۆیە تەنیا (٤) کەس بەڕێژەی (١,٢١ ٪) ئاماژەیان بەوە داوە کە هەوڵدان بۆ نەتەوە و ئایین دوو شتی لێک جیان. (٣) کەسیشیان بەڕێژەی (٠,٩١ ٪) لەوانەن کە ناسیۆنالیزم بەخۆشەویستی نەتەوە و نیشتیمان و هەوڵدان لە پێناویدا و بایەخدان بەزمان و مێژووی نەتەوە لە قەڵەم دەدەن.

خشتەی (٢٠) بایەخدان بەپەروەردەی نەتەوەیی و کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی ناوی منداڵ

| بایەخدان بەپەروەردەی نەتەوەیی / ناوی منداڵ | بەڵێ | نەخێر | کۆ |
|---|---|---|---|
| کوردی | ٣٢<br>٩,٧٠٪ | ٣<br>٠,٩١٪ | ٣٥<br>١٠,٦١٪ |
| عەرەبی | ٥<br>١,٥٢٪ | ١٥<br>٤,٥٤٪ | ٢٠<br>٦,٠٦٪ |
| تێکەڵاو | ٩<br>٢,٧٣٪ | ٥<br>١,٥٢٪ | ١٤<br>٤,٢٤٪ |
| ناویان نەدراوە | ٣٨<br>١١,٥٢٪ | ٧<br>٢,١٢٪ | ٤٥<br>١٣,٦٤٪ |
| سەڵت و منداڵیان نییە | ١٨٥<br>٥٦,٠٦٪ | ٣١<br>٩,٣٩٪ | ٢١٦<br>٦٥,٤٥٪ |
| کۆی گشتی | ٢٦٩<br>٨١,٥٢٪ | ٦١<br>١٨,٤٨٪ | ٣٣٠<br>١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی ژمارە –٢٠– پەیوەندیی نێوان بایەخدان بەهوشیاریی نەتەوەیی و ناونانی منداڵ دەردەخات. وەک دیارە ڕێژەی (٩,٧٠٪)ی نموونەکە لەوانەی بایەخ بەپەروەردە و هوشیاریی نەتەوەیی دەدەن ناوی کوردیان لە منداڵەکانیان ناوە، لە بەرامبەردا ئەوانەی بایەخی پێ نادەن تەنیا (٣) کەس بەڕێژەی (٠,٩١٪) ناوی کوردیان بۆ منداڵەکانیان هەڵبژاردووە. هەروەها ئەوانەی ناوی عەرەبی–ئیسلامییان لە منداڵەکانیان ناوە (٤,٥٤٪) لەوانەن کە بایەخ بەپەروەردە و هوشیاریی نەتەوەیی نادەن، بەڵام لەلایەن ئەوانەی بایەخ بەپەروەردە و هوشیاریی نەتەوەیی دەدەن ڕێژەی ناوی عەرەبی دابەزیوە بۆ (١,٥٢٪) ئەو ناوانەی دووبارە بوونەتەوە ئەمانەن (بۆ کوڕان؛ سالم، ئوسامە، ئەحمەد، مستەفا، عەلی، جیهاد، یاسر، عەبدولهادی، عەبدولسەتار، عەبدولعەزیم، بیلال، و هتد... ناوی کچانەش؛ هودا، سومەیە، ئیمان، ئالاء، بوشرا و هتد...). تەنانەت ناوی کوردیی وەکو بەهەشت و بڕواش بەرچاو دەکەون. ئەگەر بەراوردێکی ڕێژەی بایەخدان بەپەروەردە و هوشیاریی نەتەوەیی لەلایەن سەڵت و خێزاندارەوە بکەین، دەبینین لەلای سەڵت ڕێژەی بایەخدان زیاترە وەک لەلای خێزاندار. بەشێوەیەکی گشتی لە نێو ئەوانەی ژنیان هێناوە یان شوویان کردووە کە (١٤٤) کەس بەڕێژەی (٣٤,٥٤٪)ی کۆی نموونەکە – سەیری خشتەی ژمارە(٦) بکە لە لاپەرە ١١٥ – ، (٣٥) کەس بەڕێژەی (١٠,٦١٪) کە ڕێژە هەرە زۆرەکەیە ناوی کوردیان بۆ منداڵەکانیان هەڵبژاردووە. هەروەها (٢٠) کەس بەڕێژەی (٦,٠٦٪) ناوی عەرەبییان لە منداڵەکانیان ناوە. (١٤) کەسی دیکەش بەڕێژەی (٤,٢٤٪) کە زیاتر لە منداڵێکیان هەبووە، ناوی هەندێ منداڵیان کوردی بوو و هەندێکیشیان عەرەبی بوو. ئەوەی دەشمێنێتەوە، واتە (٤٥) کەس بەڕێژەی (١٣,٦٤٪) ناوی منداڵەکانیان نەداوە.



خشتەی (٢١) بایەخدان بەپەروەردەی نەتەوەیی و هۆی بایەخ پێ نەدانی ڕوون دەکاتەوە

| بایەخدان بەپەروەردەی نەتەوەیی / هۆی بایەخ پێنەدانی | بەڵێ | نەخێر | کۆ |
|---|---|---|---|
| پەروەردەی نەتەوەیی دژ پەروەردە و هوشیاری ئایینییە | ٠<br>٠,٠٠٪ | ١٦<br>٤,٨٥٪ | ١٦<br>٤,٨٥٪ |
| دەبێتە هۆی ئەوەی ئۆممەتی ئیسلامی پارچە پارچە بێت | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٢٥<br>٧,٥٨٪ | ٢٥<br>٧,٥٨٪ |
| هەردوو خاڵی سەرەوە | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٧<br>١,١٢٪ | ٧<br>٢,١٢٪ |
| کەمتەرخەمی دەکەوێتە ئەستۆی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٤<br>١,٢١٪ | ٤<br>١,٢١٪ |
| هی تر | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٨<br>٢,٤٢٪ | ٨<br>٢,٤٢٪ |
| هۆیان دیار نەکردووە | ٠<br>٠,٠٠٪ | ١<br>٠,٣٠٪ | ١<br>٠,٣٠٪ |
| بایەخ بەهوشیاریی نەتەوەیی دەدەن | ٢٦٩<br>٨١,٥٢٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٢٦٩<br>٨١,٥٢٪ |
| کۆی گشتی | ٢٦٩<br>٨١,٥٢٪ | ٦١<br>١٨,٤٨ | ٣٣٠<br>١٠٠,٠٠٪ |

لە خشتەی ژمارە (٢١)دا، لە کۆی نموونەکەدا (٨١,٥٢٪) ئاماژەیان بەوە داوە کە بایەخ بەپەروەردە و هوشیاریی نەتەوەیی دەدەن، بەڵام (١٨,٤٨٪) دەڵێن نەخێر ئێمە بایەخ بەپەروەردە و هوشیاریی نەتەوەیی نادەین. بێ شک ئەمانەی دوایی لەم هەڵوێستەیاندا پاساوی خۆیان هەیە. بۆیە دەبینین لە پرسیاری هۆی بایەخنەدانیان بەپەروەردەی نەتەوەیی (٧,٥٨٪)ی نموونەکە وتوویانە لەبەر ئەوەی هوشیاریی و پەروەردی نەتەوەیی دەبێتە هۆی پارچەپارچەکردنی ئۆممەتی ئیسلام، بۆیە ئەم کارە بەنەخۆشی و تاوانێکی سیاسی- ئایینی دادەنێن. چونکە بەتێگەیشتنی ئەوان هەر چیەکی زیانی بۆ سەر یەکپارچەیی ئۆممەتی ئیسلامی هەبێ گوناهە قبووڵی بکەن. هەروەها (١٦) کەس بەڕێژەی (٤,٨٥٪)لە کۆی نموونەی لێکۆڵینەوەکە ئاماژەیان بەوە داوە کە پەروەردەی نەتەوەیی دژی پەروەردە و هوشیاریی ئایینییە بۆیە بایەخی پێ نادەن. ئەم دەستەیە، جگە لە بیری ئایینی ڕووت ئامادە نین بایەخ بەهیچی تر بدەن و پاساوی ئایینیش بۆ ئەم کارەیان دێننەوە. بەڕای ئەوان جگە لە ئیسلام هیچی تر لە مرۆڤ وەرناگیرێت و گشت بیروڕاکانی تر دەچنە خانەی دەرەوەی ئایین و ئیسلامەوە.

خشتەی (٢٢) سەرچاوەکانی زانیاریی ئایینی خەڵک و بیستن لە بارەی نەتەوە و نەتەوایەتی کورد

| بیست لەبارەی نەتەوە و نەتەوایەتی کورد / سەرچاوەی زانیاریی ئایینی | بەڵێ | نەخێر | کۆ |
|---|---|---|---|
| تەلەفزیۆن | ٢١ ٪٦,٣٦ | ٥ ٪١,٥٢ | ٢٦ ٪٧,٨٨ |
| ڕادیۆ | ٣ ٪٠,٩١ | ٦ ٪١,٨٢ | ٩ ٪٢,٧٣ |
| تەلەفزیۆن و ڕادیۆ | ٢ ٪٠,٦١ | ١ ٪٠,٣٠ | ٣ ٪٠,٩١ |
| کاسێت | ٠ ٪٠,٠٠ | ٢ ٪٠,٦١ | ٢ ٪٠,٦١ |
| تەلەفزیۆن و کاسێت | ١ ٪٠,٣٠ | ٢ ٪٠,٦١ | ٣ ٪٠,٩١ |
| کتێب و نامیلکە | ٧٠ ٪٢١,٢١ | ٢٠ ٪٦,٠٦ | ٩٠ ٪٢٧,٢٧ |
| تەلەفزیۆن و کتێب و نامیلکە | ١٦ ٪٤,٨٥ | ٩ ٪٢,٧٣ | ٢٥ ٪٧,٥٨ |
| تەلەفزیۆن، ڕادیۆ و کتێب و نامیلکە | ٤ ٪١,٢١ | ٢ ٪٠,٦١ | ٦ ٪١,٨٢ |
| تەلەفزیۆن، کاسێت و کتێب و نامیلکە | ١ ٪٠,٣٠ | ٢ ٪٠,٦١ | ٣ ٪٠,٩١ |
| ڕادیۆ و کتێب و نامیلکە | ٢ ٪٠,٦١ | ٠ ٪٠,٠٠ | ٢ ٪٠,٦١ |
| کاسێت و کتێب و نامیلکە | ٣ ٪٠,٩١ | ٢ ٪٠,٦١ | ٥ ٪١,٥٢ |
| وتاری مزگەوت | ١١ ٪٣,٣٣ | ٦ ٪١,٨٢ | ١٧ ٪٥,١٥ |
| تەلەفزیۆن و وتاری مزگەوت | ٣ ٪٠,٩١ | ٠ ٪٠,٠٠ | ٣ ٪٠,٩١ |
| تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و وتاری مزگەوت | ١ ٪٠,٣٠ | ٢ ٪٠,٦١ | ٣ ٪٠,٩١ |
| کتێب و نامیلکە و وتاری مزگەوت | ٧ ٪٢,١٢ | ٣ ٪٠,٩١ | ١٠ ٪٣,٠٣ |
| تەلەفزیۆن، و کتێب و نامیلکە و وتاری مزگەوت | ٤ ٪١,٢١ | ٥ ٪١,٥٢ | ٩ ٪٢,٧٣ |
| کاسێت، کتێب و نامیلکە و وتاری مزگەوت | ٦ ٪١,٨٢ | ٠ ٪٠,٠٠ | ٦ ٪١,٨٢ |
| کۆڕ و کۆبوونەوەی ئایینی | ٦ ٪١,٨٢ | ٢ ٪٠,٦١ | ٨ ٪٢,٤٢ |
| کتێب و نامیلکە و کۆڕ و کۆبوونەوەی ئایینی | ٦ ٪١,٨٢ | ٠ ٪٠,٠٠ | ٦ ٪١,٨٢ |
| تەلەفزیۆن، کتێب و نامیلکە و کۆڕ و کۆبوونەوەی ئایینی | ٣ ٪٠,٩١ | ٠ ٪٠,٠٠ | ٣ ٪٠,٩١ |
| تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، وتاری مزگەوت و کۆڕ و کۆبوونەوەی ئایینی | ٢ ٪٠,٦١ | ١ ٪٠,٣٠ | ٣ ٪٠,٩١ |
| ڕادیۆ، کتێب و نامیلکە و کۆڕ و کۆبوونەوەی ئایینی | ١ ٪٠,٣٠ | ٠ ٪٠,٠٠ | ١ ٪٠,٣٠ |
| کاسێت، کتێب و نامیلکە و کۆڕ و کۆبوونەوەی ئایینی | ١ ٪٠,٣٠ | ١ ٪٠,٣٠ | ٢ ٪٠,٦١ |
| بڵاوکراوەی حیزبی | ٥ ٪١,٥٢ | ٠ ٪٠,٠٠ | ٥ ٪١,٥٢ |
| پرسیارکردن لە شارەزایانی بواری ئایینی | ٢٨ ٪٨,٤٨ | ٩ ٪٢,٧٣ | ٢٧ ٪١١,٢١ |
| هەموو ئەوانەی سەرەوە | ٣٤ ٪١٠,٣٠ | ٥ ٪١,٥٢ | ٣٩ ٪١١,٨٢ |
| هی تر | ٤ ٪١,٢١ | ٠ ٪٠,٠٠ | ٤ ٪١,٢١ |
| کۆی گشتی | ٢٤٥ ٪٧٤,٢٤ | ٨٥ ٪٢٥,٧٦ | ٣٣٠ ٪١٠٠,٠٠ |



کەناڵی جیاجیای بینراو، بیستراو و خوێندراو هەن بۆ گەیاندنی بیر و زانیاریی ئایینی بەخەڵک. جگە لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و کتێب، کۆڕوکۆبوونەوەی تایبەتی لە مزگەوت و هەڵقەی حیزبی، سەبارەت بەوانەی لایەنگر و ئەندامی حیزبە ئیسلامییەکانن، لە ئارادا هەیە.

ئەمڕۆ لە ڕێی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆوە چەندین بەرنامەی جۆراوجۆر، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، کاردەکەن بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاریی ئایینی.

ئەگەرچی لە کۆی نموونەی لێکۆڵینەوە، وەک لە خشتەی ژمارە -٢٢-دا دیارە تەنیا (٪٧,٨٨) ئاماژەیان بەوە داوە کە سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاریی ئایینییان تەلەفزیۆنە، بەڵام لەبەر ئەوەی مەرج نییە سەرچاوەی زانیاریی خەڵک تەنیا کەناڵێک بێت بۆیە دەبینین ئەم گۆڕاوە لەگەڵ ئەوانی تریشدا دووبارە

بۆتەوە. وەک لە خشتەی ژمارە (٢٢)دا دیارە، دووبارەبوونەوەی تەلەفزیۆن لە (١٢) شێوازدا بەڕێژەی جیاواز، بەسە بۆ ئەوەی بڵێین تەلەفزیۆن، ئەمڕۆ، لە زۆربەی کەناڵەکانی تر زێتر سوودی لێ وەردەگیرێت. زۆرترین ڕێژەی نموونەکەمان، سەیری تەلەفزیۆنی یەکگرتوو دەکەن-تەلەفزیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانیدا بەرنامەکانی پەخش دەکات. ئەمە جگە لەوەی تەلەفزیۆنەکانی هەر دوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستانیش بەرنامەی ئایینییان هەیە و بەلانی کەم لە هەفتەی جارێک و لە مانگی ڕەمەزانیشدا بەبەردەوامی بەرنامەی تایبەت بەئایینی ئیسلام و مامۆستایان و زانایانی ئایینی پەخش دەکەن. بەڵام کتێب و نامیلکە پلەی یەکەمیان هەیە لە نێو ئەو کۆمەڵە هۆکارانەی تر کە زانیاریی ئایینی بەئەندامانی نموونەکە دەبەخشن. بەپێی خشتەی ژمارە -٢٢- (٢٧,٢٧ ٪)ی نموونەکە وەک تاکە هۆکار ئاماژەیان بەکتێب و نامیلبکە داوە. ئەمە سەرەڕای دووبارە بوونەوەی لەگەڵ هۆکارەکانی تردا بەڕێژەی جیاواز. زۆریی سوودوەرگرتن لە کتێب و نامیلکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هۆکارێکی دەستکەوتنی ئاسانتر و هەرزانترە لەوانی تر و بەئاسانیش دەگوازرێتەوە و دەستاودەست دەکات.

ئەوانەش کە وتوویانە سوود لە گشت ئەم سەرچاوانە وەردەگرن ڕێژەکەیان (١١,٨٢ ٪)یە. هەروەها (١١,٢١ ٪) زانیاریی ئایینی لە ڕێی پرسیارکردن لە زانایان و شارەزایانی بواری ئایینی وەدەست دێنن. بڵاوکراوەی حزبە ئیسلامییەکانیش تەنیا (٥) کەس بەڕێژەی (١,٥٢ ٪) ئاماژەیان پێداوە. وتاری مزگەوتیش بەڕێژەی (٥,١٥ ٪) بۆتە سەرچاوەی زانیاریی ئایینی خەڵک. هەروەها کاسێت و کۆڕوکۆبوونەوەی ئایینیش کەناڵی ترن بۆ زانیاری بەخشین بەخەڵک، ئەمانەش بەڕێژەی خۆیان سوودیان لێ بینراوە -سەیری خشتەی (٢٢) بکە.

بەپێی خشتەی ژمارە (٢٢)، ئەگەرچی لە کۆی نموونەکەدا (٢٤٥) کەس بەڕێژەی (٧٤,٢٤ ٪) دەڵێن شتیان لەبارەی نەتەوە و نەتەوایەتی کوردەوە بیستووە و خوێندۆتەوە، بەڵام (٨٥) کەس بەڕێژەی (٢٥,٧٦ ٪) ئاماژەیان بەوە داوە کە هیچیان لەو بارەوە نەبیستووە و نەخوێندۆتەوە. کەموکوڕیش دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەناڵانەی کە ئەوان موتابەعەی دەکەن. لەو ڕێژەیەی سەرەوە، (٢٠) بەڕێژەی (٦,٠٦ ٪) لەوانەن کە زانیارییە ئایینییەکانیان لەڕێی کتێب و نامیلکەوە دەست دەکەوێت. ئەم نامیلکە و کتێبە ئایینییانە بەزۆری لە لایەن هێزە ئوسوڵییەکانەوە ئامادەکراون و بەتیراژی زۆر چاپ و بڵاودەکرێنەوە. ناوەرۆکیشیان بریتییە لە بابەتی چۆنیەتی نوێژکردنی ڕاستەقینە و هەڵسوکەوتی ئایینی هەر لەکاتی لەخەو هەستانەوە تا نوستن و ئیعجازی قورئان و ڕەوشی سیاسیی موسڵمانانی جیهان و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی ڕۆژئاوا و غەیرە دینان و هتد..



خشتەی (٢٣) ڕەگەز و تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزم

| ڕەگەز / ناسیۆنالیزم چییە؟ | نێر | مێ | کۆ |
| --- | --- | --- | --- |
| خۆشەویستی نەتەوە و نیشتیمان و هەوڵدان لەپێناویدا | ١٢٠<br>٣٦,٣٦ ٪ | ٥٣<br>١٦,٠٦ ٪ | ١٧٣<br>٥٢,٤٢ ٪ |
| بایەخدان بەزمان و مێژووی نەتەوە | ١٧<br>٥,١٥ ٪ | ٨<br>٢,٤٢ ٪ | ٢٥<br>٧,٥٨ ٪ |
| هەردووخاڵی سەرەوە | ١٩<br>٥,٧٦ ٪ | ٦<br>١,٨٢ ٪ | ٢٥<br>٧,٥٨ ٪ |
| ناسیۆنالیزم بیرێکی ناڕەوایە و لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێ | ٥٢<br>١٥,٧٦ ٪ | ١٨<br>٥,٤٥ ٪ | ٧٠<br>٢١,٢١ ٪ |
| چەمکێکی ئیجابییە ئەگەر لە ئیسلام دەرنەچێت | ٢٨<br>٨,٤٨ ٪ | ٣<br>٠,٩١ ٪ | ٣١<br>٩,٣٩ ٪ |
| هی تر | ٥<br>١,٥٢ ٪ | ١<br>٠,٣٠ ٪ | ٦<br>١,٨٢ ٪ |
| کۆی گشتی | ٢٤١<br>٧٣,٠٣ ٪ | ٨٩<br>٢٦,٩٧ ٪ | ٣٣٠<br>١٠٠,٠٠ ٪ |

بەپێی ئەو خشتەیەی سەرەوە (٣٦,٣٦ ٪)ی نموونەکە لە ڕەگەزی نێر پێیان وایە ناسیۆنالیزم بریتییە لە خۆشەویستی نەتەوە و نیشتیمان و هەوڵدان لە پێناویدا، بەڵام ڕەگەزی مێ (١٦,٠٦ ٪)یان هەمان بۆچوونیان هەیە.

لەو کۆمەڵگایانەدا کە لە ڕووی سیاسی و مەدەنییەوە هێشتا لە قۆناغە بەراییەکانیان دان ئافرەت ئامادەیی سیاسیی کەمە.

وەک لە خشتەی ژمارە (٢٣)دا دیارە، ئەوانەی لە ڕەگەزی مێن و پێیان وایە ناسیۆنالیزم بایەخدانە بەزمان و کولتوور و مێژووی نەتەوە تەنیا (٨) کەسن بەڕێژەی (٢,٤٢ ٪). ئەوەی لە خشتەکەدا خۆیا دەکا هەڵوێستی سلبیی ڕەگەزی مێیە بەرامبەر ناسیۆنالیزم، (١٨) کەس لە ڕەگەزی مێ بەڕێژەی (٥,٤٥ ٪)ی کۆی نموونەی لێکۆڵینەوە ناسیۆنالیزم بەبیرێکی تەسک و ناڕەوا و دژ بەئیسلام دادەنێن. ئەم هەڵوێستەی ڕەگەزی مێ بەرامبەر ناسیۆنالیزم جگە لە کاریگەریی هۆکاری ئایینی و بیروباوەڕ، بۆ دوورەپەرێزیی ئافرەت لەم بابەتە چارەنووسسازە سیاسی و کولتوورییانە دەگەڕێتەوە.

خشتەی (٢٤) بیستن و خوێندنەوە لەبارەی نەتەوە و نەتەوایەتیی کورد و هێنانی ناوی سەرچاوەکان

| بیستن لەبارەی نەتەوە و نەتەوایەتیی / ناوێ هەندێ سەرچاوە | بەڵێ | نەخێر | کۆ |
|---|---|---|---|
| ناوی یەک سەرچاوەی داوە | ٦١<br>١٨,٤٨ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ٦١<br>١٨,٤٨ ٪ |
| ناوی دوو سەرچاوەی داوە | ٦٨<br>٢٠,٦١ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ٦٨<br>٢٠,٦١ ٪ |
| ناوی سێ سەرچاوەی داوە | ٣٧<br>١١,٢١ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ٣٧<br>١١,٢١ ٪ |
| ناوی چوار سەرچاوەی داوە | ١٤<br>٤,٢٤ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ١٤<br>٤,٢٤ ٪ |
| ناوی پێنج سەرچاوەی داوە | ١<br>٠,٣٠ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ١<br>٠,٣٠ ٪ |
| هیچ ناوی نەداوە | ٦٤<br>١٩,٣٩ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ٦٤<br>١٩,٣٩ ٪ |
| نەخێر نەیانبیستووە | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ٨٥<br>٢٥,٧٦ ٪ | ٨٥<br>٢٥,٧٦ ٪ |
| کۆی گشتی | ٢٤٥<br>٧٤,٢٤ ٪ | ٨٥<br>٢٥,٧٦ ٪ | ٣٣٠<br>١٠٠,٠٠ ٪ |

وەک لە خشتەی (٢٤)دا دیارە، ئەوانەی شتێکیان لەبارەی نەتەوە و نەتەوایەتی کوردەوە بیستووە و خوێندۆتەوە، (١٨,٤٨ ٪)یان توانیویانە ئاماژە بەیەک سەرچاوە بدەن کە زانیارییان لەسەر کورد لێوەرگرتووە. هەروەها ڕێژەی هەرە زۆری (٢٠,٦١ ٪) ئاماژەیان بەدوو سەرچاوە کردووە، (١١,٢١ ٪) ناوی سێ سەرچاوەیان لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن هێناوە کە لێیەوە زانیاری یان بابەتیان لەبارەی نەتەوە و نەتەوایەتی کوردەوە بیستووە و خوێندۆتەوە. بەڵام تەنیا (١) کەس توانیویەتی ناوی پێنج سەرچاوە بەرێت.

ئەوەی لەم خشتەیەدا جێی سەرنجە (١٩,٣٩ ٪)ی نموونەکە لە کاتێکدا دەڵێن ئێمە بابەتمان لەبارەی نەتەوە و نەتەوایەتی کوردەوە بیستووە و خوێندۆتەوە بەڵام نەیانتوانیوە ئاماژە بەتاکە سەرچاوەیەکیش بکەن. لە پەراوێزی ئەم پرسیارەدا ماوە بڵێین، ئەویش شێواویی یادەوەریی نەتەوەیی کوردە بەدەر لە کاریگەریی ئایینیش.



خشتەی (٢٥) ڕێبازی ئایینی و تێگەیشتنیان لە ناسیۆنالیزم

| ڕێبازی ئایینی / ناسیۆنالیزم چییە؟ | شافعی | حەنەفی | حەنبەلی | نازانم | سەلەفی | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خۆشەویستی نەتەوە و نیشتیمان و هەوڵدان لەپێناویدا | ١٥١<br>٤٥,٧٦ ٪ | ٣<br>,٠٩١ ٪ | ٣<br>,٠٩١ ٪ | ٨<br>٢,٢٤ ٪ | ٥<br>١,٥٢ ٪ | ١٧٣<br>٥٢,٤٢ ٪ |
| بایەخدان بەزمان و مێژووی نەتەوە | ٢٢<br>٦,٦٧ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ١<br>٠,٣٠ ٪ | ٢<br>٠,٦١ ٪ | ٢٥<br>٧,٥٨ ٪ |
| هەردووخاڵی سەرەوە | ٢٢<br>٦,٦٧ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ٢<br>٠,٦١ ٪ | ١<br>٠,٣٠ ٪ | ٢٥<br>٧,٥٨ ٪ |
| ناسیۆنالیزم بیرێکی نارەوایە و لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێ | ٥٧<br>١٧,٢٥ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ١<br>٠,٣٠ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ١٢<br>٦,٦٦ ٪ | ٧٠<br>٢١,٢١ ٪ |
| چەمکێکی ئیجابییە ئەگەر لە ئیسلام دەرنەچێت | ٥<br>١,٥٢ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ١<br>٠,٣٠ ٪ | ٣١<br>٩,٣٩ ٪ |
| هی تر | ٢٤<br>٧,٢٧ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ١<br>٠,٣٠ ٪ | ٦<br>١,٨٢ ٪ | ٦<br>١,٨٢ ٪ |
| کۆی گشتی | ٢٨٤<br>٨٦,٠٦ ٪ | ٣<br>,٠٩١ ٪ | ٤<br>١,٢١ ٪ | ١٢<br>٣,٦٤ | ٢٧<br>٨,١٨ ٪ | ٣٣٠<br>١٠٠,٠٠ ٪ |

لە خشتەی ژمارە (٢٥)دا، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێبازی ئایینی تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە کاریگەریی هەیە لەسەر وێناکردنی ناسیۆنالیزمدا. ئەگەرچی لە ڕێبازی فیقهیی ڕەسمیدا (ئەگەر بشێ ئەم دەستەواژە بەکار بێ)، نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستاندا زۆربەی هەرە زۆریان سەر بەمەزهەبی شافعین- جگە لە فەیلیەکان کە شیعەن. لە نموونەکەشماندا، (٨٦,٠٦ ٪)یان ڕێبازی شافعیان هەڵبژاردووە، (٣) کەسی بەرێژەی (٠,٩١ ٪) ڕێبازی حەنەفی و (٤) کەسیش بەرێژەی (١,٢١ ٪) ڕێبازی حەنبەلییان هەڵبژاردووە. هەروەها (٢٧) کەس بەرێژەی (٨,١٨ ٪) ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەوان تەنیا ڕێز بۆ ئەم ئیمامانە دادەنێن دەنا خۆیان بەشوێنکەوتەیەکی مووبەمووی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر لەقەڵەم دەدەن. ئەوەی لەم خشتەیەدا جێی سەرنجە بۆچوونی سلبیی پەیڕەوانی ڕێبازەی سەلەفییە بەرامبەر ناسیۆنالیزم. لە کۆی (٢٧) کەسی سەر بەم ڕێبازە (١٢) یان بەرێژەی (٦,٦٦ ٪)ی کۆی نموونەکە پێیان وایە ناسیۆنالیزم بیرێکی نارەوایە و لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێ. ئەمە نزیکەی (٣٠ ٪)ی کۆی ئەو کەسانەیە کە بۆچوونێکی سلبییان بۆ ناسیۆنالیزم هەیە. ئەوانە جگە لە زانیارییە ئایینییەکان هیچی تر بەشیاوی ئەوە نازانن بایەخی پێ بدرێ، بۆیە زۆربەشیان ژیانی خۆیان تایبەت دەکەن بەم بوارەوە و هەوڵ دەدەن لە بەشی شەریعەت و خوێندنی ئیسلامی یان زمانی عەرەبی بخوێنن و کار بکەن. داخراویی ئەم دەستەیە لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کۆمەڵگا دەبێ بگێڕدرێتەوە بۆ سەر شێوازی کۆمەڵگای ئیسلامیی بەرایی و تاکەکەسی موسڵمانیش دەقاودەق وەکو پێغەمبەر و ڕەفتاری پەسندکراوی هاوەڵانی بەرایی (سلف) بژین. ئەمەش نەک هەر لە هەست و ئینتیمای نەتەوەیی بەڵکو لە گشت شێوە ژیان و هەڵکردنی سەردەمیانەیان دەخات و تەواو

دەیانبەستێتەوە بەرابردوویەکی زێرینی نەگەڕاوە. ئەمانە ئەگەرچی ژیانی مۆدێرن ڕەت دەکەنەوە، بەڵام بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان سوود لە کەرەستە و هۆکارە مۆدێرنەکان وەردەگرن.

ماوە بڵێین (١٢) کەس لە کۆی نموونەکە بەرێژەی (٣,٦٤ ٪) نەیانزانیوە سەر بە چ ڕێبازێکی ئایینی، تەنیا خۆیان بەموسڵمان دەزانن.

مامۆستای ئایینی و وتارخوێنی مزگەوتەکان و هەڵقەبەستنەکانی مانگی ڕەمەزان دەرفەت و بوارێکی لە ڕادە بەدەریان هەیە بۆ گەیاندنی پەیامی ئایین و بیروبۆچوون و لێکدانەوەکانی خۆیان بەخەڵکی دیندار. داکۆکیکردن لە مەسەلە نەتەوەییەکان و باسکردنی شۆڕش و کارەسات و کێشەکانی کورد لە مامۆستایەکی ئایینییەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە. وەک لە خشتەی ژمارە -٢٦-دا دەردەکەوێ ڕێژەی (٥٣,٩٤ ٪ )ی کۆی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان کە هەرە زۆرەکەیەتی ئاماژەیان بەوە داوە کە مامۆستای ئایینی لە وتاری هەینی و ڕۆژانی تردا تەنیا هەندێ جار یان کەم باسی مەسەلەی نەتەوەیی بۆ کردوون. مەبەستمان لە باسکردنی نەتەوایەتی ئەوەیە مامۆستا لەپاڵ ئامۆژگاریەکانیدا باسی ئەو زوڵم و زۆرەی لە مێژوودا لە کورد کراوە، کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ یەکگرتنی کورد و ئیدانەکردنی شەڕی ناوخۆ و شتی لەم بابەتە بکات. واتە مەبەستمان لێرە باسکردنیەتی بەلایەنی ئیجابییەوە. بەڕای ئێمە ئەم ڕێژەیەی سەرەوە جێی گومانن، چونکە ئێمە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا کە بەردەوام لە وتاری هەینی دوو مزگەوتی شاری هەولێر ئامادەبووین و ئێوارەی هەینییەکانیش لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی ناو شاردا سەیری وتاری هەینیی مامۆستایانی ئایینیمان کردووە، هیچ شتێکی ئەوتۆ لە بارەی نەتەوەیییەوە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو پێشکێش نەکراوە.

خشتەی (٢٦) باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی و بۆچوونی نموونەکە لەمەڕ بەشداریکردن لە حیزبی نەتەوەیی

| بەشداریکردن لە حیزبی نەتەوەیی / باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی | گوناهە | گوناه نییە | کۆ |
| --- | --- | --- | --- |
| بەردەوام | ٦<br>٪ ١,٨٢ | ١٢<br>٪ ٣,٦٣ | ١٨<br>٪ ٥,٤٥ |
| زۆرجار | ٣٩<br>٪ ١١,٨٢ | ٥١<br>٪ ١٥,٤٥ | ٩٠<br>٪ ٢٧,٢٧ |
| هەندێ جار | ٧٥<br>٪ ٢٢,٧٣ | ١٠٣<br>٪ ٣١,٢١ | ١٧٨<br>٪ ٥٣,٩٤ |
| نەخێر هیچ کات | ١٤<br>٪ ٤,٢٤ | ٣٠<br>٪ ٩,٠٩ | ٤٤<br>٪ ١٣,٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٣٤<br>٪ ٤٠,٦١ | ١٩٦<br>٪ ٥٩,٣٩ | ٣٣٠<br>٪ ١٠٠,٠٠ |



هەروەها تەنیا (٥,٤٥ ٪ ) وتوویانە مامۆستای ئایینی بەردەوام باسی مەسەلەی نەتەوەیی بۆ کردوون. ئەوانەشی کە هیچ کات باسی نەتەوەییان لە لایەن مامۆستای ئایینییانەوە بۆ نەکراوە (١٣,٣٣ ٪ )ی نموونەکە پێکدێنن.

ئەگەر سەرنجی ئەوە بدەین کە ئایا باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایین چ کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر بەگوناه لەقەڵەمدان یان ڕەوابوونی کارکردن لەناو حیزبی نەتەوەییدا؟ (٢٢,٧٣ ٪ )ی کۆی نموونەکە ئەوانەی هەندێ جار مامۆستای ئایینی باسی نەتەوایەتی بۆ کردوون بەشداریکردن لەناو حیزبێکی نەتەوەیی بەگوناه لەقەڵەم دەدەن، بەڵام ئەوانەی پێیان گوناه نییە ڕێژەیان (٣١,٢١ ٪ )یە. هەروەها (١١,٨٢ ٪ )ی دیکەش ئەوانەن بەگوناهی دادەنێن کە زۆرجار باسی نەتەوەییان بۆ کراوە. ئەوانەش کە هیچ کات باسی نەتەوەییان بۆ نەکراوە و بەشداریکردن لە حیزبی نەتەوەیی بەگوناه دادەنێن ڕێژەی (٤,٢٤ ٪ ) لە نموونەی لێکۆڵینەوەکە پێکدێنن.

لێرەدا مافی ئەوەمان هەیە بپرسین ئەرێ مامۆستای ئایینی چۆن دەپرژێتە سەر بابەتە نەتەوەیییەکان و چۆن سەری لێ دەردەکات؟ ئایا، بۆ نموونە، مامۆستا ئایینیی (١٣٢٧) مزگەوتی پارێزگای هەولێر کە وتاری هەینیان تێدا دەخوێنرێتەوە(*)، لە چ ئاستێکی نەتەوەیی دان؟ ئایا هیچ بەرنامەیەک لە لایەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی یان یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام یاخود حیزبە ئیسلامییەکانەوە لەو بارەوە هەیە؟ بێگومان، تا ئەو شوێنەی ئێمە ئاگادار بین بەرنامەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ بەهێزکردنی هەست و هوشیاریی نەتەوەیی لە پاڵ هوشیاریی ئایینی و بڵاوکردنەوەی گیانی وەفاداری و ئینتیما بۆ نەتەوە لە ئارادا نییە. وەک هەندێ لێتوژراو خۆیان دانیان پێدا ناوە، ئەو مامۆستا ئایینییەی ئەوانە گوێی لێ دەگرن شتێکی ئەوتۆ لە بابەتی نەتەوەیی چێناکات، چونکە خۆی لەو بارەوە هەژارە بۆیە ناتوانێت هیچیش ببەخشێت.

ڕەنگە نەتوانین ڕۆڵی باسکردنی مەسەلە نەتەوایەتییەکان لە لایەن مامۆستای ئایینییەوە لە ئاراستەکردنی خەڵکی دیندار بۆ بەشداریکردن لە حیزبی نەتەوەیی و بەگوناه لە قەڵەمدانی یان بەپێچەوانەوە ئاشکرا بکەین. ئەمەش بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێت کە مامۆستای ئایینی هیچ کاریگەرییەکی، بەئیجابی بێت یان سلبی، لەسەر ڕای خەڵکی دیندار نییە لەم بارەوە. ئەمەش ئەنجامی ئەو بێ باکییەیە کە مامۆستایانی ئایینی بەرامبەر بەباس و کێشە نەتەوەیییەکان هەیانە. دیارە مامۆستای ئایینی لە دوای ڕاپەڕینەوە، بەزۆری، ئەرک و پەیامی خۆیان لە بابەتە کلاسیکەکانی ناو فیقهی ئیسلامیدا، وەکو ئەحکامە خواپەرستییەکان و ڕوکنەکانی ئیسلامدا، دەبیننەوە. مامۆستای ئایینی دەوری ڕوونکەرەوەی واقیعی هەیی و بەرگری کردن لە زۆر لێکراوان ناگێڕێت.

(*) سەیری باسی مزگەوت و حوجرەکان بکە لە بەشی چواردەمی ئەم نامەیە.

خشتەی (٢٧) پێناسەی دینداری و بۆچوونیان لەمەڕ یادکردنەوەی نەورۆز

| یادکردنەوەی نەورۆز / پێناسەی دینداری | لەگەڵیدام | لەگەڵیدا نیم | ڕای نەداوە | کۆی |
|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام | ١٣١<br>٪٣٩,٧٠ | ٣٥<br>٪١٠,٦١ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ١٦٦<br>٪٥٠,٣٠ |
| چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ١٤<br>٪٤,٢٤ | ٩<br>٪٢,٧٣ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٢٣<br>٪٦,٩٧ |
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام و چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ٢٦<br>٪٧,٨٨ | ٢٨<br>٪٨,٤٨ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٥٤<br>٪١٦,٣٦ |
| بۆچوونی سەرتاپاگیر و ئوسوڵی و داخراو | ١٦<br>٪٤,٨٥ | ٤٨<br>٪١٤,٥٥ | ٣<br>٪٠,٩١ | ٦٧<br>٪٢٠,٣٠ |
| بۆچوونی کراوە | ١٨<br>٪٥,٤٥ | ٢<br>٪٠,٦١ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٢٠<br>٪٦,٠٦ |
| کۆی گشتی | ٢٠٥<br>٪٦٢,١٢ | ١٢٢<br>٪٣٦,٩٧ | ٣<br>٪٠,٩١ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (٢٧)دا دیارە، جۆری تێگەیشتن لە دینداری کاریگەریی هەبووە لەسەر بۆچوونی خەڵک بەرامبەر یادکردنەوەی بۆنەیەکی نەتەوەیی وەکو نەورۆز. بەشێوەیەکی گشتی (٢٠٥) کەس بەڕێژەی هەرە زۆر (٪٦٢,١٢) لەگەڵ ئەوەدان یادی نەورۆز بکرێتەوە. ئەمانە پاساوی ئەوە دێننەوە کە بۆنەیەکی نەتەوەییە و گوزارشت لە سەرکەوتنی کورد و ڕزگاربوونی لە دەستی زۆرداران دەکات. لە لایەکی ترەوە، (١٢٢) کەس بەڕێژەی (٪٣٦,٩٧) لەگەڵ ئەوەدا نین یادی بکرێتەوە. لەو حاڵەتەشدا پاساوی ئایینی دێننەوە و پێیان وایە نەورۆز بۆنەیەکی پێش سەردەمی هاتنی ئایینی ئیسلامە و ڕەمزێکە بۆ ئاگرپەرستی و جاهلییەت، ئەمەش دژی ئایین دەوەستێتەوە. هەروەها هەندێکیشیان پێیان وایە یادکردنەوەی بۆنەیەکی وا دەبێتە هۆی تێکەڵاوبوونی پیاو و ئافرەت، ئەمەش گوناه و بێ ئەمریکردنی خوای تێدا ئەنجام دەدرێت. هەروەها پاساوی تریش هەن کە دەڵێن موسڵمانان تەنیا دوو جەژنی قوربان و ڕەمەزانیان هەیە و نابێ هیچ بۆنەیەکی تر بەجەژن بزانن. لێرەدا، بەڕای ئێمە، کێشەکە لەوەدایە کە دیندار لە لایەن گوتاری ئایینییەوە ڕاهاتووە و ڕادەهێنرێت کە بەرامبەر بەو مەسەلانەی خەسڵەتێکی ئایینییان نییە خەمسارد بێت. نەورۆز ڕەمزێکی مێژوویی نەتەوەییبیە، جگە لەوە، یادکردنەوەی هەمیشە وەک خۆناساندن و بەرەنگاربوونەوەی دوژمن و داگیرکەران بووە.

وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێ، زۆربەی ئەوانەی لەگەڵ یادکردنەوەی نەورۆز دان لەوانەن کە دینداری بەجێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام پێناسە دەکەن و ڕێژەکەیان (٪٣٩,٧٠)یە. بەڵام زۆرترین ڕێژەی ئەوانەی کە لەگەڵ یادکردنەوەی ئەم بۆنەیەدا نین، واتە (٤٨) کەس بەڕێژەی (٪١٤,٥٥) لەوانەن کە بۆچوونێکی سەرتاپاگیر و ئوسوڵییان بۆ ئایین هەیە. هەر لەوانەش ڕێژەی (٪٠,٩١)یان ڕای خۆیان نەداوە.



ئەگەر بەراوردێکی جیاوازیی نێوان هەردوو وەڵامەکان (لەگەڵدا بوون و لەگەڵدا نەبوون)ی ئەوانەی بۆچوونێکی کراوەیان بۆ ئایین هەیە، بکەین، دەبینین جیاوازیەکە لە (٩) بۆ (١)ە. واتە ئەگەر (٩) کەس لەگەڵیدابێت (١) کەس لەگەڵیدا نییە. ئەم جیاوازییە لە هەموو حاڵەتەکانی تردا بەرچاو ناکەوێت. بۆ نموونە لە حاڵەتی ئەوانەی بۆچوونێکی سەرتاپاگیریان بۆ ئایین و دینداری هەیە جیاوازییەکە لە (١) بۆ (٣)ە، واتە ئەگەر (١) کەس لەگەڵیدا بێت (٣) کەس لەگەڵیدا نین. ئەمانە –واتە ئەوانەی بۆچوونێکی سەرتاپاگیریان هەیە– ڕێژەیان (٪١٤,٥٥) نموونەکەیە.

هەروەها ئەوانەشی کە دینداری بەجێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام و چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا وەسف دەکەن، ئەوانەی لەگەڵ ئەم یادکردنەوەی ئەم بۆنەیەدان (٢٦) کەسن بەڕێژەی (٪٨,٤٨)، بەرامبەر (٢٨) کەس بەڕێژەی (٪٧,٨٨) کە لەگەڵیدا نین.

خشتەی (٢٨) پێناسەی دینداری و بۆچوونیان لەمەڕ یادکردنەوەی شۆڕشەکانی کورد

| یادکردنەوەی شۆڕشەکانی کورد / پێناسەی دینداری | لەگەڵیدام | لەگەڵیدا نیم | ڕای نەداوە | کۆی |
|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام | ١٤٨<br>٪٤٤,٨٥ | ١٨<br>٪٥,٤٥ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ١٦٦<br>٪٥٠,٣٠ |
| چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ٢١<br>٪٦,٣٦٥ | ٢<br>٪٠,٦١ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٢٣<br>٪٦,٩٧ |
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام و چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ٤٨<br>٪١٤,٥٥ | ٦<br>٪١,٨٢ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٥٤<br>٪١٦,٣٦ |
| بۆچوونی سەرتاپاگیر و ئوسوڵی و داخراو | ٣٦<br>٪١٠,٩٠ | ٢٨<br>٪٨,٤٨ | ٣<br>٪٠,٩١ | ٦٧<br>٪٢٠,٣٠ |
| بۆچوونی کراوە | ١٨<br>٪٥,٤٥ | ٢<br>٪٠,٦١ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٢٠<br>٪٦,٠٦ |
| کۆی گشتی | ٢٧١<br>٪٨٢,١٢ | ٥٦<br>٪١٦,٩٧ | ٣<br>٪٠,٩١ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

سەبارەت بەیادکردنەوەی شۆڕشەکانی کورد، ئەنجامەکەی دڵخۆشکەرترە. وەک لە خشتەکەی سەرەوەدا دیارە (٢٧١) کەس بەڕێژەی (٪٨٢,١٢) لەگەڵ ئەوەدان یادی شۆڕشەکانی کورد بکرێتەوە. پاساویشیان ئەوەیە کە شۆڕشەکان ڕەمزی خەباتی کوردن دژی دوژمن و داگیرکەران و هەر بەهۆی ئەوانەوە کورد گوزارشت لە ماف و داخوازییەکانی خۆی کردووە.

بەڵام ئەوانەی لەگەڵ ئەم شۆڕشانەدا نین (٥٦) کەسن بەڕێژەی (٪١٦,٩٧). زۆربەی ئەمانە پاساوی ئەوە دێننەوە کە ئەم شۆڕشانە هیچیان بۆ ئێمە نەکردووە و بێ بەرهەمن؛ ئەم پاساوە بۆنی بێزاریی لێ دێت. هەندێکی تر ئەم یادە بەشتێکی زیاد دەزانن. کەمێکی تریش پێیان وایە دەبوایە ئەم شۆڕشانە لە

پێناوی خوا بوونایە نە بۆ نەزعەیەکی تر، هەر شتێکیش لە پێناوی خوا و بۆ خوا نەبێ پووچ و بێ ناوەرۆکە.

لە کۆی ئەو کەسانەی لەگەڵ یادکردنەوەی شۆڕشەکانی کورد-دا نین، (٢٨) کەس بەڕێژەی (٪٨,٤٨) ئەوانەن کە بۆچوونێکی ئوسوڵییان بۆ ئایین هەیە. هەروەها (٤٨) کەس بەڕێژەی (٪١٤,٥٥) لەو کەسانەن کە لەگەڵ ئەم یادکردنەوەیە دان و وای بۆ دەچن دینداری بریتییە لە جێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام لەگەڵ کارکردن لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا.

خشتەی (٢٩) پێناسەی دینداری و بۆچوونیان لەمەڕ یادکردنەوەی کارەساتی ئەنفال

| یادکردنەوەی ئەنفال / پێناسەی دینداری | لەگەڵیدام | لەگەڵیدا نیم | ڕای نەداوە | کۆی |
|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام | ١٢١<br>٪٣٦,٦٧ | ٤٥<br>٪١٣,٦٤ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ١٦٦<br>٪٥٠,٣٠ |
| چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ١٩<br>٪٥,٧٦ | ٤<br>٪١,٢١ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٢٣<br>٪٦,٩٧ |
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام و چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ٤١<br>٪١٢,٤٢ | ١٣<br>٪٣,٩٤ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٥٤<br>٪١٦,٣٦ |
| بۆچوونی سەرتاپاگیر و ئوسوڵی و داخراو | ١٧<br>٪٥,١٥ | ٤٧<br>٪١٤,٢٤ | ٣<br>٪٠,٩١ | ٦٧<br>٪٢٠,٣٠ |
| بۆچوونی کراوە | ١٨<br>٪٥,٤٥ | ٢<br>٪٠,٦١ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٢٠<br>٪٦,٠٦ |
| کۆی گشتی | ٢١٦<br>٪٦٥,٤٥ | ١١١<br>٪٣٣,٦٤ | ٣<br>٪٠,٩١ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

کارەساتی ئەنفال گەورەترین و ترسناکترین کارەسات بوو لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا دەرهەق بەنەتەوەی کورد کرا. ئامانجی ئەم کردارە لەناوبردنی کورد بوو لەسەر خاک و نیشتیمانی خۆی. ئەم هێرشە کرایە سەر گوندنشینانی کوردستان و دەیان هەزار منداڵ و ئافرەت و پیر و لاوی تێدا دەستگیر و بێ سەروشوێن کرا.

خشتەی ژمارە (٢٩) دەری دەخات ڕێژەی ئەوانەی لەگەڵ یادکردنەوەی تاوان و کارەساتێکی وەکو ئەنفال دان گەیشتۆتە (٪٦٥,٤٥)ی کۆی نموونەکە. پاساوی ئەمانە ئەوەیە کە یادکردنەوەی ڕووداوێکی ئاوەها بۆ پیشاندانی ستەم لێکراویی کوردە. بەڵام (١١١) کەس بەڕێژەی (٪٣٣,٦٤) لەگەڵ ئەوەدا نین ساڵانە یادی ئەنفال بکرێتەوە. پاساوی ئەمانە ئەوە نییە کە کارێکی دڕندانەی ئاوەها بەسەر کورددا نەهاتووە یان بەکارێکی ڕەوای دابنێن و پشتیوانی لێ بکەن، بەڵکو پاساوی تریان خستۆتە ڕوو، وەکو ئەوەی ئیهانەکردنێکە بۆ ئیسلام کە خۆی لێی بەرییە. هەروەها زۆرێکیشیان یادکرنەوەیان تەنیا لە لایەنی خۆشیدا بینیوەتەوە و لەبەر ئەوەی پێیان وابووە ئەنفال کارەساتێکی دڵتەزێنە، بۆیە نابێ یادی



بکرێتەوە.

ئەوەشمان لەبیر نەچێ، ئەوانەی بۆچوونێکی ئوسوڵی و سەرتاپاگیریان بۆ ئایین و دینداری هەیە، ڕێژەیەکی زۆریان لەگەڵ یادکرنەوەی ئەنفالدا نین، کە ڕێژەکەیان (٪١٤,٢٤)یە و ئەوانەی لەگەڵیشی دان ڕێژەیان (٪٥,١٥)یە کە کەمترین ڕێژەیە. هەروەها ڕێژەی (٪١٢,٤٢) لەوانەی لەگەڵ یادکردنەوەی دان ئەوانەن کە دینداری بەجێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام و چالاکی نواندن لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا لەقەڵەم دەدەن. هەوەها ئەوانەی بۆچوونێکی کراوەیان بۆ ئایین هەیە لە کۆی (٢٠) کەس، (١٨)یان بەڕێژەی (٪٥,٤٥) لەگەڵ یادکردنەوەی کارەساتی ئەنفال دان، بەڵام تەنیا ڕێژەی (٪٠,٦١) لەگەڵیدا نین. هەروەها ئەوانەی دینداری بەچالاکی سیاسی لەناو حیزبی ئیسلامیدا پێناسە دەکەن، لە کۆی (٢٣) کەس (١٩) کەس بەڕێژەی (٪٥,٧٦) لەگەڵ یادکردنەوە دان و ڕێژەی (٪١,٢١) لەگەڵیدا نین. «شاڵاوی ئەنفال چەندە لەناوبردنێکی مادییانەیە، ئەوەندە و بگرە زیاتریش، ڕووخاندنی دەروون و کەسایەتی مرۆڤی کوردە»(١).

خشتەی (٣٠) پێناسەی دینداری و بۆچوونیان لەمەڕ یادکردنەوەی ڕاپەڕینی ١٩٩١

| یادکردنەوەی ڕاپەڕین / پێناسەی دینداری | لەگەڵیدام | لەگەڵیدا نیم | ڕای نەداوە | کۆی |
|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام | ١٥٤<br>٪٤٦,٦٧ | ١٢<br>٪٣,٦٤ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ١٦٦<br>٪٥٠,٣٠ |
| چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ٢٣<br>٪٦,٩٧ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٢٣<br>٪٦,٩٧ |
| جێبەجێکردنی روکنەکانی ئیسلام و چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامیدا | ٤٨<br>٪١٤,٥٥ | ٦<br>٪١,٨٢ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٥٤<br>٪١٦,٣٦ |
| بۆچوونی سەرتاپاگیر و ئوسوڵی و داخراو | ٥٨<br>٪١٧,٥٨ | ٦<br>٪١,٨٢ | ٣<br>٪٠,٩١ | ٦٧<br>٪٢٠,٣٠ |
| بۆچوونی کراوە | ١٩<br>٪٥,٧٦ | ١<br>٪٠,٣٠ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٢٠<br>٪٦,٠٦ |
| کۆی گشتی | ٣٠٢<br>٪٩١,٥٢ | ٢٥<br>٪٧,٥٨ | ٣<br>٪٠,٩١ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

هەمان ڕاوەرگرتن سەبارەت بەڕاپەڕینی ١٩٩١ لە ڕووی نەتەوەییەوە ئەنجامێکی ئیجابیترمان پێ دەدات. ڕێژەی (٪٩١,٥٢) لەگەڵ ئەوەدان یادی ڕاپەڕین بکرێتەوە، چونکە ڕاوەستانی کورد بووە لە دژی دوژمن و ڕەمزی خەبات بووە دژی چەوساندنەوە و تاغووت. لەگەڵ ئەوەشدا (٪٧,٥٨) لەگەڵ یادکردنەوەی ڕووداوی ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کوردستانی عێراقدا نین.

(١) یوسف دزەیی، ئەنفال: کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠١)، ل ١٤.

ڕەنگە ئەم بۆچوونەیان لەبەر ئەوە بێت کە ڕاپەڕین خەونەکانی ئەوانی نەهێنابێتە دی، دەنا بەئاسانی ناتوانین حوکمی ئەوەیان بەسەردا بدەین کە ئەمانە سەر بەڕژێمی بەعسی بوونە. وەک لەو خشتەیەی سەرەوەدا دیارە ڕێژەی هەرە زۆر (٤٦،٦٧ ٪) کە دینداری بەجێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام پێناسە دەکەن لەگەڵ یادکردنەوەی ڕاپەڕین دان.

خشتەی (٣١) باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی و بۆچوونی نموونەکە لەمەڕ هەبوونی حیزبی ئیسلامی

| باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی / ڕات لەسەر هەبوونی حیزبی ئیسلامی | لەگەڵیدام | لەگەڵیدا نیم | کۆ |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ١٥<br>٪٤,٥٥ | ٣<br>٪٠,٩١ | ١٨<br>٪٥,٤٥ |
| زۆر جار | ٧٦<br>٪٢٣,٠٣ | ١٤<br>٪٤,٢٤ | ٩٠<br>٪٢٧,٢٧ |
| هەندێ جار | ١٢٧<br>٣٨,٤٨ | ٥١<br>٪١٥,٤٥ | ١٧٨<br>٪٥٣,٩٤ |
| نەخێر هیچ کات | ٢٤<br>٪٧,٢٧ | ٢٠<br>٪٦,٠٦ | ٤٤<br>٪١٣,٣٣٥ |
| گۆی گشتی | ٢٤٢<br>٪٧٣,٣٣ | ٨٨<br>٪١٦,٦٧ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

وەک لە خشتەی ژمارە (٣١)دا دیارە، بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی (٧٣,٣٣ ٪)ی نموونەکە لەگەڵ ئەوەدان حیزبی ئیسلامی لە کوردستاندا هەبێت. ئەمانە مەرج نییە تەنیا ئەوانە بگرێتەوە کە خۆیان لایەنگر یان ئەندامی حیزبە ئیسلامییەکانن. ئەمە بەندە بەوەی تاکەکەسەکە چۆن دەڕوانێتە چالاکیی سیاسی بەگشتی. لەلایەکی تریشەوە، ئەمانە مەرج نییە ئەو کەسانە بن کە بەحیزبی نەتەوەیی ڕازی نین، بەکورتی دەشێ هەم بەبوونی حیزبی ئیسلامی ڕازی بن و هەم حیزبی نەتەوەییش پەسند بکەن. حیزبی نەتەوەیی حیزبێکە بەپلەی یەکەم لەسەر بنەمای پرەنسیپە نەتەوەییەکان دامەزراوە و کەڵکەڵەی وەدەستهێنان کیان و داواکاریی نەتەوەیان هەیە. بەڵام حیزبی ئیسلامی حیزبێکە بەپلەی یەکەم لەسەر بناغەی پرەنسیپە ئایینییەکان بۆ دەسەڵات و حاکمیەت دامەزراوە و ناسنامەکەشی زۆرجار ناسنامەیەکی ئایینی سەروونەتەوەییە و هەوڵ دەدات گوتارێکی هەمەڕەنگ لە ڕووی نەتەوەییەوە پێشکێش بکات.

بەهەمان جۆر، ڕێژەی (١٦,٦٧ ٪)ی نموونەی لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ ئەوەدا نین حیزبی ئیسلامی لە کوردستاندا هەبن، ئەمانە بەسەر دوو دەستەی سەرەکی دابەش دەبن؛ ئەوانەی کە خۆیان وا پیشان دەدەن سەر بەڕێبازی -«سەلەفی»ن و بڕوایان بە«گروپبوون» نییە و هەبوونی حیزبی ئیسلامی و بەشداریکردن تیایدا بەگوناه لەقەڵەم دەدەن. لەلایەکی تریشەوە، هەندێ لەو کەسانەش کە سەر بەحیزبە نائایینییەکانی



کوردستانن و بەرامبەر بەحیزبە ئیسلامییەکان ڕوانگەیەکی نەفیکارانەیان هەیە، لەگەڵ ئەوەدا نین حیزبی ئیسلامی لە کوردستاندا هەبن.

خشتەی (٣٢) باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی و بۆچوونیان لەمەڕ گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی

| باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی / ڕات لەسەر گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی | لەگەڵیدام | لەگەڵیدا نیم | کۆ |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ١٣<br>٪٣,٩٤ | ٥<br>٪١,٥٢ | ١٨<br>٪٥,٤٥ |
| زۆر جار | ٥٤<br>٪١٦,٣٦ | ٣٦<br>٪١٠,٩١ | ٩٠<br>٪٢٧,٢٧ |
| هەندێ جار | ١٠٥<br>٪٣١,٨٢ | ٧٣<br>٪٢٢,١٢ | ١٧٨<br>٪٥٣,٩٤ |
| نەخێر هیچ کات | ٢٧<br>٪٨,١٨ | ١٧<br>٪٥,١٥ | ٤٤<br>٪١٣,٣٣٥ |
| گۆی گشتی | ١٩٩<br>٪٦٠,٣٠ | ١٣١<br>٪٣٩,٧٠ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

بەگوێرەی خشتەی ژمارە -٣٢- باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەکردۆتە سەر گۆڕانی ڕاوبۆچوونی خەڵک لەسەر بوونی خەلافەتێکی ئیسلامی. بۆ نموونە ئەوانەی بەڕای خۆیان هیچکات باسی مەسەلەی نەتەوەییان بۆ نەکراوە ڕێژەی (٨,١٨ ٪)ی نموونەکەمان لەگەڵ هەبوونی خەلافەتێکی ئیسلامی دان کە گشت نەتەوە موسڵمانەکان بگرێتەوە، بەو شێوەیەی کە لایەنگران و ئاڵا هەڵگرانی ئەم بۆچوونە بانگەشەی بۆ دەکەن و نەتەوەیەکی دیکەی غەیرە کورد دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا بێت. بەڵام ئەوانەی وەکو ئەمانە هیچیان لەبارەی نەتەوایەتی نەبیستووە کەچی لەگەڵ بوونی خەلافەتی ئیسلامیدا نین ڕێژەی (٥,١٥ ٪)ی نموونەکە پێکدێنن.

چوونە سەر باسی مێژووی سیاسەت و دەسەڵاتداران لە وتاری ئایینی مزگەوتەکاندا، هەمیشە ئاسایی بووە، بەتایبەت قۆناغی خەلافەتی ڕاشیدیەکان. نەک هەر ئەوە، بەڵکو زۆرجار ستایشکردنی ئەم مێژووە دەگاتە قۆناغی عوسمانییەکان و ئەستانە. بۆیە دەتوانین بڵێین هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر گەڕانەوەی خەلافەت، سەرچاوەکەی لە ستایشکردنی بەردەوامی ئەم یەکێتییە سیاسییەدایە لە گوتاری ئیسلامیی کوردستاندا.

لێکدانەوەی هۆیەکانی ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی و گێڕانەوەی بۆ هەست و خولیای نەتەوەیی و جوداخوازی لەلایەن نەتەوە موسڵمانەکانی ژێر باڵی ئەو خەلافەتە کە بەهاندانی ڕۆژئاوای مەسیحی ئەم

کارەیان کردووە، ئەو پاساوانەن کە بۆ پاکڕاگرتن و ستایشکردنی وەک قۆناغێکی زێڕین لە ژیانی موسڵماناندا دەهێنرێنەوە(*).

هەروەها ئەوانەی ئاماژەیان بەوە داوە کە بەردەوام لەلایەن مامۆستای ئایینییەوە لە مزگەوت گوێبیستی مەسەلە نەتەوەییەکان بووین و لەگەڵ بوونی خەلافەتی ئیسلامی دان ڕێژەی (٣,٩٤٪)ی نموونەکە پێکدێنن، بەڵام ئەوانەی کە لەگەڵیدا نین تەنیا (١,٥٢٪)ن. بەگشتیش تەنیا ڕێژەی (٥,٤٥٪) ئاماژەیان بەوە داوە کە مامۆستای ئایینی بەردەوام باسی مەسەلەی نەتەوەیی بۆ کردوون، ئەمەش وەکو دیارە ڕێژەیەکی گەلێ کەمە بۆ نەتەوەیەک کە خاوەنی خەبات و شۆڕشی نەتەوەیی دوور و درێژ بێت.

خشتەی (٣٣) باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی و

بۆچوونی نموونەکە لەمەڕ یادکردنەوەی نەورۆز

| یادکردنەوەی نەورۆز / باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی | لەگەڵیدام | لەگەڵیدا نیم | رای نەداوە | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| بەردەوام | ١٢<br>٪٣,٦٤ | ٦<br>٪١,٨٢ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ١٨<br>٥,٤٥ |
| زۆر جار | ٥٤<br>٪١٦,٣٦ | ٣٦<br>٪١٠,٩١ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٩٠<br>٪٢٧,٢٧ |
| هەندێ جار | ١٠٣<br>٪٣١,٢١ | ٧٢<br>٪٢١,٨٢ | ٣<br>٪٠,٩١ | ١٧٨<br>٪٥٣,٩٤ |
| نەخێر هیچ کات | ٣٦<br>٪١٠,٩١ | ٨<br>٪٢,٤٢ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٤٤<br>٪١٣,٣٣٥ |
| گۆی گشتی | ٢٠٥<br>٪٦٤,٨٥ | ١٢٢<br>٪٣٦,٩٧ | ٣<br>٪٠,٩١ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

بەگوێرەی خشتەی ژمارە -٣٣-، وەک پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، ڕێژەی هەرە زۆر (٦٤,٨٥٪) لەگەڵ ئەوەدان یادی نەورۆز بکرێتەوە، بەزۆری بەپاساوی ئەوەی کە بۆنەیەکی نەتەوەییە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا (٣٦,٩٧٪) لەگەڵ ئەوە دانین یادی نەورۆز بکرێتەوە. لەو حاڵەتەشدا پاساوەکان جۆراوجۆرن. زۆربەیان پاساوی ئایینی دێننەوە و پێیان وایە نەورۆز بۆنەیەکی پێش هاتنی ئایینی ئیسلامە و ڕەمزێکە بۆ ئاگرپەرستی و جاهیلییەت. ئەمەش دژی ئایینی ئیسلامە...

وەک لە پەیوەندیی ئەم پرسیارە بەپرسیاری باسکردنی نەتەوایەتی لە لایەن مەلا و مامۆستای

(*) ئەم مەسەلەیە لە بەشی چوارەم لە پاژی تایبەت بەنەتەوایەتی بەبۆچوونی ئیسلامییانەی عەلی باپیر باس کراوە.



ئایینییەوە بۆمان دەردەکەوێت، باسکردن و باسنەکردنی نەتەوایەتی لە لایەن ئەمانەوە لە ڕۆژانی هەینی و بۆنە یان وتارە ئایینییەکانی تردا هیچ کاریگەرییەکی نەبووە لەسەر دروستکردنی بۆچوونێکی دیاریکراو لەسەر نەورۆز، چونکە لە هەر چوار حاڵەتەکەدا بۆچوونیان لەبارەی یادکردنەوەی نەورۆز بەشێوەیەکی ڕێژەیی دابەش بووە. تەنانەت بەپێچەوانەشەوە، لەوانەی هیچ جار باسی نەتەوایەتیان لە لایەن مامۆستای ئایینییەوە نەبیستووە (١٠,٩١٪)ی لەگەڵ یادکردنەوەی بۆنەی نەورۆزدا نین، لە کاتێکدا کە تەنیا (٢,٤٢٪)ی لەگەڵیدان. بەڵام لەو حاڵەتەی زۆرجار باسی مەسەلەی نەتەوەییان بۆ کراوە جیاوازییەکە بەشێوەیەکی ڕێژەیی کەمترە، (١٦,٣٦٪)ی ڕازیبە بەیادکردنەوە بەرامبەر بە(١٠,٠٩٪) کە ناڕازییە بەیادکردنەوە.

خشتەی (٣٤) باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی و بۆچوونی نموونەکە لەمەڕ یادکردنەوەی شۆڕشەکانی کورد

| یادکردنەوەی شۆڕشەکانی کورد / باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی | لەگەڵیدام | لەگەڵیدا نیم | رای خۆی نەداوە | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| بەردەوام | ١٧<br>٪٥,١٥ | ١<br>٪٠,٣٠ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ١٨<br>٥,٤٥ |
| زۆر جار | ٧٧<br>٪٢٣,٣٣ | ١٣<br>٪٣,٩٤ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٩٠<br>٪٢٧,٢٧ |
| هەندێ جار | ١٣٧<br>٪٤١,٥٢ | ٣٨<br>٪١١,٥١ | ٣<br>٪٠,٩١ | ١٧٨<br>٪٥٣,٩٤ |
| نەخێر هیچ کات | ٤٠<br>٪١٢,١٢ | ٤<br>٪١,٢١ | ٠<br>٪٠,٠٠ | ٤٤<br>٪١٣,٣٣ |
| گۆی گشتی | ٢٧١<br>٪٨٢,١٢ | ٥٦<br>٪١٦,٩٧ | ٣<br>٪٠,٩١ | ٣٣٠<br>٪١٠٠,٠٠ |

بەڵام سەبارەت بەشۆڕشەکانی کورد و یادکرنەوەی، ئەوە ئەنجامێکی دڵخۆشکەرترمان دەست کەوت. وەک لە خشتەی ژمارە (٣٤)دا دیارە (٨٢,١٢٪)ی نموونەی لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان یادی شۆڕشەکانی کورد بکرێتەوە، بەپاساوی ئەوەی ئەم شۆڕشانە خەبات بۆ ڕزگاریی میللەتی کورد بووین و گوزارشتیان لە خواست و مافی کورد کردووە. بەڵام (١٦,٩٧٪)شیان لەگەڵ ئەوەدانین یادیان بکرێتەوە. پاساوەکانیش نزیکن لە پاساوەکانی یادی نەورۆز. زۆربەیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یادکردنەوەی بۆنەکان هەمیشە کاری بێ شەرعی و پێچەوانەی ئایینی تیا ئەنجام دەدرێت. یاخود بەشێوەیەکی گشتی ئەم بۆنانە بۆنەی ئایینی نین و لەبەر ئەوەی کارێکی زیاد و داهێنراوە (بدعە)یە و لە بناغەدا ئایین دانی پێدا نەناوە، بەپەسندی نازانن یادی بکرێتەوە.

خشتەی (٣٥) باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی و بۆچوونی نموونەکە لەمەڕ یادکرنەوەی کارەساتی ئەنفال

| یادکردنەوەی ئەنفال / باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی | لەگەڵیدام | لەگەڵیدا نیم | رای خۆی نەداوە | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| بەردەوام | ١٢<br>٣,٦٤٪ | ٦<br>١,٨٢٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ١٨<br>٥,٤٥ |
| زۆر جار | ٧١<br>٢١,٥٢٪ | ١٩<br>٥,٧٦٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٩٠<br>٢٧,٢٧٪ |
| هەندێ جار | ١١٩<br>٣٦,٠٦٪ | ٥٦<br>١٦,٩٧٪ | ٣<br>٠,٩١٪ | ١٧٨<br>٥٣,٩٤٪ |
| نەخێر هیچ کات | ٣٤<br>١٠,٣٠٪ | ١٠<br>٣,٠٣٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٤٤<br>١٣,٣٣٪ |
| گۆی گشتی | ٢١٦<br>٦٥,٤٥٪ | ١١١<br>٣٣,٦٤٪ | ٣<br>٠,٩١٪ | ٣٣٠<br>١٠٠,٠٠٪ |

هەروەها وەک لە خشتەی ژمارە (٣٥)دا دیارە ڕێژەی ئەوانەی کە لەگەڵ یادکردنەوەی کارەساتی ئەنفال دان گەیشتۆتە (٦٥,٤٥٪). لە کاتێکدا (٣٣,٦٤٪) لەگەڵ ئەوەدانین یادی ئەم کارەسات و تاوانە بکرێتەوە کە حکومەتێکی عەلمانی بەناوی ئایینەوە دەرحەق بەنەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق ئەنجامی داوە. هەروەها (٣) کەس رای خۆیان لەو بارەوە نەداوە. دیارە ئەم ڕێژەیەش واتە (٣٣,٦٤٪) کەم نییە و گوزارشت لە ناهاوەدەنگیی نەتەوەیی دەکات بەرامبەر بەکارەساتێکی گەورە. بۆیە دەتوانین بڵێین خەڵکێکی زۆری دیندار بەهۆی ناوی ئەنفالەوە خۆیان دەبوێرن لە باسکردنی ڕووداوێکی ئاوەها. هەرچەند کەسانێکی واش هەبوون بەهۆی گەورەیی و دڵتەزێنیی کارەساتەکەوە لەگەڵ ئەوەدا نەبوون یادی ئەنفال بکرێتەوە.

یادکردنەوە هەمیشە لە خۆشی بۆ خۆشی نییە، یادکردنەوەی ڕووداوێکی وەکو ئەنفال ڕەهەندی نەتەوەیی خۆی هەیە کە فەرامۆشکردنی وەکو ئەوەیە ڕابردووی مێژوویی نەتەوە لەبیر بکرێت. یادکردنەوەی کارەساتێکی لەو جۆرە خۆی دەورێکی کاریگەر دەگێڕێ لە دروستکردنی ئەوەی کەسانی وەک ئێرنست ڕێنان و بێندێکت ئەندرسۆن بەیادەوەریی نەتەوەیی ناوی دەبەن، ئەمەش دواجار هەست و ئینتیمای نەتەوەیی لەلای ئەندامانی نەتەوە بەهێز دەکات.



خشتەی (٣٦) باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی و بۆچوونی نموونەکە لەمەڕ ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١

| یادکردنەوەی ڕاپەڕین / باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی | لەگەڵیدام | لەگەڵیدا نیم | رای نەداوە | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| بەردەوام | ١٨<br>٥,٤٥ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ١٨<br>٥,٤٥ |
| زۆر جار | ٨١<br>٢٤,٥٥٪ | ٩<br>٢,٧٣٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٩٠<br>٢٧,٢٧٪ |
| هەندێ جار | ١٦١<br>٤٨,٧٩٪ | ١٤<br>٤,٢٤٪ | ٣<br>٠,٩١٪ | ١٧٨<br>٥٣,٩٤٪ |
| نەخێر هیچ کات | ٤٢<br>١٢,٧٣٪ | ٢<br>٠,٦١٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٤٤<br>١٣,٣٣٪ |
| گۆی گشتی | ٣٠٢<br>٩١,٥٢٪ | ٢٥<br>٧,٥٨٪ | ٣<br>٠,٩١٪ | ٣٣٠<br>١٠٠,٠٠٪ |

سەبارەت بەڕاپەڕینی ١٩٩١ ڕێژەی (٩١,٥٢٪) لەگەڵ ئەوەدان یادی ڕاپەڕین بکرێتەوە، چونکە ڕاوەستانی کورد بووە لە دژی دوژمن و ڕەمزی خەبات بووە دژی چەوساندنەوە و زۆرداری. هەروەها (٧,٥٨٪)یان لەگەڵ یادکردنەوەی ڕووداوی ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کوردستانی عێراقدا نین(*).

وەک لە خشتەی سەرەوەدا دیارە باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینییەوە کاریگەریی هەبووە لەسەر نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان. گشت ئەوانەی بەردەوام لە لایەن مامۆستای ئایینییەوە باسی نەتەوایەتییان بۆ کراوە، لەگەڵ یادکردنەوەی ڕاپەڕین دان-سەیری خشتەی (٣٦) بکە.

(*) لە خشتەی ژمارە (٣٠)دا ئەمە زیاتر ڕوون کراونەتەوە.

خشتەی (٣٧) باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی و بایەخدانی حیزب و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەمەسەلە ئایینی و نەتەوەییەکان

| باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی / بایەخدانی حیزب و ڕاگەیاندن بەمەسەلە... | ئایینەکان | نەتەوەییەکان | هەردووکیان | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٨<br>٪ ٢,٤٢ | ٧<br>٪ ٢,١٢ | ٣<br>٪ ٠,٩١ | ١٨<br>٥,٤٥ |
| زۆرجار | ٤٢<br>٪ ١٢,٧٣ | ٣٥<br>٪ ١٠,٦١ | ١٣<br>٪ ٣,٩٤ | ٩٠<br>٪ ٢٧,٢٧ |
| هەندێ جار | ١٠٠<br>٪ ٣٠,٣٠ | ٣٨<br>٪ ١١,٥٢ | ٤٠<br>٪ ١٢,١٢ | ١٧٨<br>٪ ٥٣,٩٤ |
| نەخێر هیچ کات | ١٥<br>٪ ٤,٥٥ | ٩<br>٪ ٢,٧٣ | ٢٠<br>٪ ٦,٠٦ | ٤٤<br>٪ ١٣,٣٣ |
| گۆی گشتی | ١٦٥<br>٪ ٥٠,٠٠ | ٨٩<br>٪ ٢٦,٩٧ | ٧٦<br>٪ ٢٣,٠٣ | ٣٣٠<br>٪ ١٠٠,٠٠ |

لە کاتی پرسیارکردنی ئەوەدا کە ئایا حەز دەکەن حیزب و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی زیاتر بایەخ بەمەسەلە ئایینییەکان بدەن یان نەتەوەییەکان، وەک لە خشتەی ژمارە (٣٧)دا دیارە، ڕێژەی (٥٠,٠٠ ٪) ئاماژەیان بەوە داوە کە حەز دەکەن و پێیان باشترە زێتر بایەخ بەمەسەلە ئایینییەکان بدەن. هەروەها ڕێژەی (٢٦,٩٧ ٪)شیان لەگەڵ ئەوەدان حیزب و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بایەخ بەمەسەلە نەتەوەییەکان بدەن. هەروەها ڕێژەی (٢٣,٠٣ ٪)ی دیکەیان ئاماژەیان بەوە داوە کە حەز دەکەن بەشێوەیەکی سەرەکی بایەخ بەهەر دوو بوار بدرێ بەیەکەوە، چونکە پێیان وایە تەواوکەری یەکترن و ناکرێ بایەخ بەلایەنێک بدرێ و لایەنەکەی تر پشتگوێ بخرێ. وەک دەردەکەوێ، ئەم دەستەیەشیان نەیانتوانیوە قەناعەت بەوە بکەن، بەو شێوە فراوانە لەلایەن حیزب و ڕاگەیاندنی کوردیدا بایەخ بەمەسەلە نەتەوەییەکان بدرێ و لایەنی ئایینی نەکرێتە هەموو شتێک لە ستراتیژیەتی کارکردنیاندا کە بوار بۆ کایەکانی تر نەهێڵێتەوە.

وەک لە خشتەی -٣٧-دا دەردەکەوێ، (١٠٠) کەس بەڕێژەی (٣٠,٣٠ ٪) لەوانەی تەنیا هەندێ جار مامۆستای ئایینی باسی مەسەلەی نەتەوەیی بۆ کردوون، پێیان باشە حیزب و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بایەخ بەمەسەلە ئایینییەکان بدەن. هەروەها بەپلەی دووەم ئەوانەن حەز دەکەن حیزب و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بایەخ بەئایینییەکان بدەن کە زۆرجار مامۆستای ئایینی باسی نەتەوەیی بۆ کردوون و ڕێژەکەشیان (١٣,٧٣ ٪)یە. جێگەی سەرنجە ئەو پیاوە ئایینییانەی زۆرجار باسی نەتەوایەتی دەکەن و ئەوانەش کە هەندێ جار، هەڵوێستی نەتەوەییان سوود و قازانجی بەلایەنی ئایینییەوە گەیاندووە. ئەوەتا ئەوانەی مامۆستای ئایینی باسی نەتەوەییان بۆ دەکات لە خوتبەکانیدا، ڕێژەیەکی زۆری ئەوانەی گوێی لێ دەگرن حەزدەکەن بایەخ بەلایەنی ئایینی بدرێ. واتە ئاکامی خوتبە و قسە ئایینییەکانی



پێچەوانەی لایەنی نەتەوەیی بووە.

هەروەها زۆرترین ڕێژەی ئەوانەی حەزدەکەن حیزب و ڕاگەیاندنەکان بایەخ بەمەسەلە نەتەوەییەکان بدەن لەوانەن تەنیا هەندێ جار باسی نەتەوەییان لە مامۆستای ئایینییەوە بیستووە کە ڕێژەیان (١١,٥٢ ٪)ە.

لەبەر ئەوەی مامۆستای ئایینی خۆیان لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە لاوازن ناتوانن شتێکی ئەوتۆ لە بابەتە نائایینییەکان بەخەڵکی دینداری گوێگری خۆیان ببەخشن. گوێگرتن لەو وتارانەی ئێوارەکانی ڕۆژانی هەینی لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە پەخش دەکرێن، بەسە بۆ حوکمدانێکی لەم جۆرە. مامۆستایانی ئایینی تا سەد جار باسی ژیاننامەی پێغەمبەر و چۆنیەتی نوێژکردن و شێوازی زەکاتدان و قیامەت و ژیانی دوای مەرگ و جیهانی فریشتەکان و هتد... دەکەن، یەک جاریش ناپرژێنە سەر ئەو بابەت و کێشانەی پەیوەندییان بەژیانی نەتەوەیی خەڵکی کوردستانەوە هەیە. سستی مامۆستایانی ئایینی و هەژاریی مەعریفیان، وای کردووی هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر ڕای خەڵکی دیندار بۆ مەسەلە نەتەوەییەکان نەبێ و تەنانەت دەورێکی سلبیش دەگێڕن. بۆیە بواری چالاکی بۆ ئوسوڵییەکان دەمێنێتەوە، کە هزری خەڵکی دیندار سۆزدارانە بەخەمی نەتەوە موسڵمانەکانی وەک فەلەستین و ئەفغانستان و چیچینستان و کشمیر و هتد...ەوە خەریک دەکەن، بەڕادەیەک کە هەست بەگرفتی خۆیان نەکەن. سەیرکردنی هەواڵەکانی بەشی عەرەبیی شەوانەی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو ئەم ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ کە چۆن مامەڵەی سۆزداری لەگەڵ هەواڵە سیاسییەکانی دونیای عەرەبی دەکرێ بەڕادەیەک کە هیچ کەناڵێکی دیکەی عەرەبی ئەوەندە لەسەر یەک باسی خۆیان ناکەن.

خشتەی (٣٨) پێناسەی دینداری و بۆچوونیان لەمەڕ باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی

| دینداری چییە؟ / مامۆستای ئایینی باسی نەتەوەیی بکات | بەڵێ | نەخێر | کۆ |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام | ١٣١<br>٪ ٣٩,٧٠ | ٣٥<br>٪ ١٠,٦١ | ١٦٦<br>٪ ٥٠,٣٠ |
| چالاکیی سیاسی لەناو حیزبێکی ئیسلامدا | ١٩<br>٪ ٥,٧٦ | ٤<br>٪ ١,٢١ | ٢٣<br>٪ ٦,٩٧ |
| جێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام و چالاکیی سیاسی لەناو حزبێکی ئیسلامدا | ٤٧<br>٪ ١٤,٢٤ | ٧<br>٪ ٢,١٢ | ٥٤<br>٪ ١٦,٣٦ |
| بۆچوونی سەرتاپاگیر و ئوسوڵی و داخراو | ٣٢<br>٪ ٩,٧٠ | ٣٥<br>٪ ١٠,٦١ | ٦٧<br>٪ ٢٠,٣٠ |
| بۆچوونی کراوە | ١٩<br>٪ ٥,٧٦ | ١<br>٪ ٠,٣٠ | ٢٠<br>٪ ٦,٠٦ |
| کۆی گشتی | ٢٤٨<br>٪ ٧٥,١٥ | ٨٢<br>٪ ٢٤,٨٥ | ٣٣٠<br>٪ ١٠٠,٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (٣٨)دا، تێگەیشتن لە دینداریمان بەستۆتەوە بەوەی ئایا لێتوێژراوان چ بۆچوونێکیان هەیە لەسەر ئەوەی مامۆستای ئایینی باسی نەتەوەیی بکات یان نە. (٢٤٨) کەس بەرێژەی (٧٥,١٥ ٪) لەگەڵ ئەوەدان مامۆستای ئایینی لە وتار و ئامۆژگارییەکانیدا باسی بابەتی نەتەوەیی بکات. وەک دەردەکەوێ بەگشتی (٨٢) کەس بەرێژەی (٢٤,٨٥ ٪) لەگەڵ ئەوەدان مامۆستای ئایینی باسی نەتەوەیی نەکات. ئەوەی لە پەیوەندیی نێوان تێگەیشتن لە دینداری و بۆچوونیان سەبارەت بەباسکردنی نەتەوەیی لەلایەن مامۆستای ئایینییەوە دەست دەکەوێت ئەوەیە کە لە بۆچوونی کراوە بۆ دینداری رێژەی (٥,٧٦ ٪) لەگەڵ ئەوەدان مامۆستای ئایینی باسی مەسەلەی نەتەوەییان بۆ بکات لەبەرامبەر تەنیا (١) کەس کە لەگەڵ ئەوەدا نییە. کەچی لە بۆچوونی سەرتاپاگیر و ئوسوڵی بۆ ئایین دەبینین رێژەی ئەوانەی ئاماژەیان بەوەڵامی نەخێر کردووە (بەرێژەی ١٠,٦١ ٪) زێترە لەوانەی کە رازین بەوەی مامۆستای ئایینی باسی مەسەلەی نەتەوەییان بۆ بکات (کە رێژەیان ٩,٧٠٪ە). ئەمەش رەنگە رێگەمان پێ بدات بڵێین ئەوانەی لە نەتەوایەتی دەترسن و خۆی لێ بەدوور دەگرن، هەوڵ دەدەن زێتر پەنا بەرنە بەر ئایین. هەروەها ئەو بۆچوونەشمان باشتر دەچەسپێ کە دینداریی ئوسوڵی بواری بایەخدان بەنەتەوە کەم دەکاتەوە، یان لانی کەم دیندارە ئوسوڵییەکان وای بۆ دەچن ئایین رێگەی پرژانە سەر نەتەوەیان پێ نادات و دەبێ خۆی لێ ببوێرن، بۆ ئەوەی نەبادا لە رووی ئایینییەوە لەسەریان بکەوێت.

لە خشتەی ژمارە -٣٩-دا دەمانەوێ بزانین بۆچوونی نموونەکە لە بارەی دینداری چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر داواکارییان بۆ ئەوەی مامۆستای ئایینی لە وتاری هەینی و وتارەکانی تردا باسی چیان بۆ دەکات. لێرەدا دەردەکەوێ ئەوانەی مامۆستای ئایینی باسی فیقە و شەریعەت (حەڵاڵ و حەرام لە رەفتار و شتەکاندا) و مێژووی ئیسلام (ژیاننامە و بەسەرهاتی پێغەمبەر و هاوەڵانی) بکات (١٩,٧٠ ٪)ی کۆی نموونەکە پێکدێنن. هەروەها (٦,٦٧ ٪) لەگەڵ ئەوەدان مامۆستای ئایینی باسی ژیانی دوای مردن و قیامەت و دونیای مەلائیکەتان بکات. ئەوانەش کە ئاماژەیان بەهەردوو گۆڕاوی سەرەوە داوە (واتە فیقە و شەریعەت و مێژووی ئیسلام لەگەڵ رۆژی دوایی و دونیای مەلائیکەتان)، (٢٢,٧٣ ٪)ی نموونەکە پێدێنن.



خشتەی (٣٩) پێناسەی دینداری و خواستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بەبابەتی وتارەکانی مامۆستایانی ئایینی

| دینداری چییە؟ / مامۆستا باسی چ بکات | جێبەجێکردنی رِوکنەکانی ئیسلام | چالاکی سیاسی لەناو حیزبی ئیسلامیدا | هەردوو خاڵی پێشوو | بۆچوونی سەرتاپاگیر | بۆچوونی کراوە | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| فیقە و شەریعەت و مێژووی ئیسلام | ٤٦<br>١٣,٩٤ ٪ | ٤<br>١,٢١ ٪ | ٤<br>١,٢١ ٪ | ٨<br>٢,٤٢ ٪ | ٣<br>٠,٩١ ٪ | ٦٥<br>١٩,٧٠ ٪ |
| رۆژی حەشر و دنیای مەلائیکەتان | ١٤<br>٤,٢٤ ٪ | ٢<br>٠,٦١ ٪ | ٢<br>٠,٦١ ٪ | ٣<br>٠,١٩ ٪ | ١<br>٠,٣٠ ٪ | ٢٢<br>٦,٦٧ ٪ |
| لەو دوو خاڵەی سەرەوە دەرنەچێ | ٤٤<br>١٣,٣٣ ٪ | ٣<br>٠,٩١ ٪ | ١٣<br>٣,٩٤ ٪ | ١٠<br>٣,٠٣ ٪ | ٥<br>١,٥٢ ٪ | ٧٥<br>٢٢,٧٢ ٪ |
| زوڵم و زۆری ستەمکاران و بەستنەوەی بەکوردەوە | ٣٥<br>١٠,٦١ ٪ | ٣<br>٠,٩١ ٪ | ١٠<br>٣,٠٣ ٪ | ٥<br>١,٥٢ ٪ | ٤<br>١,٢١ ٪ | ٥٧<br>١٧,٢٧ ٪ |
| هەموو ئەمانە | ١<br>٠,٣٠ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ١<br>٠,٣٠ ٪ | ٤<br>١,٢١ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ٦<br>١,٨٢ ٪ |
| فیقە و شەریعەت و مێژووی ئیسلام/ زوڵم و زۆریی ستەمکاران و بەستنەوەی بەکوردەوە | ٦<br>١,٨٢ ٪ | ١<br>٠,٣٠ ٪ | ٣<br>٠,٩١ ٪ | ٣<br>٠,٩١ ٪ | ٠<br>٠,٠٠ ٪ | ١٣<br>٣,٩٤ ٪ |
| هی تر | ٢٠<br>٦,٠٦ ٪ | ١٠<br>٣,٠٣ ٪ | ٢١<br>٦,٣٦ ٪ | ٣٤<br>١٠,٣٠ ٪ | ٧<br>٢,١٢ ٪ | ٩٢<br>٢٧,٨٨ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٦٦<br>٥٠,٣٠ ٪ | ٢٣<br>٦,٩٧ ٪ | ٥٤<br>١٦,٣٦ ٪ | ٦٧<br>٢٠,٣٠ ٪ | ٢٠<br>٦,٠٦ ٪ | ٣٣٠<br>١٠٠,٠٠ ٪ |

هەر لەم خشتەیەی ژمارە (٣٩)دا (١٧,٢٧ ٪) ئاماژەیان بەوە داوە کە حەزدەکەن مامۆستای ئایینی باسی زوڵم و زۆریی دەسەڵاتدار و ستەمکارانی مێژوو بکات و بیبەستێتەوە بەکوردەوە. ئەوانەشی کە شتی تری وەکو «باسی سەردەم و ژیانی ئێستا» و «داکۆکیکردن لەسەر لایەنی زانستی» داوادەکەن (٢٧,٨٨ ٪)ی نموونەکە دەگرنەوە. ماوە بڵێین، زۆربەی خەڵکی ناو نموونەکەمان بایەخ بەفیقە و شەریعەت دەدەن، ئەم قسەیە بەسەر کۆمەڵی دینداران بەگشتیدا دەچەسپێت. نزیکەی هەموو خەڵک دین لەو لایەنە فیقهی و شەریعەتییەکەیدا چڕ دەکەنەوە و تەنانەت جێبەجێکردنی راستەقینەی ئایینیش لە بەجێگەیاندنی رِوکنەکاندا دەبیننەوە.

خشتەی (٤٠) باری کۆمەڵایەتی نموونەکە لەگەڵ ناوی منداڵەکانیان

| ناوی منداڵان / باری کۆمەڵایەتی | خێزاندار | سەڵت | کۆ |
|---|---|---|---|
| کوردی | ٣٥<br>١٠,٦١٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٣٥<br>١٠,٦١ |
| عەرەبی | ٢٠<br>٦,٠٦٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٢٠<br>٦,٠٦٪ |
| تێکەڵاو | ١٤<br>٤,٢٤٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ١٤<br>٤,٢٤٪ |
| ناویان نەداوە | ٤٥<br>١٣,٦٤٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٤٥<br>١٣,٦٤٪ |
| سەڵت | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٢١٦<br>٦٥,٤٥٪ | ٢١٦<br>٦٥,٤٥٪ |
| کۆی گشتی | ١١٤<br>٣٤,٥٤٪ | ٢١٦<br>٦٥,٤٥٪ | ٣٣٠<br>١٠٠,٠٠٪ |

ئاشکرایە کە ناو، ناوی مرۆڤ، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. وەکو باوە، هەر میللەتەو ناو بەزمانی نەتەوەیی خۆی بۆ ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێ، بەڵام زۆر جاران، لەبەر گەلێ هۆی ئایدیۆلۆژی و مێژوویی و سیاسی و هی تر، ناوی سەر بەزمانی تری بیانی لەناو میللەتێکدا بڵاو دەبنەوە. بۆ نموونە نزیکەی زۆربەی میللەتانی موسڵمان ناوی عەرەبی، یان بەڕەچەڵەک عەرەبی، بەکاردێنن. دیارە کوردیش وەک میللەتێکی موسڵمان ئەم ڕێسایەی بەسەردا دەچەسپێ(١).

ئەگەرچی لە دینداریی نەریتیدا ناوە ئیسلامی (عەرەبی)یەکانیش لە ژێر کاریگەری زمانی کوریدا "ببوون بەکوردی"، وەکو عەولا، فاتم، عەیشێ، سمایل و هتد...، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی دیاردەی ئیسلامی لە کوردستاندا، لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیدا، دیسانە ناوی ئیسلامی (عەرەبی) بەشێوەیەکی بەرفراوان سەریان هەڵداوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٤٠) دەری دەخات (١٠,٦١٪)ی نموونەی لێکۆڵینەوە لەوانەی کە خێزاندارن ناوی کوردیان لە منداڵەکانیان ناوە. هەروەها (٦,٠٦٪)یان ناوی عەرەبی - ئیسلامیان بۆ منداڵەکانیان هەڵبژاردووە و (٤,٢٤٪)یش کە زیاتر لە یەک منداڵیان هەبووە، ناوی منداڵەکانیان هەندێکی کوردی و هەندێکیان عەرەبی - ئیسلامین. بۆ نموونە ئەگەر منداڵێکیان ناوی کوردی بۆ هەڵبژێردرابێ ئەوی تریان

(١) د. ڕەشاد میران، دەور و بایەخی زمانی کوردی لە پرۆسەی ئێتنۆ - کۆمەڵایەتیدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٠ - شوباتی ١٩٩٩)، ل٣٣.



ناوی عەرەبی - ئیسلامی لێ نراوە. بۆیە دەڵێین عەرەبی - ئیسلامی چونکە ناوەکان ناوی عەرەبی نائایینی نین. بەڵکو لەوانەن کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئایینی ئیسلام لە مەککە لە دوورگەی عەرەبیدا باو بوون، یاخود لەو ناوە ئیسلامییانەن کە لەگەڵ ئوسوڵییەتدا بڵاوبوونەتەوە. بۆ نموونە لە ناوی پیاواندا؛ عەبدولڕەحمان، ئەحمەد، عومەر، عەبدوڵڵا، ئوسامە، سدیق، موسعەب، عەبدولعەزیم، مستەفا... لە ناوی مێیینەش وەک هودا، هیدایە... ئەوانی ناوی عەرەبی بۆ منداڵەکانیان دیار دەکەن لەهەستی بەرزی ئایینییانەوەیە. تەنانەت ئەوانەی بەر لە ڕاپەڕین ناوی منالانیان بەکوردی نابوو، دوای ڕاپەڕین هەست دەکرێ دیسانەوە گەڕانەوەیەک هەبووە بۆ سەر ناوە عەرەبییە - ئیسلامییەکان. تەنانەت ناوی منداڵ و باوکی وا دەبینین کە بۆ نموونە ناوی باوک ئازادە و ناوی منداڵ ئوسامە یان یاسرە.

ئەوەی جێی سەرنجە لەو خشتەیەی سەرەوەدا (٤٥) کەس بەڕێژەی (١٣,٦٤٪) لە کۆی (١١٤) کەسی خێزانداری نموونەکە ناوی منداڵەکانیان نەداوە. هەندێکیان لەوانە منداڵیان نەبوو، بەڵام هەندێکیان کە دەشزانرا خاوەن منداڵن بەڵام خۆیان لەناوهێنان دەبوارد.

خشتەی (٤١) ناوی ئەو کەنالانەی ڕاگەیاندن کە لێتۆژراوان سەیری دەکەن لەگەڵ ژمارەی ناوی شۆڕشەکانی کورد کە ئاماژەیان پێداوە

| ناوی کەناڵی ڕاگەیاندن / ناوی شۆڕش | یەک | دوو | سێ | چوار | پێنج | هیچ | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەناڵی حیزبە ئیسلامییەکان | ١<br>٠,٣٠٪ | ٤<br>١,٢١٪ | ١٧<br>٥,١٥٪ | ٥<br>١,٥٢٪ | ٤<br>١,٢١٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٣١<br>٩,٣٩٪ |
| کەناڵی حیزبە عەلمانییەکان | ٣<br>٠,٩١٪ | ١٧<br>٥,١٥٪ | ١٥<br>٤,٥٥٪ | ٢١<br>٦,٣٦٪ | ١٥<br>٤,٥٥٪ | ٢<br>٠,٦١٪ | ٧٣<br>٢٢,١٢٪ |
| کەناڵی ئیسلامی و عەلمانی | ٦<br>١,٨٢٪ | ٤<br>١,٢١٪ | ١٩<br>٥,٧٦٪ | ١٦<br>٤,٨٥٪ | ٣٨<br>١١,٥٢٪ | ٣<br>٠,٩١٪ | ٨٦<br>٢٦,٠٦٪ |
| کەناڵی عەلمانی و ئیسلامی | ١<br>٠,٣٠٪ | ٩<br>٢,٧٣٪ | ١٩<br>٥,٧٦٪ | ١٤<br>٤,٢٤٪ | ١٨<br>٥,٤٥٪ | ٣<br>٠,٩١٪ | ٦٤<br>١٩,٣٩٪ |
| سەتەلایت و کەناڵی بیانی | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٤<br>١,٢١٪ | ٦<br>١,٨٢٪ | ٣<br>٠,٩١٪ | ٥<br>١,٥٢٪ | ١٨<br>٥,٤٥٪ |
| ئیسلامی و سەتەلایت | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٢<br>٠,٦١٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٢<br>٠,٦١٪ |
| عەلمانی و سەتەلایت | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٥<br>١,٥٢٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٣<br>٠,٩١٪ | ٥<br>١,٥٢٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ١٣<br>٣,٩٤٪ |
| ئیسلامی و عەلمانی و سەتەلایت | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٢<br>٠,٦١٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ١<br>٠,٣٠٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٣<br>٠,٩١٪ |
| موتابەعەی ڕاگەیاندن ناکەن | ٢<br>٠,٦١٪ | ٢<br>٠,٦١٪ | ١٠<br>٣,٠٣٪ | ٨<br>٢,٢٤٪ | ٧<br>٢,١٢٪ | ١١<br>٣,٣٣٪ | ٤٠<br>١٢,١٢٪ |
| کۆی گشتی | ١٣<br>٣,٩٤٪ | ٤١<br>١٢,٤٢٪ | ٨٨<br>٢٦,٦٧٪ | ٧٣<br>٢٢,١٢٪ | ٩١<br>٢٧,٥٨٪ | ٢٤<br>٧,٢٧٪ | ٣٣٠<br>١٠٠,٠٠٪ |

ئەگەر پرسیاری ناوی هەندێ شۆڕشی کوردی لە سەدەی بیست لە هەر کوردێک بکەی، لەوانەیە دانەمێنێ. بەڵام لە نموونەی لێکۆڵینەوەکەماندا (٢٤) کەس بەڕێژەی (٧,٢٧٪) لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ناوی هیچ شۆڕشێکی کوردییان نەنووسیوە. بێگومان ئەمە مانای خۆی هەیە و ناکرێ بەسادەیی ئەنجامگیریی ئەوە بکەین کە ئەمانە هیچیان لەبارەی نەتەوە و نەتەوایەتی کوردەوە نەبیستووە و نەخوێندۆتەوە؛ ئەگەرچی وەڵامی ئەوتۆشمان لە پرسیارێکی تردا دەستکەوتووە-سەیری خشتەی ژمارە (٢٤) بکە. ڕەنگە بێزاری، بایەخ پێ نەدان و بێباکی وای لەو کەسانە کردبێ ئامادە نەبن ناوی ئەم شۆڕشانە بێنن.

خشتەی (٤٢) ئەنجامدانی نوێژی هەینی و باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی

| باسکردنی نەتەوایەتی لەلایەن مامۆستای ئایینی / نوێژی هەینی بەکۆمەڵ دەکەی؟ | بەردەوام | زۆرجار | هەندێ جار | هیچ کات | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١١<br>٣,٣٣٪ | ٧٨<br>٢٣,٦٤٪ | ١٢٠<br>٣٦,٣٦٪ | ٢٦<br>٧,٨٨٪ | ٢٣٥<br>٧١,٢١٪ |
| نەخێر | ٧<br>٢,٢١٪ | ١٢<br>٣,٦٤٪ | ٥٤<br>١٦,٣٦٪ | ١٨<br>٥,٤٥٪ | ٩١<br>٢٧,٥٨٪ |
| جاروبار | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٤<br>١,٢١٪ | ٠<br>٠,٠٠٪ | ٤<br>١,٢١٪ |
| کۆی گشتی | ١٨<br>٥,٤٥٪ | ٩٠<br>٢٧,٢٧٪ | ١٧٨<br>٥٣,٩٤٪ | ٤٤<br>١٣,٣٣٪ | ٣٣٠<br>١٠٠,٠٠٪ |

خشتەی (٤٢) دەری دەخات کە (٧١,٢١٪)ی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان بەبەردەوامی نوێژی هەینی بەکۆمەڵ ئەنجام دەدەن، بەڵام (٩١) کەس کە دەکا ڕێژەی (٢٧,٥٨٪) لە نوێژ و وتاری هەینی ئامادە نابن بەڵکو لەماڵەوە، لە ڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن یاخود کاسێتەوە گوێ لە وتاری ئایینی دەگرن. ئەمانەی جگە لە (٢) کەسیان هەموویان لە ڕەگەزی مێن (٨٩ کەس لە نموونەکەمان لە ڕەگەزی مێن). لەبەر ئەوەی لە ئایینی ئیسلامدا نوێژی هەینی لەسەر ئافرەتان پێویست نییە، بەڵکو هەر سوننەتە، هەروەها سەرەڕای هەبوونی شوێنی تایبەت بەئافرەتان لە هەندێ مزگەوتی ناوشاردا کەچی هیچ یەک لە نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان لە نوێژی هەینی بەشدار نابن. (٤) کەسەکەی تریشیان تەنیا جاروبار نوێژی هەینی بەکۆمەڵ لە مزگەوتدا ئەنجام دەدەن.



خشتەی (٤٣) ئەولەویەتدان بەهەست و خولیای ئایینی یان نەتەوەیی و داواکاریی نموونەکە بۆ حیزبی ئیسلامی کە بایەخ بەکام لایەن بدات

| ئەولەویەتدان بەهەستی / حیزبی ئیسلامی بایەخ بەکام لایەن بدات | ئایینی | نەتەوەیی | هەردووکیان | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ئایین | ١٥٠<br>٤٥,٤٥٪ | ٤٣<br>١٣,٠٣٪ | ٧٩<br>٢٠,٩١٪ | ٢٦٢<br>٧٩,٣٩٪ |
| نەتەوە | ٢<br>٠,٦١٪ | ٢٤<br>٧,٢٧٪ | ٣<br>٠,٩١٪ | ٢٩<br>٨,٧٩٪ |
| هەردووکیان | ١٠<br>٣,٠٣٪ | ٨<br>٢,٤٢٪ | ٢١<br>٦,٣٦٪ | ٣٩<br>١١,٨٢٪ |
| کۆی گشتی | ١٦٢<br>٤٩,٠٩٪ | ٧٥<br>٢٢,٧٣٪ | ٩٣<br>٢٨,١٨٪ | ٣٣٠<br>١٠٠,٠٠٪ |

بەشێوەیەکی گشتی (٧٩,٣٩٪)ی کۆی نموونەی لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان حیزبی ئیسلامی زێتر بایەخ بەلایەنی ئایینی بدەن. بەڵام ئەوانەی ئاماژەیان بەوە داوە کە واباشترە بایەخ بەلایەنی نەتەوەیی بدەن تەنیا (٢٩) کەسن بەڕێژەی (٨,٧٩٪). هەروەها (١١,٨٢٪) وایان پێ باشە حیزبی ئیسلامی بایەخ بەهەر دوو لایەن بدەن بەیەکەوە. لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە نموونەکەمان کێشەیەکی ئایینییان لە ناخی خۆیاندا هەیە. بۆیە بایەخدان بەئایین لە هەموو شتەکانی تر بەپێویستتر دەزانن. وەک لە خشتەی (٤٣)دا دەردەکەوێ ئەوانەی ئەولەویەت بەهەستی ئایینی دەدەن تەنیا (٢) کەس بەڕێژەی (٠,٦١٪) لەگەڵ ئەوەدان حیزبی ئیسلامی بایەخ بەلایەنی نەتەوەیی بدات. هەروەها لە (٧٥) کەس بەڕێژەی (٢٢,٧٣٪) کە ئەولەویەت بەهەستی نەتەوەیی دەدەن (٤٣)یان بەڕێژەی (١٣,٠٣٪) وا بەباشتر دەزانن حیزبە ئیسلامییەکان بایەخ بەلایەنی ئایینی بدات نەک نەتەوەیی. هەروەها ئەوانەش کە لایەنی نەتەوەییان هەڵبژاردووە و حەزدەکەن حیزبە ئیسلامییەکان بایەخ بەلایەنی نەتەوەیی بدەن (٢٤) کەسن بەڕێژەی (٧,٢٧٪)ی کۆی نموونەکە. لێرەدا ناکۆکییەکان دەردەکەون. بۆچی ئەوانەی بەڕای خۆیان ئەولەویەت بەهەست و خولیای نەتەوەیی دەدەن بەڕێژەیەکی زیاتر ئاماژەیان بەوە داوە کە با حیزبە ئیسلامییەکان زێتر بایەخ بەلایەنی ئایینی بدەن نەک نەتەوەیی. ئەمە وامان لێ دەکات بڵێین لێتۆژراوان لە هەڵبژاردنی گۆڕاوی «نەتەوەیی»دا وردبین نەبوونە، هەروەها دەری دەخات لایەنی ئایینی لە بیری نموونەی لێکۆڵینەکەدا تەواو بەسەر لایەنی نەتەوەییدا زاڵ بووە و بواری دەرخستنی نادات.

خشتەی (٤٤) ئەو دەزگایانەی پێگەیاندن کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر نموونەی لێکۆڵینەوە

| دەزگاکانی پێگەیاندن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| خێزان | ٦١ | ٪١٨,٤٨ |
| هاوڕێ | ٥٩ | ٪١٧,٨٨ |
| ڕووداوەکانی ڕۆژگار | ٤٨ | ٪١٤,٥٥ |
| قوتابخانە | ٣٩ | ٪١١,٨٢ |
| خێزان و هاوڕێ | ٣٢ | ٪٩,٧٠ |
| کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | ٢٢ | ٪٦,٦٧ |
| خێزان و قوتابخانە | ٢٠ | ٪٦,٠٦ |
| خێزان، هاوڕێ و قوتابخانە | ١٧ | ٪٥,١٥ |
| ڕووداوەکانی ڕۆژگار و خێزان | ١٤ | ٪٤,٢٤ |
| خێزان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | ١١ | ٪٣,٣٣ |
| خێزان و قوتابخانە و ڕووداوەکانی ڕۆژگار | ٧ | ٪٢,١٢ |
| کۆی گشتی | ٣٣٠ | ٪١٠٠,٠٠ |

وەک لە خشتەی ژمارە -٤٤-دا دەردەکەوێ، (١٨,٤٨ ٪)ی نموونەی لێکۆڵینەوەکە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییاندا لە ژێر کاریگەریی خێزاندابووین. بەڵام هەر ئەم ڕێژەیە نا، بەڵکو زۆرانی تریش کە زیاتر لە گۆڕاوێکیان ئاماژەیان بەخێزان داوە. هەروەها (١٧,٨٨ ٪) ڕایانگەیاندووە کە بەتەنیا لە ژێر کاریگەریی هاوڕێدا بووین. ئەمەشیان دیسان هەر ئەوەندە نییە، بەڵکو لەگەڵ گۆڕاوەکانی تردا دووبارە بۆتەوە. ئینجا قوتابخانە بەڕێژەی (١١,٨٢ ٪)ی نموونەکەی خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. ئەوانەی کە زیاتر لە گۆڕاوێکیان هەڵبژاردووە ڕێژەکانیان دیارە- سەیری خشتەی ژمارە (٤٤) بکە.



# بەشی حەوتەم

## ئەنجامگیری و ڕاسپاردە

### باسی یەکەم: ئەنجامگیری

ئایینی ئیسلام ئایینی زۆرینەی خەڵکی کورد و کوردستانە و داکۆکی لێکردن و بایەخپێدانی ئەرکێکی ئایینییە. بەڵام بۆ کورد لەم ڕۆژگارەدا مەرج نییە پرەنسیپێک بێت بۆ چەسپاندنی ناسنامە، بەو مانایەی کە پێویست بکات ئێمە بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە خۆمان بسەلمێنین. ڕەهەندی ئایینی دەوری، بەشێوەیەک لەشێوەکان، بەردەوام هەبووە لە گەڵاڵەکردنی ناسنامەی جەماعیدا، بەڵام ئەم کردەیە بەگوێرە و لەژێر کارتێکردنی بارودۆخ و هەلومەرجەکاندا دەگۆڕێت. کێشەی ناسنامەی ئایینی ئێمە لەوەدایە کە ئەو نەتەوانەی ئاڵای نەتەوەییمان لە بەرامبەریاندا بەرزکردۆتەوە جیاوازیی ئایینیمان لەنێواندا نییە تا وەک ناسنامەیەک زەقی بکەینەوە. هەربۆیە دەبینین داکۆکیکردن لەسەر ئایین لە کوردستان زێتر و بەپلەی یەکەم گوتارێکی ناوخۆیی هەیە و ئاراستەکەشی ناوخۆییە؛ ناوخۆییبوونی گوتار بەمانای ئەوەی کە داوای مافی خۆی لە کورد دەکات نەک نەتەوەکانی تر، دەعوای ئایینی لەسەر کورد بەرز دەکاتەوە نەک وەک کوردێک دەعوا لەدژی نەتەوەی زەوتکەر بەرزبکاتەوە.

ئەگەرچی زۆربەی ئایینییەکانی دونیا و بەتایبەت ئایینی ئیسلام پەیامی ڕزگارییان هەڵگرتووە، بەڵام ئێمە نەمانتوانیوە وا مامەڵەی لەگەڵدا بکەین کە ببێتە ڕزگارکەر و سەربەخۆییمان بۆ دابین بکات. ئەم ئەرکەش لەم سەردەمەدا، بەپلەی یەکەم، ئەکەوێتە ئەستۆی هێز و دەزگا ئایینییەکان کە چۆن لە ئایین تێدەگەن و چۆنیش خەڵکی لێ تێدەگەیەنن. چونکە ئایین وەک شتێکی بێدەنگ وایە، مرۆڤ دەیدوێنێ. ئایین دەشێ پەیامێک نەبێت تەنیا و تەنیا بۆ ڕزگاریی ئاخیرەت؛ ئەمە ئەو وێنەیەیە کە مامۆستایانی ئایینی و حیزبە ئیسلامییەکانیش بۆ ئایینی ئیسلامی دەکێشن. بەڵکو دەشێ واش بخوێندرێتەوە کە پەیامی پێشکەوتن و دونیاییشی هەڵگرتبێ. ئەمەش ئاستێکی مەعریفیی بەرزی گەرەکە کە تیایدا زانست و مەعریفەی نوێی نا ئایینی، واتە جگە لە فیقھ و شەریعەت و زانستی حەدیس و چۆنیەتی خوێندنەوەی قورئان و لەبەرکردنی و هتد... کە بایەخێکی زۆریان پێ دەدرێ. تا بەم شێوەیە نەبێت ناتوانین لەو تێگەیشتنە بەرچاوتەسک و سادەیە بۆ ئایین ڕزگارمان بێت.

پێشکەوتن لە بواری کولتوور و شارستانییەت تەنیا لایەنی ماددی نییە، بەڵکو لەوە گرنگتر لایەنی ڕۆحی و مەعنەویی خەڵکە کە بەبێ پەروەردەکردن و پێشخستنی، تاک و کۆمەڵ پێش ناکەون. لێرەدا ئایین وەک توخمێکی کولتووری، یەکجار بەتوانایە لەلایەنی ڕۆحی و مەعنەویی خەڵکدا و لەم بوارەدا باڵادەستە. بۆیە ئەگەر بخرێتە گەڕ بۆ پەروەردە و پێشخستنی لایەنی مەعنەوی بەچەشنێکی ساغ، ئەوا زۆر کاریگەر دەبێت. بەڵام ئەگەر ئایین ئەوەندە بەهێز و کاریگەر بێ دەبێ بایی ئەوەندەش پێگەیشتووبێ

کە لە ئاست ئەرکەکانی خۆیدا بێت، هەروەها لەهەمان کاتیشدا نەبێتە بەدیل بۆ مەعریفەی دیکەی نائایینی.

ئەنجامە کردەییەکانی لێکۆڵینەوەکەمان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەکەینەوە:

١- گەڕانەوە بۆ ئیسلام لە کوردستاندا، وەک دیاردەیەکی بەرفراوان، دوای ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ سەری هەڵداوە، سەرەتاکانی ئەگەرچی بۆ ساڵانی پێشووتر -شەست و حەفتا و هەشتاکان- دەگەڕێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی بەرچاو دوای ئازادکردنی بەشێکی گەورەی کوردستانی عێراق لە ١٩٩١، پەرەی سەندووە.

٢- دیاردەی گەڕانەوە بۆ ئیسلام زێتر و بەپلەی یەکەم لاوەکانی گرتۆتەوە، بەتایبەت لە تەمەنی سەرەتای لاویدا. ئەمەش ڕەنگە پەیوەندی هەبێت بەهەلومەرجی بابەتی و خودیی لاوەوە کە دوای ڕاپەڕین دووچاری بێکاری و بەرتەسکبوونەوەی بواری خواستەکانی بووەوە لە کۆمەڵگادا.

٣- شاریبوونی دیاردەی گەڕانەوە بۆ ئایین (بۆ سەلماندن: هێشتنەوەی ڕیش لەلای گەنجان، حیجابی کچ و ئافرەتان، سڵاوکردنی ئیسلامییانە، بازاڕی کتێب و بۆن و دەرمان و هتد...) و چڕبوونەوە لە شاردا پەیوەندیی هەیە بەئاستی خوێندەواری و شوێنی نیشتەجێبوون کە زۆربەیان زانکۆیین.

٤- ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتان دیندارترن، بەڵام دیاردەی گەڕانەوە بۆ ئیسلام و ئوسوڵییەت لەناو ڕەگەزی نێردا زیاترە. چونکە ئوسوڵییەت بەپلەی یەکەم هەڵوێستێکی سیاسییە، لەوانەیە ئەمەش وای کردبێ ئافرەت کەمتر بچێتە ناویەوە، چونکە ئافرەتی کورد بەگشتی دوورەپەرێزە بەرامبەر بەسیاسەت.

٥- زۆربەی ئەوانەی هوشیارییەکی ئایینی بەرزیان هەیە لە ئاستێکی خوێندەواریی بەرزیشدان، چونکە زانیارییەکان و خۆ ڕۆشنبیرکردنیان بەبیری ئایینی زێتر لە ڕێی کتێب و نامیلکە و بڵاوکراوەکانەوەیە. تەنانەت ئەم پەیوەندییەی ئوسوڵییەت بەکتێب و نامیلکەوە خۆی یەکێکە لە سیماکانی دیاردەی گەڕانەوە بۆ ئایین. ئەمەش وای کردووە بازاڕی کتێبی تایبەت بەخوێنەری دیندار بووژاوە بێت.

٦- دیندارە ئوسوڵییەکان توند پابەندی ڕوکنەکانی ئیسلامن وەک نوێژ و ڕۆژوو، بەبەردەوامی یان زۆربەی جاران لە مزگەوتدا ئەنجامی دەدەن، هەروەها بەردەوام لە خوتبەی هەینیدا ئامادە دەبن. ئەمە بەرهەمی ئەو گوتارە فیقهیە ڕووتەیە کە لای مامۆستایانی ئایینی برەوی پێ دەدرێ. ئەم تێگەیشتنە فیقهیە، زیاتر بایەخ بەعیبادەت و مامەڵە و ڕەفتاری شەرعی دەدا و بواری مەسەلە نەتەوەییەکانی تێدا کەمە.

٧- هیچ کات تەبایی بۆچوون لەمەڕ ئایین نییە، واتە گشت ئەندامانی کۆمەڵگا بەیەک شێوە سەیری ئایین ناکەن، بەڵکو تێڕوانینی جیاوازیان هەیە بۆ ئایین. زۆربەی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان پێیان وایە دینداری، بەشێوەیەکی سەرەکی، بریتییە لە جێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام وەک نوێژ و



ڕۆژوو و زەکاتدان و هتد... هەروەها ئەمانە هەر بەوەندەوە ناوەستن بەڵکو خەسڵەتی دیکەش بەدینداربوون دەبەخشن، وەک پەیڕەویکردن لە فەرمانەکانی خوا ئەوانەی لە قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەردا هاتوون، پەیڕەویکردن لە شێوە ژیانی ئیسلامی بەرێ و هەندێ جار کارکردن لەناو حیزبە ئیسلامییەکاندا و هی تریش.

کەواتە زۆربەی کات دینداران، بۆچوونێکی سەرتاپاگیر و ئوسوڵییان بۆ ئایین هەیە و دینداری لەوەدا دەبیننەوە کە دەبێ گشت لایەنەکانی ژیان لەژێر چاودێریی ئاییندا بێ، چونکە گوتاری ئایین گوتارێکی هەمەلایەنە و وەک بەرنامەیەک وایە بۆ دیاریکردنی گشت هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ. دەشێ ئەم خەسڵەتە سەرتاپاگیرە بۆ ئایینی ئیسلام بگێڕینەوە، چونکە ئایینی ئیسلام داواکاری و پابەندبوونێکی هەمەلایەنەی لە مرۆڤ دەوێ.

٨- ئەم بۆچوونانە بۆ ئایین لە هەڵوێستی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە حیزبی نەتەوەییدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەرچی زۆربەی نموونەکە، واتە ڕێژەی (٥٩,٣٩ ٪) پێیان وایە بەشداریکردن لە هەر حیزبێکی نەتەوەیی لە ڕووی ئایینییەوە گوناه نییە، کەچی (٤٠,٦١ ٪) کە ڕێژەیەکی زۆرە ئەم کارە بەگوناهێکی ئایینی دادەنێن. ئەمانە لەو ڕووەوە ئەو کارە بەگوناه دادەنێن، چونکە پێیان وایە حیزبە نەتەوەییەکان لایەنی ئایینی پشتگوێ دەخەن و بەرنامەی دیکەی جگە لە ئیسلام هەڵدەبژێرن. ئەوە لە کاتێکدا کە ڕێژەیەکی زیاتر بەبوونی حیزبە ئیسلامییەکان ڕازین. زۆربەی هەرە زۆری نموونەکە بەڕێژەی (٧٣,٣٣ ٪) لەگەڵ بوونی حیزبی ئیسلامیدان لە کوردستاندا. لە کاتێکدا تەنیا (٢٦,٦٧ ٪) لەگەڵ بوونی حیزبی ئیسلامیدا نین. پاساویش زۆربەی جار ئەوەیە کە پێویست ناکات حیزبی ئیسلامی هەبن، یان هەیانە پێیان وایە حیزبە ئیسلامییەکان ئایینی ئیسلام وەک وەسیلەیەک بەکاردێنن بۆ دەستکەوتی سیاسی، ئەمەش بەلایانەوە کارێکی ناڕەوایە. بەڵام ئەوانەی سەر بەئاراستەی سەلەفین لەگەڵ بەگروپبوونی ئیسلامدا نین و بەجێبەجێکەری ئاواتە ئایینییەکانی خۆیانیان نازانن.

٩- لەبەر ئەوەی گوتاری ئیسلامی لە ڕووی مێژووییەوە داکۆکی لە خەلافەتی ئیسلامی دەکات، هەر لەژێر کاریگەریی ئەم گوتارەدا دەبینین زۆربەی نموونەکە بەڕێژەی (٦٠,٣٠ ٪) لەگەڵ گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی دان، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە دەوری نەتەوەی کورد تیایدا چی دەبێت یان هیچ نابێت. ڕەنگە ئەمە وەک ئەرکێکی ئایینی قبوولکرابێ کە دەبێ بڕوا بەگەڕانەوەی خەلافەت بهێنرێت.

ئەگەر ئەم بۆچوونە بەراورد بکەین بەو بۆچوونەی کە ئەندامانی نموونەکەمان بۆ شێوازی حوکمی داهاتووی عێراق و کوردستان هەیانە دیسان ئەنجامێکی دڵخۆشکەرمان دەست ناکەوێت. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەدا بۆمان دەرکەوت تەنیا (٢٧,٨٨ ٪)ی نموونەکە لەگەڵ دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی سەربەخۆ دان. ئەمە سەبارەت بەڕۆڵەکانی نەتەوەیەک کە ساڵانێکی دوور و درێژە خەریکی خەبات و قوربانیدانە لە پێناوی خۆسەلماندن و وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی،

ڕێژەیەکی زۆر کەمە و گوزارشت لەوە دەکات خەڵکی دیندار لە ڕەوتی بایەخدانیان بەئایین نەیانتوانیوە لە نەتەوایەتی دوورنەکەونەوە. ئەم کەمتەرخەمییەش دەکەوێتە ئەستۆی دامەزراوەی ئایینی و حیزبە ئیسلامییەکان، چونکە وەک ئاشکرایە، مامۆستایانی ئایینی هاوسەنگییەک ناکەن لە نێوان بایەخدان بەمێژووی خەلافەتەکانی ئیسلامی و مێژووی کورد و بڵاوکردنەوەی هوشیاریی نەتەوەیی و زەرووڕەتی هەبوونی قەوارەیەکی کوردی. کەواتە دەتوانین بڵێین، وەکو خواست، یادەوەریی نەتەوەیی ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە لاوازە بەبەراورد لەگەڵ یادەوەریی ئایینییان. ئەم لاوازییە کاری کردۆتە سەر لاوازیی هوشیاری و خواستی نەتەوەییان.

١٠- ڕێژەیەکی زۆری نموونەکە کێشەی کورد بەکێشەیەکی ئایینی و نەتەوەیی تێکدەگەن. ئەمەش پەیوەندیی هەیە بەتێگەیشتنی نموونەکەوە کە ئایا پێیان وایە هەڕەشە لەسەر ئایینیان هەیە یان نەتەوەکەیان. بەگوێرەی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکە ڕێژەی (٢٣,٦٤ ٪) پێیان وایە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هەڕەشە تەنیا لەسەر نەتەوەیان هەیە، بەڵام زۆربەیان واتە ڕێژەی (٧٣,٦٤ ٪) پێیان وایە ئەوەی کەوتۆتە بەر هەڕەشەوە هەم دین و هەم نەتەوەیانە. هەر بۆیە دەبینین زۆربەی نموونەکە هەست و هوشیاریی ئایینییان لا زۆر بەهێزترە لە هەست و هوشیاریی نەتەوەیی، چونکە هەستکردن بەوەی کە هەڕەشە لەسەر ئایینیان هەیە وادەکات زێتر بایەخ بەو هەست و هوشیارییەیان بدەن، مەسەلە نەتەوەییەکەیان بەهەند هەڵنەگرن.

١١- ئەم بایەخنەدانە بەهەست و هوشیاریی نەتەوەیی پەیوەندی هەیە بەو تێگەیشتنەی کە ناسیۆنالیزم بەبیرێکی تەسک و ناڕەوا و دژ بەئیسلام لە قەڵەم دەدات. ئەگەرچی ڕێژەی هەرە زۆری نموونەکە (٥٢,٤٢ ٪) پێیان وایە ناسیۆنالیزم واتە خۆشەویستی نەتەوە و نیشتیمان و هەوڵدانە لە پێناویدا، بەڵام (٢١,٢١ ٪) بەبیرێکی تەسک و ناڕەوا و دژ بەبنەماکانی ئیسلامی لە قەڵەمی دەدەن. ئەمەش بەپاساوی ئەوەی کە موسڵمان جگە لە ئایینی خوا نابێ بەهیچ بەرنامەیەکی دیکە ڕازی بێ. ئەمانە ترسی ئەوەیان لە ناسیۆنالیزم هەیە کە تیایدا نەتەوە دەکرێ بەخوا و دەپەرسترێ.

ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (١٧) ناگونجێ کە (٨٩,٠٩ ٪) پێیان وایە نەتەوایەتی لەگەڵ ئیسلامدا دەگونجێ، لە بەرامبەر تەنیا (٣٢) کەس بەڕێژەی (٩,٧٠ ٪) کە پێیان وایە نەتەوایەتی دژی ئیسلامە. بەڕای ئێمە ئەمە پەیوەندی هەیە بەزاراوەی «نەتەوایەتی» و «ناسیۆنالیزم» و بێزراویی دووەمیان لەلای دیندارەکانەوە. ئەمەش بەو ئەنجامەمان ناگەیەنێ بڵێین گرفت و جیاوازییەکە لەسەر وشەیە، بەڵکو تێگەیشتنی جیاوازیشە بۆ نەتەوایەتی، چونکە نەتەوایەتی لە هزری دیندار و بەتایبەت ئوسوڵییەکان لە چەمکی موسڵمان بوون جیاناکرێتەوە. بەدەستەواژەیەکی تر، ئەوانەی سەر بەیەک نەتەوەن و خاک و نەتەوەی خۆیان خۆش دەوێ و بۆی تێدەکۆشن، ئەوانەن کە موسڵمان و لە خواترس (تەقوادار)ن، لەوانە (٢٣) کەس بەڕێژەی (٦,٩٧ ٪) ئەوانەن کە بۆچوونێکی سلبییان بۆ ناسیۆنالیزم هەیە. واتە سەرەڕای ئەوەی هەندێ لەوانەی نەتەوایەتی دژ بەئیسلام دادەنێن لەوانەن کە پێیان وایە ناسیۆنالیزم خۆشویستنی نەتەوە و



نیشتیمان و هەوڵدانە لە پێناویدا. ئەمە وەک پێناسە پەسن کراوە، بەڵام لە کاتی بەراوردکردنیدا، ناسیۆنالیزم دەخاتە سەنگەری دژ بەئیسلامەوە. تەنانەت هۆی بایەخنەدانیشیان بەهوشیاریی نەتەوەیی بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پێیان وایە دەبێتە هۆی پارچەپارچەبوونی ئوممەتی ئیسلامی. زۆربەی جار ئەم لێکدانەوە سیاسییە بەسەر لێکدانەوە تیۆلۆژیەکەشدا زاڵە. لێکدانەوەی تیۆلۆژی ئەوەیە کە هوشیاری و پەروەردەی نەتەوەیی بەدژی هوشیاری و پەروەردەی ئایینی لە قەڵەم دەدات - سەیری خشتەی ژمارە (٢١) بکە.

بەگشتی دەتوانین بڵێین شێواوییەک لە هەڵوێستی نەتەوەیی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان هەیە. کەموکوڕییەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تێگەیشتنێکی نوێ بۆ نەتەوە و نەتەوایەتی پەسندکراو لە لای ئاراستەکارانی ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستاندا نییە.

١٢- ئەگەرچی زۆربەی نموونەی لێکۆڵینەوەکە ئاماژەیان بەوە داوە کە مامۆستای ئایینی کەم تا زۆر باسی مەسەلەی نەتەوەیی بۆ کردوون، بەڵام شتێکی ئەوتۆی لای ئەوان جێ نەهێشتووە. کەواتە دەتوانین بڵێین مامۆستایانی ئایینی دەورێکی ئەوتۆ ناگێڕن لە گەیاندنی بیر و هوشیاریی نەتەوەیی بەدینداران. نموونەش ئەو هەموو هەڵوێستە نانەتەوەییەیە کە سەرەڕای هەلومەرج و خەباتی درێژخایەنی کورد لە مێژوودا، بەڵام نەبۆتە بەشێک لە سایکۆلۆژیای مرۆڤی دیندار. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مامۆستایانی ئایینیمان لە ڕووی هوشیاریی نەتەوەییەوە لاوازن یان بەئەرکی خۆیان نازانن لە وتار و ئامۆژگارییە ئایینییەکانیاندا بپرژێنە سەر مەسەلەی نەتەوەیی. بەردەوامبوونی ئەم حاڵە جگە لە فەرامۆشکردنی نەتەوایەتی شتێکی دیکەی لێ ناکەوێتەوە. جگە لەمەش، دەزگاکانی بەرپرسی تایبەت بەزانایانی ئایینی ئیسلام و وەزارەتی ئەوقاف هیچ بەرنامەیەکی دیاریکراویان بۆ مامۆستایانی ئایینی دیارنەکردووە، بۆ ئەوەی بزانن چۆن کار لەسەر هوشیاری و بیری نەتەوەییش دەکەن.

١٣- زۆربەی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان لەگەڵ ئەوەدان یادی نەورۆز وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی بکرێتەوە، بەڵام (٣٦,٩٧ ٪) کە ڕێژەیەکی کەم نییە لەگەڵ ئەوەدا نین یادی نەورۆز بکرێتەوە. ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە، بەزۆری ئەوانەن کە بۆچوونێکی سەرتاپاگیر و ئوسوڵییان بۆ ئایین هەیە، ئەمە لە پاساوهێنانەوە بۆ یادنەکردنەوەی بۆنەیەکی وەکو نەورۆزدا دەردەکەوێت، کە بەزۆری لەبەر ئەوە نایانەوێ یادی ئەم بۆنەیە بکرێتەوە چونکە "دەبێتە هۆی تێکەڵاوبوونی نێر و مێ و کاری بێ شەرعی پێچەوانەی ئایین ڕوودەدات". هەروەها لەبەر ئەوەی موسڵمانان تەنیا دوو جەژنیان هەیە و ئەم بۆنەیە هی سەردەمی جاهلییەتە و لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا پووچەڵ بۆتەوە و ناڕەوایە. ئەم بۆچوونە لە ژێر کاریگەریی ئەو تێگەیشتنە ئایینییەدایە کە جگە لە شتە دیارکراوەکانی ئایین ڕێگە و بوار بەبۆچوون و هەڵسوکەوتی تر نادات.

١٤- سەبارەت بەیادکرنەوەی شۆڕشە مێژووییەکانی کورد، ڕێژەیەکی زۆری نموونەکە لەگەڵێدان (٨٢,١٢ ٪)، بەڵام سەبارت بەیادکردنەوەی کارەساتێکی وەکو ئەنفال دەبینین ڕێژەی ئەوانەی

لەگەڵیدان دادەبەزێت بۆ (٦٥,٤٥ ٪) و ئەوانەی لەگەڵیدا نین بەرز دەبێتەوە بۆ (٣٣,٦٤ ٪). ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەنفال هەستی ئایینی خەڵکی دیندار دەبزوێنێ. زۆربەی پاساوەکانیش گوزارشت لەوە دەکەن کە ناوهێنانی ئەنفال بۆ تانەدانە لە ئایین. ئەگەرچی هەشبوون لەبەر دڵتەزێنیی ڕووداوەکە لەگەڵ یادکردنەوەیدا نەبوون. واتە وایان دەزانی یادکردنەوە بۆ ڕووداوە خۆشەکانە. ڕێژەی هەرە زۆری ئەوانەی لەگەڵ یادکردنەوەی کارەساتێکی وەکو ئەنفالدا نین ئەوانەن کە بۆچوونێکی ئوسوڵی و سەرتاپاگیرییان بۆ ئایین و دینداری هەیە. ئەمەش دیسان ئەو بۆچوونەی پێشووترمان دەسەلمێنێ کە ئەم ڕووداوە نەتەوەییانە نەکراون بەبابەت و لە وتارەکانی مامۆستایانی ئایینیدا بایەخیان پێ نەدراوە.

١٥- بۆ یادکردنەوەی ڕاپەڕین وەک ڕووداوێکی مێژوویی ئەنجامەکان زۆر دڵخۆشکەرن، ڕێژەی (٩١,٥٢ ٪) لەگەڵ ئەوەدان یادی بکرێتەوە، چونکە پێیان وایە ڕاپەڕین ئێمەی لە زوڵم و ژێردەستی ڕزگارکرد.

١٦- باسکردن و باس نەکردنی نەتەوایەتی لەلای مامۆستای ئایینییەوە هیچ کارگەرییەکی نەبووە لەسەر هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە بەرامبەر یادکردنەوەی بۆنە نەتەوەییەکان یان بایەخدان بەهوشیاری نەتەوەیی. بەگوتەیەکی تر، زۆر و کەم باسکردن- بەگوێرەی وەڵامی لێتوێژراوان- نەبۆتە هۆی ئەوەی هەڵوێستی نموونەکە بەرامبەر هەست و هوشیاریی نەتەوەییان گۆڕانی بەسەردا بێ، بەشێوەیەک کە وەک گۆڕاوێکی بەرچاو و دیار جەختی لەسەر بکرێتەوە. کەواتە کەمتەرخەمی مامۆستایانی ئایینی بەرامبەر بەبۆنە و یادە نەتەوەییەکان و بایەخ نەدانیان بەهوشیاریی نەتەوەیی، وای کردووە خەڵکی دیندار خەمسارد بن بەرامبەر بەم واقیعە نەتەوەییانە.

## باسی دووەم: ڕاسپاردە

لەبەر ئەوەی باسەکەمان تایبەتە بەپەیوەندیی ئایین و ناسیۆنالیزم و ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر یەکتری بۆیە ناچار باسەکەمان ئاراستەیەکی بەراوردکاری لە نێوان ئایین و ناسیۆنالیزم وەردەگرێت.

دینداری هەر تەنیا مزگەوت دروستکردن و مەلا دەرچواندن نییە. بەداخەوە، دەزگای ئایینی لە هەرێمی کوردستاندا بەئەندازەیەکی زۆر گرتوویەتی بەو شتە ڕواڵەتییانەی ئایینییەوە. بۆ ئەوەی لە بواری هوشیاریی نەتەوەیی لەلای هێزە ئایینییەکان کارێکی بەسوود بکرێ، ئەم ڕاسپاردانە بەپێویست دەزانین:

١- هێز و دەزگا ئایینییەکانی وەکو وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی و یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلام دەبێ هەوڵی خوێندنەوەیەکی تازە بۆ ئایین بدەن کە لەگەڵ هەلومەرجی نەتەوەیی کوردستاندا بگونجێ و ئاستی مەعریفیی خەڵکی دیندار بەرز بکاتەوە. مەعریفەی ئایینی هیچ کات بەتەنیا بەس نییە بۆ تێگەیشتن و چارەسەرکردنی دونیای ئەمڕۆ، پێویستە زانیاری و مەعریفەی نائایینی لە قوتابخانە و بەرنامە ئایینییەکاندا ڕەنگ بداتەوە، بۆ ئەوەی لانی کەم، ئاسۆیەکی مەعریفیی



فرەوانتر بدا بەدینداران.

٢- دەزگای ئایینی بەرنامەیەک بۆ هوشیاریی نەتەوەیی دابنێ، ئەمەش لە ڕێی تەرخانکردنی بەش یان بنکەیەک کە دەشێ سەر بەوەزارەتی ئەوقاف یان یەکێتی زانایانی ئایینی بێت. ئەرکی دەزگا ئایینییەکانە بەرنامەڕێژی بۆ پەرەپێدانی هوشیاری و ئینتیمای نەتەوەیی بکەن و لەگەڵ ئەو خوێندنەوە ئایینییەدا بیگونجێنن کە بایەخ بەبیری نەتەوەیی دەدات. ئەگەرچی وا دەردەکەوێ، مامۆستایانی ئایینی لە خەڵکی ناو حیزبە ئیسلامییەکان نەتەوەییترن، یان هەندێ لە حیزبە ئیسلامییەکان لە هەندێکی تریان زیاتر بپرژێنە سەر نەتەوایەتی، بەڵام هوشیاریی نەتەوەییان لە ئاستێکی نزمدایە کە ناتوانن بیگوازنەوە بۆ خەڵکانی گوێگری خۆیان.

٣- پێویستە حیزب و گروپە ئیسلامییەکان هوشیار بنەوە و خۆیان لە گوتاری ئیسلامی- عەرەبی ڕزگار بکەن. ئەگەر بیانەوێ لەگەڵ واقیعی کوردستاندا ئاوێتە بن پێویستە لە پاڵ بیری ئایینی ڕووتدا بایەخ بەبیری نەتەوەییش بدەن. پشتگوێخستنی ئەمانە هەمیشە لاسەنگییان بەلای کولتووری ئیسلامی عەرەبیدا ڕادەکێشێ. لە ڕووی نەتەوەییەوە چۆن لێک دەدرێتەوە کە دەبینین لە بەرنامەیەکی پێشبڕکێی تەلەفزیۆنی حیزبێکی ئیسلامی پرسیاری ژمارەی کوژراوانی کیمیابارانی هەڵەبجە (١٩٨٨) دەکرێ -هەر چەند حیزبە ئیسلامییەکان بەحوکمی پەیوەندیی زێد و جوگرافیایانەوە بایەخ بەڕووداوی هەڵەبجە دەدەن- و لە سێ کەسیان دووانیان دەڵێن (٣٠٠٠)، بەڵام دەزانن لە شەڕی ئوحود چەند کەس کوژراوە و برینداربووە. بۆیە کارکردن لەسەر مێژوو و کولتووری نەتەوەیی پێویستە بۆ بنیاتنانی یادەوەرییەکی نەتەوەیی.

٤- ئەگەرچی هەندێ لە نووسەر و ڕۆشنبیرانی ئیسلامی تا ڕادەیەک لە ڕۆژنامەکانیاندا هەڵوێستی نەتەوەییان دیارە، بەڵام دەبێ سنووری ئەو قاڵبە سیاسییە بشکێنن کە هەمیشە وایان لێ دەکات بپرژێنە سەر ئەو کارەساتانەی کە خۆراکی هاوسۆزیی ئیسلامییانەن، لەسەر حیسابی هاوسۆزیی نەتەوەیی.

٥- ئەرکی لایەنە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانە کە لەوە هوشیار بنەوە، بەپەراوێزکردنی لایەنگر و هەوادارانی حیزبە ئیسلامییەکان و کارپێنەدان و جێنەکردنەوەیان لە دەزگا حکومییەکاندا و بەژداری پێنەکردنیان لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا دەبێتە هۆی ڕاپێچکردنیان بۆ باوەشی ئوسوڵییەتی توندڕەوانە کە بڕوای بەپێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەم وڵاتە نییە. چونکە، ئاشکرایە، ئەمڕۆ ئەم هێزە ئیسلامییانە بوونەتە بەشێک لە واقیعی کوردستان و پەیڕەوکردنی جیاکاری لەسەر بنەمای ئینتیمای ئایدیۆلۆژی کاردانەوە لەلای خەڵکانی لایەنگریان بەرامبەر بەهەر دروشمێکی لایەنە دەسەڵاتدارەکان دروست دەکات، تەنانەت ئەگەر ئەمە پرەنسیپی ئاوەدانکردنەوەی نیشتیمان و پێشخستنیشی بێت. چونکە لەو حاڵەتەدا لایەنە دەسەڵاتدارەکان بەنموونەی نەتەوایەتی حسێب دەکرێن و بەو ڕەفتارەشیان خەڵکانی خەمسارد بەرامبەر بەم نیشتیمانە زۆرتر دەکەن.

٦- لەو کاتەدا کە ئەوا هەنگاو دەنێین بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی، پێویستە سیمای شارستانی و پێشکەوتن هەندێ بۆنە و بواری ئاینیمان بگرێتەوە کە ڕۆژانە پیادە دەکرێن و هەرگیز هەست و چێژ و میزاجی خەڵکیان تیا ڕەچاوناکرێ. بەپێچەوانەشەوە، زۆرجار دەبنە هۆی بێزاری خەڵک، قوتابیان و نەخۆشەکان. بۆ نموونە، بانگدان کە بووە بەباو هەموو کەس مافی بانگدانی هەیە و زۆرجاران منداڵانیش لە مزگەوتەکان بانگ دەدەن کە نە دەنگخۆشن و نە ئاوازەکەشی دەزانن، لە کاتێکدا بانگدان بۆ خەڵک ڕاکێشانە بۆ نوێژ و پێویست بەبەهرەی تایبەت دەکات. ئینجا بانگدان بەو زۆرییەش کە چەند مزگەوتێک لە پاڵ یەکدی و هەر یەکەی چەندین بڵندگۆی چەقاندووە - بەتایبەت لە شاری هەولێردا- و پێشبڕکێ ئاسا گەڕەکەکە دەکەن بەڕۆژی حەشر. ئەمە پێچەوانەی پەیامی ئاینە کە بۆ ئارامکردنەوەی ڕۆحیی مرۆڤ هاتووە.

٧- هوشیارکردنەوەی خەڵک لە پاراستن و پاک ڕاگرتنی وڵات و هاندان و چالاک کردنی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی و ئابووریی کوردستاندا کە دەزگای ئاینی دەتوانێ ڕۆڵی کاریگەر لەم بوارەدا ببینێ.

# بیبلۆگرافیا

## یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

### أ- کتێبەکان


١- قورئانی پیرۆز، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار.

٢- تیشکێک لەسەر پرۆگرامی یەکگرتووی ئیسلامی، لە بلاوکراوەکانی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، چاپی یەکەم ١٩٩٨.

٣- چالاکییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، (ساڵی ٢٠٠١)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤- رامین جیهان بەگلو، ماکیاڤیللی و بیری ڕێنیسانس، وەرگێڕانی موسلّح ئیروانی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠١.

٥- ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپکراوەکانی سەنتەری برایەتی، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٠.

٦- عەبباسی وەلی، کوردەکان و "ئەوانی تر"یان: هەویەت و سیاسەتی پارچە پارچە بوو، وەرگێڕانی: نەزەند بەگیخانی و هاشم ئەحمەدزادە، بلاوکراوەکانی ناوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سوید ٢٠٠١.

٧- عەلی باپیر، سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلام دا، چاپی دووەم، سلێمانی ١٩٩٨.

٨- عەلی باپیر، خواناسیی، ئایین، ئیمان، نووسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٠.

٩- عەلی باپیر، ئیسلام و کێشە هەنووکەییەکانی، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٨.

١٠- عەلی باپیر، چارەسەری کێشەی کورد لە نێوان ئیمان و پەرلەماندا، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٢.

١١- عومەر شێخ لەتیف بەرزنجی، گەشتێک بۆ ناو مزگەوت و تەکیەکان لەناو شاری هەولێر، لە بلاوکراوەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، ژمارە (١)، هەولێر، ٢٠٠١.

١٢- محمد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ومیض) بەغدا ١٩٩٨.

١٣- یوسف دزەیی، ئەنفال: کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، (دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠١).


### ب- وتارەکان


١- ئەمیر حەسەنپور (د.)، کوردایەتی و کێشەی تیۆری؛ کورد وەک نەتەوەی مەدەنی (بەشی چوارەم)، هاڤیبوون، هژمار ٩، بەرلین و هەولێر ٢٠٠١.

٢- ئێرنست رینان، نەتەوە چییە؟ وەرگێڕانی: موسلّح ئیروانی، گۆڤاری یەکبوون، ژ (١٨)، هەولێر، تەمموزی ٢٠٠١.

٣- ڕەشاد میران (د.)، دەور و بایەخی زمانی کوردی لە پرۆسەی ئێتنۆ - کۆمەلایەتیدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٠) شوباتی ١٩٩٩.

٤- عەبدولکەریم فەتاح، نامەیەک لە دوو تووێی باسێکدا، گۆڤاری ژیار، ژمارە ١٠-١١، زستان و بەهاری ٢٠٠٢.

٥- مەریوان وریا قانیع، ناسیۆنالیزمی دوورمەودا؛ کورد لە دەرەوەی کوردستاندا "دۆخی هولەندا"، گۆڤاری ڕەهەند (تیۆر، کولتوور، ڕاڤەکردن)، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی بلاوی دەکاتەوە، ژمارە ٩-١٠، ساڵی ٢٠٠٠، ل٥٥-٩٣.

٦- مەریوان وریا قانیع، لە نێوان مۆدێرنە و ئیسلامی سیاسیدا، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (١١) ٢٠٠٠.


## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

### ئـ - کتێبەکان


١- ارنست جيلنر، ما هي الامة، في كتاب القومية مرض العصر ام خلاصة؟، اعداد فالح عبدالجبار، دار الساقي، الطبعة الاولى ١٩٩٥.

٢- اريك هوبسباوم، الامم والنزعة القومية، المترجم: عدنان حسن، دار المدى للثقافة والنشر، سوريا ١٩٩٩.

٣- الان تورين، نقد الحداثة، ت:انور مغيث، دار الساقي، بيروت ٢٠٠٠.

٤- ايڤان غروشيف، المسالة القومية في الاتحاد السوفياتي: تجارب وحلول، ت: فارس غيوب، دار فارابي، بيروت ١٩٧٣.

٥- بندكت اندرسن، الجماعات المتخيلة، ت: محمد الشرقاوي، المجلس الاعلى للثقافة، سوريا، ١٩٩٩.

٦- دائرة معارف القرن العشرين، محمد فريد وجدي، ج ٤، دار المعرفة، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٧١.

٧- الدكتور علي محمد نقوي، الأسلام والقومية، منظمة الاعلام الأسلامي- قسم العلاقات الدولية، سپهر- طهران ١٤٠٤هـ.

٨- ديرك لايدر، قضايا التنظير في البحث الأجتماعي، ت: عدلي السمري، المجلس الأعلى للثقافة، مصر ٢٠٠٠.

٩- روبرتسن سميث، محاضرات في ديانة الساميين، ت: د. عبدالوهاب علوب، المجلس الاعلى للثقافة، ١٩٩٧.

١٠- روجية باستيد، مبادئ علم الاجتماع الديني، ت: د. محمود قاسم، مكتبة الانجلو المصرية، بدون تاريخ.

١١- روجيه غارودي، الاصوليات المعاصرة : اسبابها ومظاهرها، ت: د. خليل احمد خليل، دار عام الفين، ط ١ باريس ٢٠٠٠.

١٢- ريتشارد هرير دكمجيان، الأصولية في العالم العربي، ترجمة عبدالوارص سعيد، دار الوفاء، مصر، الطبعة الثالثة ١٩٩٢.

١٣- عبدالباسط عبدالمعطي وآخرون، الدين في المجتمع العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الثانية، بيروت ٢٠٠٠.

١٤- عزمي بشارة د.، المجتمع المدني: دراسة نقدية (مع إشارة للمجتمع العربي)، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الأولى، بيروت ١٩٩٨.

١٥- فراس السواح، دين الانسان: بحث في ماهية الدين ومنشأ الدافع الديني، منشورات دار العلاءالدين، الطبعة الثالثة، دمشق ١٩٩٨.

١٦- فريد هاليداي، الأمة والدين في الشرق الأوسط، ترجمة: عبدالإله النعيمي، دار الساقي، بيروت، الطبعة الأولى ٢٠٠٠، ص ٤٦.

١٧- الفيروزآبادي (مجدالدين محمد بن يعقوب)، القاموس المحيط، مؤسسة الرسالة، الطبعة السادسة، بيروت ١٩٩٨، ص ١١٩٨.

١٨- ماكس فيبر، الاخلاق البروتستانية والروح الراسمالية، ت: محمد علي مقلد، مركز الإنماء القومي، بيروت، بدون تاريخ.

١٩- محمد اركون، اين هو الفكر الاسلامي المعاصر؟، ترجمة وتعليق: هاشم صالح، ١٩٩٨.

٢٠- محمد اركون، قضايا في نقد العقل الديني، كيف نفهم الإسلام اليوم؟، ترجمة وتعليق هاشم صالح، دار الطليعة- بيروت، الطبعة الاولى ١٩٩٨.

٢١- محمد عبدالله دراز (د.)، الدين: بحوث ممهدة لدراسة تاريخ الاديان، دار القلم، كويت ١٩٧٠.

٢٢- محمد كمال جعفر (د.)، الانسان والاديان: دراسة ومقارنة، دار الثقافة، الطبعة الاولى ١٩٨٥.

٢٣- محمد محمد صالح (د.)، تطور الآراء القومية في اوربا، (مجلة دراسات في التاريخ والآثار، العدد الاول، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٠).

٢٤- الدكتور يوسف القرضاوي، الصحوة الاسلامية وهموم الوطن العربي والاسلامي، بدون مكان وتاريخ الطبع.

## ب- وتارەكان

١- إيرنست غيلنر، الانتقال الى عصر القومية، ت: د. مجيد الراضي (مجلة النهج، عدد ١٩، ١٩٩٩).

٢- محمد محمد صالح (د.)، تطور الآراء القومية في أوروبا، (مجلة دراسات في التاريخ والآثار، العدد الاول، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٠).

## ج- نامە ئەكادیمییەكان

١- آرام ابراهيم حسين، الخصائص الاجتماعية للقوى العاملة وأثرها في اتجاهات التصنيع، كلية الآداب - جامعة صلاح الدين، (اطروحة ماجستير)، اربيل، ٢٠٠٠.

## سێیەم: سەرچاوە فارسییەكان

## ئ - كتێبەكان

١- آنتونى گيدنز، جامعه‌شناسى، ترجمهء منوچهر صبورى، نشر نى، چاپ سوم، تهران ١٣٧٦.

٢- ارنست كاسيرر، فلسفهء روشنگرى، ت: يدالله موقن، نشر مركز، تهران ١٣٧٠.

٣- اندرو وينسنت، ايدئولوژى هاى مدرن سياسى، ت: مرتضى ثاقب فر، انتشارات ققنوس، چاپ اول تهران ١٣٧٣.

٤- ژيل كپل، ارادهء خداوند؛ يهوديان و مسيحيان و مسلمانان در راه تسخير دوبارهء جهان، نشر فرهنگ اسلامى، چاپ اول، تهران ١٣٧٠.



٥- گيديون آران، بنيادگرايى صهيونيسى يهود: گروه مؤمنان در اسرائيل (گوش امونيم)، ترجمه احمد تدين، انتشارات هرمس، تهران ١٣٧٨.

٦- عباس ولى، ايران پيش از سرمايه‌دارى، ترجمهء حسن شمس آورى، نشر مركز، چاپ اول تهران ١٣٨٠(٢٠٠١).

٧- مايكل پترسون و ديگران، عقل واعتقاد دينى (در آمدى بر فلسفهء دين)، ت: احمد نراقى و ابراهيم سلطانى، طرح نو، چاپ دوم، تهران ١٣٧٧.

٨- ملكلم هميلتون، جامعه شناسى دين، ت: محسن ثلاثى، نشر تبيان، چاپ اول، تهران ١٣٧٧.

## ب- وتارەكان

١- ميروسلاو هروک، از جنبش ملى تا يک ملت كامل؛ فرآيند شكل گيرى ملت ها در اروپا، برگردان: دكتر سياوش مريدى، ماهنامه اطلاعات سياسى - اقتصادى، ش:١٠٩-١١٠، سال يازدهم، مهر وآبان ١٣٧٥.

## چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزی و فەرەنسییەكان

## ئ - كتێبەكان

1- Ernest Gellner. Nations and Nationalism, Oxford: Blakwell,1983.

2- Jean-Paul Willaims, Sociologie des religions, presses Universitaires de France, 1995.

3- W. Robertson Smith, Lectures on the RELIGION OF THE SEMITES, The Fndamental Institutions, London, Adam& Charles Black, 1894.

## ب- ماڵپەڕەكانی ئینتەرنێت

1- http://www.relst.uiuc.edu/durkhiem/summaries/forms.html-pgfld=6212.-date: 26 / 10 / 2001.

2- Ilyas Ba Yunus, The myth of Islamic Fundamentalism, Online: www.geocities.com/college park/6453/myth.html:2002/6/20

3- Online: http://www.nationalismproject.org/what/smith.htm25/10/2001

4- Smith, Anthony D" .Gastronomy or geology? The role of nationalism in the reconstruction of nations." Nations and Nationalism 1, no.n. 1 ,1994: 3-32. See Pages 18-19.

5- Online: http://www.nationalismproject.org/what/smith.htm 25/10/2001

6- http://www.nationalismproject.org/articles.html26/10/2001

16- On line: Max weber , The Sociology of Religion http://www.ne.jp/asahi/moriyuki/abukuma/weber/society/socio-relig/socio-relig-cont.html 21/4/2001.

17- Online: http:\\www.ruanin.net\ruangakan\html.20/3/2002.